

# عەشقی کورد

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان

و: ئەستێرە عەبدولجەبار

Scanned by CamScanner

# عەشقی کورد




Scanned by CamScanner

# عەشقی کورد

نووسەر: عەبدوڵڵا ئۆج ئالان
وەرگێڕانی لە تورکیەوە:
ئەستێرە عەبدولجەبار

Scanned by CamScanner

ناوی پەرتووک: عەشقی کورد
نووسەر: عەبدوڵڵا ئۆج ئالان
وەرگێڕانی لە تورکیەوە: ئەستێرە عەبدولجەبار
هەڵەچنی و پیاچوونەوەی ڕێزمانی: سۆما حەمە سدیق نەجمەدین
دیزانی بەرگ: سەیوان سەعیدیان
دیزانی ناوەوە: ڕووناک رەسووڵپور
چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٩
تیراژ: ٢٠٠٠
نرخ:



مافی چاپکردنەوەی ئەم پەرتووکە بۆ ڕۆژنامەی ترووسکە پارێزراوە

Scanned by CamScanner

خوێنەری بەڕێز:

ئەم پەرتووکەی کە لە بەردەستدایە یەکێکە لە کۆی دە پەرتووکی ئامادەکراو بۆ وەرگێڕان، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی وەرگێڕاندایە و شیکردنەوەکانی بەڕێز "عەبدوڵڵا ئوج ئالان"ە سەبارەت بە کێشەی ئازادیی ئافرەت. هەروەها تیشکی خستۆتە سەر هەموو لایەنە پەیوەستەکانی تر بەم کێشەیەوە؛ هەر لە: عەشق و خۆشەویستیەوە تا دەگاتە: سیاسەت و ڕێکخستن و فەلسەفەی ژیان و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و کەسایەتیەکەی...

ئەم شیکردنەوانە، هەر وەك لە ڕێکەوتەکانیشیانەوە دەردەکەوێت لە سالانی "٩٦، ٩٧، ٩٨" دا لە ڕۆژهەلاتی ناوین و ڕۆما پێش دەستگیرکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئوج ئالان بە پیلانگێڕییە نێودەوڵەتیەکە ئەنجامدراوە. هەروەك چۆن ئاستی قووڵبوونەوە و کۆششی ئەوکاتەی ئەومان بۆ دەخاتە ڕوو، لەهەمان کاتدا لە هەندێك شوێندا شەقڵی پارادیگمای وەبەرگیراوی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە، بەلام لە لایەکی تریشەوە یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی فراوان کردنی لێکۆڵینەوە و نوێکردنەوەی لێکدانەوەیەتی سەبارەت بە هەر ڕووداو و دیاردەیەك؛ تەنها بەوەوە نەوەستانە کە دەیزانێت، زۆر بە ئاشکرا سەرەداوی ئەو پارادیگما نوێیەشی تێدا بەدیدەکرێت کە دوای پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکە لە پارێزنامەکانیدا پێشبینی کردووە و بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی: دەسەلاتگەرایی و دەوڵەتگەرایی لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژوو.

Scanned by CamScanner

هەموو ئەمانەش هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە خوێندنەوە و کۆششەکانیەوە سەبارەت بە کێشەی ژێردەستەیی ئافرەت و ئازادبوونیەوە هەبووە و هەیە. ئەوەی کە جێی نیگەرانیە ناسینی خودی بەڕێز "عەبدوڵڵا ئوج ئالان"ە بە سەرۆکی پارتێک یان بیرمەندێکی گەورەی بزووتنەوەییەکی کوردایەتی یاخود سەرۆکێکی نەتەوەیی و بەس. لە کاتێکدا سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤایەتی و بەتایبەتیش ئافرەتان خاوەنی کۆمەڵێك تیز و پراکتیکی سەروو ئاسایی، شایانی باسە کە پێویستە نەك لەلایەن هەر تاکێکی کوردییەوە، بەڵکو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەموویەوە بەهەند وەربگیرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

وەك ئافرەتێك هۆکارو پاڵنەری سەرەکیم بۆ وەرگێڕانی شاکارەکانی سەبارەت بە ئافرەت لەمەوە سەرچاوەی گرت. هەر بۆیە پێشم باشترە لە جیاتی ئەوەی لەمە زیاتر لەسەر ناوەرۆکی پەرتووکەکە بدوێم "بەڕێز عەبدوڵڵا" ئوج ئالان لە زمانی خۆیەوە بناسرێت و خودی خوێنەر لەمەدا سەربەست بێت. هیوادارم بۆ خوێندنەوە و پێکهێنانێکی نوێ ئافرەتان بەگشتی و پیاوان بەتایبەتی سوودێکی گەورەی لێ ببینن.

وەرگێڕ

Scanned by CamScanner

## پێشەکیە تورکیەکە

"بانگەشەی ژیانم گەلێک گەورەیە. دەمەوێت ببمە خاوەنی ژیانێکی بە واتا و چالاکیەکی گەورە. لەبەرئەوەی ژیان و مرۆڤەکانم زۆر خۆش دەوێت، هەڵدەستم بە ئەنجامدانی ئەم چالاکیە"

کێ دەزانێت؟ پێش ئەوەی ئەم ڕستانە بنووسیت بۆ ماوەیەکی چەند درێژ ئارامانە بە بێدەنگی تێڕامانت کردووە؟ وەك ئەوەی بتەوێت پەردە لەسەر واتای بێدەنگیەکی هەزاران ساڵە هەڵبماڵیت. لە ژێر گووتەکانیشتدا جۆرێکی تر لە بێدەنگیت شاردبووەوە کە ئێمە پێی نامۆین. بۆ یەکەم جار لە قووڵاییەکەوە کە سەدان ساڵە هەوڵماندەوە پێیبگەین دەنگێکت بە ئاوازی ئەم خاکانە بەرزکردەوە. ئەمان دەزانی دەتەوێت بڵێی چی؟ ویستمان شتێك لەو بێدەنگیە تێبگەین کە لە ژێر پێڵوی وەنەوشەیی نیگای وشەکانتدا ڕاکشابوو.

بێدەنگی: زمانی لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەیەکی بێ سنوور بوو. ئەی لە ژێر ئەو جۆرە بێدەنگیەی پێش درکاندنی وشەکانتدا چ قاڵبوونەوە و داناییەك هەبوو؛ کە ئێمە لێی تێنەگەیشتبووین؟ بێ دوودڵی گەر لە پانتایی ئەم بێدەنگیەتدا لایەنێکی وێکچووی مردن هەبێت، هاوکات لایەنێکی وێکچووی کوشتنیش هەیە. لە نێو درکاندنتدا بۆ پیتەکانی (ژ، ی، ا، ن) جوانیەکی شاراوە هەیە، کە زەحمەتە ئێمە لێی تێبگەین.

هەستاین بۆ تۆیەك کە جوانیەکی بێدەنگ کراوی.. بۆ تۆیەك کە تێکەڵ بە شنەبا و غوباری خاکیت.. لەوێوە تێکەڵ بە ڕۆحمان بوویت چیرۆکێکمان گێڕایەوە..

Scanned by CamScanner

چیرۆکی "سیبیل" بەڕاست ئەمە چیرۆکی کێ بوو؟ باش بیرمان نەدەهاتەوە، چیرۆکی کچە گریکیەك بوو؟ هەر چۆنێك بێت ئەوەی گرنگە لایەنێکی تۆ لەم چیرۆکەدا شاراوە بوو.

دەڵێن: کاتی خۆی ئافرەتێکی زۆر جوان بە ناوی "سیبیل" هەبووە، جوانی ئەم کچە هەر چاوی وردبینی مرۆڤەکانی بە شەوارە نەخستووە، بەڵکو خوداوەندەکانیشی سەرمەست کردووە. خوداوەند و مرۆڤ پێکەوە دەگەنە بڕیاری ئەوەی ئەم جوانییە بە نەمری خەڵات بکەن. هەڵدەستن سیبیل بۆ هەتا هەتایە دەخەنە قەفەسێکی شووشەوە تا پیر نەبێت و لە جێیەکی بەرچاوی نیگا شارەزاکان بە جوانی دایدەنێن تا هەمیشە لێی بڕوانن. سەدان ساڵ دێن و دەڕۆن و خەڵکی سەرمەستانە دێن بۆ تەماشاکردنی تەلیسمی ئەم جوانییە بێ وێنەیە. ڕۆژێکیان کەسێکی دڵ وریا بەرامبەر بە جوانی دەیەوێت بزانێت سیبیل هەست بە چی دەکات. دەچێت دەرگای قەفەزەکەی دەکاتەوە و لێی دەپرسێت ئەی سیبیلی جوان تۆ هیچ داخوازێکت نییە؟

سیبیل دەڵێت "تەنها داخوازم ئەوەیە کە بمرم"

بڵێی نەمریی ببەخشرێتە جوانی؟! یاخود تەلیسمی جوانی لە مردندا شاراوەیە؟ ئەی نەمریی جوانییەك چییە؟ بڵێی جوانی چ کاتێك تاکە داخوازی "مردن" بێت؟

مانای ئەو ڕاستیە بێدەنگ کراوەی لە ژێر تەواوی وشەکانماندا شاردراوەتەوە چییە؟ ئێمە وەك گوزارشتێکی ئازادی دەبێت چ سمبولێکی ترمان هەبێت؟ بڵێی لەناو گۆبەنە تێك ئاڵاوەکانی ئەم هەموو جۆرەی شەڕ و لە جیهانێکدا کە بوەتە خاڵی یەکتربڕینی "ژیان و مردن" بتوانین واتای هەڵسوکەوتەکانمان بدۆزینەوە و لێیان تێبگەین؟!

"بانگەشەی ژیانم گەلێك گەورەیە. دەمەوێت ببمە خاوەنی ژیانێکی بە واتا و چالاکیەکی گەورە. لە بەرئەوەی ژیان و مرۆڤەکانم زۆر خۆش دەوێت، هەڵدەستم بە ئەنجامدانی ئەم چالاکیە"

دەبوو دووبارەی ئەمە لە چیرۆکێکی کوردییەوە ببیستین، وە ئەو کچەی بە بیرداهێنانەوە کە هەردوو گلێنەکەی خۆی دەرهێناوە و لە فنجانی سپیدا پێشکەش بە مەعشوقە کوێرکراوەکەی کردووە. تۆ گیان و جەستەی خۆت وەك گلێنە پێشکەش دەکرد و ئامێزت بۆ عەشق دەکردەوە. ئەو کاتە زانیمان بێدەنگی نێو

Scanned by CamScanner

وشەکانی هۆنراوەیەکی "ڕۆبین گالیسی" ت بۆ ئاشکرا کردووین کە لە ساتەکانی پێش لە سێدارەداندا گووتبووی:

"کە وتیان مردووە ناوم مەبە

یازدە پیتی ناوەکەم بەسەر لێوت مەخە

خەو لە چاوم دەچۆڕێ

خۆشم ویست

دەسا هەقی خۆیەتی بێدەنگی

بەخەم بگرێ..."

چالاکیەکەی تۆ وەک وەڵامێکی ئاگرین لە نێو ئەم پەنهانە بە وشە پەردە پۆشکراوانەوە سەری دەکرد و سەری ئاوازە زیندەبەچاڵکراوەکانی بەیەک شادبوونی لە سینەماندا هەڵدەدایەوە. لە سینەی ئاگرینیشتەوە دەروازەیەکت بۆ کوردستانی خەیاڵکراو واتا بۆ خەیاڵی هەموومان یەکالا دەکردەوە. ئێستا هەموومان بەرەو ئەم دەروازە ئاگرینە و بە ژێر باڵی سینەی ئاگرینتدا بەرەو خەیاڵەکانمان دێینە ژوورەوە. ئیدی باس باسی ڕۆژانێکی بە یەک شادبوونەوەیە، بێ ئەوەی قسە بکەین.. وەیا پەنا ببەینە بەر ووشە ڕووپۆش کراوەکان بە تەمی بێدەنگی هەموو گوێ کەڕ بووەکان گوێبیستی دەنگمان دەکەین. ئیتر هەموو زمانە لاڵەکان بە وشەکانی ئاسمانی و خاکی و ئەڵماسییەکی قەشەنگ بۆمان دێنە گۆ.

لە نێو بێدەنگیەکی گەورەدا ئێمە سەرلەنوێ لە تۆدا لەدایک بووینەوە.

ئیدی دێرسیم بێ ئەوەی ناوت بهێنێت بە بای پڕ لە پزیسکی بڵێسەی لێگەڕینەکانتدا دەتناسێتەوە و یادت دەکاتەوە. بەڵێ دڵی کەڕمان ئیتر دەبیستێت.. دەزانێت کە ئەو بایەی لە شاخ و دۆڵەکانی ئەم وڵاتەدا بە شوێن تاڵە قژە ئاگرینەکانەوەیە دەنگی تۆیە. دەزانێت ئەوەی بۆتە بینایی و بەسەر ئەم خاکانەدا پەرش بووە چاوی تۆیە.. دەزانێت ئەوەی وەک گەنم هەر دەنکێکی هەزار دەنکی لێدەکەوێتەوەو بەسەر ئەم خاکانەدا تۆو کراوە هەر تۆی. بەڵێ گوێبیستی دەنگت بووین و لە بانگت تێدەگەین. ئیدی ڕووناکی و تینی ئاگرەکەت دەناسین.

بێ ئەوەی ناوت بهێنین بە میلۆدیەکەت گۆرانی بە یەک شادبوون بۆ یەکتر دەچڕین.

Scanned by CamScanner

ئێمە بە تۆوە سەرلەنوێ لەدایك بووینەوە، تۆیەك کە لە بێدەنگی ژێر وشەکانەوە دوا گۆرانی خۆت وەها دەچڕاند:

"بانگەشەی ژیانم گەلێك گەورەیە. دەمەوێت ببمە خاوەنی ژیانێکی بە واتا و چالاکیەکی گەورە. لەبەرئەوەی ژیان و مرۆڤەکانم زۆر خۆش دەوێت، هەڵدەستم بە ئەنجامدانی ئەم چالاکیە"

ژانی گۆرانیەکەی تۆ مارشاڵەکانی[1] جەنگ دێنێتە گریان. بە ملیۆنان ڕۆحی کوژراو بە مۆتەکەی دەستی ئەوان زیندوو دەبنەوە و دەستیان دەگرن و دەیانبەنە سەر یەکە بە یەکەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە کوردستان. لەوێ بەدیار ئەم شوێن پەنجانەی خۆیانەوە سەر شۆڕدەکەن و بە دەم گۆرانیەکەی تۆوە دەگرین. گۆرانیەکەت بۆ ئێمە و برایانمان شایی و بۆ مارشاڵەکانیش شین و ڕۆڕۆ دەنێتەوە. ئەوەتا مارشاڵەکان لە گۆمی فرمێسکی خۆیاندا خەریکە بخنکێن. ئیدی ئەوە زۆر باش دەزانین کە ئەم فرمێسکانە بۆ ئەو جەلادانەیان نابارێنن کە بە دەستی ئێمە ڕۆحیان کێشرا، بەڵکو بۆ ڕووڕەشی سەدان ساڵەی قڕکردنی ئافرەتان و منداڵانمانە شین دەگێڕن.

جوانیت لە تێکەڵبووندا بە خاك و بای پڕ بوو بە هەناسەی هەریەکەمان، هەمووومان بەرەو لای خۆی کەمەندکێش دەکات. ئیدی بێژەی شادومانی و بە یەك شادبوون لەسەر لێوی هەموومان دەخەنێتەوە. کەواتە ئەو بێدەنگیە وێکچووەی لەیادکردن کە لە ژێر وشەکاندا شاراوەبوو دەبوو بگۆڕایە بۆ ئەم دوا گۆرانیەی تۆ. گوێبیستی دەبین.. لێی تێدەگەین.. پەیجووری دەبین تا لەبەر تیشکی ڕووناکی تۆدا واتای وشەکان ڕوون بخوێنینەوە.

ئێستا دەڵێین دەبوو ئەمە یەکێك لە چیرۆکەکانی گەلی هیندستان بووایە و دەکەوینە باسی وێکچوونی جوانی تۆ و پەپوولەی چوارەم. بەڵێ چیرۆکی ئەو "چوار پەپوولەیە"ی بڕیاریاندا بزانن پێناسەی ڕاستینەی ئاگر چییە؟ پەپوولەی یەکەم کاتێك دەچێت لەدوورەوە بە دەوری ئاگردا دەسوڕێتەوە و دێتەوە دەڵێت "ئاگر ڕووناکیە" ئەمە بە زانیاریەك دانانێن کە ڕاستیان بۆ ئاشکرا دەکات و پەپوولەی دووەم دەچێت و زیاتر لە ئاگر نزیك دەبێتەوە، کە دەگەڕێتەوە دەڵێت

---

[1] لە سەردەمی ئیمپراتۆرەکاندا بەو کەسانە وتراوە کە لەڕووی تاکتیکیەوە سەرپەرشتیاری جەنگیان کردووە. ئەم مارشاڵانە لەتورکیا تا ماوەیەك لەسەردەمی کۆماریشدا هەبوون.

Scanned by CamScanner

"ئاگر تین و گەرماییە" ئەمەشیان بۆ گوزارشتکردن لە ڕاستی ئاگر بە کەم دەزانن. پەپوولەی سێهەم دەچێت و لە دوانەکەی تر زیاتر لە ئاگر نزیک دەبێتەوە تا باڵەکانی هەڵدەکرووزێن، دەگەڕێتەوە دەڵێت "فەرموون ڕاستی ئاگر ئەمەیە و ئاگر سووتێنەرە" پەپوولەی چوارەم ئەمەشیان بە کەم دەزانێت و خۆی دەڕوات و هێندە لە ئاگرەکە نزیک دەبێتەوە باڵەکانی دەسووتێن و لەپڕ خۆی فڕێدەداتە ناو ئاگرەکەوە و دوای ڕووناکیەکی گەورە لەناو کڵپەی ئاگرەکەدا دەڕوات و ون دەبێت. تەنها پەپوولەی چوارەم توانی بزانێت پێناسەی ڕاستینەی ئاگر چییە، بەڵام ئیدی ناشتوانێت بگەڕێتەوە و بەوانی تر بڵێت.

لەناو ئێمەشدا تەنها تۆ توانیت پێناسەی ڕاستینەی ئاگر بناسیت. ئێمەش بۆ ئەوەی لە پێناسەی ڕاستیی ئاگر تێبگەین پەیجووری تۆ دەبین و دەڵێین "ئەی ئاگر! ئاگری جوان بمانسووتێنە و ڕاستی ژیانمان پێ بڵێ..."

دەزگای بڵاوکردنەوەی سەرخۆ بوون

Scanned by CamScanner

"جوان خۆی لەوانە دەشارێتەوە کە پەیجووری ڕاستی نین"

ئاندریێ ترۆفیسکی



Scanned by CamScanner

## شکۆمەندی

ژیان...

ڕاستینەی کۆمەڵایەتی مافی ژیان بۆ ئەوانە ناناسێت کە تاڕادەیەك هۆشیان بە خۆیانە. هیچ ڕاستینەیەکی کۆمەڵایەتی وەك ڕاستینەی کۆمەڵایەتی ئێمە تاکەکانی پێپەست ناکات و لەناو ئێش و ئازاری مەزندا نایتلێنێتەوە و لە بنبەستبوونی قووڵدا گیرۆدەی ناکات. بەڵێ لە نێو پەشۆکاوی و ئێش و تەنیایی ئەمەدا دەژین. ئەوەی من ئەنجامم داوە هاوارکردنی تاکە خنکاوەکانی نێو تەنیایی و هەژمەتی کۆمەڵگایەکە کە نەك هەر ڕزیوە، بەڵکو بانگەشەی خۆشی ون کردووە و بە کردەیی و فەرمی ئیرادەی خۆی لەدەستداوە.

لە ڕاستیدا ئەمە واقیعی یاخیبوونێکی گەورەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگا. هەموو شتێك هێندە بۆ تاکی نێو ئەم واقیعە نێگەتیفە، کە ناکرێ بە هیچ جۆرێ باس لە مافەکانی تاکەکەس بکرێت. ئەمەش تەواو کاری ڕۆشنبیران و شارەزایانی وێژە و ڕۆمان نووسانە. کۆمەڵگا لەلایەن زانستەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ، مێژوو لەلایەن مێژوونووسانەوە،

Scanned by CamScanner

سیاسەت لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە و هەرچی تاکیشە دەبێ لەلایەن ویژەوان و ڕۆمان نووسەکانەوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. بەداخەوە لەلای ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی بەم جۆرە ئەنجام نەدراوە، خۆشحاڵی و ئێش و ئازارەکانی لێك نەدراوەتەوە و تاك بەجۆرێك هێزی ژیانی لەدەستداوە و لە تەنیاییەکی بێ وێنەدایە کە ناوریا و بێ متمانە و بێ بڕوا بووە و لە ترس و گومان و بێ هیواییدا دیار نییە، وەك چۆلەکەیەکی پەڕ و باڵ شکاو بەرەو کوێ سەرگەردان ببێت.

ئەوەی کە من ئەنجامی دەدەم گەر بکرێ کەمێکیش بێت باڵدارکردنەوەی و ڕووەو فرین بردنیەتی.

ڕۆشنبیرێکمان نییە پشتی بەم ڕاستینە کۆمەڵایەتیەمان بەستبێت. بە دوورکەوتنەوە لە ڕاستینەی کۆمەڵایەتی و خێزان ڕووەو زەمینەی نەتەوەی سەردەست خۆ ڕۆشنبیر دەکەن. لە کاتێکدا بوون بە ڕۆشنبیر توانستێکی شۆڕشگێڕیانەی دەوێت.

گەر ڕۆشنبیر بیەوێت بە تەواوەتی لە ڕاستینەی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و گەل تێبگات، ئەوا پێویستە ئەو سیستمە قورسەی زۆرداری ببینێ و لێتوێژینەوەی لەسەر بکات. تەنها ئەمەش بەس نییە، لەبەرئەوەی ئەم سیستمە تەنانەت ڕێی هەناسەدانیشی لە کۆمەڵگا بریوەتەوە، پێویستە لە بەرامبەریدا خاوەن ڕق و کاردانەوە بێت. کە ئەمەشی کرد ئەوا بە تاوانبارێکی یاسایی دەژمێردرێ: نەك هەر ئەمە بەڵکو گەر پێشەوە چوون و ژیانی بوێت ئەوا ناچارە دەستبەرداری ئەم زەمینە ببێت. یاساکان و دام و دەزگا و لە هەمووشی گرنگتر هێزەکانی ئاسایش بێ ئەوەی ڕێی درکاندنی تەنها وشەیەکیش بۆ ڕۆشنبیر بهێڵنەوە دەیهێننە ئاستێك کە پێی دەگووترێ "بڕۆ و ئەم گۆڕەپانە بەجێ بهێڵە". ئەمیش لە بەرامبەریاندا دوو وشەی پێ دەگووترێت یان ناگووترێت. ئەگەر بشیلێت زۆر چەواشەکار و داتاشراو بەگوێرەی سیستم دەیهێنێتە زمان و سەرەنجام ڕاستینەی ئێمە بە پەردەپۆشکراوی دەمێنێتەوە.

هەر بۆیە بۆ ئێمە گەر ڕووناکبیریی و ڕۆشنبیریی ببێتە جێی باس ئەوا پێویستە چۆنیەتیەکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت. تا تاکێك نەیەتە ئاراوە کە هەستابێتە سەرپێ و ڕاپەڕیبێت ڕۆشنبیریش نایەنە کایەوە. بۆ نموونە ئیسماعیل بێشکچی سەرباری ئەوەی کە کورد نییە دەتوانین وەك ڕۆشنبیرێکی کوردستان لێی بڕوانین. بەڕاستیش ویستی بەگوێرەی ڕاستینەی کۆمەڵایەتیمان لەم زەمینەیەدا ئازادانە بیر بکاتەوە. ئەوەتا دەبینری کە چی بەسەر دێت.

Scanned by CamScanner

ڕۆشنبیر: لای ئێمە ترسناکترین توێژ و چینی کۆمەڵگایە. تەنانەت بە واتای ئەو تاکە دێت کە ویژدانی خۆی زۆر هەرزان فرۆشتووە. من بەم ڕۆشنبیرە ناڵێم ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، بەڵکو پێی دەڵێم ڕۆشنبیرێکی ساختە و تێکشکاوی سیستمی داگیرکاری.

هەر لەبەرئەوەشە ئەمانە هەست بە ئێش و ئازار ناکەن و تەنانەت لە هێزە بەکرێگیراوەکان پووچەڵترن.

پووچەڵە، چونکە ناتوانێت ئاماژە بە ڕاستیەکان بکات، بەڵام بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگا بە نەزانی زۆر مەترسیدارە. لە نۆکەرایەتیەکی هزریدا دەژی، لە ڕێی ژەهراوی کردنی مەیدانی هزری و ڕۆحیەوە نا ئاگایانە یارمەتیەکی مەزن دەداتە نوێنەرانی سیستمی زۆردار و ستەمکار. پێویستە بەم جۆرە ڕەخنەی گەورە لە ڕۆشنبیران بگیرێت.

هۆکارێکی دیاری ئەوەیە کە ڕۆشنبیر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دام و دەزگاکانی سیستمی داگیرکاری و دەسەڵاتدا دەبینێتەوە و نایەوێ ئەم زەمینەیە بشکێنێت. کورد شتێکی نییە پێی ببەخشێت. ڕاستی گەلێك کە کپ و بێدەنگ کرابێت، خاوەن دام و دەزگا و ئیرادەیەکیش نییە و بەرژەوەندیەکانیشی پێ دابین ناکرێت.

ڕۆشنبیر لەبەرئەوەی تاڕادەیەك وردە بۆرژوایە، چاوەڕوانە بەرژەوەندییەکانی لە بەرچاوبگیرێت. ئەم بەرژەوەندیانەی لای کوردان دابین ناکرێت، چونکە هیچ دام و دەزگایەك نییە کە خزمەتگوزاریی بۆ کوردستان پێشکەش بکات. بۆیە ڕۆشنبیر لێرە ڕادەکات و تا بۆی بکرێت خۆی دەسپێرێتە ئەو گەورە پیاوانەی کە بۆ بەرژەوەندییەکانی پێیانەوە وابەستە بووە و خزمەتیان دەکات. بۆیە باسکردنی بزاڤێکی ڕۆشنگەری پشتبەستوو بە ڕاستینەی وڵاتەکەمان زۆر ئەستەمە. مەگەر بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانەی وەها کە هەموو شتێك لە بەرچاو دەگرێت، بهێنرێتە کایەوە. بۆیە ئەوەی ئەنجامدەربێت ئەوانەن کە تا ڕادەیەك لە زەمینەی شۆڕشگێڕی ئێمەدا ڕێیان گرتۆتە بەر.

بەدبەختی لەوەدایە ئەوانەی کە خۆیان بە ڕۆشنبیر ناوزەد دەکەن لە جیاتی تێگەیشتن لە ڕاستیەکانی گەلەکەمان، تا دوا ڕادە ئەم ڕاستیە چەواشەدەکەن و لە چاوی دڵ و مێشك بێبەری دەکەن. پێشکەوتنی زمانێکی دیماگۆژی و دوور لە ڕاستی ئەم مەترسیەی زیاتر کردووە. جووتیار و ڕەنجدەرێك کە نازانن قسەبکەن مایەی مەترسی نین، بەڵام ئەو زمانە دوور لە ڕاستیەی ڕۆشنبیرێك هەیەتی هەڵگری نەخۆشی ڕۆحی و هزریە. بۆیە زۆر لەوە زیاتر کە وێنای دەکەین پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

Scanned by CamScanner

ڕۆڵی ڕۆشنبیر یاخود کارەکتەری خەڵەتێنەرانە و چەواشەکارانەی کە بۆتە هەڵگری ڤایرۆسی دوژمن، کێشەو کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم باڵابوونی هەستەکان و دەرنەکەوتنی ڕاستی کۆمەڵایەتی تاکدا.

لەبەرئەوە لە شێوازی ڕێکخستنی شۆڕشی ئێمەدا سەرەتا چارە بۆ هەژاران، جوتیاران، شوانەکان، ڕەنجدەران و تەواوی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە دەبینرێتەوە و ڕێکدەخرێن کە پەیوەندیان بە بەرهەمهێنانەوە هەیە، دوای هەمووان نۆرەی ڕۆشنبیران دێت. لێرەدا پێشکەوتنێکی پێچەوانە جێی باسە، چونکە ئەو توێژەی کە زۆرترین وابەستەیی بە دام و دەزگاکانی داگیرکاری و دەسەڵاتەوە هەیە ڕۆشنبیرانن. واتا لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر لە هەمووان زووتر پەیوەندییە بەرژەوەندیخوازەکانی دادەمەزرێنێ، تۆزە ڕۆشنبیریەك کە هەیبێ وابەستەیە بە دام و دەزگاکانی داگیرکاری و دەسەڵاتەوە، زۆر بە ئیرەییەوە ئەمە دەکات و ئەوێ وەك تەنها سەرچاوەیەکی ژیانی خۆی دەبینێ؛ لە دوای هەمووان دەکرێ هەڵسەنگێنرێت و ڕێکبخرێت. کاتێك ئامرازەکانی داگیرکاری ئیتر ئەویان پێ تێرناکرێت، ئەو نانەش کە لەوێوە دەستی دەکەوێت لێی دەبێت بە ژەهر و هەم ماددی و هەم کرداری پلەو پایەکەی لە نێو ئەم دام و دەزگایانەدا دەبێتە جێی مەترسیەکی گەورە، ئیتر هەڵوەشانەوە لە ڕۆشنبیردا دەست پێدەکات.

ڕۆمانی کوردی پێش لەوەی بنووسرێت، ژیان دەبێت.

بە بێ بەرجەستە بوونی ژیانێکی سامناك نووسینی ڕۆمان لای ئێمە ئەستەمە. لەم لایەنەوە بەگوێرەی قۆناغە شۆڕشگێڕیەکانی شۆڕشی فەرەنسا[1] و ڕوسیا[2]، شۆڕشەکەمان ڕەوشێکی پێچەوانەی هەیە. ئەم شۆڕشانە گرێدراوی ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی تیۆری چەندین سەدەن. پێش شۆڕشی فەرەنسا سەردەمێکی دوور و درێژی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری هەیە. هەروەها هەبوونی نوخبەیەك وێژەوانی بێ وێنە جێی باسە. لە ماوەیەکی هێندە کورتدا هەڵایسانی شۆڕش هەبوونی شیکارێکی کرداری نیشان دەدات، بەڵام ئەو زەمینەیەش کە پشتی پێ دەبەستێت زەمینەیەکی بەهێزە. زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرانی تا بڵێی پڕ توانستە و هەر زوو لە میانەی چەند ڕاپەڕینێکەوە ئەنجامی پراکتیکی بە دەست دەهێنێت. شۆڕشی ڕوسیاش خاوەنی تایبەتمەندییەکی لەم

---

[1] ئەو شۆڕشەیە کە بەسەرکێشی بۆرژوا فەرەنسیەکان لە ساڵی ١٧٨٩ دا لەژێر دروشمی "ئازادیو یەکسانیو برایەتی" دا بەرپا کرا و سیستمی فەرەنسای لە پادشاییەوە بۆ کۆماری گۆڕی و دینی لە دەوڵەت جیا کردەوە.

[2] [illegible] دا لەلایەن شیوعیەکانەوە بەرپاکراو سیستمی ڕووسیای لە ئیمپراتوریەتی قەیسەریەوە بۆ شیوعیەت گۆڕی.

Scanned by CamScanner

جۆرەیە. تەنانەت سەدەیەك بەر لە شۆڕش نوخبەیەکی گەورەی وێژەوان و ڕۆمان نووسیان هەبووە. چێرنۆ فسکی[١] بۆ یەکەمجار فیۆدالّی و کۆیلایەتی شیکردەوە، لینین و تەواوی شۆڕشگێڕانی ڕوسیا ئەمەیان وەکو کۆڵەکە و بناغەیەکی مەزن گرتە دەست و پشتیان پێ بەست. بە هەمان شێوە لە چینیش مێژوویەکی بەهێز و توانستی هزری ئەدەبیاتی چینی هەبوون.

کاتێك دێینە سەر کوردستان دەبینین کە کارەکان پێچەوانە بوونەتەوە. هەموو شتێك زەوتکراوە. هیچ جوڵانەوەیەکی ڕووناکبیری نییە کە پشتی پێ ببەستیت. بە پێچەوانەوە ئەو دەستەواژە و دامەزراوانەی کە بە دەستی کەمالیزم گوێزراونەتەوە ئەنادۆڵ، جوڵانەوەیەکی زەوتکردن و لەناوبردنی ڕاستینەی کورد و کەلەپووری ئەنادۆڵە، سەرەوژێرکردنی کۆمارە. گواستنەوە و ناساندنی هزر و دەزگاکانی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو لە میانەی هێز وەرگرتن لەمانەوە پەیڕەوکردنی سڕین و ڕاماڵینە. بەم جۆرە شتێکی زۆر پێچەوانە و مەترسیدار دەسەپێنێت. هەربۆیە لە چاو سەدەکانی ڕابردوودا لە سەدەی بیستدا بە شێوەیەکی زۆر خراپتر پەرتەوازەیی و شپرزەیی جێی باسە.

سەدەی بیستەم بۆ ئێمە ئافاتێکە.

لە مێژووماندا بە دەستی کەمالیزم دووچاری گەورەترین ئافات کراوین. ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێ ئەدەبیات پێشبکەوێت، پێویستە مێژووی کورد لە سەدەی بیستەمدا لەسەر بنەمایەکی زانستی تاوتوێ بکرێت. ڕەنگە زۆرکەم بەن و پەیوەندییەکانی دەستنیشان بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستیەکی سەرسوڕهێنەر دەخاتە ڕوو، کە ئەنجام نەدراوە. دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوی بڵێین هیچ هەنگاو هاویشتنێك لەم بارەیەوە جێگەی باس نییە. هەموو شتێك لە ڕوانگەی کەمالیزمەوە هەڵدەسەنگێنرێ. پێشتریش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەڵدەسەنگێنرا.

ئیسلامەتی، دەرهەق بە کوردان گوزارشت لە نامۆبوونێکی لە ڕادەبەدەر دەکات. تەنانەت ئەو ئیسلامەتیەی کە هاتۆتە کوردستان و بەڕێوەچووە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامی ڕاستەقینەوە نییە. گوزارشت لەو جوڵانەوە داگیرکاری و تاڵانکاریە دەکات کە سوڵتانە ئەمەویەکان پیادەیان کردووە. هەربۆیە وابەستەبوون بەمانەوە بە کرێگیراوێتیە. کلتوورێکی فەقێیەتی وشکە و ئەو ئیسلامێتییە ڕاستەقینانەش کە بە "ئەهلی بەیت

---

[١] ... ـەدەبیەکانیەوە شیکردنەوەی بەهێزی سەبارەت بە پێگەی فیودالی لە ڕوسیادا کردووە و بەناوبانگترین بەرهەمی ڕۆمانی "چۆن بکەین"ە کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە.

Scanned by CamScanner

بەر لە هەموو شتێك پێویستە ڕۆح چەکدار بکرێت.

ئەو ڕۆحانەی وشك هەڵاتوون...

من کەسێکم بە چڕوپڕی بە هەست و سۆزەوە سەرقاڵم. هەڵبەتە سۆز بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییەکی دانەبڕاوی لەگەڵ ئاستی کلتووریدا هەیە. خۆم لە شێوەی گلۆڵەیەکی ئەندێشە، ترس، ڕق، خۆشەویستی، غەمگینی، ئێش و زەوقدا دەبینمەوە.

کارێکی تری گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئەنجام بدرێت جیاکردنەوەی پێناسەی نێوان ڕەمەك و سۆزە. کاتێك ڕەمەکەکان ڕووە و شکۆمەندی دەچن سۆز دێتە کایەوە. کاتێك دیلی دەستی غەریزەکان دەشکێنین، دەگەینە ئاستی بەرزی بەسۆز بوون. ئەمە قۆناغی یەکەمە. هەرچی قۆناغی دووەمە یەکانگیرکردنی هەستەکانە لەگەڵ بنەمای سیاسی و فەلسەف و ئایدیۆلۆژی. ئەوەی لای ئێمە نییە ئەمەیە. من توانیم ئەوە دەستنیشان بکەم کە کەڵەکەبوونی سۆزەکان و ئەو ئارەزووانەی کە ئاستی ڕەمەکیان نەبەزاندووە زۆر بەهێزترن. تەنانەت لەناو ئەم جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەشدا کە بە زەمینەی ڕۆشنبیریتی دایدەنێین.

بۆیە ئەمەی ئێمە بۆ ڕۆشنبیر پێودانگێکی گەلێك گرنگە. ئەمە شتێکە کە ڕەمەك تێپەڕ دەکات. لە ڕاستیدا ئەمە شۆڕشێکی مەزنە. ئەگەر بێتو ئەنجام بدرێت لە تاکدا ڕێ لەبەردەم پێشکەوتنێکی مەزن دەکاتەوە. وەك خاڵی دووەمیش دەبێتە سیاسەتی سەرەکی گەل و تەنانەت ئازادی کۆمەڵگاش. ئایا تاك بە تەواوی پێوەی پابەند کراوە؟ سۆزەکان ڕووە و شکۆمەندی و باڵایی ڕێیان گرتۆتە بەر و پابەندی ئامانجی سەرەکی سیاسەت و ئیرادە کراون. ئەمە دیالێکتیکی بێ قسووری ڕۆشنگەرییە. ئەمە زۆر لە ڕاستینەی کورد و کەسایەتی کورددا بەدیناکەم. وەك چۆن لە ئاستی نزمی سۆز و ڕەمەك ڕزگاری نەبووە، ئەوەیان کە کەمێك خۆی لە ڕەمەکەکان ڕزگار کردبێ خاوەن خەیاڵی هەرزانە و گرێدراوی هیچ بنەمایەکی سیاسی پتەو نییە و پێی لە هەوادایە.

ئەوانە بە خەیاڵی ساختە ناو دەبەم.

ئەو خەیاڵانەی بە ئاستێك نەگەیشتبن زیاتر ئارەزوون. ئەمەش بە واتای باڵابوونێکی ساختە و مەترسیدار دێت. بێگومان باڵابوونی ڕاستەقینە پێویستە پەیوەست بێت بە پێداویستییەکانی سیاسەتی ئازادییەوە. ئەوەی ڕۆشنبیر نایکات ئەمەیە. وەك بڵێی لێرەدا

Scanned by CamScanner

سەبارەت بەم خاڵە بە کۆمەڵێك ڕەوشی نموونەییدا تێپەڕیم. من کەسێکم کە هەوڵدەدەم خۆم شیبکەمەوە. بەردەوام لەگەڵ خۆمدا لە هەوڵی ئەوەدام دان بە ڕاستیەکانمدا بنێم. سەرچاوەی ڕاستەقینەی هێزم ئەوەیە کە ڕەمەکەکانم دەخەمە نێو جموجۆڵێکی گەورەوە. سۆزە شکۆمەندەکان بێ دوودڵی کاریگەری دەکەنە سەر مێشك، وە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بەڵام ئەو هەستانەی تەنگیان پێهەڵچنراوە و کراون بە ڕەمەك مرۆڤ ڕووەو ئاژەڵ بوون دەبەن.

نکۆڵی لە ڕەمەکەکان ناکەم.

ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە پێویستە ڕەمەك لە ڕووی پێشخستنی هزری و سۆزدارییەوە ڕۆڵی هەبێت. ئەگەر نا ئەو هزرەی بەرامبەر ڕەمەك خۆی بەدەستەوە دابێت کۆتایی پێهاتووە. مرۆڤە بێ هەستەکان مێشکیان کارناکات، بەڵکو ڕەمەکەکانیان کاردەکات.

دەمەوێت ڕەخنەیەکی کورت لە کەسایەتیتان بگرم. بۆ نموونە ڕەمەکی برسیبوون لای من بووە بەڕەمەکی جموجۆڵێکی سیاسی بێ وێنە، بەڵام ئێوە ئەوەتان بەسە کە بە شێوەیەکی ماددی ئەم ڕەمەکەتان تێر بکەن. هەر بۆیە بەرامبەر بەم ڕەمەکە چۆك دادەدەن. پێویستە ئێمە ڕەمەکی برسی بوون لەسەر بنەمای گەیشتن بە شکۆمەندی، بگێڕینەوە بۆ ڕاستینەی برسێتی تەواوی کۆمەڵگا و لەکارکەوتنی توانای بەرهەمهێنانی و لەدەستدانی توانای مرۆڤ بۆ کارکردن و بەرهەم هێنان. واتا بیگێڕینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکەی خۆی. من ئێستا بە شێوەیەکی دروست ئەمە ئەنجام دەدەم. ئەمە لەبەر تێرکردنی سکی خۆم نییە، بە پێچەوانەوە یەکانگیربوونە لەگەڵ کۆمەڵگا و نوێنەرایەتی کردنێکی بێ قسورە بۆ ویژدانی و تەنانەت بوونە بە ویژدانی خودی کۆمەڵگا.

بەڵێ جیاوازیمان لەمەدایە. برسێتی لای من برسی بوونە بۆ بەدیکردنی زەمینەیەکی ماددی ڕاستینەی تەواوی کۆمەڵگا. تێربوونی ئەم ڕەمەکەشم پەیوەستە بە ڕادەی ئەو کارەوە کە لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیمدا لە پێناو گەلدا دەیکەم. ئەگەر ئێستا دەتوانم باش بخۆم و بخۆمەوە یان ئەوەی دەیخۆم هەست بکەم کە حەڵاڵە، لەبەرئەو کرانەوە فەلسەفی و سیاسیەیە کە لە توانای بەرهەمهێنەریی گەلدا ئەنجامم داوە. ئەو نانەی دەیخۆم یاخود تێرکردنی ڕەمەکی برسی بوونم کاتێك بۆ من واتادارە کە لایەنە برسیەکانی گەلم تێرکردبێت. ئایا ئێوە چارەی لە مجۆرەتان لە لانییە؟ یاخود وەك تاکێك

Scanned by CamScanner

ئەمەتان چارەسەر کردووە؟ بێگومان لە چوارچێوەی گەیشتن بە ویژدانی کۆمەڵگا هیچ چارەسەرتان نەکردووە. هەر ئەمەشە کە نەزۆکتان دەکات.

با بێینە سەر ڕەمەکی سێکسی

لەبەرئەوەی یەکێکە لە: ڕەمەکە سەرەکیەکان، ئەو کێشانەی بۆمان دروستی دەکات بە ڕاستی بەرەو گەورەترین چەواشەکاری سیاسیمان دەبات.

چارەسەرکردنی ڕەمەکی سێکسی واتای ئەنجامدانی گەورەترین شۆڕشە. کەسێك نییە لەناوماندا ئەمەی ئەنجام دابێت. هەر هەموو بەرامبەر بەم مەسەلەیە شکست دەخۆن. ڕەنگە لەسەر ئاستی جیهاندا کۆمەڵگای کوردی و تاکی کورد لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کۆمەڵگایانە بن کە لە بەرامبەر سێکسدا چۆکیان داداوە. لەم حاڵەدا کۆمەڵێك شت هەیە کە من توانیومە سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنم؛ پێش هەموو شتێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەبارەت بە سێکس تێگەیەکی ناموس و ئەخلاقی وەها پێکهاتووە کە هیچ مێرخاسێك هێزی بەلاوەنانی ئەمەی نییە. بێگومان ناچار بە شێوەیەکی ئەخلاقی یان نائەخلاقیانە پێویستیەکانی جێبەجێ دەکات. چ نائەخلاقی، چ لە چوارچێوەی زاراوەی ناموس و ئەخلاقی باویشدا بێ، تاك هەر لەناوچووە. بە واتایەکی تر لاوەکانمان هێشتا تەمەنیان نەگەیشتۆتە بیست ساڵ لەم تەنگەبەرەدا ونبوون.

میکانیزمی من سەبارەت بە سەرقاڵبوون بە ڕەمەکەوە زۆر جیاوازە. ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی بابەتی ڕەمەکم. لە ئەنجامدا کرانەوەیەکی گەورەم لە شیکردنەوەی سیاسیدا ئەنجامدا. ئەخلاقی باو، تەواوی شانەکانی کۆمەڵگای باو و بە دەزگابوونی باوی تاکم ڕووخاند و هەڵموەشاندەوە. ئێستا سەرقاڵی ئەوەم کە وردە وردە بەرەو جێیەکی تر بیگوێزمەوە. ئەمە یەکێکە لەو لایەنانەی کە تەقینەوەیەکی ڕۆشنگەری دەوروژێنێت.

پێویستە ڕۆشنبیر سەبارەت بەم دوو بابەتە هەنگاو بهاوێژێت و مەودایەك ببڕێت، چونکە بێ ئەم بابەتانە ناکرێ و باسێکی دەستلێبەرنەدراوی گرنگن. پێویستە ئەوەی پێی دەگووترێت چارەسەر بۆ کێشەی تاك ئەمەی لێ هەڵبهێنجرێت.

هەروەك چۆن چەك و هێز و سیاسەت وابەستەی شیکردنەوەی ئەمەن، خودی هێز خۆشی ڕووداوێکی سیاسیە. ئێستا هێز بووە بە بەڵایەك بەسەرمانەوە. بۆ نموونە لە زەمینەی PKK دا ئەگەر لەسەر بنەمای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕاست پێشنەخرێت و بەکارنەهێنرێت لە جیاتی ڕۆشنگەری دەشێت ببێتە سەرچاوەی دەستێوەردان [illegible] مەترسی خاوەن هێزەکانمان بۆ ئاشکرا بووە.

Scanned by CamScanner

هەر بۆیە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا شیکردنەوە سەبارەت بەهێز ئەنجام دەدەین. ئێمە دەمانەوێ جێی ڕەمەکی بەهێزبوون کە بە واتاکەی تری ڕەمەکی ترسیشی پێ دەگووترێت، بەهێزێکی ڕاستەقینە پڕ بکەینەوە.

هێز بوێری بە مرۆڤ دەبەخشێت.

ئەگەر ئەمەش لە میانەی سیاسەتێکی ڕاستەوە پیادە نەکرێت دەبێتە سەرچاوەی مەترسیەکی مەزن. بەڵێ بە بۆچوونی من ئاستی پەرەسەندن و چارەسەرکردن و شیکردنەوەم سەبارەت بەم بابەتە ئاستی ڕۆشنبیرێتی منی دیاری کردووە. ڕۆحی کۆمەڵگای کورد ڕۆحێکی نەبووە و هۆشیاریەکەشی هۆشیاریەکی فرۆشراوە. گەر بڵێن بەگوێرەی ڕاستینەی کورد پێناسەم بکە تەنیا دەتوانم بڵێم: ئایا شتێك بە ناوی "تۆ" بوونی هەیە یاخود نا؟ بە ترسێکی زۆرەوە سەیردەکەم ڕەنگە شتێك بە ناوی "تۆ" وە بوونی نەبێت.

شوێن پەنجە و سێبەرێکی دوژمنی...

سەیرە چەندە زیاتر لێکۆڵینەوە دەکەین دەیدۆزینەوە. ئەم زاراوانە وەکو سروشێك کە بۆ پێغەمبەران هاتووە بە دوای یەکدا دەڕژێنە ناخمەوە و زۆرم لێدەکەن. چارەیەکی تریشمان نییە. تاوەکو ڕاستی بەدەست نەهێنرێت، هەرگیز هێز و ناسنامە بەدەست ناهێنرێن.

لەم حاڵەدا مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە دەزانێ وابەستەی کوێیە و بە شێوەیەکی بەهێز لە پێناویدا چالاك دەبێت.

واتا گەیشتنە ڕاستی هەرچەندە تۆقێنەر بێت، دڵشادم دەکات، چونکە تەنها کاتێك دەگەینە زمانی ڕاستی دەتوانین نەخۆشیەکانمان وەلا بنێین. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانم ئەوەیە کە لە دەرەوەی ئەمە بە جۆرێکی تر ناتوانم لەم جیهانەدا بژیم. کەچی لای تاکەکانی ترمان ڕەوش پێچەوانەیە و دەڵێ: چەندە رابکەیت هێندە ئاسوودەی. ئەمە شتێکە ژیری پەسەندی ناکات و بڕوای پێناکات. کەسانی ڕۆشنبیر، ئەوانەی نزیکن لە ڕاستیەکان کەسانێکن بوێری ئەوەیان هەیە کە چەك بگرنە دەست و بجەنگن. کەچی ئەوەی کە ئێستا کەسانی نزیك لە ڕاستی زەحمەتی تێدا دەبینن ئەمەیە. دەتوانن هەزار جار ڕووەو مردن بچن، بەڵام نایەنە سەر ڕێی ئەو زەمینە ڕێکخستنی و هزری و ناسنامەیی و واقیعە سیاسیەی کە گیانیان لە پێناویدا بەخت دەکەن. ناکۆکیەکی هێندە سەرسوڕهێنەرە کە بڕوا ناکرێت. لەلایەکی ترەوە سەرقاڵی شیکردنەوەی ئەمەین.

Scanned by CamScanner

لە ڕابردوودا چەك گرتنە دەست خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنێکی گەورە بوو. لە پێش ئەویشەوە خستنەگەڕی زمانی تاك و هاندانی بۆ درکاندنی وشەیەك هەنگاوێکی مەزن بوو. بێگومان خەبات بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام هێشتا دوورین لە بەدەستهێنانی ناسنامە. لەبەرئەوەی لێی دوورین سلێمان دەمیرال[١] دەڵێت: "ناسنامەی کورد پەسەند دەکەم" و زۆری پێناچێت وەك تەڵەکەبازێك ئەمجارەیان دەڵێت "من شتێکی بەم جۆرەم نەگوتووە" ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست و پتەو بگەیشتنینایەتە ناسنامەی خۆمان هەڵبەت دەمیرال نەیدەتوانی بەو جۆرە قسە بکات و بە شێوەیەکی جددی دانی بە ناسنامەی بەرامبەرەکەیدا دەنا. لایەنی زۆر بە ئێشمان هەیە. گەلێك غەمگینم.

ڕەنگە ڕۆشنبیرەکانمان و ئەوانەی بیر لە شتێك دەکەنەوە و تەنانەت شۆڕشگێڕەکان بڵێن: خاوەنی بانگەشەین. زۆر بەوە تووڕە دەبم کە نازانن بژین، بوێرانە بیرناکەنەوە، "زیلان"[٢]ەکان ناناسن و بە شێوەیەکی بەهێز و گەورە بە ڕاستیەوە سەرقاڵ نابن. تەواوی ئەمانە کاری ئەدەبیات و ڕۆشنبیرانە، بەڵام هەرە شۆڕشگێڕەکەیان دەترسێت.

تاك برسییە...

ئێستا تەواوی ڕەمەکەکان بوون بە تەوقێکی گەورە. بەدەزگابوونێکی سیاسی و کلتووری و سەربازی نییە، تاك هیچ شتێکی بەدەستەوە نییە. ڕەوشی تاك گوزراشت لە تەنیاییەکی مەترسیدار دەکات. ئەوەی من پێی دەڵێم ئەوەیە کە تەنیایی خۆت ببینە و گەر بکرێت زیندوو بەرەوە، هەوڵیشدەدەم پەرە بەم میکانیزمە بدەم.

ڕقێکی زۆرم لە دڵدایە و بە زەحمەت دان بەخۆدا دەگرم. لەبەرئەوەی نامەوێت کە خۆم بدەم بەدەستەوە و شکست بێنم، بە شێوازێکی جیاوازتر ڕاستی دەچەسپێنم. بەڵێ ئەو میکانیزمەی بە PKK ناودەبرێت بەم جۆرە هاتۆتە ئاراوە. ئەو دیالێکتیکەی کۆمەڵگای باوی سەروین کرد بەم شێوەیە بەڕێوەدەچێت. هێندە لە ڕاستی ڕامەکەن. منیش خۆسەری دەمگرێت و دەڵێم: دەبێ وایان لێبکەم هەست بە ڕاستیەکانیان بکەن.

من ڕاستی دەهێنمە زمان و ڕێکیدەخەم و چەکداری دەکەم. ڕاستی دەخەمە بەردەمیان و بەم جۆرە تۆڵەی خۆم دەسێنمەوە. لە ڕاستیدا من پێویستی نازناوەکەی[٣]

---

[١] سیاسەتمەدارێکی تورکە. لە ساڵی ١٩٦٥ – ١٩٧١ سەرەك وەزیران بووە و لە ساڵی ١٩٩٣ – ١٩٩٧ سەرەك کۆماری تورکیا بوو.

[٢] زیلان نازناوی "زەینەب کناجی"یە کە لە ساڵی ١٩٩٥ بەشداری ڕەفەکانی گەریلا دەبێت و لە ٣٠-٦-١٩٩٦ دا لە دێرسیم چالاکیەکی گیانبازی [illegible] پای تورکیا لە مەراسیمێکی سەربازیدا دەکوژێت.

[٣] نوج ئالان بە واتای تۆڵە سێن دێت.

خۆم جێبەجێ دەکەم. بەمە بەختەوەر دەبم و ڕق و کینەکانم دەڕەوێنمەوە و بە لایانەوە دەنێم.

بە زۆری جەخت لەسەر مرۆڤی سادە و نوخبە دەکەمەوە. تەنانەت دەتوانرێ بگووترێ پوختەی ژیانی من مەیلە لە مرۆڤی سادەوە بەرەو نوخبە و لە نوخبەشەوە بەرەو سادە.

من مرۆڤی سادە بە نوخبەیەکی هەرە باش دادەنێم. گەڕانیشم بە دوای نوخبەدا بۆ دۆزینەوەی مرۆڤی سادەیە.

بێگومان مرۆڤە سادەو سروشتیەکەی سەرەتا نا. ئەوەیان بە زیادەوە یۆتۆپیانە و دامەزراوەییە.

ئایا مرۆڤی سادە چۆن شێوە بگرێت؟ ئایدیۆلۆژیای مرۆڤ پەروەرانە هەن. ئەوەی کە مرۆڤدۆست و هیومانیستە چییە؟ لە چوارچێوەی ئەمەدا بابەتی ڕزگاری نەتەوەیی کورد بۆ من تەنها ئامرازێکە. ڕاستی ئەوەیە کە لێگەڕینێکی قووڵی مرۆڤدۆستی و هیومانیانە لە پشت ئەم ئامرازەوەیە. گەر وانەبێت مسۆگەر بەرێوەبردن و درێژە پێدانی ئەم چالاکیەم پێ مەیسەر ناکرێت. پابەندیم بە مرۆڤ پەروەریەوە لە ئاستێکی نائاساییدایە.

شەڕی کاردانەوەکان...

وریاییم گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕەنگدانەوەی تەواوی دیمەنەکان لەسەرم دەگۆڕێن بۆ کاردانەوەیەك. کاردانەوە دەبێت بە دژەکاردانەوە. خۆم کردووە بە میکانیزمێکی پاراستنی بەم جۆرە. دەڵێم ئەمە کاردانەوەیەکی چەوتی نیشاندا، بەڵام من بە کاردانەوەیەکی ڕاست وەڵامی دەدەمەوە. ئەمە ڕێگا لە بەردەم شەڕێکی مەزن دەکاتەوە. بەگوێرەی من مرۆڤەکانی بەرامبەرم هیچ پەیوەندییەکیان نە بەسروشتی بوون و نە بە نوخبەوە نییە.

بەردەوام ئەوە لە خۆم دەپرسم کە من ناتوانم وەك ئەمانە بژیم و ئەمانەش باش دەزانن کە بەم جۆرە ناژیم، کەواتە باشترە لە کام چاخدا بژیم، چاخی سەرەتا یان چاخی ناوین یاخود چاخی ئەمڕۆمان؟

لە هەموو چاخێکدا و لە هیچ چاخێکداو لە چاخەکانی داهاتووماندا دەژیم! بەینم لەگەڵ هیچ کام لە چاخەکان باش نییە. ڕەوشی من ڕەوشێکی زۆر جیاواز و سەربەخۆیە.

Scanned by CamScanner

مرۆڤێکی تەنهام...

هەڵبەتە ئەمە بۆ من پێویستە. ئەمە خودی باڵابوونە. ئەگەر لەگەڵ دەوروبەردا بیر بەیەك ئەوا باڵابوون دەوەستێت. بەم جۆرە چالاکیش دەوەستێت و پارتی و جوڵانەو پەرەناسێنێت. ئەمە تەنها بە هۆی پێویستی ڕێکخراوەیی جوڵانەوەکەمان نییە، بەڵکو ل فەلسەفەی هیومانیستانەی ئێمەدا تێربوون نییە.

خۆم بۆ ناگیرێ؛ نەك هەر تەنها بە دڵم نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ترسناك ڕقێکی گەورەم لا دروست بووە. من ڕێکخستنی PKK و ئەم شەڕەم بە جۆرێك هێنایە کایەوە کە گونجاو و پێ بە پێی ئامانجە سیاسییە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بێت.

تەقینەوەی کاردانەوە...

خاوەن کینم و گەلێك لایەن هەیە پەسەندی نەکەم و ڕەتی بکەمەوە. دەمەوێ ئەمانە پراکتیزە بکەم. بۆ نموونە کاتێك لە گوند بووم ناکۆکیەکانی گوندیان پیشان دەدام و دەیانگووت: برۆ چارەسەریان بکە. بەڵێ دەیانگووت: گەنج و خوێنگەرمیت برۆ بەگوێرەی ڕێساکانی بنەماڵەکەمان و نازناوەکەمان (ئۆج ئالان) کێشەکە یەکلایی بکەرەوە. منیش گووتم: بەم جۆرە کینی خۆم ناتەقێنمەوە. خۆم شاردەوە و مانۆڕم ئەنجامدا. ئەم هەڵوێست و مانۆڕانە لە ئاستێکی هێندە بەرزدا منیان وەرچەرخاند کە باوەڕ ناکرێت. دەکرێت هەمان شت سەبارەت بە حەزو ئارەزووەکانیش پەیڕەو بکرێت. سەرقاڵیەکی هەمەلایەنە بەوانیشەوە هەیە. هەڵبەتە ئێمە لە ئایین و فەلسەفەشدا بە دوای گونجاوترین شێوازدا گەڕاین، تێکۆشانی ڕزگاری نەتەوەییمان بە هەرە واقیعیەکەیان بینی.

من لێگەڕینی سەرسوڕهێنەر و مەزنم هەیە.

دەمەوێت کین و ئارەزووەکانم مەزن بکەم و بەرەو ئەنجامێکی گەورەیان بەرم. بوونم بە زانایەکی باش و بلیمەت لە ئەنجامی ئەم کینەمەوەیە. تەنانەت لە خۆم پرسی دەکرێت لە دام و دەزگاکانی داگیرکاریدا ببمە بیرۆکراتێکی باش لە ڕووی میللی یان سیاسی و سەربازیەوە، بەڵام گووتم: ئەمانە شتی بچووك و ڕووکەشین. دوای ئەوەی ئەو ڕووکەشییەم دەستنیشان کرد، ئارەزووم بۆ ئەمانە نیشان نەدا. دەگونجا ببمە بیریار و زانایەکی ئایینی باش، بەڵام گووتم ئەمە من تێر ناکات. لە نێو هەموویاندا واقیعی سیاسەتی سۆسیالیزمانە بۆ من واتادار بوو.

سۆسیالیزم: ڕووداوێکی سەردەمی و سیاسەتێکی گەورەیە. کاتێك سۆسیالیزم بەگوێرەی واقیعی کوردستان [illegible] کەیت ئەوا دوژمنێکی بێ شومارت دەبێت. ئەمە ب

Scanned by CamScanner

چ واتایەك دێت؟ بە واتای ئەو بوار و گۆڕەپانە دێت کە کاردانەوەکانی خۆمی تێدا دەتەقێنمەوە.

لێهاتوویم لە سیاسەتی ڕزگاری نەتەوەییدا دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەك بۆ ئەم لێگەڕین و کین و بانگەشە گەورەیە. زەمینەکانی دیکە بچووکن و من تێر ناکەن. بوون بە ژەنەڕاڵێك یان سیاسەتمەدارێك من تێر ناکات. زۆربەتان بە ئاستێکی ئاسایی ڕازی دەبێت و بە زیادیشی دەبینێ. ناشێت من لەم سنوورانەدا بەند بکرێم. تەنانەت ڕەوشی ئێستاکەم پێ تەسکە.

زەمینەی کۆمەڵگای کوردی لاوازە، بەڵام کەرەسەیەکی خاوی بەکارنەهاتووە. بۆیە پێداگری لەسەر دەکەم. ئەگەر ئەم زەمینەیە بەکاربهێنم دەتوانم هەنگاو بەرەو زەمینەکانی تریش بنێم و کرانەوەیەك سازبدەم. دەتوانم بە ئەمریکاشەوە سەرقاڵ بم. دەتوانم بەبونیادە کۆن و کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیشەوە سەرقاڵ بم. تەنها نومێدەواری بۆ ئەمە جۆشێکی گەورە بە مرۆڤ دەدات. بڕواشم بەوە هەیە کە ئەنجامێکی باشی دەبێت، بەڵام ئەم زەمینەیەی ئێستاش دەتوانرێ هەڵبسەنگرێنرێت و بەرهەمیش بدات بەدەستەوە. ئەگەر سەرنج بدرێت دەبینرێت کە لێرەدا لە ڕەوشی کاردانەوەی سۆزداری دەردەچم و بەرەو ئەنجامێکی سیاسی گەورە دەچم.

من کەسێکی واقیعیم، خەیاڵ پەرست و جەربەزە نیم.

بە پێی پێوانی زانستی لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم سەبارەت بە دیاردەی نەتەوە کرد. بەگوێرەی ئەو ئاستە زانستیەی ئێستا لە کایەدایە هێندەی چاکترین زانا لە کۆمەڵگا تێدەگەم.

لەمەش زیاتر من چالاکگەرێکی کارام...

ئاژیتۆرێکی بە کاریگەر و ڕێکخەرم. بە بەردەوامی لە جووڵەدام. ئەگەر لە یەك کاتدا و بەیەکەوە خاوەنی هەموو ئەمانە نەبم ئەوا من نەخۆشێکم و زۆر زەحمەتە بژیم. بە پەسەندکردنی ژیانێکی بەم جۆرە، هێندە کرانەوە و قەڵەمبازی گەورەم ئەنجامداوە هەروەها ئەم هەموو ڕێکخستنەش کە هەموویان لە ئاستێکی مەترسیداردا دەبنە جەنگاوەر، لە داهاتووشدا تایبەتمەندی سەرسوڕهێنەری ملیتانیی بەدەست دێنن. سەرنج بدەن ڕۆژانە هێندە دەستە و یەخەتان دەبم و هێشتاش بەگوێرەی خواستەکانم ئەنجام گیر نەبووم لە [illegible] دەیکەی دواجار خۆت دەکوژێت. بەمەش

Scanned by CamScanner

بانگەشەی ژیانتان بەهێز دەبێت. بێگومان دەبێت بژین و هەموو شتێك پەیوەسن
بەجۆری ژیانتانەوە.

ئەنجامیش:

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK.. و

شکۆمەندی..

وە ڕاستینەی درامایی گەلێك و ڕزگاری نەتەوەیی و خێراییەکی نزیك لە ناکۆتایە
هەڵبەتە هەموو ئەم کەسانە لە پێناو مندا و بۆ باوکم نەهاتوونەتە ئێرە، بەڵکو
لەبەرئەوەی تاك لە ڕەوشی هەرە لاواز و کەوتووەوە بەرەو شکۆمەندی دەبەم. هەربۆیە
ناشێت دەست لەم تێکۆشانە بەربدەن. تەنانەت ئەمریکای ئیمپراتۆر بێت و تەواوی
دۆلارەکانیشی خەرج بکات بۆ یەك ڕۆژ ئەم پێکهاتەیەی لەسەر پێیان پێ ڕاناگیرێت. تەنها
شێواز و چالاکی من دەتوانێت ئەمانە لەسەر پێ ڕابیگرێت. بەڵێ ئەو تاك و کۆمەڵە
نوخبەیەی باسی لێوە دەکەم ئەمەیەو لە پێناو دەستەبەرکردنی ناسنامەدا، شوناسێکی
پەسەند کراوی سروشتیە بۆ مرۆڤ. هەڵبەتە ئەمە شەڕ و سیاسەتی پێویستە.

بۆچی هێندە بە دوای مرۆڤێکی سادە و سروشتیدا دەگەڕێم؟ لەبەرئەوەی ئەو
ئاستی نامۆبوون و شارستانیەتەی کە لە ئارادایە منی لەناوبردووە. هەرچەندە ئەمە بە
دەستنیشانکردنێکی سادە و بچووك ببینرێت، بەڵام دەستنیشانکردنێکی فراوانە. زۆر
گەڕانم بە دوای مرۆڤی سروشتیدا پەیوەندی بەو سیستمانەوە هەیە کە بە درێژایی
مێژووی شارستانیەت منی چەوساندۆتەوە.

لێکۆڵینەوەم کرد و بینیم کە چەوساندنەوەیەکی لە ڕادەبەر لەلایەن سیستمەکانی
کۆیلایەتی، فیودالێتی و سەرمایەداری --- ئیمپریالیەوە پەیڕەودەکرێت و منی
قووتداوە. ئەمە بە مانای چی دێت؟

بەو واتایە دێت کە من لە مرۆڤێکی سروشتی بەولاوە نابم بە مرۆڤێکی دیکە، چونکە
تەواوی سیستمە چەوسێنەرەکان من لەناودەبات. زەبری هەریەکەیان لە ئاستێکدایە کە
مەزەندە ناکرێت. لێرەوە دەگەم بە مرۆڤێکی ئەڵتەرناتیف و ئەو مرۆڤەی دژ بەمانە
خاوەنی هەڵوێستە. بێ ئەمانە ئێمەش بوونمان نابێت. گەر دەتەوێت لە دەست ئەوانەی
قووتیان داویت ڕزگارت بێت، پێویستە ببیتە ئەڵتەرناتیف. گەر وەك ئەوان بیت، ئەوا
خودی خۆت نابیت. ئەو سیستم و کەسایەتیەی ئامادەیان کردووە هی خۆیانە. بە شێوە
... گەر هی ئەوان بوویت، چەندە خاوەن توانست بیت

Scanned by CamScanner

مسۆگەر لەلایەن نەتەوە و چینە سەردەستەکانەوە بە نەزان و بچووکت دەژمێرن. دوا سنووری یەکانگیربوونێکی وەهاش گەندەڵترین خاڵە.

هەڵبەتە ئەمەیە کە دەمکات بە ئەڵتەرناتیف و بەرەو بوون بە نوخبەم دەبات. ئافراندنی مرۆڤێکی بەم ڕەنگە لە بەرامبەر تەواوی سیستمەکاندا دەمکاتە نوخبەیەکی سەرسوڕهێنەر! وە پێویستە بەم جۆرەش بێت.

ئەم چالاکیەی من هیچ پەیوەندییەکی بە خواستی سەردەستکردنی نەژادێکەوە نییە. تەنانەت ئەوەم پیشانداوە کە من نابمە سۆسیالیستێکی نەتەوەیی یاخود ریال سۆسیالیستێك. هەروەها هیچ پەیوەندییەکم بە زاراوەی پەرتووکی فەیلەسوفان — پەڕتووکەکانی ئیسلامیش لە نێویدا — وە نییە. من کەسێکی پەرتووکی نا، بەڵکو سروشتیم و بە ڕاستیش شێوازی پێکهاتەییم جیاوازە.

فەیلەسوفەکانی چاخی سەرەتایی بە تێڕامان لە سروشت پێشەوەچوونێکیان تۆمار کردووە. هەڵبەتە ناکرێت وابیربکەینەوە کە لە هیچ ڕەوشێکدا پشت بە پەرتووك نەبەسترێت. تەنانەت بێ هیچ پشتبەستنێك بە ئاستی شارستانیش نابێت. بەڵام تەواوی ئەمانە لە واتایەکی جیاوازتردا بەدەست دەگرم. بۆ نموونە: هەمووتان بە زیادەوە خۆتان لە پەرتووکەکاندا دەتوێننەوە، شوانێکی هەکاریش بە زیادەوە خۆی لە نێو یاساکانی سروشتدا دەتوێنێتەوە. هەردووکیشیان بە لای منەوە دەستخەڕۆییەکی گەورەن. ئەوەی من کردوومە تێپەڕکردنی هەردووکیانە. چۆن ئەمانەم لە PKK دا بەرجەستە کردووە؟

بە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان جەنگاوەرێکی بۆتانی و جەنگاوەرێکی ئەستەنبوڵی بەرجەستەم کردووە، کە تا بڵێی کێشەیەکی جددییە.

هەردووکیان دابڕاون؛ یەکێکیان لە سەردەم دابڕاوە ئەوی تریان لە وڵات. ئەو کێشانەی بە خودی خۆیان دەیهێننە گۆڕێ بە دەیان دوژمن ناتوانێت ئاوایبکات. ئەو ئەڵتەرناتیڤەی من بۆ ئەمە دۆزیوەتەوە ئەوپەڕی پراکتیزەییە. لەم واتایەدایە کە ڕەوشی من تا دوا ڕادە جیاوازە. لە گەورەترین فەیلەسوف زۆر فەلسەفیانەتر و لە شوانێکی سەر شاخەکانی هەکاری زۆر سروشتیانەتر من هەردوو لایەنەکە لە کەسایەتی خۆمدا یەکانگیر دەکەم. لەبەرئەوەی بێ پچڕان بەردەوام لە کەسایەتیمدا زۆر چاك دایدەڕێژم بەرەو نموونەیەکی بەرکەماڵ دەچم. فەیلەسوف بۆ من کێشەیەك نییە کە چارەسەری بکەم، بەڵکو من خۆم پێداویستیەکانی دواین فەیلەسووفێکی ئەم سەردەمەش دابین دەکەم. من [illegible] لەسەر شاخەکان و لە نێو بیابانەکاندا

Scanned by CamScanner

گۆشەگیرکراون. گومانی تێدا نییە کە هەردوو جەمسەرەکەم بەم شێوەیە لە کەسایەتی خۆمدا یەکخستووە.

ئەمە منم...

بێگومان کۆمەڵگاکەمان بە خۆشەویستی کوێرانە و ئەنجامە ترسناکەکانی ناوبانگ دەرکردووە. بەمنیشەوە هیچ کەسێك نەماوە لە سنووری خۆشەویستی کوێرانەدا خۆی ون نەکردبێت.

ئافرەت و پیاو، چوارچێوەی پەیوەندی سێکسیان و ئەو بە کۆمەڵگابوون و ژنێتی و پیاوێتییەی لە ڕێی ئەمانەوە لەناو کورددا هێنراوەتە کایەوە بۆ من سەرچاوەی خەمێکی گەورەیە. ڕەنگە گرتنەبەری ڕێگای شۆڕشگێڕیەکی وەها باڵا، لە پێناو ڕزگاربوونمدا بێت لەم خەمە گەورەیە.

خاوەنی هەست و سۆزێکی سەیرم...

هێشتا لە گونددا بووم هەموو کەسێك بۆ کوڕەکەی بە دوای کچێکدا دەگەڕا یاخود کوڕەکانیان شوێن کچان کەوتبوون. ئایا دەزانن ئەو کاتە ڕەوشی من چی بوو؟ دەمگووت هاوسەرگیری ئەم پیاوانە هەمووی چەوتە. پیاوێتییەکی ڕێك و پێکیان تێدا بەدی ناکرێت و ئەم کچانەش نابێت بەم جۆرە شووبکەن. شتێك کە لای کۆمەڵگا ڕەوا دەبینرا هەر لەو تەمەنەوە ڕەتمکردەوە و نکۆڵیم لێکرد.

نکۆڵی لە ڕەوابوونی ئێوەش دەکەم. ئەمە بە شتێکی هەرزان و بچووک مەزانن.

شووکردنی کچێکی سوور و سپی دێکەمان بە پیاوێکی پۆخڵی خاوەن پارە و پول و زەوی و زار تەواو لەو مۆتەکەیە دەچوو کە هەڵدەکوتێتە سەر منالێك. کابرا سێبەری کچەکەی بینیبوو و تەماعی تێکردبوو. ئەمەم زۆر پێ ناپەسەند بوو. هەڵبەتە ئەو کاتە هێزی شیکردنەوەی ڕەگەزیم نەبوو، بەڵام هەستەکانم پێیان گووتم کە ئەمە کارێکی خراپ و نارێکە. هەر ڕۆژە و لە جێیەك شتێك ڕوویدەدا. دەربارەی دراوسێیەکی ترمان هەندێ قسە و قسەلۆك بڵاوبوونەوە و لەناو گونددا دەگێڕدرانەوە. ئەمەش مۆتەکەیەکی تر بوو. لەو تەمەنەدا نزیکایەتی هەریەکە لە ئێوە بریتی بووە لەوەی: هەرچی بە لای بنەماڵەکەتانەوە وەك ڕێسا شیاو بینراوە ئێوەش بە شیاوتان بینیوە. نموونەیەکی تری بچووك سەبارەت بە دایکم بهێنمەوە کە تا ئێستاش جارجارە باسی لێوە دەکەم. من ئەم ئافرەتەم بە نەزان دەزانی، بەڵام هاوشانی ئەمە دەرکەوت کە لە هەندێ خاڵدا ئافرەتێکی زیرەك بووە. [illegible] ئەم کوڕە کچی دەست ناکەوێت یان خۆی وەك

Scanned by CamScanner

ئەم گەنجانەی تر نییە؟" ئەو جیاوازیەکەی بەدیکردبوو. مەبەستم لەوەیە کە بڵێم ئەمە شتێکی نائاساییە و بۆ من زۆر گرنگە. گەر بهاتایەو بکەوتمایەتە ناو ئەو داوەوە، ئەوا ئێستا نە سەرۆک و نە بە مانای وشە مرۆڤێك لە ئارادا دەبوو، بەڵکو پیرەمێردێکی گوندی هەڵقرچاوی پشت چەماوە دەبووم. تەنها بە پێی ڕێسا باو و ڕەواکان بچۆرە ناو پەیوەندییەکەوە بەسە بۆ ئەوەی کۆتاییت پێ بێت. نەکەوتنە ناو ئەم داوەوە بووە مایەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای کلاسیکی کوردی لە ئێستادا و پێشکەوتنێکی گەورەش جێی باسە.

من بەگوێرەی داب و نەریت و بنەما ئەخلاقییە باوەکانی کۆمەڵگا بژاری خۆم ناکەم. خۆشەویستیەك کە ئاوێتەی ڕووداوێکی گەورەی سیاسی و ڕێکخستن نەبێت ئەوا بۆ منیش و ئێوەش بەڵایە. هەر بەڵاش بووە بۆم، بەڵام پەرچانەوە زانراوەکانم خۆیان نەفرۆشت و لە ژێر ئەم کارە دەرچووم. تەواوی ئەوەی کردوومە بریتییە لە: گەیاندنی خودی خۆم بە توانای تێگەیاندن.

خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە...

جارێك یەکێك لە هەڵسەنگاندنەکانی "چەتین ئەمەچ"[1]م سەبارەت بە خۆم لە ڕۆژنامەی حوڕیەتدا خوێندەوە. هێڵێکی سوور لە ژێر دەستەواژەی "خۆشەویستی لەسەر بنەمایەکی ڕاست" دا کێشابوو، دەڵێت ئەمە چ واتایەك دەگەیەنێت. بێگومان لەسەر بنەمایەکی ڕاست خۆش ویستن زۆر گرنگە، هاوکات کارێکی گەلێك گرانە. من لەم بابەتەدا زۆر بە پرەنسیپەکانمەوە گرێدراوم. لەسەر بنەمایەکی ڕاست خۆش ویستن "داد، جوانی، ڕەنجدان و سەرکەوتنێکی گەورە"ی دەوێت. ئەوەی ئەمانە بەدەست نەهێنێت ناتوانێت خۆشەویستی بکات. کەسێك کە ڕێکخستنی ئەمەو چالاکیە هەمەلایەنەکانیی بەرەو پێش نەبزواندبێت و بۆ ئەمە نەبووبێت بە کەسایەتیەکی لێهاتوو، ئەوا خۆشەویستیەکەی خۆشەویستیەکی سووك و ڕسوایە. مەیلی فەلسەفیانەی من لەم بارەیەوە ئەمەیە.

کاتێك تێڕادەمێنم ئەم پیاوە هیچ بە لای سەرکەوتندا نەچووە. هەربۆیە ناتوانێت خۆشەویستی بکات. حەرام و مەترسیدارە. من دەڵێم خۆشەویستی کەسێك بەنرخە کە خۆی بە سەرکەوتنەوە شەتەك دابێت.

---

١ نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی تورك [illegible] نووسەری ڕۆژنامەی حوڕیەتی تورکی بووە و بۆ ماوەیەکی کورت [illegible] ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی بووە. ساڵی ١٩٩٠ لە کاتی هاتنەدەرەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا.

Scanned by CamScanner

پێویستە عەشق دووڕوویەتی تێدا نەبێت و تەواو لەگەڵ بەڕێوەچوونی سیاسەت و سەرکەوتندا شەتەك بدرێت. ئەمە بە فەرهاد ناو دەبرێت، ئەمەی ئێمەش هەمان شتە. شیرین سەرکەوتنە و فەرهادیش ئەو پیاوەیە کە خۆی پێوە شەتەکداوە. ئەگەر لەسەر ئەمە رێککەوتبین ئەوا هەرچی عەشق هەیە با هەمووی بۆ ئێوە بێت. چی بکەم دەتانەوێت من دەنگ بەوەیان بدەم کە ساختەیە؟ یەکێك کە وابەستەی سەرکەوتن نەبێت چ وەلامێکی بدەمێ؟ هەڵبەتە دەڵێم نەخێر.

کۆمەڵێ نیشانەی سەیرم هەیە:

دەبێت گرێدراوی یەکەم هەنگاوی سەرکەوتن بێت، بەلام دروست و لە دڵەوە بێت. منیش ڕووبەڕووی دووڕیانێکی وەها بوومەوە. ئەوەی ئەو ئافرەتە[1] بەسەر مندا دەیسەپاند ئەوە بوو کە "ئەگەر منت دەوێت، ئەوا دەبێت سیاسەت بخەیتە ژێر پێت و گەوهەری سیاسی و بنەما ڕێکخستنیەکان بخەیتە پیلانی دووەمەوە، بە واتایەکی تر فیدای منی بکەیت" لە بەرامبەر ئەم ڕەوشەدا هەرام نایەوە و زۆر تەنگاو بووم. دڵم ئەوەی پێ قبوڵ نەدەکرا. ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە وەك بەهێزترین ئامرازێك عەشقی تاکە کەسێك بەکارهێنرابێت، ئەوا لەو قۆناغەدا خۆم نەفرۆشتە ئەو عەشقەو هەنگاو بە هەنگاو خۆم لێی دوورخستەوە و گووتم ئەمە عەشق نییە.

پێداگریم لەسەر سیاسەت و ڕێکخستن کرد. ڕەنگە خۆم وشك بووبم بەلام، سیاسەتم ڕزگار کرد. لەو پەیوەندیە بەناوبانگەمدا لە بەرخۆدانیەکی پتەودا بووم.

دوا گووتەکانم ئەمە بوو...

گووتم دەتوانم تادواین سنوور پارێزی سێکسی بکەم و ئەو هێزەشم هەیە و تۆ ناتوانیت بەمە فریوم بدەیت. هەموو کەس ناچارە ڕێز لەوە بگرێت کە دەبێت بە شێوەیەکی جددی ڕۆڵی سەرەکی بدەینە سیاسەت. لە ڕاستیدا یەکێك لە سەرەکیترین ئەو دیاردانەی منی بەرەو نیشتمانپەروەری کەمەندکێش کرد ئەوانە بوون کە لە چواردەوری ئافرەت ڕوویان دەدا. ئافرەتیش وەك ولات پێویستە ڕزگار بکرێت. باسی داستانی خۆمم بۆ کردن کە بریتییە لە هەست و سۆزی بنچینەییم و ئێستا کردوومە بە دروشمێکی سەرەکی: ئازادبوونی ئافرەت ئازادبوونی کوردستانە و ئازادبوونی پیاویشە.

[1] مەبەست لە "فاتمە" یە کە لە سەرەتای دامەزراندنی PKK دا لە ناو شۆڕشدا بووە و پەیوەندیەکی دەزگیرانداری لە نێوانیاندا هەبووە، بەلام لەبەرئەوەی بەڕێز عەبدوللا ئۆج ئالان نایەوێت لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەی بکات دواجار لە سالی [illegible]

Scanned by CamScanner

ڕەهەندی باوی پەیوەندی دانان لەگەڵ ئافرەتاندا لای من وەکو داگیرکارییە. کاتێک بەم شێوەیە باڵادەستی لەسەر ئافرەت دەبینم هەست دەکەم وڵات و ئازادی لەدەستچوون. ئەمە سەلماندی کە ئازادییەکان یەک لە نێو ئەوی دیدایە. دواجار دەستنیشانکردنی زانستیانەی ئەمەم خستە ڕوو، کە ڕادەی ئازادی ئافرەت پێودانگی ڕادەی ئازادی کۆمەڵگایە بە وڵاتیشەوە.

من نوخبەگەرم...

زۆر لە پێش ئەو هونەرمەندەوەم کە زیاد لەپێویست لە خۆی ڕازیە. ئەوەی لە هونەردا زۆر بە دڵمە لایەنی نوخبەگەرییانەیە. بەڵام من دەقات و سەدقات لەوان زیاتر نوخبەگەرم. لەم چوارچێوەیەشدا خاوەن ڕێنماییەکی هونەریم، چونکە ئامانجی هونەر پێشخستنی هەستی جوانی و ئیستاتیکایە.

مەرجی دۆزینەوەی جوانی، بە کۆمەڵایەتی کردنیەتی.

ئافرەتی جوان و پیاوی جوان دوو خاڵی هەرە سەرەکی جوانین. هەرچەندە خاوەنی هێزێکی ئەوتۆم کەچی هێشتا سەبارەت بە خۆم لە هەندێ ناکۆکیدام. چ کاتێک عەشق بۆ من گرنگە؟ دەکرێت ببمە عاشقێک؟ کاریگەری سیاسەت تا چ ڕادەیەک هەندێک شتی لێ سەندومەتەوە؟ لێپرسینەوە لەگەڵ خۆم دەکەم. کاتێک منداڵێکی لادێی بەناوبانگ نەبووم کەم خۆشەویست بووم، بەڵام ئێستا دەبینم زۆر مەیل دەکرێم. کەواتە هەڵە گەورەکە لێرەدایە. ئەوە بە دووڕوویی دەبینم کە هەوڵبدەم بە پشتبەستن بەهێزی سیاسیانەم خۆم خۆشەویست بکەم. ئایا بە ڕاستی لەبەرئەوەی وەک کەسایەتی مەزن بووم، بەهێزم؟ یان لەبەرئەوەی کە هێزی سیاسی لە مندا چڕ بوەتەوە بەهێزم؟ ئایا وەک تاکێک بەهێزم؟ بۆچی پەسەند بینراوی و مەیلی کۆمەڵگا و ئافرەتان بۆ من دەگەڕێتەوە؟

لێگەڕینی من ئەمەیە: هەرگیز لەڕێی پشت بەستن بەهێزی سیاسی نەکەس لەخۆم نزیک دەکەمەوە و نەخۆشم بەسەر هیچ کەسێکدا دەسەپێنم. ئەمە بۆ من پرەنسیپێکی ئەخلاقی و مۆراڵیە. من وەک "من" لەسەر پێ دەمێنمەوە. ئەگەر هیچ هێزێکی سیاسیشم نەبێت ئەوا دەزانم کە من چۆن خۆم لەسەر پێ بهێڵێتەوە.

عاشق بوون بە من زەحمەتە...

ئێمە زیلانمان هەڵسەنگاند. زیلان عەشقێکە.. لایەنێکی هەرەگرنگی عەشق ئەوەیە کە [illegible] لێگەڕینی ئێوە سەبارەت بە ئافرەت و

Scanned by CamScanner

پیاو جیاوازە و هی منیش جیاوازترە. بە لای منەوە بەرجەستەکردنی شێوازی ژیلان لە ژیاندا پێشخستنی عەشقە و بوێری خۆشەویستی دەبەخشێت.

شەڕی مەزن و ژیانی مەزن و خۆشەویستی مەزن زۆر گرێدراوی یەکن. ئەگەر پێکبهێنرێن ئەوا عەشق پێشدەکەوێت و ڕێزیشی لێدەگیرێت. چالاکییەکانمان سیاسەتی مەزنمانە و سیاسەتی مەزنیشمان عەشقی مەزنمانە. مسۆگەر کارێك دەکەین ئەمە پەسەند بکرێت، چونکە ڕێگایەکی ترمان نییە. بە شێوەیەکی نائاسایی ڕێگا لە بەردەم جوان بوونی کچان دەکەمەوە. ڕەنگە ئێوە بە ئافرەتێکەوە پەیوەندیدار ببن، بەڵام گەر بکرێت من بەتێکڕای ئافرەتانی جیهانەوە پەیوەندیدار دەبم. زۆر پێشکەوتووتر لەو سیستەمەی کە ئەمریکیەکان پێشیانخستووە، لە لای خۆمەوە چۆنایەتیەکی هەمەلایەن بۆ لێکەڕینی ئافرەت و ئینستیتیوتی جوانکاری دەخولقێنم. هەرگیز ئەمە شوورەیی نییە. لە جیاتی ئەوەی ببمە پیاوێکی باڵادەستی نەگریس، دەبمە ڕێ خۆشکەرێك بۆ جوان بوونی ئافرەتان و لەبری ئەوەی کە پەیوەندییەك لە خۆمدا سنووردار بکەم دەبمە ڕێبەرێك بۆ هاندانی هەمووان بۆ پێشبڕکێیەکی گەورە. هاوکێشەی ئەمەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە: کێ زیاتر شەڕ بکات، جوان دەبێت ئەوەشی کە جوان بوو خۆشەویست دەبێت. ئەمە ئیرادە دەخولقێنێت و ئیرادەش هێزی خۆشەویستی دەستنیشان دەکات. هێشتا ئەمانە لە کەسایەتی کورددا شینەکراوەتەوە. ئەو خۆشەویستیەی کە هەیە کوێرانەیە، دواکەوتووترین شێوازە و قێزی لێ دەکەمەوە. هەربۆیە لە بەرامبەریدا پاراستنێکی ڕەوا پەیڕەو دەکەم.

دەبێت کەسایەتی عەشقی کوێرانە نەهێڵین.

دەمەوێت ئاستێك بئافرێنم. ئێمە خۆشەویستی وەك ڕووداوێکی مەحشەری بەدەستدەگرین کە پێویستە لە بەردەم کۆمەڵگادا هەڵبسەنگێنرێت. وەك دەگووترێت ئەمانە شتی زۆر تایبەتین و پەیوەستن بە کەسەکان خۆیانەوە، ئێمە بەم جۆرە سەیری ناکەین. لە ڕاستیدا پێویستە عەشق وەك پەیوەندییەکی هەرە کۆمەڵایەتی و ڕەواو مەحشەری هەڵبسەنگێنین. لای ئێمە خۆشەویستی شوورەیی نییە. بە پێچەوانەوە پێویستە چەپڵە بۆ خۆشەویستی لێبدەین و بیکەین بە تاجی سەرمان. لە پێناویشیدا زەمینەی خۆشەویستی ئافرەت و پیاو ئاوابکەین و مەحشەریەتی پێشبخەین.

Scanned by CamScanner

من سێکسیشم لەو چوارچێوەیەدا پێ جوانە کە دەستنیشانم کردووە. مەیلی سێکسیش شتێکی جوانە. لەو چوارچێوەیەدا کە ئاماژەم پێدا مەیل کردنی بە ئافرەتێکی جوان شتێکی بە نرخە. من دەڵێم با بە شێوەیەکی ڕاست ئەمە بکەین.

زاراوەکانی: عەشق، پەیوەندییەکی قەشەنگ، خۆشەویستی و خۆشەویست تەنها دەکرێت لەو جێ بەرزانەدا بەرجەستە ببن کە دەستی دوژمنی ناگاتێ. بەڵام ئایا هیچ جێگایەکمان ماوە کە دەستی دوژمنی نەگاتێ؟

ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ بوون بە جەنگاوەری عەشق.

ئەوانەی بە دوای عەشقدا دەگەڕێن، ئەوانەی شوێن عەشق کەوتون بەرپێی خۆیان باش دەبینن و هەڵە ناکەن. ئەمە گەورەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئەگەر لەو جێگایانەی کە دەستی دوژمنی ناگاتێ گەڕان بە دوای عەشقدا بۆ تۆ بەهایەکی گەورەی هەیە، ئەوا بێگومان چالاکیت لە پێناو وڵات و ئازادیدا پێشکەوتنی گەورە تۆماردەکەن و سەرکەوتنی ئەو دەبێتە سەرکەوتنی عەشقی تۆ. دەکرێت هەر یەك لە کچ و کوڕەکانمان ببنە سمبولی عەشقێکی وەها. پێویستە تیۆریانە بەمە بگەن، ئەگەر پراکتیزەشتان کرد ئەو کاتە شایەنی ڕێز دەبێت. ئەو کاتە شتێك بە ناوی شوورەییش نامێنێت.

ئێمە مرۆڤە جوانەکانمان زۆر خۆشدەوێت.

شوورەیی ئەوەیە کە خۆشەویستی نەکەین و شتە خراپەکانمان خۆش بوێت، یان ئەوەیە کە سنووری ڕەمەکە تاکەکەسیەکان نەبەزێنین. بە واتایەکی تر ئەوەیە کە وەك مار لێك بئاڵێین و وابزانن کە یەکترتان خۆشدەوێت.

ئێمە ئەو کەسەین کە عەشقی کوژراوی کوردمان زیندوو کردۆتەوە.

بە ئەندازەی هەڵوەشاندنەوەی هەست و سۆزە ڕزیوەکانتان، بە بوێریەوە بەرەو هەست و سۆزی گەورە هەڵکشێن و پەرەی پێبدەن. ئەو کاتە بە تەنها نامێننەوە و گەورە دەبن. هیچ شوورەییەکی تێدا نییە، لە تەمەنی ٥٠ ساڵیشدا لێگەڕینی ئەمە درێژەپێبدەین. ئەمە بۆ کوردان پێویستیەکە. ئێمە بە ئافرەتێکەوە سەر قاڵ نین، بەڵکو سەرقاڵی گەوهەری ئافرەتانین. لە سیستمی باڵادەستدا هەندێك بڕیار لەسەر ئافرەت دراوە. ئەم بڕیارانە چین؟ چۆن گەورە بکرێت، چۆن شووبکات، مافەکانی مێردەکەی بەسەریەوە، مافەکانی کۆمەڵ بەسەریەوە، هەموویان بە وردی بۆی کراوە بە ڕێسا. گەورەترین تەڵەیەك کە بۆ ئافرەت نراوەتەوە ئەمانەیە.

Scanned by CamScanner

کۆمەڵگای ئێمە تا چ ڕادەیەك ئافرەتی دیلکردووە؟ بە بۆچوونی من لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئافرەتیان بە ڕادەیەکی بەرفراوان دیلکردووە. ئایا دەزانن کە ئافرەتان بۆچی خۆیان لە من نزیك دەکەنەوە؟ لەبەرئەوەی من ئەو ئەخلاق و یاسا و داب و نەریتە باوانەی بە سەدان ساڵە هەن و داهاتووشیان ئابلۆقەداوە و ئافرەت لە کۆمەڵگا و ئابووری و سیاسەت دووردەخەنەوە و بەندی ناو چوار دیواری دەکەن، ڕەت کردەوە. یەکەم کارم لەناوبردنی خواستی مێردایەتی بوو لە دەروونی خۆمدا. من ئەمە بە "کوشتنی پیاو" ناوزەد دەکەم.

پیاو کوژراوە...

کچان و کوڕان پێیان خۆش بێت یان نا ئەوە شتێکە خۆیان پەیوەندیدار دەکات، بەڵام من پیاوم کوشت. ئەمە یەکێکە لەو کارانەی بەوپەڕی بوێریەوە ئەنجامم داوە. لەگەڵ کوشتنی پیاویشدا پێشکەوتنی بەرچاومان تۆمار کرد. پێش هەموو شتێك ئافرەتانم بۆ لای خۆم ڕاکێشا. ئەو پیاوەی کە کوژراوە بە واتای ئەو ئافرەتە دێت کە جارێکی تر قازانجمان کردۆتەوە.

یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ئەم کارەی ئێمە ئەوەیە کە زۆر باش ڕەخنە لەپیاو دەگرین. پیاوی کلاسیکمان شیکردۆتەوە و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە پیاوێکی زۆر خراپە. لەم لایەنەوە ئافرەتان زۆر بە تاوانبار نابینم. بە خۆم دەڵێم: ئەم پیاوە دەبێت شیکردنەوەی لەسەر بکرێت. ئێستا کێشەی پیاو بە لای منەوە لە کێشەی ئافرەت زەقترە.

ئایا پیاو سمبولی هێز و توانایە؟

ئەگەر بەهێز و توانایە بۆچی لە شەڕدا بێ هێزە؟ پیاو هەموو پیاوێتی خۆی لە بالادەستی سێکسی و ڕەگەزی بەسەر ئافرەتدا دەسەلمێنێت. ئەمە بالادەستی هێزێکی قەبەیە. ئەمە بە پۆخڵ دەزانم و هەڵموەشاندۆتەوە. هەڵبەتە ئافرەتانیش کێن لە دڵی ئەمەن و ئیدی دەتوانن بڵێن "ئەوەی کە بە پیاو ناو دەبرێت بالادەستێکی بەم جۆرەیە بەسەرمەوە" ئەمە قێزەون دەبینم و خۆشتان بکوژن پیاوێتیەکی وەها لە مندا نابیننەوە.

نهێنی ئەمە لە چیدایە؟ نهێنی ئەمە کوشتنی پیاوە. هیچ ژنێك یان کچێك پێم ناڵێت "من لە بەرامبەر ئێوەدا شەرم دەکەم، یان نارەحەتم لێتان" تەنانەت بە پێویستی دەزانن کە جوانی و هێزێکی کێشکردنی سەرسوڕهێنەر لە خۆیاندا دروست بکەن. نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەو ئافرەتانەش کە وەك بووکە سەماکەرەن دوای ئەوەی ماوەیەك لە نێوەندی

Scanned by CamScanner

پەروەردەی مندا دەمێننەوە دەبنە خاوەنی هەندێك تایبەتمەندی تەلیسماوی وەها کە دەبنە جێی سەرنجی باشترین ئەکتەرەکان.

من بڕوام بە خۆمە و دەتوانم لە ئافرەتدا جوانی بئافرێنم. ئافراندنی جوانی هونەرێکی بێ وێنە و نائاساییە. کۆمەڵگای ئێمە پڕبووە لە گەندەڵی و ئەو ئافرەتەش کە دەکەوێتە دەست پیاو گەندەڵ دەبێت. بەڵام ئەمە لای من ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە. ئافرەتێك نزیکی من بێت ناچارە بەرەو جوانی بچێت و ئەمەش مەرجی منە. ئافرەتی ڕزیو و پاشکەوتوو و کۆیلە گەر دایکیشم بێت بە چاو و دڵم لە خۆمی دووردەخەمەوە و دەریدەکەم. پێی دەڵێم "برۆ خۆت و هەڵسوکەوتت چاك بکە و پاشان وەرە بۆ لای من"

پێویستە پیاویش سەرلەنوێ بئافرێنینەوە. پێموایە کە پیاوانیش وردە لەوە نزیك دەبنەوە کە ئەمە پەسەند بکەن.

جوانی ئەوان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پابەند بوونی من بە گەلەکەم و مرۆڤەوە هەیە. ئەگەر من خوازیاری جوانی مرۆڤەکان نەبم نیشتمانپەروەریم هیچ واتایەکی نییە. ئەگەر ئەم مرۆڤانە جوان نەکەم تێکۆشانم بۆ گەلەکەم بێ واتایە. لەبەرئەوەیە زۆر بەهێز ئەمە تاوتوێ دەکەم. ئەگەر کەسێك هەڤاڵەکانیی خۆش نەوێت و بۆ جوانی ئەوان تێنەکۆشێت لە درۆزنێك بەولاوە هیچی تر نییە. ئەو دەخوازێت دیکتاتۆرێك بێت و بیانچەوسێنێتەوە، بیانخاتە خزمەتی خۆی و بیانکات بە موڵکی خۆی، بەڵام ئەوەی بیر لە جوانکردنی هەڤاڵانی بکاتەوە و بۆ پێشکەوتن و خستنە ڕووی لایەنە جوانەکانیان تێبکۆشێت، مرۆڤێکی بەنرخ و بەهادارە.

تایبەتمەندی شاژنە ئینگلیزەکان بە بنەما بگرن. ئەوان ئافرەتێکی ئازادیان بەگوێرەی خۆیان ئافراندووە. بۆچی ئینگلیزەکان لەسەر ئاستی جیهاندا هێندە خاوەن ئیستاتیکان و جێنتلمانن؟ ئەم تایبەتمەندیانەی ئەوان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە ئاماژەم پێکردن. ئێمە وەکو ئەوان نابین، بەڵکو لەوان زۆر جیاوازتر و بەرزترین. ئافرەتێك کە تایبەتمەندیە جەستەیی، سیاسی، ڕۆحی، هزری، کلتووری، ئیستاتیکایی و شۆڕشگێڕیەکانی پێشبخات گەنجینەیەکی گەورەیە. ئەم جۆرە ئافرەتانە هێزی بزوێنەری ژیانن. زۆرم پێ سەیرە کە پیاوانی ئێمە دەرکیان بەم شتە نەکردووە و پێشکەوتنی ئافرەتیان پێ خۆش نییە. ئەمە شتێکی زۆر خراپ و هەڵەیە. ئەگەر ئافرەتی وەها هەبن دەبێت پەسەندی بکەن، چونکە ئەمە بە واتای سەرکەوتن و خوڵقاندنی جوانی [illegible] ێکن پەیوەندیان بە ئەدەبیاتەوە هەیە.

Scanned by CamScanner

من داوای ئەوەش لەم کۆمەڵە جەنگاوەرانە ناکەم کە هەر دەبێت هەڵسن بە کارێکی وەها، بەڵام ئەدەبیات و هونەرو ئیستاتیکا بۆ ئێمە پێویستیەکە. شۆڕشمان وەك بلدۆزەرێکە کە ڕێگا بۆ هونەر و جوانی و ئیستاتیکا خۆش دەکات.

لەناوماندا وەك هەرەسی بەفر ئافرەتان و پیاوانێکی قارەمان دەردەکەون کە پەرە بە جوانی دەدەن. ئەمە جوڵانەوەیەکی گەورەی ڕۆشنگەری و ڕێنسانسەو بەرهەمە پراکتیکیەکەشی ئەمەیە.

Scanned by CamScanner

## زیلان.. سەرکێشێکی ئاگرین

ئێمە مافی ئەوەمان نییە هیچ شتێك لەسەر نامە و گووتەکانی هەڤاڵ زیلان زیاد بکەین کە وەك مانیفێستێکە، بەڵام پاداشتدانەوەی ئەو نامانەی کە بۆی بە جێهێشتووین بە بەرپرسیارێتیەکی بڕۆنی دەزانم. خستنە ڕووی ئەو بەرپرسیارێتیانەی لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازیەوە دەیخاتە ئەستۆی من و پارتی و گەل گرنگە.

چالاکیەکەی زیلان وەك هەندێك کەس تێیگەیشتوون خودکوژی نییە، بەڵکو چالاکیەکی پڕاوپڕی قۆناغ و ئەوپەڕی مێژوویی و پلانکراوە کە بە فیداکاری و بوێری و خوێن ساردییەکی گەورەوە ئەنجامدراوە. ئەمە بەو واتایە دێت کە خۆی بە تەنها توانیویەتی چالاکیەك ئەنجام بدات کە لەشکرێك ئەنجامی دەدات. تەنانەت هێزەکانی گەریلا کە بە سەدان گەریلای تێدایە و هەل و مەرجی گونجاویان لەبەردەستدایە نەك هەر نەیانتوانیوە چالاکیەکی وەها ڕێکخراوی ڕێك و پێك ئەنجام بدەن، تەنانەت زەرەر و زیانی زۆریشیان لێدەکەوێت و ئەگەری هەیە زۆربەی زۆری چالاکیەکانیشمان بەم جۆرە بێت. کاتێك تێبینی ئەوە بکەین کە چالاکیەکی بەم ئاستە پلانکراو هەتا ئێستا لەلایەن هیچ تاك و هێزێکی گەریلاوە ئەنجام نەدراوە دەردەکەوێت ئەم چالاکیە جێگایەکی تا دوا ڕادە دیار و مێژوویی لە ڕێبازی شەڕی چەکداری PKK دا هەیە.

Scanned by CamScanner

چالاکیەکەی زیلان چالاکیەکی پێشکەوتووی بەرجەستە و شایستە بە PKK یە.

گەر باس لە خودکوژی بکەین، ئەوا دەبێت سەبارەت بە چالاکیەکانی ترمان بێت نەك ئەم چالاکیە. ئەگەر پرسیاری ئەو کەسایەتیانە دەکەن کە خودکوژیان گرتووەتە بەر، ئەوە پێتان دەڵێین کە خۆتانن. پێویستە ئەو چەمکە بە خودکوژی هەڵسەنگێنرێت کە خۆدزینەوە لە چالاکی و بە شێوەیەکی خودکوژانە هێرشکردنە سەر دوژمنی لێدەکەوێتەوە. هیچ زیانێکی ئەوتۆ بە دوژمن ناگەیەنێت و بە سەدان هەڤاڵیش لەدەست دەدەین. چالاکی ئەم هەڤاڵە ملیتانە پێچەوانەی ئەم چەمکی خودکوژیەیە. چالاکیەك ئازاد و ئیرادیانە پلانکرابێ و لە هەل و مەرجێکی وەها ترسناکدا ئەنجامدرابێت، تەنها یەك روونکردنەوەی هەیە "ویستێکی گەورەیە بۆ ئەوەی PKK لە ڕێبازی سەربازی خۆیدا قەڵەمبازێك بهاوێژێت". بۆیە دەتوانین بڵێین کە چالاکیەکەی زیلان زەبرێکی کوشندە و دژە ژەهرە بۆ ئەو چەمکە ی شێوازی چالاکی خودکوژانەی لێدەکەوێتەوە. ئێوە گەر هەر دەمرن ڕاست و دروست بمرن. گەر هێرشیش دەکەن ئەوا ڕاست و دروست هێرش بکەن.

چالاکیەکەی زیلان بانگەشەیەکی مەزنە. ئەو بەم جۆرە بە تەواوی گەریلاکانی دێرسیم کە نەیانتوانی شتێك ئەنجام بدەن، دەڵێت "بەم شێوەیە بن". پەیامەکانی لایەنی زۆر سەرنج ڕاکێشی تێدایە. قووڵبوونەوە لە ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازی سیاسی PKK ی تێدا بەدیدەکرێت. بۆیە کوتوپڕ گووتم " ئەوەی من تێر دەکات ئەمەیە" ئەو ناڵێت ئاگاداری گەوهەر و ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی PKK نیم و تەنها چەمکی چالاکی و خۆکوشتن لای من هەیە. لە کاتێکدا چالاکڤانانمان بە شێوەیەکی بەرچاو دوورن لە بنەما ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی PKK، زیلان هەڵدەستێ و چەمکی سروشتی بە چالاکی PKK دەبەخشێت. ئەو دەڵێت "سووربوون و پابەندی و یەکلایی بوونەوەم تەواو بەهێزە" واتا دوای ئەوەی خۆی گەیاندۆتە بڕیارێکی بەهێز ڕاستینەی PKK هەڵدەسەنگێنێت.

خاوەن ئیرادەیە و هەر بەوەشەوە نەوەستاوە پەی بە PKK بردووەو لە خۆیدا بەرجەستەی کردووە. بە بێ تێگەیشتن لە بەدیهێنانی PKK بە ناوی PKK وە ئەنجامدانی چالاکی بە مافی خۆی نازانێت. وەك بە هەڵەداچوون و نارەواییەکی گەورە هەڵیدەسەنگێنێت. باش دەزانێت کە ئەو چالاکیەی بە ناوی PKK ەوە ئەنجام بدرێت پێویستە گەوهەری ڕاستی PKK ی لەخۆگرتبێت. بۆیە بۆ ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە چالاکی خاوەن چەمکی هەڵەن [illegible]یەکی جددییە.

Scanned by CamScanner

خۆڕاگری، بڕیار، پێداگری و وورەتان تا چەندە بەرزە؟ تا چەند توانیوتانە پەی بە ڕاستینەی PKK ببەن؟ ئەمانە لە کەسایەتی زیلاندا ڕوون و ئاشکران و سەرسوڕهێنەرانە بە پێناسەی پارتی گەیشتووە.

زیلان پەیمان و مانیفێستێکە.

ئایا ئێوە توانیوتانە بەم شێوەیە PKK بناسن؟ ئەگەر PKK تان نەناسیوە بۆچی چەکی PKK تان بە شانەوەیە؟ ئەگەر ئاگاداری ڕاستی مێژوویی ئەم گەلە نین چ کارێکتان هەیە لەناو ڕیزەکانی پارتدا؟

زیلان پوختەی ناوەڕۆکی مێژوو دەخاتە ڕوو. کەسی خاوەن دۆز کە پشتی بە بنەما مێژووییەکان نەبەست بێ بناخەیە. ئەم هەڤاڵە مەزنە تا دواڕادە ڕەگی بەناو مێژوودا ڕۆچووە. هەستی پێ کردووە و لە ئاست بەرپرسیارێتی و هۆشیاری ئەمەدایە.

شێوازی چالاکیەکەی بەرکەماڵە.

بەراورد لە نێوان شۆڕشەکانی جیهان و شۆڕشی کوردستاندا دەکات. تاکتیکی سەرەکی شۆڕشی کوردستان باش بەدیدەکات. بە شێوەیەکی وەها گوزارشت لە گەوهەری شۆڕشی کوردستان دەکات کە تا ئێستا من نەمتوانیوە بیکەم. ناڵێت "بەرپاکردنی شۆڕش لە کوردستاندا وەك بەرپابوونی شۆڕش لە تەواوی جیهاندا بەپێی پرەنسیپە گشتیەکان دەبێت" زۆر ئاشکرا دەڵێت کە " شۆڕشی کوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە" چالاکیەکەشی پشت بەمە دەبەستێت.

زیلان شۆڕشگێرێکی ئاسایی نییە، بەڵکو شۆڕشگێری کوردستانی گەورەیە. بە خۆیەوە ئەو ڕیشەکێشکردنە دەبینێت کە لەسەرمان پەیڕەو کراوە. سەرباری ئەوەش لە پێشکەشکردنی دڵێکی گەورە و فیداکاری خۆی دەستناکێشێتەوە. ڕاستی سەرۆکایەتی لە تەواوی دەقەکانی نامەکەیدا خستووەتە ڕوو. ئەم هەڤاڵە منی نەبینیوە و هەڤاڵێکی نوێ بووە. ئاشکرایە لێکۆڵینەوەیەکی بەرکەماڵی دەربارەی بە سەرۆکایەتی کردووە. نزیکەی ٢٠ – ٣٠ ساڵە هەندێك کەس لەگەڵماندان. هەموو ڕۆژێك لەسەر ڕاستی سەرۆکایەتی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین. ئەم هەڤاڵە لە دووریشەوە بێت قسەم لەگەڵ نەکردووە، کەچی توانیویەتی ڕاستی سەرۆکایەتی زۆر باش لێکبداتەوە. تێبگات و لە کەسێتی خۆیدا بەرجەستەی بکات و ئەمەش وەرچەرخێنێت بۆ کەسایەتیەکی ملیتان. بۆیە دەبێت وەك ملیتانێکی ڕاستەقینەی PKK هەڵیسەنگێنین.

Scanned by CamScanner

ئەمە هەبوونێکی ڕاستەقینە بە PKK دەدات.

ئەوەی دەستنیشان کردووە کە هەموو ڕۆژێك دووپات کردنەوەی ڕەخنەدانەکانی وەك "تایبەتمەندییە وردەبۆرژواییەکانم، گوندێتیم، کاریگەری شەڕی تایبەت لەسەرم" ڕاست نین. ئەمە زۆر سەرنج ڕاکێشە چونکە گەورەترین بێ ئاگایی لە نێو PKK دا لەم خاڵەدایە. بۆ تێپەڕکردنی ئەمەش تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ڕاستەقینەی PKK دەخاتەڕوو.

لەگەڵ ئەوەی ئەم چالاکیە هەڵمەتێکی گەورە دەنوێنێت، بە ڕەونەقترین هەڵوێستیشە سەبارەت بەوەی کە تاکێکی سەربازیی و گەریلا دەبێت چۆن بێت؟ هەروەها لە چۆنیەتی نوێنەرایەتی کردنی ژیانی ڕێکخستندا قەڵەمبازێکی گەورەیە. ئەم لایەنەی لەلایەنی هەڵمەتەکەی بەرامبەر دوژمن گرنگترە. چونکە ئەوانەی کە ڕێکخستن بە خۆیانەوە خەریك ناکەن و ڕێگا نادەن تایبەتمەندییە پاشکەوتووەکانیان ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێکخستن هەبێت، دەبنە خاوەنی هەڵمەت و قەڵەمبازی گەورە. بۆیە دەڵێت "پێویستە لەناو پارتدا روون و یەکلایی بووبینەوە"

ئەو لە ڕێی ئەم چالاکیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە ڕێگا نەدرێت بە: زۆربلێیی و دیماگۆژیەت و هەر هەڵوێستێك کە بنەمای ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستنی نەبێت. خۆ گەیاندن بە کەسایەتیەکی خۆدانقانی سەرسوڕهێنەر، بە هەموو توانایەکەوە بەرخۆدانیکردن بەرامبەر بەو دوژمنەی بە تەواوی هێزی خۆیەوە هێرش دەکاتە سەرمان، بەرخۆدانێك کە سنووری ژێریی دەبەزێنێت بە کارەکتەرە سەرەکیەکانی PKK دادەنرێت. لێرەدا زیلان بە جۆرێك خاوەنداری لە تایبەتمەندیە ملیتانییەکانی PKK دەکات کە هەتا ئێستا هیچ کەسێك نەیکردووە.

بە باشی دەرکی بە واتای ئەو ئۆپراسیۆنانە کردووە کە دوژمن لە بەهاری ١٩٩٦ دا بەڕێوەی بردن. چالاکیەکەشی بۆ سەلماندنی شێوازی ئەو چالاکییەیە کە دەبێت ملیتانەکانی PKK بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کێومالانە ئەنجامی بدەن. بە تەواوەتی قەڵەمبازێکی تاکتیکی لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستە دەکات. ئەوە دەستنیشان دەکات کە پێویستە بەرامبەر بە تاکتیکەکانی تیرۆرکردن و هەراسانکردن و ئۆپەراسۆنی بێ سنووری دوژمن خاوەن چەمك شێوازێکی تاکتیکی چۆن بێن. گەیشتبووینە ئەو بڕوایەی کە "[illegible] ئەنجام بدرێت" و دەمانگووت هەر کوردێك

Scanned by CamScanner

دەکەینە نارنجۆکێك بەرامبەر بە دوژمن. زیلانیش ئەوەمان پێدەڵێت کە پێویستە ئەم فەرمایشتە بەجێبگات.

ئەمە خودکوژی نییە و چالاکییەکی هێرشکاریی جددیی و نموونەییە. هەموو کەسێك ناتوانێت کارێکی وەها ئەنجام بدات. چالاکیەکی تا دوارادە رەسەنانە و پلانکراوە.

ئەمە فەرمایشتە، سمبولە، شێوازە، پرەنسیپ و چالاکی یەکەم و کۆتاییە. لەهەمان کاتدا بۆ ئێمە بانگەوازیەکە. زیلان زۆر ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت کە پێویستە چۆن لەمە تێبگەین. تێگەیشتن بەوە دەبێت کە هەریەکەمان خۆی یان کەرتێك یان لەشکرێك بکەینە نارنجۆك. بێگومان تەنها لە رووی سەربازی و تاکتیکیەوە نا، بەڵکو لە رووی خۆ گەیاندنە پێوانەکانی رێکخستن و پێداویستیە رێبازییەکانەوە.

ئەمە چیە و چۆنە؟

تێکنەدانی رێکخستنە بە زماندرێژی و کەموکورتیەکان، یاری نەکردنە بە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی پارت. هەروەها بەپێی راستیی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی پارت ژیان کردنە. بەپێی راستیی بەرخۆدانی پارت کە بریتییە لە ورە، ئیرادە، کۆڵنەدان، فیداکاری و چالاکی ژیان کردنە. ژیانێکی لە دەرەوەی ئەمە ژیانێکی راستی ئامێز نییە. چالاکیەکی بەم رەنگە چالاکیەکی هەرزان نییە. تەنها پاکەتێك بۆمبیش نییە کە کەسێك رووکەشیانە لە خۆی بەستبێت. لێکدانەوەی چالاکیەکە بەم جۆرە تێنەگەیشتنە لە بانگەوازیەکەی زیلان و بە بچووك بینینیەتی.

ئێمە چۆن پاداشتی بدەینەوە؟

بە بوونە نارنجۆکێك لە رووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و رێکخستنی و ورەوە.

هەروەك گوێمان گرت ئاشکرایە خۆشدواندەریەکی بەهێزی هەیە. چۆن دەتوانی بەرخۆدانیەکی بێ سنوورت هەبێت؟ ئەگەر زەحمەتیەکی زۆرت بینیوە و دەتەوێت زەبرێکی باش بوەشێنیت، ئەوا کەرتێك بێنە لای خۆت و پلانی بۆ دابرێژە، پڕ چەکی بکە، لە رێیەوە دەبیتە خاوەنی چالاکیەکی گەورە. تەماشا بکەن زیلان بە دەیان رۆژ لە دەرسیم دەمێنێتەوە، خۆی دەپارێزێت و هەنگاو بە هەنگاو چاودێری دوژمن دەکات. لە مەیدانی ئەو مەراسیمە سەربازیانەدا چۆلەکەش ناتوانێت بفرێت، بەڵام دزە دەکاتە ناویان و چالاکییەکەی پێکدێنێت. چالاکی گەریلا هەیە لەمە باشتر پلانکرابێت؟ کەچی ئێوە چالاکیەك دەکەن دەبێتە بەڵا. نەکەشف، نەپلان و ئامادەکاری هەیەو هێشتا هەنگاوتان نەناوە دەڵێن "[illegible] دانەوە" ئێوە لەو شاخانە ئەو هەموو

Scanned by CamScanner

تاقیکردنەوە و ئەزموونەتان بەدەستهێناوە، بەڵام زیلان جەنگاوەرێکی یەك ساڵەیە کەچی نێوە بەو هەموو هێزە گەریلاییەوە ناتوانن چالاکەیەکی هێندە پلانکراو و گەور ئەنجامدەن. بۆیە بەرامبەر ئەمانە چالاکیەکەی زیلان ڕاستیەکی بەرجەستەی سەرسوڕهێنەرانەی هەیە. بەدیهاتنی کەسایەتیش هەر ئەمەیە.

ئێمە کامیان بە بنەما بگرین چەمکی خودکوژی و ئەو چالاکیانەی کە دەستمایەیان دەستخەڕۆییە یان ئەمەیان؟ لە باشوور، بۆتان، زاگرۆس، گارزان چەندەها شەڕمان کرد، هەمووشیان وورەی پێگەی پارتیان خست و لە پای هیچ هێندە بەهای کردین بە قوڕگی دوژمندا. ئایا ڕەوایە ئەم چالاکیانە بە چالاکیەکی زیلان بەراورد بکرێت؟ ئەم چالاکیە وەك چالاکی تاکە کەسێك نا بەڵکو وەك چالاکڤانیەك کە سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت هەڵدەسەنگێنین. چەمکی ئەم چالاکیە فەرمان بەوە دەکات کە دەبێت ملیتانی PKK چۆن بێت. پرسیاری ئەوەیە کە چ شێوازێکی چالاکی دەتوانێت چۆك بە هێرشی هەمەلایەنەی دوژمن دابدات و سەرکەوتن مسۆگەر بکات. زۆر باش لەوە تێگەیشتووە کە وەلامێکی چۆن بداتە ئەو هێرشە هەمەلایەنەی کە پارت و گەل و تەنانەت منیشی بە ئامانج گرتبوو. خۆی پلانی بۆ داڕشتووە و پراکتیزەشی کردووە.

ئەم چالاکیە نەك هەر لە چالاکیەکانی ساڵی ١٩٩٦ دا بەڵکو لە مێژووی PKK و شەڕی ڕزگاری نەتەوەییماندا چالاکی هەرە پیرۆز و بە ئەنجام گەیشتووە. ئەگەر بەم شێوەیە نەبووایە فەرماندارى گشتی نەدەکەوتە جووڵە بۆ لە پەلوپۆخستنمان. منیش سەرەتا لە دەرکپێکردنیدا زەحمەتیم بینی. تورکیا بە یارمەتی ئەوروپا شەڕێکی لە پەلوپۆخستنیان بەڕێوەبرد. دەیانگووت گوایە "ئافرەتێکی نەخۆش بووە. کێشەی دەروونی هەبووە. تەماشاکەن ئافرەت چۆن لە ئافرەت بوونی خۆی دەرخراوە! دەنگی جۆرێکی ترە و خۆیشی جۆرێکی ترە" ئەم هەوڵەی فەرماندارى گشتی گەورەیی و پیرۆزی چالاکیەکە دەسەلمێنێت. فەرماندارى گشتی زۆر باش پەیوەستبوونی ئەم چالاکیە بە منەوە بەدیدەکات و ئەو ئاستە دەخوێننەوە کە داومانە بە ئافرەتان. بۆیە دەست و برد بۆئەوەی جەماوەری شۆك بوویان بە هۆش خۆ بهێننەوە ویستیان بە گووتەی کەسانێکی کرێگرتەو تێکدەر چالاکیەکە لەکەدار بکەن.

کەواتە ئەم چالاکیە تەنها چالاکیەکی مێژوویی و پیرۆز نییە و بەگوێرەی قۆناغیش [illegible] پراتیکێك و تاکتیکێکی بەرکەماڵە.

Scanned by CamScanner

ئەگەر تەواوی هێزەکانی گەریلا بەم ملیتانی، فیداکاری، بوێری، پلان و خوێنساردیەوە خۆیان ڕێکبخەن و سەنگەر بگرن و بە وره و کۆڵنەدەری و ئیرادەوە بچنە سەر چالاکی، سەرکەوتنمان مسۆگەر دەبێت. تۆ بڵێی ئەوەی ئەم هاوڕێیەمان توانیویەتی بیکات ئێوە بە لەشکرێکەوە نەتوانن لەسەر هێزێکی دەهەزارکەسی دوژمن بیکەن؟ زیلان بە تەنها خۆی توانیویەتی ڕووبەڕووی لەشکری دوژمن بێتەوە، چونکە پلانێکی سەرکەوتووی هەبووە. نەکەوتووەتە دەست و تەنانەت هەستیشیان پێنەکردووە و خۆی لە جەرگەی دڵی دوژمندا دەتەقێنێتەوە.

ئەگەر هەموو هێزەکانی گەریلامان هەمان تەگبیر بکەن و ئامادەکاری و شاراوەیی پەیڕەو بکەن، تاکتیکی سەرکەوتووی قۆناغ بەدەست دێنن. ئەگەر بڵێن "ئەم چالاکییە بە تەنها هی تاکە کەسێکە و خۆی پەیوەندیدار دەکات" سوکایەتی پێکردنە. بە پێچەوانەوە تاکتیکی ڕاستەقینە و شێوازی PKK یە. شێوازی ئەو چالاکییەی PKK یە کە وەڵامی قۆناغ دەداتەوە. پێویستە سوپای PKK مۆرکی چەمکی چالاکیەکی وەها لە قۆناغ بدات. ئەوانەی تر هەموو هەڵەن و تەنها ئەمە ڕاستە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا دەڵێن: "تەواوی تورکیا و تەنانەت ئەمریکاشی شۆك کردووە" ئەمە پیشانی دەدات کە چالاکیەکی گەورەیە و ئەوەشی کە ئەنجامیداوە کەسایەتیەکی مەزنە، بەڵام هێشتا ئەم چالاکیە لەسەر تەواوی ڕیزەکانمان ڕەنگی نەداوەتەوە. گەر ئەم چالاکیە تاوتوێبکرێت و ڕێکخستنی بۆ بکرێت و لە ناخی هەر کەسێکدا جێگیر بکرێت، ئەوا ڕێگا بۆ ڕێبازێکی مێژوویی گەورە خۆش دەکات. زیلان دەڵێت: "ژیانەوەی گەل و ژیانەوەی ئافرەت"

جگە لەمانەش ئەنجامدانی ئەم چالاکیە لە شوێنێکی وەك دێرسیم گەلێك گرنگە و ژیاندنەوەی دێرسیمە. ڕەنگە ئەم کەسایەتیە و چالاکیەکەی وەك تاکە سەرچاوەی ژیان لەبیرنەکرێت. کەسانی قارەمان شوێن پەنجە و کاریگەرییان بەم جۆرە لەسەر مێژوو جێ دەهێڵن. بێگومان دەبێت ڕێزمان هەبێت بۆ ئەو هێزە لەبن نەهاتووەی بەم چالاکیەی دەیبەخشێتە گەل و مرۆڤایەتی و ئافرەتان. وە پێویستە هەست بە بوونی بە سەرچاوەیەکی بەم ڕەنگە بکەین، چونکە ئەم چالاکیە بە ناوی مرۆڤایەتیەوە کراوە. گەورەترین چالاکیە کە بەرامبەر بە ڕژێم و سوپای فاشیست، ئیمپریالیزم، مرۆڤایەتیەکی ڕووخێنراو و ئافرەتێکی ڕووخێنراو کراوە.

زیلان بەم شێوەیە دەدوێت "ئەم چالاکیە بەس نییە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی لەسەر شانمانە، دەمەوێت کە بە جۆرێکی تر ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرم و جێبەجێی

Scanned by CamScanner

بکەم، چونکە بۆ ئەم مەبەستە تەنها گیان بەختکردنمان کەمەو بەس نییە. خۆزگە ل[ە] گیانم شیرینتر شتێکی ترم شک ببردایە کە پێشکەشی بکەم" ئێمە هەمیشە ئەوەمان دووپاتکردۆتەوە کە تەنها گیان بەختکردن بەس نییە. پێویستە هەندێک شتی تر پێشکەش بکەین. ئەمانە چین؟ تواناکاریەکانتانە. ئێمە داوای ئەوە ناکەین کە بە هەرزانی گیانی خۆتان بەخت بکەن. پێویستە لەیادیشی نەکەین کە چالاکیەکەی زیلان گیان بەختکردنێکی هەرزان نییە. تا دوا ڕادە مۆڵبوونی توانستی تێدایە. هەمووی پێشکەش دەکات و کەچی لەگەڵیدا دەڵێت: "خۆزگە لە گیانم شیرینتر شتێکم شک ببردایە ک[ە] پێشکەشی بکەم" زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەوانە کردووە کە لە نێو ڕیزەکانماندان و دەڵێن: "بە ئارەزووی خۆم دەژیم، وەها سیغار دەپێچمەوە، وەهاو وەها خۆپەرست و تاکرەو دەبم" ئەم چالاکیە وەڵامی ئەمانەش دەداتەوە. هەروەها دەڵێت: "ژیانی ئێمە تا دوا ڕادە خۆشەویستی، بوێری، بڕوا و شەرەفمەندی دەداتە مرۆڤ" زیلان پێناسەی ئەو ژیانە دەکات کە خۆی نوێنەرێتی و دەستنیشانی دەکات کە ئێمە گەرەنتی شۆڕشین.

زیلان دەڵێت: "خۆشەویستی، بوێری، بڕوا، کۆڵنەدان و ژیانێکی بە شەرەف" ئاشکرایە زۆر باش لەمانە تێگەیشتووە. هەروەها دەڵێت: "هەرچەندە کەسان و شێوازێکی ڕوخێنەر و پەرتکەریش هەبن، بەڵام ئێمە کۆمەڵێک بەهای زۆرمان هەیە کە پێیانەوە پابەند بین. بۆیە بیر لەو خۆشەویستیە دەکەینەوە کە ئێوە[1] پێمان دەبەخشن و هێزێکی بڕۆنی بەدەست دەخەین. ئێوە لە هەموو کەس زیاتر پابەندن بە شەهیدانەوە" ئەگەر هەستی بەوە بکردایە کە سەرۆکایەتی لە هەمووان زیاتر پابەندی شەهیدان نییە، ئەوا ئەم چالاکیەشی ئەنجام نەدەدا چونکە چالاکیەکی بێ بنچینە لەوانەیە ڕێزی لێنەگیرێت.

چالاکڤانانی گەورە لە پێناو ئەو بەهایانەی کە باوەڕیان پێیەتی چالاکی ئەنجام دەدەن. بە واتایەکی تر ئەو کەسایەتیانە بە بنەما دەگرن کە ئەم بەهایانەیان تێدا قوول بۆتەوە و لە خۆیاندا کردوویانەتە بە سمبولێک. چالاکڤانانی گەورە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن و هەر وا لە هیچ و خۆڕایی گیانی خۆیان فڕێنادەنە نێو ئاگرەوە. ئەگەر بەهاو د... سمبول و سەرۆکایەتیەک نەبێت کە زۆر بەهێز پێوەی شەتەکدراو بێت و کاریگەری لێبکات و بێ سنوور بڕوای پێی هەبێت، هیچ کەسێک نییە بوێری چالاکیەکی بەم جۆرە بنوێنێت.

Scanned by CamScanner

دەڵێت: "زۆر پابەندی ژیانم، بۆ ئەوەی بگەینە ژیانێکی ڕاستەقینە ئەم چالاکیە ئەنجام دەدەم" کێیە ئەوەی ئەمە پێکبهێنێت؟ کێ و چ پارتێکە؟ ڕێگای ئازادبوون و بەدیهێنانی خود بە شەڕدا تێپەڕ دەبێت. مەبەستم ئەوەیە زیلان ناڵێت بەم شێوەیە دەمرم و ڕزگارم دەبێت، بەڵکو ئەوەی لای زیلان شتێکی سەرەکیە ئازادبوون و بەدیهێنانی خودە و دەزانێت ئەگەر شەڕیان بۆ بکات پێیان دەگات.

ڕووەو سنوورەکانی ژیانێکی پەسەند بینراو هەڵدەکشێت. وەك: واتایەك، گەلێك، پارتێك، کەسایەتیەك بالا دەبێت. ئەوەی لێرەدا بۆتە خۆڵەمێش ئەو ژیانەیە کە بە دەستی دوژمن نەخشێنراوە و هیچی تر.. دوو شت لەمەدا شاردراوەیە ئەوەی بە ناوی ژیانەوە بالایی لەخۆوە دەگرێت و ئەوەش کە مەحکوم کراوە و لەناویبراوە و کراوەتە خۆڵەمێش. بە ڕاستیش لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجامیداوە کە خۆی دەڵێت: "دەمەوێت درێژە بدەم بە پابەندی هەڤاڵان مەزلوم دۆغان، خەیری، کەمال، فەرهاد، بەسێ، بێریتان، بێریڤان و ڕووناهی بە کلتووری بەرخۆدانەوە" بە ڕاستی کاتێك ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم هەڤاڵانە لە پێناو چ ژیانێکدا بالا بوون و چیان ڕووخاند، ئەوا تا سەر ئێسقان هەست بەوە دەکەین کە ئەم هەڵقانە بەشێوەی زنجیرێك بە چۆن ژیانێکەوە گرێدراو بوون.

هەروەها دەڵێت: "دەمەوێت ببم بە گوزارشتێك بۆ خواستی ئازادی گەلەکەم. بەرامبەر بەو سیاسەتانەی کە ئافرەتیان کۆیلەکردووە نارنجۆك بە خۆمدا بتەقێنمەوە، بەم ڕێگا یەش ڕادەی گەورەیی ڕق و کینی خۆم پیشانبدەم" لێرەدا گەورەترین ڕق دەخوێنرێتەوە بەرامبەر بە سەرمایەداریی پووچەڵی تورکیا. لە دوای ئەوە دەڵێت "دەمەوێت ببمە سمبولی ژیانەوەی ئافرەتی کورد" لێرەدا ئەو تێکشکانە بە وردی بەدیدەکات کە سیستم لە کەسایەتیدا کردوویەتی و ڕق و کینێکی گەورەی بەرامبەر بەمە هەیە. لەهەمان کاتدا ئەوە پیشانی هەموو کەس دەدات کە ئافرەتێکی جوان چۆن بەدیدێت و دەیەوێت ببێتە سمبولی گوزارەکردن لەمە. پێشخستنی هەڵسەنگاندنێکی وەها پێکانی ئامانجە لە کار و خەباتی ئافرەتاندا.

ڕاشکاوانە دەڵێم شەهیدەکانی تریشمان هەڵقەیەکی ئەمەن، بەڵام ئەم هەڵقەیە لە هەڤاڵ زیلاندا گەیشتۆتە لوتکە. ئەگەری هەبوو ئەوەی ئەم چالاکیەی ئەنجامداوە پیاوێکیش بوایە، بەڵام ئافرەتێك ئەنجامی داوە. ئەنجامدانی لەلایەن ئافرەتێکەوە هەم پێویستیەکی سروشتیە هەم دەبێت ئەو لایەنەشی ببینین کە وابەستەیە بە ڕاستی [illegible]وە. ڕەنگە پیاوێك نەتوانێت بەم جۆرە چالاکی ئەنجام بدات، دەشێت بە جۆرێکی

Scanned by CamScanner

تر بێت بۆ نموونە؛ لە زینداندا چالاکی ئەنجام بدات، بەڵام ئەنجامدانی چالاکی بەم شێوەیەیان شێوازێکی تایبەت بە ئافرەتی تێدایە. زۆر سەرنج ڕاکێشە! پێویستە ژیانێکی ئازاد دەستەبەربکرێت و ئەویش دەیەوێت ببێتە سمبولی ئەمە.

پێداگریەکی گەورەی هەیە بۆ ژیان و هەرگیز لە ژیان پاشگەز نەبۆتەوە.

ئەوانەی بە ئاسانی دەستبەرداری گیانی خۆیان دەبن بێ ورە و بێ جۆش و کەسایەتیەکی ناشرینن. بەداخەوە لە ڕیزەکانماندا هەندێك چەمکی خودکوژی هەن. ئەمە وەك ڕاستیەکی نکۆڵی لێنەکراو دەبینرێت. هەڵبەتە ئەم نزیکایەتیانە لەچاو کەسایەتی زیلاندا کە خاوەنی چالاکیەکی بەم جۆرەیە زۆر ناکۆکن و هەرگیز ئەم وەك ئەوان نابێت.

دەڵێت: "پێداگری ژیانم زۆر گەورەیە. دەمەوێت ببم بە خاوەنی ژیانێکی بە مانا و چالاکیەکی گەورە. لەبەرئەوەی کە ئەوینداری ژیانم دەمەوێت چالاکیەکی وەها ئەنجام بدەم" لەو بڕوایەدام کە لە ڕاستینەی خۆمدا باشتر زیلان دەدۆزمەوە. ئەوانەی ئەوینداری ژیانن چالاکی گەورە ئەنجام دەدەن. ئەوانەی لە ژیان پاشگەز بوونەتەوە هەرگیز نابنە چالاکڤان و کارگێڕی ڕێکخستن. ئەم هەڤاڵەمان لەبەرئەوەی زۆر ئەوینداری ژیانە ئەم چالاکیەی ئەنجام داوە. گەر ئەوینداریی ژیان لای ئەو بۆ ژیانێك نەبوایە کە بنەمایەکی بەهێزی ئازادی هەیە و پشت بە ژیانەوە و بەرخۆدان و جوانی دەبەستێت: ئەوا بڕیاری چالاکیەکی بەم جۆرەی نەدەدا.

ئێوە کاتێك ژیان بەلاتانەوە هیچە، بێ هیوان، ڕێکخستنتان وێران کردووە و پارتیتان بە بنەما ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکان کردووە، دەچن بە شێوەیەکی خودکوژانە بەشداری لە چالاکیەکدا دەکەن. هەرچی چالاکیەکەی هەڤاڵ زیلانە تێکۆشانێکە بەرامبەر بەمە. هەروەك خۆی دەڵێت کاریگەربوونی بە ژیانێکی ڕێکخراو لەسەر بنەمای پتەوی ئایدیۆلۆژی کە پڕە لە بەرخۆدانی، ورە، ئیرادە، خۆشبەختی، کۆڵنەدان و جۆش بەرەو چالاکیەکی وەهای بردووە.

زیلان دەڵێت: "تێکۆشانمان بە پێشەنگی سەرۆکایەتی لە دەمێکی زۆر کورتدا دەگاتە سەرکەوتن و گەلە ستەم دیدەکەم لەناو خێزانی مرۆڤایەتیدا جێگەی شیاوی خۆی بەدەست دەهێنێت" بڕوای سەرکەوتنی چەمکی سروشتی چالاکیەکەیەتی. کەسێك خاوەنی چەمکی چالاکیەکی بەم شێوەیە بێت، بێگومان بڕوای بە نزیکبوونەوەی سەرکەوتنیش هەیە. ئەمە بڕوایە [illegible]دنێکی گەورە بە سەرکەوتن.

Scanned by CamScanner

کەچی زۆرێك لە ئێوە بڕوای بە سەرکەوتن لەدەست داوە و هیچ ئاگای لەوە نییە کە پێویستە گەلەکەمان لەناو مرۆڤایەتیدا بکەینە خاوەن جێیەکی شەرەفمەندانە. هەر کەسێك بڵێت: "دەستبەرداری ڕۆحم دەبم و مردن پەسەند دەکەم" ئەوا بە شێوازێکی کۆیلانە مردنی پەسەندکردووە. پەسەندکردنی مردنێکی کۆیلانە دەرەنجامی خزمەتکاری و سەربازیکردنی گەلەکەمانە لە ژێر فەرمایشت و ڕێبازی دوژمندا.

ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشە هەڤاڵ زیلان دووجار دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت "پێداگریم بۆ ژیان زۆر مەزنە و دەمەوێت ببم بە خاوەنی ژیانێکی بە واتا و چالاکیەکی گەورە" زۆر ڕاستە ژیانێکی بە واتا پابەندە بە ئەنجامدانی چالاکیەکی گەورەوە. هەمیشە ئەمەم بە ئێوە گووتووە؛ ئێوەش دەتانەوێت ببنە خاوەن ژیانێکی بە واتا بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن بۆئەوەی ژیانێك واتادار و جددی بێت کۆششی گەورەی دەوێت.

چالاکی گەورە چییە؟

ژیانێکی ڕێکخراو و بەهێزبوونە لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتدا، بوون بەخاوەنی تەرز و ئسلوب و خێرایی گەیشتنە بە بالابوون. لە ڕووی سەربازیشەوە بەدەست هێنانی تاکتیکی قۆناغە. کە ئەمانەتان لەلا بەرجەستە بوو دەبنە خاوەنی چالاکیەکی گەورە. ئەو چالاکیانەی کە ئامانجیان نادیارە، توانای ماددی پارت بەفیڕۆ دەدات، دیار نییە زەبری لە دوژمن داوە یان نا، چالاکی گەورە نین. واتای چالاکی گەورە لە هەڤاڵ زیلاندا بەرجەستە بووە.

دەڵێت: "من لەبەرئەوەی ژیان و مرۆڤم زۆر خۆش دەوێت دەمەوێت هەڵسم بە ئەنجامدانی چالاکیەکی بەم جۆرە" ئێوە نەك هەر بەرامبەر مرۆڤ و بەو هەڤاڵانەتان کە کاریان لەگەڵدا دەکەن ڕێز و خۆشەویستیتان نییە، بەڵکو کارێکی ڕێك و پێکتان نییە. ڕوون نییە ئەوەی دەیەوێت بژی کێیە خۆتانن یان ئەو بتەی لە ناختاندایە، یاخود ئەو دوژمنەیە کە لە ناختاندایە. کەسانی تاکڕەو، مەزاجی و نیوەچڵ لە بەرامبەر ئەنجامدەری ئەم چالاکیەدا لێبووردن نایانگرێتەوە.

ئاشکرا پێتان دەڵێم:

ئەگەر پابەندیم بەم هەڤاڵەوە هەبێت، ئەوا ڕێگا دانم بە مانەوەی کەسانێك لە نێو PKK دا کە گێرەشێوێنی دەکەن و ڕێزو خۆشەویستیان بەرامبەر بەم ژیانە نییە و بە بەنێك ڕاستی ڕێکخستنی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی، ژیان و چالاکی و شێوازی پارت پێکەوە نابەستنەوە؛ سووکایەتی پێ کردن دەبێت.

ئەگەر پابەندیمان بەم بەها پیرۆزانەوە هەیە، مسۆگەر دەبێت هەندێك ئەنجامی لێ هەڵێنجین. لە کاتێکدا یەکێکی وەك زیلان لە تاڵی قژیەوە تا نووکی پێی لە ئاگری ئازادیدا دەتوێنێتەوە، گەلێك کەسی تر بێ ئەوەی شەرم بکەن و نارەحەت ببن بە ئارەزووی

Scanned by CamScanner

خۆیان یاری بە گەلێك لەبەهاکانی پارت دەکەن. چەمکی ڕێکخستنی و تاکێتی چەوتە، بەرامبەر بە ژیان لە شێوازی کارکردنیدا بێ ڕێزە، تۆراوە، بێ ورەیە، بێ ئیرادەیە، سەرەڕای هەموو ئەمانە هێشتا ئەو مافەی پێ بدرێت کە لەناو پارتدا بمێنێتەوە؟ ل ڕاستیدا ئەمانە نموونەی هەرە خراپی خودکوژین بۆ مرۆڤایەتی. ئێوە خودکوژی هەڵدەبژێرن و هەمان شت بەسەر ئێمەشدا دەسەپێنن. ئەمە چەمکی خودکوژی دوژمنە، ئایدیۆلۆژیا، کەسایەتی و شێوازی دوژمنە. بەم کەسایەتیانەتان بە ناوی دوژمنەوە ل هێرشێکی خودکوژانەدان. گەورەیی زیلان لەوەدایە کە زەبری کوشندەی لەمە داوە و کارامەیی گەورە و مێرخاسییەکی گەورەی نیشانداوە. ئەم هەڤاڵەمان کەم تا زۆر توانیویەتی ئەوە لێکبداتەوە کە لە ڕاستی پارتدا هەر شتێك چ واتایەکی هەیە. بەم ڕادە گەورەیە خستنەگەڕی کۆی بەهاکان لەلایەن زیلانەوە شتێکی ئاسایی نییە.

من دەتوانم وەڵامی ئەو نامەیە بدەمەوە کە بۆ منی نووسیوە و بە سەدان لاپەڕەی بۆ بنووسم، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە، چونکە ئەم هەڤاڵە پەیمان دەداتە تەواوی ئەندامانی PKK، پابەندبوونی خۆی بە تەواوی شەهیدان، هێزەکانی ناو شەڕ و خەباتی گەل، هەڤاڵانی زیندان و مرۆڤایەتییەوە دووپات دەکاتەوە و پەیمان دەدات کە هەڵوێستێکی شایستە بەوان بنوێنێت. بەرامبەر بەمە پێویستە ئێوەش پەیمان بدەن. من بەپێی توانام هەوڵدەدەم کە شایستە بم و پێویستیەکانی ئەمە بەجێبگەیەنم، بەڵام ئایا ئێوە بێ هیچ دووڕووییەك دەتوانن کارێك بکەن؟ جیا لەمانە بۆ ئافرەتان و گەل و پارتیش بانگەوازی هەیە. ئێوە وەڵامی ئەمەیان چۆن دەدەنەوە؟ زیلان تەنیا دوو ساڵ شەڕی کردووە و بۆتە تێکۆشەرترین جەنگاوەری پارت. ئەم هەڤاڵە وەك واقعێك خۆی بەم جۆرە سەلماندووە. ئێوە چۆن خۆتان دەسەلمێنن؟ من دیسانەوە دەڵێم لەلایەن خۆمەوە پێویستیەکانی ئەمە بەجێدەگەیەنم، لە ڕاستیدا داخوازێکی ئەوتۆی لە من نییە.

ئاماژەیەك دەدات و دەڵێت "سەرۆکایەتی هەموو ئەرکێك بە ڕادەیەك بەجێدەگەیەنێت، تەنانەت ئێمە ئەگەر گیانیشمان بەخت بکەین لەچاو ئەوەدا کە ئەو پێی هەڵدەستێت نابێتە وەڵام. دەمویست کە شتێکی بەهادارتر لە گیانم بەخت بکردایە" من لەلایەن خۆمەوە بە زیادەوە ئەمە دەکەم و لە داهاتووشدا دەیکەم، تەنانەت بێ ئەوەی هیچ بەزەییم بە خۆمدا بێتەوە دەیکەم. بە پێویستیشی نازانم زۆر باسی کردەکانم بکەم. زیلان لە هەر خاڵێکدا کە تیشکی دەخاتە سەر جارێکی تر ئاماژە بە سنوور نەناسی من دەکات لە ڕووی قووڵبوونەوە و بەهێزی توانای چەمکی، ڕێکخستنی، چالاکی، پێشخستن، ئازادکردنی ئافرەت، خۆشەویستی و خۆشویستنەوە. من بە گرتنەبەری تاکتیك و توانستی بیۆێنە بەمە گەیشتووم. ئەوەی دڵم پێی دەسوتێ ئێوەن، ڕاستتر بڵێم گومانم لەلا دە[illegible] تەنها دوژمنی ڕەجم نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ نێوەندی

Scanned by CamScanner

فاشیستی تورکیادا ئێوەشی بەم چالاکیەی تووشی شۆک بوون. خۆی لە خۆیدا هەر کەسێك تووشی شۆك نەبووبێت هیچ پەیوەندییەکی بە مرۆڤایەتییەوە نەماوە. گەر کەسانێك هەبن کە بەرامبەر بەم گەورەییە نەهەژابن و تا دەگاتە پرەنسیپەکانیشیان لەرزیان لێنەهاتبێت و واتایان نەدابێتێ، ئەوا پێویستە گومان لە PKK یی بوونی و نیشتمانپەروەریی و تێکۆشەریی و تەنانەت لە مرۆڤ بوونیشی بکرێت. لەمەودوا تەنها بە گومانکردنەوە ڕاناوەستم، بەڵکو ئەم چالاکیە دەکەمە پێوانێك و بەپێی ئەو پێوانەش لەمانەی تر دەپرسمەوە. هەرگیز ناهێڵین کەس لەسەربەها پیرۆزەکانی گەلەکەمان و مرۆڤایەتی گەمە بکات.

هەڤاڵ زیلان فەرماندارە و ئێمەش هەموومان پێکهێنەری فەرمایشتی ئەوین.

کەموکورتیەکی گەورەیە کە دەڵێن: "هەمیشە بە بێکەڵکی و گومڕایی و نزیکایەتی ترسنۆکانە، نارێکخراوی، بێ پلانی و بێ ورەیی خۆمان دەبینە مایەی پووچەڵکردنەوە" وەڵامدانەوەی چالاکی زیلان بەم شێوەیە نابێت. ئەگەر لە توانانتاندا بێت کە ڕێز نیشان بدەن، پابەند بن، وەڵامی پەیمانێك بە پەیمانێك بدەنەوەو بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانێکی ڕسوا بڕیارێك بدەن ئەو کاتە خۆتان پێ دەسەلمێنرێت. بۆچی من توانیومە هێندە لەسەر پێ بمێنمەوە؟ چونکە پەیمانی گەورەم داوە بە گەلێك شەهیدی بەم شێوەیە. پێتان وایە لە دەرەوەی ئەمە چی هەیە کە هێندە لەسەر پێ بمهێڵێتەوە؟

بە پلەی یەکەم شەهیدان لەسەر پێ ڕامدەگرن. بە پلەی دووەمیش ویست و داواکاریەکانی گەل و پاشانیش تۆڵە سەندنەوە لە دوژمن. هەر ئەمانەش دەتوانن مرۆڤێك هێندە لەسەر پێ بهێڵنەوە. ئەگەر ئێوە لەمە بێبەرین بۆ ئەو خاڵانە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەم پێکردن. تەنها بە پابەندبوون بە شەهیدانەوە مرۆڤ دەبێتە بەرخۆدانڤانێکی بەهێز. ئایا ئەمە ڕوون و ئاشکرا نییە؟ ئێوە هەموو ڕۆژێك ڕەخنە لەخۆتان دەگرن و دەڵێن: "دیسان خۆڕاگر نەبووین، داڕزاین، پارچە پارچە بووین و زیانی زۆرمان لێکەوت" و بە دوایدا پەیمان دەدەنەوە، بەڵام ئەمە بەرامبەر کەسایەتیەکی وەها گەورە جێی شەرمە.

ئایا هێزی ئەوەتان هەیە کە پەیمان بدەن؟ مەبەستم لە پیاوانە. پیاوێتی لە دەرەوەی واتا ڕەگەزیەکەی بە واتا بزۆنییەکەی -- لەسەر بنەمای بەهایەکی مۆراڵی -- وابەستەبوونێکی زیاترە بە پەیمانێکەوە کە دراوە. لەسەر ئەم بنەمایە پیاوێتی خۆتان بێنن و بەرامبەر بە ئافرەتێتی زیلان دایبنێن. دەبینن ئەوەی کە زەعیفەیە ئێوەن. ئەم پێشبینیەم هەر دەچێت زیاتر پشت ڕاست دەبێتەوە. گەر دەتانەوێت باس لە پیاوێتیەکی جوان بکەین تا کێ [illegible]

Scanned by CamScanner

ڕەخنەکانی زیلان زیاتر لەسەر ئێوەیە. زەحمەتی دەبینن و دەشبێت ببینن، پێویستە ئێمە بەپێی ئەوەی پەیمان بەم هەڤاڵە بدرێت و هێزی ژیان بەدەست بهێنرێت و وەگەڕ بخرێت، سەرلەنوێ ڕیزەکانمان ڕێك بخەینەوە. ئەم هەڤاڵە دەڵێت: " من دەمەوێت کە ببمە سمبولی بەرخۆدان" ئێوە هێشتا لەسەرپێن و تواناکاریەکی زۆر خراوەتە بەردەستتان، ئەگەر ژیان و چالاکی مەزنتان بوێت ئەمەیە. ئەمانە زیاتر بۆ ئێوە پێویستن. گەر خاوەندارێتی لەم پێداویستیانە نەکەن ئەوا بۆ تەنها ڕۆژێکیش ناتانگرینە خۆ.

بانگەوازی و نامەکانی زیلان هەریەکەیان مانیفێستێکە. مسۆگەر پێداویستیەکانی بەجێدەگەیەنین. ئێوەش وەك ئەو ملیتانانەی پابەندی بەها گەورەکانن بژین، وەك خاوەن چالاکی گەورە خۆتان بسەلمێنن، تا ئیدی ئێمەش بزانین لەگەڵ کام ڕێبازدان. ئەم خاڵە بە ڕادەیەك گرنگە کە بە پێویستی دەزانین پێش دوژمن لە ئێوەدا چارەسەری بکەین، چونکە ئەو کەسانە لەناوتاندا کەمن کە بە پشت بەستن بە بەهای گەورە شەڕ دەکەن. لەم ڕووەوە زیلان ئەو هەڤاڵەیە کە لە هەموو کەس زیاتر شان بە شانی من بەڕێوەچووە و لە خۆیدا ئەمەی بەرجەستە کردووە. بۆیە نابێت هەرگیز لەگەڵیدا ناکۆك بین یان یاری پێبکەین.

زیلان ئەو پێداویستیانە دەستنیشان دەکات کە بە زووترین کات گەل بە سەرکەوتن دەگەیەنێتو دەڵێت: "ئیدی PKK بەرەو سەرکەوتن لێشاوی گرتووە و خەباتی سەرۆکایەتی سەرکەوتنی نزیك کردۆتەوە" ئەم گووتانە گووتەی هەروا ئاسایی و هەرزان نین، بەڵکو ئەو ئەرك و فەرمایشتانەن کە پێویستە ڕۆژانە لە منەوە بگرە تا دوا کەستان بەجێی بگەیەنین.

تاکە شەرەف و نامووس و پەیمانمان دەبێت پابەندی بێت بە بەهاکانەوە. گەر بەم پێیە پابەندی پەیمانمان بین، هەموو جیهانیش بۆ هاوکاریکردنمان لێك کۆدەبنەوە و ئەوەی تا ئێستا گەلەکەمان بۆی نەهاتوەتەدی بەدەستیدەهێنین. گەورەترین هاوکاری ژیان کردنە بەپێی پابەندی بەم پەیمانەوە. گەر باس لە سەرخستنی گەل دەکرێت ئەوەی پێویستمان پێیەتی بەجێگەیاندنی پێویستیەکانی پابەندیە بە پەیمانەوە. کاتێك ئەندامانی پارت پێویستیەکانی سوپای گەل بەجێبگەیەنن بوێری گەلیش زیاد دەکات. ئەمە لەهەمان کاتدا دەبێتە مایەی کاریگەربوونی دۆستانی مرۆڤایەتیش بەم شەڕەی ئێمە و هەوڵدانیان بۆ تێگەیشتن لێی. PKK خاوەنی هەزاران شەهید و ئافرەتانێکی ئازادی شەهیدە. لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی هێندەی نان و ئاو پێویستی بەم شەهیدانەیە، کەچی خەریکە لەیاددەکرێن. تا لەیادنەکرێن و بۆ ئەو ژیانی مرۆڤایەتییەی کە ئیمپریالیزم ... کردووە ببن بە هیوایەك، زیانەوەیەك، عەشقێك پێویستە ئەم پەیمانەمان لە

Scanned by CamScanner

لێدەکەم. چونکە لە کاتێکدا چالاکیەکانی ئێوە دوژمنی بەهێز کردووە، ئەوەی وەك چالاکی و چەمکێکی PKK بۆتە بومەلەرزەیەك و تەخت و تاراجی دوژمنی ڕووخاندووە، چالاکیەکەی زیلانە. کەواتە بچن لە شوێنێکی تر ڕێکخستنی خۆتان ئاوابکەن. لەناو PKK دا مەژین. ئێمە بڕیارمان داوە کە بەم شێوەیە بژین و دەشمانەوێت بە چالاکی سەرسوڕهێنەرانە ئەمە بسەلمێنین. ئێمە مۆڵگەی تێکۆشەرانێکین سەرمان لە ڕێگای ڕێبازێکدا داناوە. خاوەنی کەسانێکین کە تەواوی دڵ، جۆش، کۆشش و زانایی خۆیان بەخت دەکەن. گەر بەم جۆرە نەبن ناچار نیم کە پەسەندتتان بکەم. ئەگەر بە پێداگریەوە هەر خۆشتان بە سەرماندا دەسەپێنن، ئەوا پێتان دەڵێین: "ئێوە لە سەنگەری بەرامبەر و خودکوژیەوە هاتوون"

هەڵبەتە خۆمان و تەواوی بەهاکانمان لە دەست ئەم چەمك و هەڵوێستانە دەپارێزین. کێ هەبن لەناو ڕیزەکانماندا کە نیزیکایەتیەکی چەوتیان هەبێت، بە واتایەکی تر کێی ناشرین، قەیراناوی، خۆپەرست، مەزاجی، بێ ورە، بێ چالاکی، بێ پلان، بێ ڕێکخستن بن و دەستبەرداری خۆیان بووبن، دوژمن بە ئامانج نەگرن، مێژوو ڕاست نەناسن، بڕوایان بە سەرکەوتن نەبێت و بە جۆشەوە بۆ سەرکەوتن بلێسە نەسێنن؛ بە هەموویان دەڵێین: "ڕاوەستن، ئێوە سیخوڕێتی بابەتیانە بۆ دوژمن دەکەن"

ئەگەر بێتو یەکێك بڵێت: "من هەر بەم شێوەیە دەبم" ئەو کاتە دەڵێین: "ملت بشکێنە و برۆ" چونکە ئێمە دەبێت ڕێ خۆشکەری کەسی مێرخاس بین. ئەگەرنا حەیفە وەها لە مێرخاسان بکەین. دووبارە دەپرسم کێ مافی ڕەوای چالاکیەکەی زیلانی پێدەدرێت؟ ئایا بەم نزیکایەتیانەتان دەتوانن مافی ڕەوای خۆی بدەنێ؟ ئەگەر مافی ڕەوای خۆی نەدەنێ ئەوا دەبنە هاوبەشی تاوان. هیچ کەسێك ناتوانێت من کەمەندکێشی نێو هاوبەشیەکی وەها بکات. من ناهێڵم ناوی مێرخاسەکانمان گەردی لێ بنیشێت. من هەمیشە گوتوومەو دووپاتی دەکەمەوە "من ئامادەم بە هەموو جۆرێك خزمەتتان بکەم تەنها بە مەرجێك ئێوە لە پابەند بوون بەم بەها باڵایانە و یادەوەریانەوە لانەدەن و هەڵسوکەوتێك نەکەن کە چالاکی ئەم هەڤاڵە بتاسێنێت" لەوە زیاترم لێ داوا نەکردوون.

قیبلەگا و پەرستگای مێژوویی هەن و لەناویاندا خوداوەند یان ژنە خوداوەندی پیرۆز هەن. بڕوامەند و پەیڕەوکارەکانیان دەچن و لەوێ دەکەونە خەڵوەتەوەو کڕنووش دەبەن، دەپاڕێنەوە و دەلالێنەوە و دەڵێن: "لێمان ببوورە" زیلان و هەڤاڵانی وەك ئەم هەڤاڵێکن کە بەم جۆرەیان بۆ بکرێت. لەبەردەم ئەواندا هەروەك چۆن بچنە پەرستگایەك سەری ڕێز و نەوازش دانەوێنن، کوڕنووشیان بۆ ببەن و داوای لێبوردن بکەن. پاشانیش مێز وەربگرن و یان بینەوە [illegible]نەوە.

١٩٩٦/٧/٥

Scanned by CamScanner

## دایك

بەرامبەر بە دایکم و تەواوی دایکانیش بێ پەروا تێکۆشانم کردووە. شان بە شانی ئەمە بۆ تێگەیشتن لە دایکان گەورەترین ڕەنجم داوە. زۆرێکتان بە سۆزێکی زۆرەوە ڕێزتان لە دایکتان گرتووە و نامەتان بۆ نووسیون، من ئەمانەم زۆر نەکردووە. هیچ دیاریەکیشم بۆ دایکم نەناردووە، بەڵام ئێستا لەسەر دایك و نیشتمان گفتوگۆ دەکەین. لە دەرەوەی ئەمەش ئەوەی کە لە ڕاستی PKK دا دڵی دەسووتێت دایکانن. بۆیە بە گرنگی دەزانین بە بایەخەوە لەسەر ئەم خاڵە ڕاوەستین.

دایکان زۆر دەگرین. نموونەی ئەو دایکانەش دایکی سەربازانی سوپای تورکیا و هەم دایکی گەلێك مێرخاسی گەنجی نێو ڕیزەکانمان کە شەهید بوون. بۆیە دایکان فشارێکی بزۆنییان بەسەرمەوە هەیە. خودی ژیانیش پڕاوپڕ وابەستەی ڕاستینەی دایکە. لە پێش هەموو شتێکەوە ڕاستینەی دایك واتا لەدایکبوون. لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی پێوانەکانی من جیاوازترن ئەم خاڵە بە لای منەوە گرنگترینیان نییە. هەر ئەمەشە سەرنجی ڕای گشتی ڕاکێشاوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن. تەنانەت دوژمنیش بە ئەنجامدانی لێتوێژینەوە لەسەر دایکم ویستوویەتی بزانێت ئەم کوڕەی چییە و لە چییەوە هاتووە. گەوهەری

Scanned by CamScanner

شەڕانگێزیم لە کەش و هەوای دایکمدا دەستیپێکرد. ڕەنگە کاتێك باسیان دەکەم و بۆتان ئاشکرا دەبن سەرتانسوڕ بمێنێت کە چۆن هەتا ئێستا لە یادم ماوە و زیندوون لە لام.

شەڕانگێزی ئێمە دەبێ چ ناوێکی لێبنرێت؟ دایکم مەبەستی ئەوە بوو کە پرسی نامووسێکی بەگوێرەی خۆی بەسەرمدا بسەپێنێت و هەرگیز دەستبەرداری ئەمە نەبوو. هەر لەبەرئەوەش لە نێوانماندا چەمکی شەڕ هاتە کایەوە. ئەو هەتا دوایی درێژەی بەم شەڕە دا. من لەو شەڕەدا چیم کرد؟ تا چەند کەوتمە شوێن نامووس و تا چەند زانیم شەڕ بکەم؟ کاریگەریەکانی بەسەرمەوە چین؟ یاخود چەندە بەپێی پێویستیەکانی شەڕێك جوڵامەوە و چۆن ئەم شەڕەم بەڕێوەبرد؟ دەکرێت چ ناوێکی لێبنرێت؟ لەگەڵ نامووسدا ناکۆك بووم یاخود کەوتبوومە شوێن نامووس؟

ژیان تا ئێستاش وام لێدەکات ئەم پرسیارانە لە خۆم بکەم. ئەم هزرانە لەو ڕۆژەوەی خۆم ناسیوە زۆر چڕ و پڕ پێ بەپێم دێن و گوشارم بۆ دێنن. بێگومان هەموو منداڵ و دایك – باوکێك شەڕ لە نێوانیاندا هەیە. منداڵ لەم شەڕەدا لۆژیکێکی خۆی هەیە و دایك و باوکیش بەپێی نەریتەکانیان لە هەوڵێکی بێ وچاندان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکە. هەرگیز ناتوانین هیچ خێزانێك بە دوور لەمە وێنا بکەین، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە لەناو خێزانەکەی مندا هەبووە هەندێك لایەنی تایبەتی هەیە کە وەهای کردووە تا ئەمڕۆ درێژە بەم شەڕە بدەم و بەم جۆرە شەڕێکی جیاواز یاخود بە شێوازێکی پڕ ناکۆکی لە پای نامووس بەم ئاستە بکەم. واتا شەڕێکی جیاوازمان لە پێناو نامووسدا پێشخست. تێگەیشتن لەمە سوودبەخشە، چونکە لەمەوە بۆتان دەردەکەوێت کە لە نێوەندی خێزانەکانی ئێوە جیاوازترە.

بیرم دێت دایکم لە گونددا لەگەڵ هەندێك کەسدا دوژمنایەتی هەبوو. زۆر هار و چاوکراوەش بوو و سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم بیباتەوە. پاشانیش بە هەندێك پارەو پول و خۆراك و جل و بەرگەوە خۆی خەریك دەکرد کە ئەمانە هێندە گرنگیش نیین. ئەوەی گرنگ بوو کێشەی نامووس بوو. من هەر لەم کێشەی نامووسە تێنەگەیشتم و تا ئێستاش هەر لە هەوڵی شیکردنەوەیدام.

نامووس یان بێ نامووسی...

شتێکی زۆر سەیرە کە نەنکم بە کچەکەی گووتبوو: "ئەم کوڕەی تۆ بێ نامووس [illegible] منیش بۆ ئێوەم باس نەدەکرد، ئەم گووتنە

Scanned by CamScanner

لە شێوەی گومانێکدا لە ناخمدا جێگیر بوو. لەو ڕۆژە بەدواوە هەوڵمدا لەسەر بنەمای بەهای مۆڕاڵی جیاوازتر بژیم.

ئیدی تیر لە کەوان دەرچوو و ئەمە ڕوویدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە درێژەی پێبدەین. بۆیە کار تەنها لە دەستپێکردنی ئەم پێکدادانەدا نەمایەوە، ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانیشمان چارەسەرکرد. پاشان پەردەمان لەسەر کێشەی نەتەوەیی لادا و بە ویستی تێگەیشتنەوە بەرەو جیهانی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت هەنگاومان نا. لە کەسایەتیشدا ئەم ئارەزووەمان ئافراند و گەلێك مەوداشمان بڕیوە، بەڵام سەرەتای کارەکە دیسان گرنگی خۆی ون ناکات و بۆ تێگەیشتن لەو پێشکەوتنانەی کە بە دوایدا هاتوون شیکردنەوەی سەرەتا زۆر گرنگە. بەتایبەتیش بۆ ئێوە گرنگیەکی زیاتری هەیە. چونکە من کەم تا زۆر ڕووە و چارەسەری پێم هەڵگرتووە. من لە نێوەندی خێزانێکی ناهاوسەنگ و ژیانێکی پڕ لە پێکدادانەدا گەورە بووم، کە نازانرێ پێی بگووترێت زۆر ڕووکەشی و بێ شیرازە بووە یان بگووترێت زۆر گرنگ بووە. ئەم شەڕانە نە لە شەڕی عەشرەت نە لە شەڕی چینایەتی نە لە شەڕی نەتەوەیی دەچوو.

ڕەنگە شەڕی مرۆڤێکی هەرە تێکشکاو بێت لە پێناو چەمکی ناموسدا. بێگومان دەکرێت لە پشت ئەم شەڕەوە ڕەواییەك ببینین. هەرچەندە ناوەڕۆکێکی بەهێز و ئامانجێکی دیاریشی نەبێت، بەڵام ئەنجامەکەی گرنگە. چونکە لە پشت شەڕانگێزی هەمووتانەوە ئەمە هەیە و پێویستە شیبکەینەوە. من چل ساڵی تەمەنی خۆمم بۆ شیکردنەوەی شەڕانگێزیم تەرخان کرد، بەڵام ئێوە قەڵەمبازی بە سەردا دەدەن، بۆیە پێشناکەون.

ئەوانەی ناکۆکیەکانی خۆیان ڕاست لێکنادەنەوە و چارەسەری ناکەن نابنە کەسایەتیەکی بەهێز.

تینەکۆشان بە ڕادەیەکی گەورە دزەی کردۆتە ناو ژیانتانەوە. دزەکردنی تێنەکۆشان بۆ ناو ژیانێك بە واتای دزەکردنی دوژمن دێت بۆ ناو ئەو ژیانە. بە پێچەوانەشەوە ئەو ژیانەی شەڕ تێیدا بەهێزە دوژمن ناتوانێت دزە بکاتە ناوی.

ڕەوشێك کە زۆر ڕقم هەڵدەستێنێت ئەوەیە کە لەلایەن دایك و باوکتانەوە بەم جۆرە دەهێنرێنە دونیا و گەورە دەکرێن. هیچ پێم پەسەند ناکرێت، چونکە تاوانێکی گەورە و ژیانێکی بێ ڕێز و بێ سەرکەوتنە. ناکۆکیشم لەگەڵ دایکمدا لەسەر ئەم بنەمایە بوو.

Scanned by CamScanner

من بە گەلیش دەڵێم: ئەگەر ئامادەنین و جیهانێکتان نییە کە پێشکەشی بکەن چییە و بۆچــی هێنــدە دەکەونــە دوای مــاڵ و منــاڵ و ژنهێنــان و شــووکردن؟ ئایــا ئەمــە خۆخەڵەتاندن نییە؟ لە کاتێکدا بۆ ئەمە ئامادەنین بۆچی خۆتان بەوە دڵخۆش دەکەن کە کەسێکی بەهێزن؟ هێزیشتان بەشی هیچ شتێك ناکات و سەرکەوتنێکیشتان نییە.

بۆچی دایکان زۆر دەگرین؟

ئێمە کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە شیرکردنەوەمان بۆ ئەم پرسیارە کرد. لەبەرئەوە دەگرین کە هیچ زانایی و هەستێکیان نییە وەك جیهانێك پێشکەشی مناڵەکەیانی بکەن و بیردەکەنەوە مناڵەکەیان ڕووت و برسی و بێ خزمەتە بۆیە دەگرین. گریانیـان لەهـەمان کاتدا بێ چارەییەکی گەورەیە. کەچی ئەو هێزە لە خۆیاندا نابینن کـە بەسـەرخۆیاندا زاڵ بن. بۆیە دایك ڕەمەکیانە مردووی مناڵەکەیەتی و پیاو ڕەمەکیانـە مـردووی ژنەکەیـەتی و ژنـیش ڕەمەکیانـە مـردووی مێردەکەیـەتی، ئەمانـەش بـەرەو خۆبەدەسـتەوەدانێکی بـێ سنووریان دەبات.

یەکەمین کاردانەوەی هەستەکانم لە مندا بەرامبەر بەمانـەو دایکم پێشکەوت. بـاوکم زۆر سەرزەنـشتی نـەدەکردم. ئەگـەر بیکردایـە لەبەرامبـەر ئەویشدا هەڵوێستەم دەکـرد. دایکم زیاتر خۆی مافدار دەبینی بەسەرمەوە و سەرزەنشتی دەکردم.

منیش خۆ پاراستنی مناڵم پەیڕەو کرد. ئەمە زۆر گرنگە. ئەوەتا دەبینن بە ملیۆنـان مناڵی کورد پەرێشانترین کەسی ئەم جیهانەن. بێ کـەس و کـار بـێ ئـەوەی بزانرێـت ئـەو نەهامەتیانەی بەسەریاندا دێت چین بەرەڵای نێو ژیان کراون. کێ بەرپرسیارە لەمە؟ ئەوە چ مرۆڤایەتیەکی پێ دەڵێن، کە ئەمە نەبینێت یان ببینێت و بۆی دەستبەکار نەبێت؟

ڕووی پرسیارم دەکەمە تەواوی دایکان و باوکان؛ بۆچی بێ ئامادەکاری دەیانهێننـە دونیاوە و بێ ئەوەی پەروەردەیان بکەن وەك بار دەیانخەنـە سـەر پـشتی مـن؟ لەهـەمان کاتدا لە ئێوەش دەپرسم کێ ئێوەی وەك بار خستووەتە سەر پشتی مـن؟ مـن نـەهاتووم بـە دوای کەسـتاندا و نەکەسـتانم بانگێـشت کـردووە. خۆتـان دێـن و خۆتانمـان پێـدا هەڵدەواسن. کەچی زۆر بێ ئامادەکـارین و دەبنـە بـار بەسـەرمانەوە. بەرپرسـیاری ئەمە تاوانی دایك و باوکتانـە. نـە پێیانگەیانـدوون و نـە ڕەوشـتیان داونـەتێ. منـیش هـیچ زەمینەیەك نەبوو کە تێیدا پەروەردە ببم و لە ڕاستیدا هیچ کەسێك شتێکی وەهای نـەبوو کەلێوەی فێر ببم. خۆم ڕەوشتم دایە خۆم. جیـاوازی گـەورەو بنچینەیـشم لـە ئێـوە هـەر ئەمەیە. بۆ ئەم گەورەییەی لە کەسایەتیمدا هەیە من قەرزاری خۆ پەروەردەکردنی خۆمم.

Scanned by CamScanner

هەمووتان لە منالّێکی زل دەچن. کەسێکتان تێدا نییە کە بە جددی تۆڵەسێن بێت. هەر بۆیە کە مردیشن مەگەر لە پاشتان لەسەر تەرمەکەتان بگرین و بڵێن: "جوانەمەرگ ناوەخت و نابەجێ کۆچی دوایی کرد" کامەتان زۆر کۆڵنەدەرانە بۆ ناو و ناوبانگێکی گەورە تێدەکۆشێت؟ کێتان تێدایە کە خۆی لە کەسایەتیەکی دەسخەڕۆ ڕزگار بکات یان خۆی نەکاتە کێشە بۆمان؟ تەواوی ئەمانەم یەکەمجار بە دایکان گووت. بە دایکی خۆشمم گووت: "سەرزەنشتم مەکە" ئەوکاتە هێشتا بچووکیش بووم بەڵام پێم گووت ڕاوەستە. لە تەمەنێکی بچووکدا هەستم بەوە کرد کە ئەو بەهاو شێوازی شەرکردنەی دەیانەوێت پەسەندی بکەم دەبێت ڕاوەستێنرێت. بە هەست و خولیای ژیانم زانیم کە پێویستە بەم شێوەیە نەبێت و هەڵوێستەم کرد.

کاتێك دایکم قسەی لەسەر کردبووم بەم شێوەیە هەڵیسەنگاندبووم "هیچ کاتێك نەهات و سەری نەخستە سەر ڕانم" ڕاست دەڵێت چونکە سەرخستنە سەر ڕان و لەبەر ئەژنۆدا هەڵتروشکان ملکەچکردن و خۆبەدەستەوە دانە. دوژمنیش بەردەوام باس لەوە دەکات کە من لە "نێوەندێکی شەڕانگێز و بێ خۆشەویستی و کەم ڕێزدا گەورە بووم" ئەمە لە کاتێکدا ئەو نێوەندەی من لێی بێبەری بووم و باسی دەکەن هەر بۆخۆشیان لەناویان بردووە.

من هەر زوو دەرکم بەوە کرد کە بەڕێز و خۆشەویستی ساختە گەورە بوون بێ واتایە. ئاشکرایە هیچ خۆشەویستییەك بوونی نەبوو تا بمدەنێ و لەو کاتەش بە دواوە چاوەڕوانی هیچ خۆشەویستیەکم لە دایکم نەکرد. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە چۆن بڕوام بەو خۆشەویستیەی ئەو نەبوو ئاوەهاش هیچ خۆشەویستییەکم پیشانی نەدا. ئەمە تا بڵێی هەڵوێستێکی واقیعی بوو. شتێك کە نەبێت من بۆچی خۆم بەوە بخەڵەتێنم کە بڵێم هەیە و پەسەندی بکەم.

خۆشەویستی ساختە لە باوەشی دایکانەوە دەستپێدەکات و تا خۆشەویستی کوێرانەی نێوان کچ و کوڕێك درێژ دەبێتەوە.

هەموویان ساختەن هیچ کەسێك خاوەن خۆشەویستی و ڕێز نییە، تا خۆشەویستی و ڕێزی بەرامبەرتان هەبێت. بەهەمان شێوە ئێوەش نەخۆشەویستی و نەڕێزتان هەیە، تا بتوانن کەستان خۆشبوێت و ڕێزی لێبگرن. کەچی خۆ خەڵەتاندن و وەها خۆ پیشاندان کە دەتوانن ئەمە بکەن، بە ڕادەیەکە کە لە هیچ نەتەوەیەکدا بەدینەکراوە. بۆیە لەم بارەیەوە دووروویی نەکردنم بە پێشکەوتنێکی گەورە لە قەڵەم دەدەم. ئەگەر نا، ئەو

Scanned by CamScanner

کاتە دەبێت لە خۆم بپرسم: "من بۆچی هەم؟" ئەگەر بەو شێوەیە نیم بۆچی بڵێم کە بەو شێوەیەم؟ ئەمە ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە و هۆکاری سەرەکی پێشنەکەوتنی ئێوەیە. ڕاستی ئێوە ئەوەیە کە شتێکی نەبوو دەکەن بە موڵکی خۆتان و لەوەش خراپتر شایستە بە خۆتانی دەبینن، چاوەڕێی دەکەن یان بۆ یەکێکی تر خوازبێنی دەکەن.

ئێوە هەمیشە لە چوارچێوەی چەمکی "یەکێك خۆشی بوێن و پەسەندکراو بن" دا دەسوڕێنەوە، بە لای منیشەوە پێچەوانەکەی جێی باسە؛ با نە خۆم و نەهیچ کەسێك بە هیچم بزانێت و خۆشی بوێم و پەسەندم بکات. کەواتە ئەمە چۆن بکرێت؟ ئەمە بە تێگەیشتن، بە گەیشتنە ڕاستی، بە تێکۆشان، بە دۆزینەوەی ڕێز و بە بەدەستهێنانی ئاستی خۆشەویستی دەکرێت. بە بڕوای خۆم دەڵێم ڕەنگە بەم شێوەیە بتوانین بەدیبهێنین و لەسەر ئەو بنەمایەش کۆششم بۆ کرد و ئاشکرابوو کە ئەمە ڕاستە.

ئێستا لە هەوڵی ئەوەدام کە ببمە کەسێکی خۆشەویست.

ئەمەش پشت بە زەمینەیەکی ماددی و ڕاستی شەڕێك دەبەستێت. وەك بە بەرچاوەوەیە ئێستا مرۆڤەکان پشت بە بنەمایەکی ڕاست، بەڕێزتر و خۆشەویستر و بە ڕەوشتتر دەبەستن.

لە ڕاستیدا گەلێك لایەنی ترم لە دایکمەوە بۆماوەتەوە. باوکم پێ پەسەند نەبوو، ئەو لەسەر ڕاستیش بوایە هەر بێ چارە بوو. دایکم هەرگیز نەیزانیوە شتێك بە ناوی "پیاوێکەوە بەگوێرەی ئەو" چییە. بۆ خۆشی نەیدەزانی لەگەڵ ئەم پیاوە نەفامەدا چۆن یەکیان ناسیووەو تووشیان بووە بە تووشی یەکەوە. داویانە بە کابرایەك و ئەمیش هەردەم کابرای وەك زلهوڕێکی چاوترسێن بینیوە. ئەمەیە ڕاستی کۆمەڵگا. لەناو هەل و مەرجی کۆمەڵگایەکی بەم ڕەنگەدا کەسێك نییە کە لە ژنێك یان کچێك تێبگات و ناوەندێك بەدیناکرێت بەپێی دڵ و خۆشەویستی لەگەڵیدا بجولێتەوە. تەنانەت ڕادەی ئیرادە و بوونە خاوەن کەسایەتی ئەم ئافرەتە خاڵێکە لە مشت و مڕدایە. لە پێناو بەرژەوەندی خێزاندا یان بە ڕەزامەندی خێزانەکەی بە کابرایەکیان گووتووە "پێشکەشت بێت" گەر بۆ ئەویش سەرنەگرێت دەیدەن بە یەکێکی تر. بۆیە ئافرەت ناتوانێت ئەنجامێکی واتاداری لەمە دەست بکەوێت. ئەوەی پێی بگووترێت دڵخۆشی تێیدا بەدیناکرێت. ڕاستتر بڵێین ئەو کابرایەی کە بە مێردی ناو دەبراو و لە گونددا بە پیاو دادەنرا، ئەم بە شتێکی بێ نرخی دەزانێت و وەك دوژمنێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئیدی ئەم ئافرەتەش دەڵێت:

Scanned by CamScanner

"مادام ئەوان وەهایان لە من کرد شەرت بێ منیش ببمە شەڕانگێزێکی یاسا نەناسی بێ شەرم و شوورەیی"

ئەگەر دایکم لەگەڵ باوکمدا زۆر ژنێکی گونجاو بوایە، شەڕانگێز نەبوایە، خۆی بەدەستەوە بدایە، بێ چارەیی پەسەند بکردایە و بە هەموو جۆرێك پشتی بە مێردەکەی ببەستایە، ڕەنگ بوو منیش خۆم بەدەستەوە بدایە. واتا بمگووتایە "دایکم چۆنە با هەموو ژنانی تریش وەك ئەو بن و باوکم و هەموو پیاوێك چی دەکەن لێیان پەسەند بکرێت" بەڵام بە ڕەهاییەوە نێوەندی پڕ شەڕانگێزی خێزانەکەم شوێن پەنجەی دیاری لە ناخمدا بەجێهێشت. هەر لێرەشەوە تێکۆشانی ئافرەتم پەرەپێدا. ئێستا لە ئاستێکی پێشکەوتوودا تێکۆشانی ئافرەت بەرەوپێش دەچێت، گەر ئەم بنچینەیەی نەبوایە هێندە پێشنەدەکەوت.

ئەوە چاك دەزانم کە دایکم ملیتانێکی گەورە بوو.

بەڵام تێکۆشانەکەی هێندە بە پرەنسیپ و ڕێکخراو نەبوو. بە پێچەوانەوە هیچ تاکتیك و پرەنسیپێکی نەدەناسی. شێوازی تێکۆشانی ئەو بریتی بوو لەوەی دەهریانە بچێتە مەیدانەوەو بیکات بە هات و هاوارو شاوڵا بەرێت. لە هاوسەنگ کردنی هێزیشدا سفر بوو. هیچ ئامانجێکی دەستنیشان نەدەکرد و تەنها ئەوەندە بوو چەندە بۆی بکرایە یاخی دەبوو و لە یاخی بووندا سنووری نەدەناسی. هەر لە سەرەتاوە دەرکم بەوە کرد کە ئەم شەڕە بەم شێوەیە ناکرێت و پێویستە شەڕ لۆژیکێکی هەبێت.

هەر زوو ئەوەم بینی لە شوێنێکدا دەرچوون لە لۆژیك زۆر بێت، پێویستە بە دوای لۆژیکدا بگەڕێین.

هەڵبەتە ئەمە تەگبیرکردنە بەرامبەر بە زیادەڕۆیی و پەیوەندییەکی بەهێزی بە کردەکانەوە هەیە. دایکم لە تەمەنێکی بچووکدا فێری ئەوەی کردم کە هەر دەبێت شەڕکردن هەبێت و تا ئەم تەمەنەشم کاریگەری لەسەرم هەیە. کاریگەرترین جۆری ئەو شەڕانەش ئەوانە بوو کە بە تەنها و بێ ناسینی هیچ دیسپلینێك بەرامبەر هەندێك لە پیاوان لە ماڵەوەو دەرەوەی ماڵەوە دەیکرد.

منداڵێك نەریتێکی شەڕانی نەبینێت واتا دایکی بە هەموو شێوەیەك گونجاو بێت و بەرامبەر بە هەموو شتێك بڵێت: "بەڵێ باشە" منداڵەکانیشی هەمان شت پەیرەو دەکەن. ئافرەتێکی وابەستە دەبێت بە پیاو و باوك و براو هەموو کەسێکەوە کە دێتە بەردەمی. گەر دایکم یەکێکی بەم جۆرە بوایە ئەوا ئێمەش نەدەبووینە ئەو کەسەی کە تێکۆشانی

Scanned by CamScanner

ئافرەت بەم ڕادە کاریگەرە پێش بخەین. بە واتایەکی تر دەکرێت نیشانە سەرەتاییەکانی ئەم ڕادەی کاریگەریە لەو کۆنە تێکۆشانەشدا بدۆزینەوە. چونکە دایکێک هێندە تێکۆشابێت منالەکەشی کە گەورە بوو لە خۆی دەپرسێت: "ئەگەر دایکم توانیبێتی ئەمە بکات بۆچی ئافرەتانی تر نەتوانن بیکەن؟" بەپێی لۆژیکی ئەرستۆییانەش بێت سەیر نییە کە ئەو منالە لە گەورەییدا ئەم ئەنجامەی لێوەربگرێت.

باس لە پابەندی بە دایکەوە دەکەن؟

کە دایکم هێشتا لە ژیاندا بوو هێندە بە قووڵی لێتوێژینەوەم لەسەر نەکردبوو. هەروەها نامەم بۆ نەناردبوو وە پێم نەگوتبوو چۆنی؟ لەم ساڵانەی دواییدا دەستم بە یادکردنەوەی کرد. سەرنج بدەن لەم ساڵانەی دواییدا تێکۆشانی ئافرەتیش پێشکەوتنێکی بەرچاوی پێوە دیارە. پێموایە هەر لەم چوارچێوەیەدا پاداشتی شەهیدان و هەموو قەرزاریەکانی تریشمان داوەتەوە.

لە پاداشتی شەهید بوونی هەڤاڵ "حەقی قەرار" دا دامەزراندنی پارتمان ڕاگەیاند. بۆ پاداشتدانەوەی یادی مەزلومەکانیش قورساییمان خستە سەر کار و خەباتی شەڕ و ناو وڵات، بۆ پاداشتدانەوەی یادی عەگیدەکانیش پێشخستنی گەریلا و سوپامان بە بنەما گرت. هەروەها هەوڵماندا کە پاداشتی شەهیدانی تریشمان بە بەرجەستەکردنی تێکۆشانێکی ڕاستەقینە بدەینەوە. هەمان شتم سەبارەت بە دایکیشم گرتە بەر. ڕەنگە پاداشتدانەوەی دایك پاڵی پێوەنابین کە بۆ ئافرەت ئەم کارە بکەین. پێم وایە ئەمە هۆکارێك بووبێت.

هەر بەم بۆنەیەوە ئافرەتانمان فێری شەڕکردن کرد. هەڵبەت بەو ڕەنگە نا کە دایکم دەیویست، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستیانە، ڕێکخراو، پلانکراو و تاکتیکێکی وەستایانە بەڕێوەی دەبەین. ئێمە دەرکمان بەوە کرد کە پیاو ستەمکارە و ئەم ڕاستیەمان پەسەند کرد. هەڵبەتە شیکردنەوەی ئەمە تا بڵێی گران بوو. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە وەك ئەوە نا کە دایکم دەیکرد، بەڵکو تێکۆشەرانە و پشت بە چەمك و شێوازێکی ڕاستی تێکۆشان ئەم کارەم کرد. ئەوەی دەبینرێت ئەنجامێکە کە پێشکەوتنی تری لە خۆیدا هەڵگرتووە. پێش هەموو شتێك کە تەماشای دایکمم دەکرد ئەوەم لە بەرچاو دەگرت کە لە ئافرەتان دوور بم. گووتم: "گەر دایکم بەم ڕەوشەی خۆی هێندە بارگرانیم بۆ دروست بکات، کەواتە پێویستە هەروا بە ئاسانی نەکەومە نێو ئەو بابەتەوە کە پێی دەگووترێت ئافرەت"

Scanned by CamScanner

ئەم وانە گرنگانەم لە كێشە قورسەكان و شەڕی نێوان دایكم و باوكم و ڕاستی ئەو خێزانەی زەحمەتە مرۆڤی تێیدا بژی وەرگرت. بۆ ئەوەی نەكەومە ناو هەمان مەترسیەوە بەوپەڕی وریایی و زانابییەوە جولامەوە. ئەوەی بەسەر دایكم و باوكمدا هاتووە چ پێویست دەكات بەسەر من بێت، لەبەرئەوەش دەبوو وریا بم. هەر ئەمە كاریگەری لەسەر ڕاستینەی پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو كرد.

پەیوەندی یاخود بابڵێین ناكۆكیەكانی نێوان دایكم و باوكم لە سەرەكیترین ئەو بابەتانەن كە كاریگەریان لە ژیانم كردووە.

هەرچی ئێوەن لە ژیانتاندا بە وریاییەوە بەرامبەر بەم خاڵە نەجولاونەتەوە. گەر بە وریاییەوە چاودێری پەیوەندی نێوان دایك و باوكتان بكردایە هێندە ئاسوودە نەدەژیان. بەڵام لە ڕێی شەڕو كەسایەتی منەوە بۆتان دەركەوتووە ئەو ژیانەی ئێوە بە ئاسوودەی دادەنێن لە ڕاستیدا هێندە ئاسوودەیی تێدا نییە. بەختەوەریم یاخود بابڵێین بێ بەختیم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەناو خێزانێكی تا دوا ڕادە پڕ لە ناكۆكیدا گەورە بووم.

كاتێك مناڵ بووم خۆم زۆر بە بێ بەخت دەزانی. بە بیرم دێت دەمگووت: "خۆزگە منیش وەك فلانە هاوڕێم دایك و باوكێكی ڕێك و پێكم هەبووایە كە لێم تێبگەن" ماوەیەك دوای ئەوە دەمگووت: "خۆزگە مناڵی خێزانێكی تورك بوومایە" تا زەحمەتی نەبینم و ڕووبەڕووی بێ رەحمی ناكۆكیەكان نەبمەوە. دوای ئەوەی كە ئەم ناكۆكیانە هانیاندام كە تێبكۆشم، ڕوون بووەوە كە گەورە بوون لەناو خێزانێكی وەهادا مایەی بەختەوەریە.

بێ بەختیم هەڵگەڕایەوە بۆ بەختەوەری...

بۆ هەمووشتان ڕوون بۆتەوە كە ئەمە لە ئەنجامی پێكهێنانی چالاكی گەورەوە ڕوویداوە. بێ بەختی گەورە لە بەختەوەری سەرەتاتانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونكە ئێوە لە سەرەتادا بێ بەخت نەبوون، بەڵكو بەختەوەر بوون. سەربارى ئەوەی دیالێكتیكیانە ئەمانەتان بۆ ڕوون دەكەینەوە كەچی نایەنە سەر ڕێی ڕاست. بە واتایەكی تر ڕازینین بەوەی لەسەر بنەمایەكی ڕاست بەختەوەری بگۆڕن بە بێ بەختی و بێ بەختیش بگۆڕن بە بەختەوەری.

لەلایەكەوە زۆر بێ بەخت بووم، چونكە شەڕی نێوان دایك و باوكم لە گونددا ببوو بەجێی گاڵتەجاری و منیش بەمە زۆر دڵتەنگ دەبووم و پێی دەشكامەوە و هەستم بە شوورەیی دەكرد. لەلایەكی تریشەوە چەوسانەوە و زەحمەتیەك كە بۆی دروست كردم، ڕووەو خولقكاری پاڵی پێوەنام و داینەمۆی بنچینەیی پێشكەوتنیش ئەمەیە.

Scanned by CamScanner

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دوای خەیاڵی پێکەوەنانی خێزان نەکەوتم و وەك ئێوە هەروا ئاسان خەیاڵی پێکەوەنانی خێزانێکم بۆ خۆم نەکردە بنەما. پاشگەز بوونەوەم و تەگبیر وەرگرتن و کاردانەوەم بەرامبەر بەمە لە قۆناغەکانی داهاتوودا زۆر بەکەڵکم هات. بە هۆی ئەم ناکۆکییەوەیە کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بایەخ دەدەم بە چۆنێتی پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو. لای هەمووان ئەوە ئاشکرا بووە تا ئەم ناکۆکیە چارەسەر نەکرێت ناکۆکیە چینایەتی و نەتەوەییەکان چارەسەر ناکرێن. ئێوە نەك هەر چارەسەری ناکەن بەڵکو هەریەکەتان کۆیلەیەکی ئەم ناکۆکیەن. ئەو هێزەتان نییە کە لەم ناکۆکییە تێبگەن و خۆتان لە کاریگەرییەکانی داماڵن. هەرچی منم بەو جۆرە لێکمدایەوە کە: "خێزان گرێ کوێرەیەکە و ئیرادەو هزری مرۆڤەکانی کوێر کردۆتەوە" لەبەرئەمەشە کە توانستەکانتان پێشناکەون. شەڕانگێزێکی سەرەتایی، خاوەن چەمکێکی تەسك و کەسایەتیەکی گرگن.. بۆچی؟ چونکە گرێ کوێرەی خێزان هەر لە سەرەتاوە دەست و پێی بەستوون. من بە پێچەوانەی ئێوەوە ئەو بەنەم پساند. بۆیە لە گونددا بە منداڵێك دەناسرام کە "جڵەوی لە دەست دەرچووە و گوێڕایەڵی دایك و باوکی ناکات و لە ڕێ لایداوە و خوانەکا منداڵی هیچ کەسێك وەك ئەو بێت" بەم شێوەیە بێ بەختیم هەڵگێڕایەوە بۆ بەختەوەری. ئێوە خۆتان پابەندی ئەمانە کرد. ئەو قسانەی خێزان کە دەڵێن: "کوڕم پیاو بە، گوێ لە گەورەکان بگرە. ها بگرە، تۆم زۆر خۆش دەوێت. باشی تۆم دەوێت و ڕێز لە گەورەکان بگرە" هەموویان درۆن و مایەی ژێرکەوتنن. هەرچیەك کە هەرگیز بوونی نییە وەها پێشکەشتان دەکەن کە هەیە و گونجاوە. هەر بۆیە بێبەرین لە خۆشەویستی و ڕێز و هێزی گەورەی چارەسەری و جەنگاوەری.

گەر ناکۆکیەکان چارەسەر نەکرێن و لە پێناویاندا شەڕی گەورە نەکرێت، کەسایەتی لە درۆیەکی مەزن بەولاوە هیچی تر نییە.

من پشت بە نەکەوتنە ناو ئەم درۆیەوە بێ بەختیم بۆ بەختەوەری هەڵگێڕایەوە و بووینە مایەی بزواندنی ناکۆکیەکان.

هەنووکە لەسەر ئاستی جیهاندا وەستاییەکی جیاوازم لە شێوازی ناکۆکیدا بەدەستهێناوە. چ هزرێك توانای ئەوەی هەیە دەرەقەتم بێت! هەر وەك پێشینان گووتویانە: "بوونە بنیادەم" ئەمەیە. بە چاوی چارەنووسێکی نەگۆڕ نەمڕوانیە ئەوانەی هەبوون. بە پێچەوانەوە ئێوە بە شێوەیەکی قەدەریی لە پەیوەندیە ژیانیەکان دەڕوانن. هەر لەبەر ئەم قەدەرگەراییەتانە تا سەر ناتوانن بڕۆن و لە نیوەی ڕێدا دەوەستن. من

Scanned by CamScanner

زنجیرەکانم لە دەست و پێم دامالیوە، بۆیە سەربەستانە هەڵدەسورێم. ئێوە بە جۆرێك گیرتان خواردووە ناتوانن بجولێنەوە. ئەمە ئێشێکی چەند گەورە دەداتە مرۆڤ. بێگومان ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو تواناکاریەیە کە بۆ شەڕکردن خستوومانەتە بەردەستتان.

هیچ کەسێك شتێکی فێرنەکردووم. کەسێکم خۆم خۆمم پێگەیاندووە. دایکتان لە جیاتی ئەو هەموو فرمێسکانەی بەسەر ئێوەدا دەیبارێنێت، ئەگەر کەسانی وەك ئێوەیان دروست نەکردایە و گەورەیان نەکردایە چاکتریان دەکرد. چی لەم هەموو منالە بێ چارە و گرینۆکە بکەم؟

ئەوەی سەیرە هەر لە زووەوە دەستم لە گریان هەلگرت.

کاتێك منال بووم کەس هێندەی من نەدەگریا. وەها دەگریام هەموو گوندم تێ دەگەیاند. دواتر تێگەیشتم گریان بێ هودەیە و بە هیچم ناگەیەنێت. لە یەکەم یاخیبوونمدا تێر بە دڵی خۆم گریام و دوای ئەوە ڕاوەستام. ئێستەو ئەوسا چیدی ئاسان و زوو ناگریم. ئەمەشیان هەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستی دایکم و خێزانەکەم.

تایبەتمەندی سەرەکی فەرماندارێك لە شەڕدا نەگریانە. لەو باوەڕەدام کەستان نییە نەگریابێت. لە ڕووی ویژدانەوە دانانی خۆشەویستیەکی نەبوو بەهەبوو یان بەوەی کە ئەگەری هەیە ببێت ڕاستەوخۆ بۆ بێ ویژدانیتان دەگەڕێتەوە. دووربوونی سۆزی هەستیارتان لە ڕێز و خۆشەویستی وای لێکردوون بێ ویژدان بن. لەبەرئەوەی بە شێوازێکی هەلە گەورە کراون و بەپێی داب و نەریتەکان شێوەتانگرتووە بێ ویژدانن.

من چۆن بەم ویژدانە گەیشتم؟

بێگومان بە شەڕێکی گەورە.

کە بۆ یەکەمجار لای دایك و باوك خۆشەویستیم شك نەبرد، خۆم هەولم بۆ داو تاقیمکردەوە. جەماوەری خۆمم پێکەوەنا و بۆ کۆکردنەوەی جەماوەرێك پێویست بوو گەلێك کاری باشە بکەم. پارچە پارچەکردنی چۆلەکەیەك بۆ ٥ – ١٠ پارچە و دابەشکردنی بەسەر مندالانی دەورویەرمدا لەبەر ئەوە بوو کە پێویستیم بە پەیوەندییەکی خۆشەویستی و پابەندی هەبوو.

هەر لەو تەمەنەوە گەیشتبوومە بۆچوونێکی وەها "گەر دەمەوێت تەنهایی تێپەڕێنم، پێویستە چۆلەکەی ئاسمان ڕاو بکەم و بەسەر دەورویەرمدا دابەشی بکەم" ئەمە جۆرێك لە ڕێکخستن...

Scanned by CamScanner

لێتان ورد دەبمەوە و دەبینم ئەو تواناکاریە ئامادانەی لە بەردەستاندایە زۆر ناڕەوا خەرجیان دەکەن. ئەمەتان لە دایك و باوکتانەوە بۆ ماوەتەوە. بە شێکی زۆرتان یان هەندێك ڕەنجی دزیوە، یان چۆن لە گەورەکانەوە فێر بوون ئاوەها ڕەنجی هەندێك کەسی ترتان دزیوە. بەم شێوەیە فێرکراون و هەر لە هەمان ڕوانگەشەوە لە هەموو بەهاکان دەڕوانن. پەرتەوازەی دەکەن و دەیشێوێنن. لە ڕاستیدا خۆتان پەرتەوازە دەکەن و دەشێوێنن و تەنانەت لەناویشدەبەن. وەك بڵێی بە خۆڕایی بە فیڕۆیان دەدەن و هەستیش بەمە ناکەن.

ئەوانەی کە نازانن بەدەستیبهێنن و قازانجی بکەن، هەرگیز نازانن کە هاوبەشیشی پێبکەن. هەروەها کە نەزانن بە کۆشش کردنیان شتێك بەدەستبهێنن بە یەك فووش خەرجی دەکەن. کێ بیەوێت نرخی بەهاکان بزانێت پێویستە فێری بەدەستهێنانی ببێت. بە دەیان جار ئەمەم دووبارە کردۆتەوە.

بۆچی ناچار بووم هەر بە بچووکی دەست بە ڕاوی چۆلەکە بکەم؟ نەك هەر ئەمە چووم بەهاکانی باوکم و گەلێك خێزانی تریشم پرکێشکرد و هێنامەوە. هاوبەشیم بە تواناکانم کرد و هێزێکی بەرچاوی ڕێکخستنیم پێکهێنا. بۆ ماوەیەك لە فەرمانبەرێتیمدا لەم پێناوەدا بەرتیلیشم وەردەگرت. لەو هەل و مەرجە سەختانەدا پێکەوەنانی ڕێکخستن ڕێگا یەکی جیاوازتری نەبوو. ئەوانەی ئێستا بوونەتە بەڕێوەبەری ڕێکخستن بەهاکانی ڕێکخستن بە جۆرێك بە فیڕۆ دەدەن لە باسکردن نایەت. تەنانەت هەندێك کەس دەیدزن و ڕادەکەن. ئەی ویژدان لە کوێیە؟ بەگوێرەی ئێوە شەڕکردن لە پێناو بەهاکاندا شتێکە بوونی نییە. وەك ئەوەی ئەو خوێنەی ئێمە لە شەڕدا دەیڕێژین ئێوە بیبەخشنەوە بێ ئەوەی تەزوویەکی بچووکیش بە ویژدانتاندا بێت. تەنها من دەزانم لە تەمەنێکی بچووکدا ڕاوکردنی چۆلەکەیەك چۆنە. پێویستم بە دروستکردنی گروپێك هەبوو ئەمەم بە چی بکردایە؟ ئەگەر بە سەلیقە نەبیت و بەرژەوەندیەکت تێدا بەدینەکەن لێت کۆدەبنەوە؟

خوێندنیشم بۆ هەمان مەبەست بوو. چەند وشەیەکیش فێرببوومایە کوتوپڕ گروپەکەشم فێردەکرد. ئەگەرنا منداڵان چۆن لێمان کۆدەبوونەوە؟ تەواوی قۆناغەکانی ژیانم بەم شێوەیە بووە. ئێوە لەمەش تێناگەن. لەبەرئەوە بۆ خۆتان و دەوروبەرتان سوودبەخش نین. دیار نییە لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەڕۆن. سەرەنجام ئەوەی پێی بگووترێت ویژدان نامێنێت. هەرچی ئێمەین بە پێچەوانەوە ویژدانی گەورە دەخولقێنین و ئەمەش خۆی لە خۆیدا خوازیاریمانە بۆ ژیانێکی ئازاد دەسەلمێنێت.

Scanned by CamScanner

دایکم هەمیشە پێی دەگووتم: " ئەگەر کار نەکەیت لەتە نانێکی رەق چیە ناتدرێتێ" ڕفاندنی نانێکی سەر ساج پرسێکی گەورە بوو بۆ من. ئامانج گەیشتن بەو نانە بوو. دایکم لە شوێنێکی دادەنا کە زۆر زەحمەت بوو دەستمان پێی بگات. تەنانەت لێی دەشاردینەوە. بۆ دۆزینەوەی نانەکە بێ وێنە تێدەکۆشاین. شەڕی نان لەوکاتەوە دەستی پێکردووەو هێشتا درێژەی هەیە.

گەورەترین پرەنسیپم خیانەت نەکردنە لە ئەندێشەکانی منالێم.

دەیانگووت: "کار بکە و قازانج بکە" ئەم گووتەیەیان تا ڕادەی ئاوێتە بوونی بە پرەنسیپەکانم بەسەرما دەسەپاند. لەو بڕوایەدام ئێوە بە شێوازێك گەورە کراون کە بێ ئەوەی شەڕتان پێ بکەن بە ئامادەکراوی هێناویانەتە بەردەستتان. وەك بڵێی چاوەڕێن خوا بتاندا‌تێ. نازانن شەڕ بۆ نان بکەن. ئاسانترین کار بەلاتانەوە خواردن خواردنە. چونکە بە منالی هەرکە گریاون دایکتان و باوکتان بۆ ئەوەی ژێرتان بکەنەوە خێرا خواردنیان داونەتێ. هەڵەی گەورەی دایکان ئەوەیە کە بۆ نان شەڕتان پێناکەن و بەو شێوەیە گەورەتان ناکەن. تا دوا ڕادە نەرم بوون لەگەڵتاندا و ئەوەی هەیانبووە هەموویان کۆکردۆتەوە و کردوویانە بە دەمتانەوە. بە نزیکایەتیەکی زۆر دوور لە ڕاستی گەورە کراون.

نەوەیەکن کە هیچ ڕێزتان بەرامبەر بە ڕەنج نییە.

دوای ئەوەی پارەی دایك و باوکتان کۆتایی پێ دێت ئیدی قۆناغی سەرسەرێتیتان دەستی پێدەکات. ڕاستی شەڕیشتان دەقاو دەق ئەمەیە. دایکان و باوکان ئەم خراپە نابڕووبەرانەیان کردووە. منالێك شەڕی نانی پێنەکرێت بۆچی گەورەی کردووە؟ ئەگەر نازانن بیانکەنە جەنگاوەر بۆچی دەیانهێننە دونیاوە و دەیانهێننە بەرامبەر من؟ لە کاتێکدا لەم وڵاتەدا و لە ڕاستی ئەم گەلەدا شەڕی نان لە سەرووی هەموو شەڕەکانەوەیە. کەچی تەماشایان دەکەم نیوەی خواردنەکانیان دەڕێژن. بە لای منەوە تاوانێکی بێ وێنە و خۆ بە بەرپرسیار نەبینینە. دەمەوێت تەواوی ئەو نانانەی فرێیان دەدەن هەڵیانبگرمەوە و بیانخۆم. ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسی هاتبووە سەردانم سەری سوڕمابوو دەیگووت: "ئێوە چۆن بە نان و پیاز ڕازی دەبن و پێی دەژین؟!" هەڵبەتە پرەنسیپی ژیانمە. ڕەنگە ئەمە بە لای گەلێکتانەوە شوورەیی بێت، بەڵام من ناچارم کە جەنگاوەرێکی ڕاستەقینە بم.

Scanned by CamScanner

خیانەت نەکردن لە ڕاستی گرنگە.

هەڵبەت کە پاش تەمەنێك لە ژێر کۆنترۆڵ دەرچووم، دایکم وەك هەموو دایکێکی تر پرسیویەتی: "تۆ بڵێی سەرەنجام ئەم کورە لە کوێ بگیرسێتەوە؟" چونکە هەموو دایکێك دەیەوێت منداڵەکەی لە ژێر چاودێری خۆیدا بێت. ئەو کاتە دایکم زۆر هیوای پێم نەبوو و بە ژیری نەدەزانیم. بەپێی داب و نەریت کچەکانی بەشوو دەداو ژنی بۆ کورەکانی دەهێنا، بەڵام ڕەوشی من جیاوازتر بوو تێنەگەیشتبوو دەبم بە چی. ویستێکی هەبوو بۆ ئەوەی ڕێگا ی باو لە بەشوودان و بووك هێناندا بشکێنێت، بەڵام نەیتوانی بیشکێنێت و لە ژێر کاریگەری ئەوەدا مایەوە. ئایا ئەمە کاریگەریەکی چۆنی لە من کردووە؟ بابەتیانە دەبێت پرسەکە جددی تاوتوێبکەین و بە سانای نەبینین. کە مرۆڤ بەگوێرەی خێزان پێنەگەیشت ئەوا هەموو شتێك سەرو بن دەبێت. ئەگەر ڕازیبوومایە بەوەی کە لەبەر ئەژنۆیاندا هەڵتروشکێم و سەر بخەمە سەر ڕانیان بێگومان دەیانکردم بە کەسێك کە خۆیان دەیانەوێت. دەیانویست منداڵەکانیان بە شێوەیەکی زۆر هەرزان ببن بە ژنی پیاوێك یان مێردی ئافرەتێك.

ڕزگاربوونم لەم داوەش دیسان بۆ خێزانەکەم دەگەڕێتەوە.

ئێوە لە ژێر کۆنترۆڵدان و بابەتیانە کاریگەری نەریتەکان و کۆمەڵگای باو بەسەرتاندا زاڵە. هۆکاری سەرنەکەوتن و بەگرگنی مانەوەشتان هەر ئەمەیە. تا ئێستا لەسەر ئەم بنەمایەیە پێتانەوە سەرقاڵ دەبین. زۆر شیاون بۆئەوەی ژن یان مێردێکی کلاسیکتان لێدەربچێت. لە خێزانەکەی مندا تەنانەت ئەمەش نەبوو. نەباوکم مێردێکی باش و نەدایکم ژنێکی باش بوو. بە لای منەوە ژن و مێردێك بوون کە کێشەی زۆر گەورەیان هەبوو. هەرگیز باوکم نەیدەتوانی خۆی بە پیاوێکی سەرکەوتوو دابنێت، یاخود بڵێت: "من مێردێکی وەها و وەها باشم" زۆر زەحمەت بوو دایکم بتوانێت بڵێت "ژنێکی ڕێك و پێکم" هەرگیز ناکرێت بڵێین سەرکەوتوو خۆشبەخت و بەڕێز و خاوەن چەمك بوون.

ئەمە بە شێوەیەکی زۆر سەیر کاریگەری بەسەر منەوە هەیە.

ئایا ئەم کاریگەریە مایەی بەختەوەرییە یان بێ بەختی؟ بۆ ئێوە خراپە یان باشە؟ هەڵسەنگاندنی ئەمە بۆ ئێوە بەجێدەهێڵیم. کاتێك بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی خێزانی کورد بێنینە پێش چاوی خۆمان دەردەکەوێت کە بەختەوەریەکی سەرنج ڕاکێشە. سەرەڕای ئەوەی خێزانی کوردستان لە ژێر کاریگەری داب و نەریتەکاندایە، کەچی ئافرەت بە لای پیاوەوە بە جۆرێکی باوەڕ نەکراو کێشەیەکی نامووسە. ئافرەتیش

Scanned by CamScanner

هەرچەندە ئەوەی بێ گەوهەر و ناوەرۆك دەكرێت خۆیەتی، كەچی بۆ ئەوەی بەپێی داب و نەریت ببێتە ژنێكی پەسەندكراو لای مێردەكەی، بە شێوەیەكی نائاسایی خۆی دەخاتە زەحمەتیەوە. پێەوی داب و نەریتەكان سەرچاوەی تەواوی لەدەستچوونەكانە.

ئەگەر سەرچاوەو دەزگای سەرەكی كۆیلایەتی ئەمە بێت، كەواتە لە خێزانەكەی مندا بەڕێوەنەچوونی پەیوەندی ژن و مێردایەتی بەپێی داب و نەریتەكان زەمینەیەكی باشی چارەسەركردن بوون. نەگونجاوی دایكم لە ئاڵوگۆڕدا بەرامبەر بە باوكم، یاخود مەیسەر نەبینینی ئەمە لەلایەن ئەوەوە، پەسەند نەكردنیی مێردێكی بەم ڕەنگە تابلێی كاریگەری لەسەرم بەجێهێشتووە. ئەگەر باوكم لەبەر هەندێك هۆكار وەها جوڵابێتەوە و لە پشت هەڵسوكەوتەكانی دایكیشمەوە هۆكاری جیاوازتر هەبووبن، بەڵام پەیوەندی بەم جۆرەی ئەوان ڕێگای لەبەردەم ئەنجامی ڕاستتر خۆشكردووە. ئەم قۆناغە لە مێژووی خێزانی كوردستاندا لەلایەكەوە قۆناغێكی پڕ تەنگ و چەڵەمە بوو لەلایەكی تریشەوە بە شێوەیەكی زۆر بەهێز ناكۆكیەكانی ناوخۆی دەشاردەوە و وەك دەزگایەكی قوولكردنەوەی بێ چارەیی ڕۆڵێكی گەورەی دەبینی. گەیشتنی ئەمە بە ئاكامی هەڵوەشانەوە و ئەو پەڕی بێ واتایی و لەهەمان كاتدا هەڵسەنگاندنی ئەم زەمینەیە لەلایەن منەوە دەبێتە هۆكارێكی هەرە گرنگی پێشكەوتن و دەركەوتنی ئێمە.

ئەوەی كە لە سەرەتادا بە بێ بەختی ناوزەدم دەكرد، دواتر هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بەختەوەریەكی گەورە.

دڵنیام ئەگەر ئەمان ژن و مێردێكی باش بوونایە منیش هەر لە تەمەنێكی زووەوە لاسایی ئەوانم دەكردەوە. هەڵبەتە هەڵوێستی دایكم كە پیاوێكی لاوازی لەبەرامبەر خۆیدا دۆزیبووەوە و بەو پێیەش و بەردەوام شەڕ و دژایەتی لەگەڵدا دەكرد، بووە مایەی پێشكەوتنی هێز و سۆزێكی دوو لایەنە لە مندا. پێویستە پیاو نەبێتە مێردێكی بەم جۆرە، بەڵام ژنێكی بەم جۆرەش نابێت. جارێك بووە و ڕوویداوە كەواتە چۆن تێپەڕی دەكەیت؟ ئەگەر دەبیتە مێردێكی بەم ڕەنگە هەر مەبە. یاخود بەم ڕەنگە زەحمەتی كێشان و زەحمەتی دروستكردنی ئافرەتێك؟ دواتر تێگەیشتین كە ناتەندروستترین و پڕگرفترینیان كامەیە.

یەكێك لە ناكۆكیەكانی كوردستان ئەمەیە.

ئیدی لە سەرخان و ژێرخانی كوردستاندا خێزان و پەیوەندیە كلاسیكەكان هەڵدەوەشێتەوە. بوار بە پێكهاتنی نوێیەكەشیان نادرێت. كەس لە توانایدا نەماوە درێژە

Scanned by CamScanner

بە کۆنەکەیان بدات. تا سەر ئێسقان لە هەموو شوێن و کاتێکدا ئەمە بەدیدەکرێت. هیچ کەسێکیش بچووکترین دەرفەت و توانای بونیادنانی نوێکەیانی نییە. تەواو لەم خاڵەدایە کە وەك هێزێکی نائاسایی دەرفەتێك بەدەستدێنم و بێ بەختی هەڵدەگێڕمەوە بۆ بەختەوەری. گەورەترین بێ چارەیی هەڵدەگێڕمەوە بۆ چارەسەری. زۆر دڵنیام گەر هەڵوەشاندنەوەیەکی هێندە گەورە لە ئارادا نەبوایە ئێمە پێویستیمان بەوە نەدەبوو کە وا بێ ڕەحمانە نوێکاری پێش بخەین.

باش بە بیرم دێت لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکمدا بۆماڵەوەو دووبارە بینیەوەی ئەم پەیوەندیە تا بینەقاقام پڕدەبووم لە ڕق و کین. ڕامدەکرد بۆ مەترەپۆل و قوتابخانە و بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیە زانیاریم کۆدەکردەوە. هەر شەش مانگ جارێك گەڕانەوەم بۆ گوند بە واتای ڕاچڵەکینێکی گەورەی شۆڕشگێڕی بوو.

ژن و مێردایەتیەکی باوی وەها هەبوو کە سەرباری ئەوەی نیوەچڵ و ڕوو لە هەڵوەشانەوە بوو، لە ژێر ناوی شوورەیی و نامووسیشدا بە هۆی بەهێزی داب و نەریتەوە خاڵی کۆتاییان بۆ دانەدەنا. وەك گوزارشتێکی بێ هێزی لە کۆمەڵگاکەماندا بێ چارەیی بە جۆرێك سەراسیمەی کردبوون کە لە هیچ شوێنێك نەبینراوە. مێردەکەی هیچ شتێکی لێناوەشێتەوە. هەرچی ژنەکەشیەتی بە هەموو هێزی خۆی پشت بەو مافەی بەسەریەوە هەیبوو و پشت بە داب و نەریتەکانی توانای خۆی دەخستە گۆڕێ. سەرباری ئەمەش ئافرەت بێ چارەیی لێدەبارێت. بۆ هەموو شتێك پێویستی بە پەنابردنە بەر مێردەکەی دەبینێت. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی کۆیلایەتیەکەی ئەمەیە. ئەمە لەسەر ئاستی کوردستان دا خۆی کردۆتە سەرەکیترین ناکۆکی. تا هەرچەندە خێراتر بێت ئەوا دواکەوتن و کۆنەپەرستی زیاتر خۆیان دەخەنە ڕوو.

ئەم ناکۆکیە سەرەکیەی کوردستان لە هەل و مەرجی ئێمەدا شێوەی ئافاتێك وەردەگرێت.

ئیتر پێی بوترێ بەختەوەری یان بێ بەختی...

تەواو لێرەدایە کە پێویستە ئەمە تێپەڕێنین. دەستبەرداری نامووسی خێزان، خێزانگەرایی، ژن و مێردایەتی ببە و ئەمانە هێندە بە شتێکی جددی وەرمەگرە و لە خۆتدا بۆخۆت بە دوای نوێدا بگەڕێ. وەك دەزانن ئاراستە گرتنمان بەرەو چارەسەری، لە بە تابۆ کراوترین بابەتدا بە بنەما گرتنی ئازادی و خوڵقکاری بەردەوام دەکات. لە جیاتی بوون بە ژن و مێردێکی باش؛ بوون بە جەنگاوەرێکی باش بە بنەما دەگرین. سەرەکیترین

Scanned by CamScanner

ئەنجامێك كە لە ماڵی دایكەوە بەدەستمان هێنا بوونە بە جەنگاوەرێکی چارەسەر ئامێز و سەرکەوتوو. بە ڕای من ئەوانەی کە نەبنە جەنگاوەرێکی باش، هیچ دەرفەتێکی ژیانیان نییە. نەك هەر ناتوانن ببن بە ژن و مێرد بەڵکو بە مرۆڤیش ناژمێردرێن.

هەر بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە[1] دەمەوێت بڵێم گەورەترین ڕاستی کە دایکم فێری کردم ئەوە بوو کە پێویستە سەرەتا ببمە پیاوێکی باش و جەنگاوەرێکی باش. تا ئەم تەمەنەش هاتووم و هێشتا بە دوای ئەوەوەم کە ببمە جەنگاوەرێکی باش. بێگومان هەموو خێزانەکان بۆئەوەی کۆسپ لەبەردەم دروست بوونی جەنگاوەرێکی باشدا بنێنەوە هەر لە تەمەنی ١٢ – ١٣ ساڵییەوە بانگەوازی ئەوە بۆ مناڵەکەیان دەکەن کە: "ببە بە ژنێکی باش، یا بە مێردێکی باش" و پێکیشی دەهێنن. هەڵبەتە نەبوونی ئەمە لە خێزانەکەمدا و کاریگەر بوونم بەمە زۆر گرنگە.

هەروا بیهێننە پێش چاوی خۆتان؛ لە تەمەنێکی مناڵیی وەهادا کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم داب و نەریتە باوە کۆتایی بە هەموو شتێك دەهێنێت. ئەگەر بە شێوەیەکی پراکتیکیش نەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییەوە لە چوارچێوەی سۆز و ناموسدا کاریگەرییەکەی دەبێتە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی نەبوونتان بە جەنگاوەرێکی باش. تەقینەوەی شەڕانگێزی من دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە تەمەنێکی مناڵدا ئەم داب و نەریتەم ڕووخاند. بەگوێرەی ڕاستی خێزان هەر لە تەمەنێکی مناڵەوە بوون بە ژن و بوون بە مێرد کۆتایی هاتنە بە هەموو شتێك. تەماشاکەن لەبەرئەوەی من ئەم ناکۆکیەم بە شێوەیەکی ڕاست تاوتوێکرد و ئێوە لە بوون بە ژن و مێرد دووردەخەمەوە توانیوتانە تاڕادەیەك درێژە بە ووزە و هۆشیاری و جەنگاوەریتان بدەن. ڕەنگە بە بۆچوونی ئێوە بەپێی داب و نەریت ژیانکردن ئاسان بێت، بەڵام بە بۆچوونی من هیچ زەمینەیەکی ماددی ئەمە لە ئارادا نییە. خۆ تەرخانکردنتان بۆ شتێك کە هیچ زەمینەیەکی ماددی نییە بە لامەوە زۆر بێ واتا دەبێت.

پرەنسیپ ئەوەیە کە سەرەتا ببنە جەنگاوەرێکی باش.

ژیانکردن بەپێی ئەم پرەنسیپە پێویستی بە هاوسەری و دۆستایەتی و پێرپێرێتی و ناوچەگەرییەکی باش نییە، بە پێچەوانەوە پێویستی بە بوون بە شەڕزانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و دواتریش بوون بە جەنگاوەرێکی نەتەوەیی بەهێز هەیە. شیکردنەوەکانمان ئەوەیان زۆر بە وردی ڕوون کردۆتەوە کە پەیوەندییەکی باشی خزمایەتی، پێرپێرێتی، هاوسەری، دۆستایەتی، ژنێتی، مێردایەتی کۆتایی بە جەنگاوەریتان دێنێت. لە جێی ئەمانە ئێمە چ پەیوەندییەك بە بنەما دەگرین؟ لە جێی پەیوەندی خزمایەتی پەیوەندی نەتەوایەتی، لە جێی پەیوەندی پێڕ پێڕی پەیوەندی سیاسی، لە جێی دۆستایەتی ساختە

---

[1] بەرواری ئەم شیکردنەوەیە بەرواری لەدایکبوونی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆیەتی.

Scanned by CamScanner

و خۆشەویستی کوێرانە پەیوەندی ڕێکخستن و هەڤاڵێتی بە بنەما دەگرین. هەندێك بیری لێبکەنەوە دەزانن کە من بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی هەم بنەمای ئەم پەیوەندیانە دادەڕێژم و هەم لە پراکتیکدا بەڕێوەیان دەبەم. هەروەها ئەوەش دەبینن: دونیا لەوە ئەبلەق بووە کە لە نێو هەل و مەرجی هێندە پاشکەوتووی کۆمەڵگایەکدا چۆن ئەم پەیوەندیە پتەو و پۆڵاینانە دامەزرێنراوە.

لێرەوە ئیدی پێویستە ئەوە زۆر باش ڕوون بووبێتەوە کە بە سوپابوونی ئافرەتان و بە سوپابوونی پیاوان چ واتایەکی هەیە.

لە هیچ پەرتووکێکدا بە سوپابوونێکی بەم ڕەنگە بوونی نییە. بەڵام بە لای منەوە لە شیکردنەوەی ڕاستی کۆمەڵایەتیماندا پێویستمان بە پرەنسیپی لەم جۆرە هەیە. ئێوە هێشتا بە تەواوەتی لەمە تێنەگەیشتوون، بەڵام کەسێکی شارەزا لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا هەر زوو ئەمە بەدیدەکات. بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشی کوڕی کورد پێویستی بە شیکردنەوەی نائاسایی هەیە. یەکێك لەمانەش بە سووپابوونی ئافرەتانە. بێگومان ئێوە بە هەڵە لەمەشیان تێگەیشتوون. پێتان وایە کە دەبێت چەك بدرێتە دەستی و پیاو چی دەکات ئەویش وەك ئەو بکات. زۆر زەحمەت نییەو هەمووشتان دەزانن کە بە سوپابوونێکی وەها مەیسەر ناکرێت. ئەمە بە سوپابوونێکی جیاوازە. با بڵێین شەڕانگێزی بێ یاسا و ڕێسای دایکم بۆ بە سووپابوونی ئافرەتان وەردەچەرخێت. ئەمە زۆر پێویستە. بۆچی، بێویستە؟ چونکە مادام دایکم مێردەکەیی بە دڵ نییە ئەوا پێویستە مێردێکی بەگوێرەی خۆی بونیادبنێت. چۆن ئەمە بکات؟ هەڵبەتە بە تێکۆشان. بۆ ئەوەش پێویستە تێکۆشان بزانێت.

وەك شتێکی هەرە ئاسایی هەموو کچان دەیانەوێت کوڕێکی تێگەیشتوو و خاوەن چەمك ببێت بە تووشیانەوە. بۆ ئەمە پێویستە چی بکرێت؟

پێویستە شەڕ بکرێت.

زەمینەی ئەوەی نییە کە داوای لێکتێگەیشتن و چەمکی لێبکرێت. مێرد یان بابڵێین پیاو شتێکی ئەوتۆشی نییە کە بتداتێ. خۆی بێ چارەیەکە. پیاوی کورد لەم ڕووەوە زۆر داماوە. ڕەوشێکی تراژیکۆمیدی هەیە. هەرچی کچانن زۆر داماو و نەزان و بێ چارەترن. کەواتە تێکەڵی هەردووکیان ڕێ بۆچی خۆش دەکات؟ ڕێگا بۆ ڕەوشێکی تراژیکۆمیدی خۆش دەکات. یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی شۆڕشەکەی ئێمە ڕێگا نەدانە بەم ڕەوشە. تەنانەت ڕۆژانە شیکردنەوەیەکی زۆر لەسەر ئافرەت و پیاو یان کچان و کوڕانی گەنج

Scanned by CamScanner

دەکەم. زۆربەی زۆری ئەوانەی کە دێنە ناومان وەك ڕکردنێکی بە کۆمەڵ دەیانەوێت ئەوەی لە ماڵەوە دەستیان نەکەوتووە لێرە بۆیان بلوێت. وەك بڵێی هەموو ئەم کچانەی نێو ڕیزەکانمان بۆ ئەوە ڕایانکردووە کە کوڕێکی بەگوێرەی خۆیان بدۆزنەوە. بەڵام ئەمە هەڵەیەو پێویستە ڕاست بکرێتەوە. بە هۆی بێ چارەییانەوە پەنادەبەنە بەر ئەمە. هەڵەیەو پێویستە بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە و زانایانە بێنە سەر ڕێگای ڕێکخستن.

پێویستە سەرۆکایەتی بناسن. لەسەر بنەمای شەڕکردن دەستی پێکرد و ئێستا تا دوا ڕادە بە پلان و ڕێکخستەیە. پیاو هەر پیاوی کلاسیك و کچیش هەر هەمان کچە کلاسیکەکەیە. هیچ کام لەمانە لای من پەسەند ناکرێت. ئەگەر بێتو بڵێین: "تۆ بەم جۆرە گەورە بوویت هەرچی ئێمەین بە جۆرێکی تر گەورە کراوین" ئەوا بەرەو چەمکی داگیرکاری دوژمن دەچن. ئەمەش بێ چارەیی کۆمەڵایەتی قووڵدەکاتەوە. ڕاستیەکان ئەمەمان پێدەڵێن. من چی بکەم کە تۆ ناسك و نازدار گەورە کراوی؟ تۆ دەتەوێت بژیت؟ کەس هەیە هێندەی من لە پێناو ئەمەدا شەڕ بکات؟ بێ ئەوەی شەڕی بۆ بکەیت چۆن دەتوانیت تێیدا بژیت؟ من بە هەموو دروستیەکی خۆمەوە لە زووەوە پێم گووتون کێ دەتوانێت با ببینین تێیدا بژی.

زۆر سەرم سوڕدەمێنێت؛ هەڤاڵانمان هێندە کەوتوونەتە تەمەنەوە و تەنانەت ئەوەندە ئافرەت و پیاو لە ڕیزەکانماندا کۆبوونەتەوە، کەچی ڕەهەندی ئەو پەیوەندیانەی هەن زۆر مەترسیدارن. هەموو ڕۆژێك ڕاپۆرتم بۆ دێت. ئافرەت دەرفەتێکی بینی بە ڕەهاییەوە پیاو دەخات. پیاو دەرفەتی بینی ئەوا زۆر مەترسیدارتر ئەمە دەکات. بە هەموو جۆرێك لاوازیەکانیان دەژێنن. بڵێم: ئەمە سووکێتیە؟ جاری وایە دەڵێم: دەریاندەکەم. ئەمانە چۆن پەروەردە بکەین؟ ڕۆژانە لە مێشکمدا بە هەزار شێوە ئەم دیو و ئەودیوی دەکەم. بە سوپاکردنی ئافرەت، بە جەنگاوەرکردنی، لە ڕێی ئەمەوە هێنانە سەر ڕێی پیاو، پێشخستنی، هاندانی بۆ شەڕکردن هەمووی پەیوەستە بەم نیگەرانیانەمەوە. وەك خۆر ئاشکرایە بۆ ڕکردن لە شەڕ دێن یان بەم مەبەستە ئەم نزیکایەتیانە پێشدەخەن. کەچی سەرمەستن پێی.

ڕۆژانە تەماشای ڕاپۆرتی هەرێمەکانمان دەکەم. لە فەرماندەیی گشتیەوە بگرە تا هەرێمەکانی تر، کامەیان دەڵێیت کە کارگێڕێکی هەرە دەگمەنە کچ بێت یان کوڕ کە ئەم داخوازیانەی لە پەیوەندیدا بۆ پێکنەیەت دەڵێن: "خۆمان دەکوژین". هەر دەرفەتێکیان بینی دەستبەجێ کوالیسیۆنی ئەمە پێکدێنن. باشە بەرامبەر بە کێ و بۆچی؟ زۆر ئاسایی

Scanned by CamScanner

گەر بە ڕاستی ژیانێکی شایستەیان هەبووایە و بیانزانیایە کە یەکتریان خۆشبوێت من خۆم چەپڵەم بۆ لێدەدان. بەڵام ئەمەیان لێناوەشێتەوە. تەنها لەبەر خۆ بادان و تێرکردنی خەیاڵ و ڕەمەکەکانیان دەیکەن. بیکوژێت بەدەستهێنانی عەشقێکی گەورە یاخود مێرخاسی و جەنگاوەری گەورە بە عەقڵیدا نایەت. وەك ئەوەی فەرمانبەرێك بێت بە زۆر پێی بکرێت دەڵێت "هەندێك بۆ PKK کار دەکەم دوای ئەوەش بەپێی پرەنیسب و ڕەمەکەکانی خۆم دەژیم" هەموو زهنیەتێکی بریتییە لەمە.

ئەمە خیانەتکردنە لە عەشق.

بەڵام بەداخەوە هەموو ئەوانەی کە ڕوو دەدەن ئەمەمان بۆ پشت ڕاستدەکاتەوە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕاپۆرتی هەڤاڵێکی کچدا کە خوێندمەوە وەها هاتووە: "گەورەترین هەڵەی ئێمە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە دە جار خۆمان بەشوو دەدەین. هەرچی سەرۆکایەتی پارتییە پاکیزەیی خۆی دەپارێزێت" هەڵسەنگاندنێکی سەیرە. بەڵێ ئێوە هەموو ڕۆژێك خۆتان بەشوو دەدەن. کاتێك لە واتای کلاسیك و لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی نزیکایەتی و پابەندی و خووەکانتان دێنینە پێشچاو، زۆر ڕاستە ئێوە ڕۆژانە خۆتان بەشوو دەدەن.

تێگەیشتن لە عەشق و پەیوەندی شتێکە کە کەستان بە لاشیدا تێپەڕ نابن. "ئیلا خۆمان دەدەین بەدەستەوەو هەر دەبێت خۆمان بدەین بەدەستەوە" ڕەوشێکە نەك تەنها لە کۆمەڵگادا بەڵکو لە نێو ڕیزەکانی ئێمەشدا تەواو بۆتە بەڵایەك. ئاشکرایە کە پەسەندی ناکەین. هەر ئافرەتێك یان هەر پیاوێك نەبێت بە جەنگاوەرێکی وەستا من بە مرۆڤی نازانم. ڕەنگە بڵێن: "باشە بێ پیاو و بێ ژن ئەمە مەیسەر دەبێت" نەخێر مەیسەر نابێت بەڵام بە بێ شەڕێکی لە پێشینەش هەرگیزا و هەرگیز مەیسەر نابێت. ئێوە نازانن شەڕ چییە؟ گەر نەزانن شەڕ چیە لە ژیانیش تێناگەن. نەنرخی ژیان دەزانن و نە لە پەیوەندی ئافرەت و پیاویش تێدەگەن، کە شتێکی سروشتی و پێویستە. ئەوەی ئێوە ناتوانن لێی تێبگەن سەرەکیترین تایبەتمەندی شەڕکردنی سەرۆکایەتیە.

نابێت لەسەر بنەمایەکی کلاسیك پەیوەندی پێشبخەن. نابێت کە دەرفەتەکانی ڕێکخستن و نێوەندی ئازادانەی ڕێکخستن بۆ ئەمە بە هەڵە بەکاربهێنن و بڵێن: "تەماشاکە کچ و کوڕ زۆرن و هەموویان دەخەمە ژێر کاریگەری خۆمەوە. دەسەڵات بە دەست خۆمەوە ڕێسای وەك یاسام هەیە و هەر دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێت ئەمە دەکەم" نەخێر ڕەنگە لەناو

Scanned by CamScanner

کۆمەڵگادا کارێکی وەها ئاسان بوبێت بەڵام لە نێو PKK هەرگیز ئاسان نییە. ڕەنگە بڵێن: "بەڵام هەندێك کەس هەر دەیکەن" ئەگەر کردی هەر ئاشکرا دەبێت. ئەمانەی کە ئاماژەیان پێدەکەم لە پێش هەموو کەسێکەوە لەسەر خۆم پەیڕەویان دەکەم.

عەشق و پەیوەندییەك کە بەگوێرەی شەڕ نەبێت چ نرخێکی هەیە. من خۆم هێشتا تەواو بوێری کردنی شتێکی وا ناکەم. ڕەنگە هەمووتان بە ترسنۆکیشم لە قەڵەم بدەن. ئەی تۆ کێیت؟ تۆ کەسێکیت کە هێندەی سەری دەرزیەك بە لای جەنگاوەریدا نەچوویت. هەڵبەتە لە واتایەکی قەبەدا لە شەڕیش تێمەگەن و مەڵێن: "ئەوەتا چەکمان بەدەستەوەیە و چەندین چالاکیش دەکەین ئیدی چیت لێمان دەوێت" من جەنگاوەریەکی وەها بە لەسەدا یەکی جەنگاوەری دانانێم. جەنگاوەری کارێکی بەرفراوان و چڕوپڕە. هەر لە ڕۆحەوە بگرە تا دەچێتە لایەنی فیزیۆلۆژی و هەر لە شەڕی هزرەوە بیگرە تا دەچێتە شەڕی گەرم هەموویان دەکەونە چوارچێوەی جەنگاوەرییەوە.

پرەنسیپی سەرۆکایەتی پێش هەموو شتێك پرەنسیپی شەڕە. بە دوای ئەودا ژیان، نان، ویژدان، خۆشەویستی و عەشقیش دێت. ئێوە نەك هەر واتای عەشق نازانن بەڵکو نازانن کە سەرەتایی ترین ڕەمەکان چ واتایەکیان هەیە. لە کاتێکدا کە لە شەڕی PKK دیالێکتیکی بێ وێنەی وەرچەرخاندنی ئەمانە جێی باسە. بەم ڕەوشەتانەوە نەك هەر پیاوتان پێ ناوترێت، گەر لە سەردەمێکی زوودا بوونایە وەك کۆیلەیەکیش نەدەفرۆشران یان کەسێك نەدەبوو بتانکرێت. بۆ کچەکانیش بە هەمان شێوە، چونکە ئەوانەی کە زۆر بایەخیان بە خۆیان نەدابێت کەس وەك کۆیلە و کەنیزەکی خۆی نەیکڕیون. بۆئەوەی بتوانن باوەش بە یەکدا بکەن پێویستە ئەمانە بزانن. پێویستە لەوە تێبگەن کە ئەمە ئاسان نییە و جەنگاوەریش کاری دەست بە تاڵان نییە.

من بۆچی هێندە زۆرم بۆبرد؟ ئایا بە ئارەزووی خۆم ڕەوشێکی وەهام هەڵبژارد؟ نەخێر. هەر پێ پەست پێ پەست کرام، تاساو تاساو کرام، کرژ کرژبووم، بریندار بریندار کرام تا دواجار گووتم بەسە پێویستە سەرهەڵبڕم.

سەرنج بدەن ئەوەی بۆ خۆم پێم نەکراوە بۆ ئێوە دەیکەم ئەو نێوەندەی بۆ خۆم نەکرا تێیدا بژیم بۆ ئێوە ئامادەی دەیکەم. کەسێکی تری وەك من نابینن کە هێندە بە تەنگ هەڤاڵانیەوە بێت. دایکم هەمیشە پێی دەگووتم: "هێندەی تۆ کار دەکەیت ئەوان نایکەن" ئەمە پەیوەندی بە ژیربێژی کۆمەڵگاوە نییە. بەڵام لەمەشیاندا هەر یاخیی بوونم بە بنەما گرت. بێگومان ئەو هەستی بەمە دەکرد. بەگوێرەی داخوازی دایکم دامەزراندنی گروپ مەترسیدار بوو، بەڵام ئێمە هەر تاقیمانکردەوە و ئێوەش بەرهەمی ئەمەن.

Scanned by CamScanner

سەرباری دایکم بوێری کردنم بۆ دامەزراندنی گروپ، ئەو تایبەتمەندیە بنچینەییەیە کە ئێوەی کردووە بە ئێوە. بێ ئەوەی ئەمە بزانن ناتوانن خۆتان بە پیاو لە قەڵەم بدەن.

گەوهەری PKK و ئاپۆچیێتی ئەمەیە.

ڕەنگە لە ڕوانگەی خۆتانەوە زۆر مەترسیدار یان بە شتێکی بزانن کە ناتوانن پێی بگەن. بەڵام منیش جەختی لەسەر دەکەمەوە کە ئێمە هەر بەم جۆرە ئەم شەڕەمان هێنایە کایەوە و ئێستاش سەرکێشی ئەم شەڕەین. تەنانەت وای لێهاتووە بە شێوەیەکی خوداوەندیانە بەڕێوەی دەبەین. من بە زۆری خۆم ئەوەم سەپاندووە کە جێگەیەکی وەهام هەبێت؟ نەخێر کۆمەڵگا پاڵم پێوەدەنێت و ئێوە هەموو ڕۆژێك داوای ئەمەم لێدەکەن. من هەمیشە ویستوومە کە ئێوە ببنە کارگێڕ و ئەندامێکی سەرکردایەتی بەهێز. بەڵام هەموو شتێك دێننەوەو بەسەر ملی منیدا دەدەن. کەواتە ئەوەی دەکەوێتە سەر شانتان تێگەیشتن لەمە و فێربوونی ئەمەیە. لە جیاتی بەشداری نەکردن و پووچەڵکردنەوەی، هیچ نەبێت توانای فێربوونێکی ڕاست پیشان بدەن. دوای ئەوەش بڕیاری خۆتان بدەن، ئەگەر دەیکەن بڵێن: "بەڵێ" ئەگەر ناشیکەن بڵێن: "نەخێر ئەمە کارێکی شەیتانەیە" یان مۆڵەت بخوازن و بڕۆن یان یاخی ببن و ڕاکەن. ئێمە بۆ هەردووکیشیان ئامادەین. بۆچی هەموو ڕۆژێك سوێند بە سەرۆکایەتی دەخۆن؟ بۆ ئەوەی ڕاستی خۆتان بناسن وا نییە؟ هەمووتان دەڵێن: "هەموو هێزێکی خۆمان لە تۆ وەردەگرین" بەڵام کەسێکتان نییە کە بیەوێت بزانێت ئەم هێزە چۆن پێکهاتووە و بەدیهێنراوە. بە پێچەوانەوە بە فیڕۆ و بە هەبای دەدەن. سادەترین شەڕی نان تا جەنگاوەری لە ڕاستی سەرۆکایەتیدا بەم ڕەنگەیە. بۆچی ڕابکەن؟ من بە دایکم گووت کە بمهێنێتە دونیا؟ نەخێر بەپێی کۆمەڵگا لەدایك بووم و دواتر بەپێی خۆم لەدایك بووم. خۆ پاراستنم یەکەم هەنگاوی ئازادی بوو و کردم. ئایا تاوانم کردووە؟ ئەنجامێکی زۆر خراپی بۆ ئێوە لێکەوتۆتەوە؟ بەدەر لەمە چۆن مرۆڤ دەتوانێت ببێتە ڕۆڵەیەکی باش؟ ئێستا هیچ نەبێت سیستمێکتان هەیە. پێکەوەن و هەندێك هێزتان هەیە. تەنانەت دەبنە بەهێزترین کەسانی ئەم وڵاتە. ئایا ئەمە بە جەنگاوەری مەیسەر نەکرا؟ کەسانی تر کردیان؟ ئەگەر بۆ ئێوە بەجێبهێڵرێت بڵێی چەند کاتژمێر لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە؟ چیرۆکی ئێمە ئەمەیە.

ئیدی بە بەڵای ناموس یان کێشەی ناموسی ناوزەد دەکەن، ناوی هەرچیەکی لێدەنێن لێی بنێن، بەڵام ئێمە کەوتینە ناوی و تا ئێرەش هاتووین.

پرسی ناموسی منالێکی بە چەمك، ئێستا بۆتە پرسی وڵاتێك، پرسی شەڕێك، پرسی پارتێك، پرسی کەسایەتی، پرسی ئافرەت و پرسی پیاو.

Scanned by CamScanner

ڕێزی بۆ خۆی هەبوو. ئازادی بە بنەما گرت، لە پێناو ئەمانەدا شەڕی کرد و تا ئێرە هاتووە. لە جیاتی بگرین و بنوزێنن هەوڵبدەن لێی تێبگەن. گەر هەوڵی تێگەیشتن بدەن کارێکی چاك دەکەن.

ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیەی بەرامبەر دایك هەمان بووە دوای چل ساڵ تێگەیشتن لێی مەیسەر دەبێت.

ئەوە ئاشکرا بووە کە شایستە بوون بە دایك بە بوون بە جەنگاوەرێکی لێهاتوودا تێپەڕ دەبێت. ئەگەر دایکم ئێستا بمایە هەڵبەتە هەوڵی دەدا لەمە تێبگات. لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی بۆچوونی منەوە هێندە کەسێکی خراپیش نەبوو.

ئەوەبوو لە کۆنگرەی پارتی ڕەنجی دیموکرات DEP دا لەگەڵ موسا عەنتەردا دەستی بەرزکردبووە و نیشانەی سەرکەوتنی پیشاندەدا.

وەك دەزانرێت موسا عەنتەر نیشتمانپەروەرێکی کۆنە و ئەوەکەی تریشیان دایکە.

دواجار دەستی یەکیان گرتبوو. ئەمە بەم واتایە دێت کە ژێری هەندێك شتی قبوڵ کردبوو.

ڕێزگرتنی ڕاستەقینەم لە دایك یەکێکە لە پێشکەوتنە گەورەکان. خۆی لە خۆیدا ناردنی هێندە ڕۆڵە لەلایەن دایکانەوە بۆ ژێر فەرمایشتی سەرۆکایەتی و بێ ئەوەی فرمێسکێك برێژن نیشانەی ئەمەیە. ئەمە پێشکەوتنێکی گەورەیە.

بەڕادەیەك کە جێی شانازی دایکان بێت کاری گەورەمان ئەنجامداوە.

ئەمە هەم بە کەڵکی دایکانی کوردستان دێت و هەم دەکرێ ڕزگاریشیان بکات.

ئێمە کەسێك نین کە لەسەر کۆشش و ڕەنجی ئافرەتان بژین. ئەگەر ئەمە دایکیش بوو ئەوا هەرگیز لە خۆمان کەم ناکەینەوە بەوەی کە ئافرەت بە شێوەیەکی خراپ و بۆ خۆمان بەکاربهێنین. لە ڕوانگەی ئەم چەمکەوەیە وەها بیردەکەینەوە کە پێویستە کەسایەتیمان زیاتر و زیاتر بەخشندە بێت و بەخشندەییکەی گەورە بێت. زۆر بوونی داواکاریەکانی دایکم لە من و پێداگری ئەو لەسەر ئەمە، بەرامبەر بەمەش وەڵامدانەوەی من بە کاری گەورە گەلێك گرنگە. ئەوەمان نیشاندا کە پاداشتدانەوەی دایك بە کڕینی دیاری و کارکردنێکی ئاسایی و بوونە فەرمانبەرێك و پەیداکردنی چەند فلس و کڕینی جل و بەرگ و خۆراك نابێت.

هەڵبەتە کارەکانمان بە دیاریەکی ئاسایی دەزانم، بەڵام گەورەترین دیاریم بەم جۆرە پێشخستنی خەباتی ئافرەتانە. ئەمەشمان کردووە. پێموایە کە ئەم یادە بە پێکهێنانێکی ڕاستەقینە و بە شێوەیەکی ڕاست پاداشتی دراوەتەوە. هەر کەسێك دەیەوێت پاداشتی دایکی بداتەوە یاخود هەر دایکێك پاداشتی دەوێت پێویستە شەڕێکی بەم جۆرەیان پێ قبوڵ بێت و تەنانەت داوای بکەن. ئێستا دایکانمان ئەمەیان دەوێت و گەورەیی دایکیش

Scanned by CamScanner

بەم ڕەنگە واتای خۆی دەبینێتەوە. ئەم شەڕە گەورەترین واتای خۆی لەناو ئافرەتاندا دەدۆزێتەوە. بە بۆچوونی من و بە بۆچوونی ئافرەتان و بە بۆچوونی دایکانیش مرۆڤ بەم جۆرە دەبێتە کوڕێکی مەرد و مێرخاس. هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە تەنها شەڕە. لەمەش زیاتر لەڕێی بەڕێوەبردنێکی وەستایانەی شەڕەوە مەیسەر دەکرێت. لەو بڕوایەدام کە دایکم بۆ ئەمەیان هیچی نەدەوت. خۆشی تا دوا ڕادە شەڕی دەکرد. کەواتە منیش لەسەر بنەمایەکی ڕاست لە پێناو ئێوەدا تا دواڕادە شەڕ دەکەم. هەرچیەکتان بوێت دەتوانن لە ڕێی ئەم شەڕەوە بەدەستی بهێنن. بۆیە نابێت کەس بە هەڵە لە کوڕەکەی تێبگات و داواکاریەکی هەڵەشی ئاڕاستە بکات.

دەکرێت بوترێت کەم یان زۆر لە دڵی دایکان تێگەیشتووم.

ئەو کەسانەی لێی تێنەگەیشتوون ئەو کەسانەن کە ڕێگا لەبەردەم زوو شەهید بووندا خۆش دەکەن. من دەڵێم ئەم جۆرە کەسانە نە بەرامبەر بە دایکیان و نە بەرامبەر بە هەڤاڵانیان ڕێزیان نییە. شەڕکردن لە پێناو ژیاندا چەندە زەحمەتیش بێت من هەر تا دواڕادە بۆ پێشخستنی دەمێنمەوە. بەڵام هێندەی ئەوەش ئەوە نیشاندەدەم کە شێواز و ڕێبازی ئەم تێکۆشانە دڵێکی بەهێزی دەوێت.

پێویستە ئێوەش بەرامبەر بە دایکان ڕێزتان هەبێت. تەنها ئەوەندە بەس نییە کە من پاداشتی ڕاستی ئەوان بدەمەوە. پێویستە ئێوەش بەشێك لەم پاداشتدانەوەیە بخەنە سەر شانتان. بە شێوەیەکی خراپ شەڕ دەکەن و هەر زوو دەکەون. بۆیە پێکهێنانی داخوازەکانی دایکان هەمیشە بۆ من دەمێنێتەوە. من هێشتا بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پاداشتی دایکی خۆمم نەداتەوەتەوە چۆن پاداشتی دایکی هەمووتان بدەمەوە؟ ئەگەر لە جێگایەکدا کە هیچ پێویست ناکات دەکەون و نازانن بە ڕێك و پێکی شەڕ بکەن کەواتە پێویستە مرۆڤ لێتان بپرسێت "ئێوە هیچ ویژدانتان نییە؟"

دڵی هێندە دایك چۆن خۆی ڕابگرێت؟

هەندێك ویژدانتان هەبێت. بەسە هێندە نکۆڵی و بێ ویژدانی کردن. پێم وایە کە بەدەستبەرداربوونمان لە گریان گەورەترین باشەمان بەرامبەر بەدایکان کردووە.

ئێستا دایکان کەمتر دەگرین.

تەنانەت ئەوانەشی کە چەند کوڕی خۆیان پێشکەش کردووە فرمێسکێك لە چاویان نایەت. ئەمە پێشکەوتنێکی گەورەیە. بەڵام ڕێ خۆشنەکردن بۆ گریانیان و بوون بەکوڕان و کچانێکی شایستە بەوانیش دەکەوێتە سەر شانی ئێمە. ئەمە ئەرکی سەرەکی ئێمەیە.

١٩٩٦/٤/٤

Scanned by CamScanner

## قارەمانێکی تراژیدی

ژیان شتێك نییە گاڵتەی پێبکرێت. ناشکرێت بە کۆمیدیایەك و شتێك نییە کە پێی پێبکەنین. ناکرێت بخرێتە قاڵبی تراژیدیا و ئەشکەنجەیەکی مەترسیداریشەوە. دەمەوێت باس لە چالاکی دوا کچە قارەمانمان "لەیلا قاپڵان"[1] بکەم.

بۆچی چالاکیەکەی بە لامەوە تراژیدیایەکە؟ هێندەی دەزانین گەنجێکی تازە پێگەیشتووە و تەمەنی ١٧ساڵە. زۆر لە ژێر کاریگەری داب و نەریتەکانی کۆمەڵگادا بووە و هەندێکیش بە شوێن ژیاندا گەڕاوە.

لە دووی پەیوەندییەك گەڕاوە کە بیگەیەنێتە PKK.

تا دێرسیمیش دێت لە ئازادیەك دەگەڕێت کە بە دڵی خۆی بێت، بەڵام تووشی ئاڵۆزی دەبێت. ڕەنگە زەحمەتیشی کێشابێت بۆیە دیسان دەگەڕێتەوە. ئەگەری هەیە شڵەژابێت و لە ناخدا خۆی خواردبێت. بۆیە چالاکیەکەی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری PKK شی پێوە دیار بێت چالاکیەکە بە دەستپێشخەری خۆی کردوویەتی. هێزەکانی دوژمن و دەسەڵاتداران و وەزیری کاروباری ناوخۆی تورکیا دەڵێن "حەبی بوێری

---

[1] لایەنگرێکی PKK بووە، جارێك بەشداری ڕەفەکانی گەریلای کردووە و گەڕاوەتەوە بە دوای چالاکیەکەی زەینەب کناجیدا لە ئەدەنە لە ساڵی ١٩٩٦ دا چالاکیەکی گیانبازی ئەنجامدا.

Scanned by CamScanner

خواردووە، ئەگەر نا چالاکیەکی بەم شێوەیەی نەدەکرد" بە بۆچوونی ئەوان بێ دوودڵی وەها بووە. ئەنجامدانی چالاکیەکی وەها بە لای ئەوانەوە شتێکی باوەڕنەکراوە.

لایەنێکی بەهێزی PKK ئەوەیە کە بوێریی دەبەخشێتە مرۆڤ. لەیلاش ئەمەی بە بنەما گرتووە و بە دڵنیاییەوە پابەندی ئامانجەکەی بووە. کاتێک دێتە سەر ئەوەی ئەمانە وەرچەرخێنێت بۆ ملیتانییەک کە لە هەموو هەل و مەرجێکدا بەرگە بگرێت زەحمەتی دەبینێت. یەکێک لەوانەی کە هەمان زەحمەتی دەبینێت ئێوەن. بەناو لەناو PKK دان کەچی هەبوونتان وەکو نەبوونتان وایە. بە سوود بوونتان لەچاو زیانبەخش بوونتاندا زۆر کەمترە.

ئەو کچە قارەمانە چەندە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگادا بووبێت با ببێت، دواجار هێزی خۆی کۆدەکاتەوە و لە بڕواکانی هەڵناگەڕێتەوە و خیانەت ناکات. دەکەوێتە دوودڵییەوە بەڵام بە سەریدا زاڵ دەبێت و قارەمانانە چالاکیەکەی ئەنجام دەدات. هەرچەندە بێ چارەش بێت چالاکیەکەی لە ڕێگای بوون بە خوداوەندیدا ئەنجام دراوە.

بنەما فرە لایەنەکانی لە دڵ و چاومان هەڵدەچەقێنێت. چەندە لاوازیش بن نابێت لە ئامانجەکانتان بترسن. هەرچەندە دوودڵبن کە پێویستی کرد دەبێت قارەمانترین هەنگاو بنێن. ئەم جۆرە کەسایەتی و ئەم جۆرە چالاکیانە زۆر شکۆمەندن. کاتێک لەلایەن کەسایەتیەکی هەرە لاوازیشەوە بکرێت ئەوا گرنگیەکەی زۆر زیاتر دەبێت.

پابەندیە بە شێوازی سەرۆکایەتیەوە.

زیلان لە ڕووداوەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی بەرکەماڵ ئاماژە و باسکردنی ئەمەی دابوو بەدەستەوە. ئەوەی لێرەشدا سەرنج ڕاکێشە هێندەی ئێوە پەروەردەی نەبینیوە. بە تاقیکردنەوە و ئەزموونێکی زۆریشدا تێپەڕ نەبووە. تەنها لەبەرئەوەی هەستیارە، دوژمن وەک دوژمن دەناسێت، دڵی خۆی بە دڵ دەزانێت، دووڕوویی ناکات. دوودڵە و تەنانەت ئەوەشی بەسەردا دێت دەڵێت: "ئایا بگەڕێمەوە؟" لە یەکێک لە نامەکانیدا باس لەمە دەکات و دەڵێت گووتومە: "ئەمە بە من ناکرێت" بەڵام کاتێک پابەندبوونی – هەرچەندە ڕووکەشیش بێت – بە بەهاکانەوە کەمەندکێشی دروستیی دەکەن چالاکیەکی وەها ئەنجام دەدات. ئەمە ڕاستیەکی زۆر باشی PKK یە. پابەندی کەسایەتیەکی زۆر ئاسایی ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت کە ئێوە دەتوانن چی بکەن.

پێویستە بەڕێز بن و لە ڕۆحدا ئەمە نیشان بدەن. بێگومان ئەمە تەنها بە قسە نابێت. گەر پێویست بکات بەڕێزی ئەوەیە کە هێندەی ببنە خاوەن چالاکیەکی وەها

Scanned by CamScanner

ڕاست و دروست بن. ئەگەر نا بڵێن: "لاوازین و زەحمەتی دەبینین" لەبەرئەمەش مشەخۆرانە بژین، ئەوا لە جێی خیانەتکار و بێ قیمەتێك دەبن. چونکە ئەم هەڤاڵە لە هەمووومان لاوازترە، لە هەموووشمان زیاتر زەحمەتی دەبینێت. بەڵام ڕێ بە خۆی نادات ژیانێکی دووڕوو و مشەخۆرانە پەسەند بکات.

ئەمانە بەهای پیرۆزن. بزانن کە چۆن پابەندیان بن. بە سەدان قارەمانی وەك لەیلامان هەیە. من تەنانەت خۆشم وەك خزمەتکارو پێکهێنەرێکی ڕێبازی ئەوان دەبینم. من ئەم ئەرکە شایستە بە خۆم دەبینم. بەرامبەر بە مەزنی چالاکیەکانیان منیش زەحمەتی دەبینم.

مەگەر ئەوانەی لە ڕێگای بە بوون بەخوداوەندێتیدان و پابەندی پرەنسیپە گەورەکانن و بە ڕووداوی سەرسوڕهێنەر وەڵام دەدەنەوە، بەم جۆرە بن. بێگومان ڕەوشی من جیاوازترە. پێویستە من ڕێبازی ئەمانە درێژەپێبدەم، مەزنی بکەم و بیگەیەنمە سەرکەوتن. ئەگەر خزمەتکاریەکی بەم شێوەیە کەوتبێتە سەر شانمان واتادارە. لە دەرەوەی ئەمە مەحاڵە.

دڵتان خاوەن هەستیاری نییە.

ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کە پیاون و کەچی تایبەتمەندی پیاوەتیش لە کەسایەتی خۆتاندا بەرجەستە ناکەن.

ئەم کچە تەمەن ١٧ ساڵە بە چنگەکڕووزێ لە هەل و مەرجی مەترەپۆلدا مەزن بووە. گەندەڵی مەترەپۆل تا بینەقاقا زۆری بۆ هێناوەو ویستوویەتی بە ڕۆح و مێشك و گیانیدا ڕۆبچێت. ئەگەر یەکێکی بەو جۆرە بیەوێت کارێکی وەها بکات، کەواتە ئەوەی کە ئێوە ناتوانن بیکەن چییە؟ زەمینەیەك هەیە کە ڕاکەن بۆی؟ ئەگەر ڕاشکەن کێتان پێدەخەڵەتێنرێت. یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانەی من پێی هەڵدەستم نوێنەرایەتیکردنی ئەم وشیاریەیە. بۆچی سەرتان بۆ نەوی بکەم؟ دەکرێت لێم بپرسن تۆ چی دەکەیت؟ ئەوەی من دەیکەم بە بەر چاوەوەیە. ئەم کەسانە هەندێك ئامانجیان هەبوو. لە پێناو هەڤاڵێتیدا کارێکیان کرد. منیش واتای زیاتری پێدەبەخشم. درێژەی پێدەدەم و کۆمەڵێك ئەنجامی لێهەڵدەهێنجم.

ژیان بەم شێوەیە نابێت؛ مەحاڵە ژیان بە زماندرێژی و بێ خەمی بەسەر ببرێت. لە دڵتاندا جێی هەندێك لەم ڕووداوە قارەمانانە بکەنەوەو ئاوێتەیان بىن. شتێك نییە پێی

Scanned by CamScanner

بگووترێت نەگۆڕان و پێشنەکەوتن و وەرنەچەرخان. بۆیە ناتوانن باس لە شتێکی بەو جۆرەش بکەن.

لە کاتێکدا PKK قارەمانی ئافرێنراوی وەها بڕوامەندی لە مەیداندا بن، تا ئێستا سەرکەوتووانە بەجێنەگەیاندنی ئاسانترین ئەرك لەلایەن ئێوەوە چ واتایەکی هەیە؟ کەموکورتیەکان لە ڕادە بەدەرن. چ پابەندیەك هەیە کە تەنها بە زمان گوزراشتی لێبکرێت؟

ناشێت ڕووکەشیانە بژین. سەرۆکایەتی یەکسانە بە ژیاننەکردنێکی ڕووکەشیانە. چالاکی قارەمانانەی گەورەش نیشانەی شێوازێکی سەرۆکایەتیە. لەناو PKK دا بەم جۆرەیە. پێویستە خۆتان بگەیەنن بە هەڵسوکەوتی شایستە بە ژیانێکی گەورەوە.

ڕاست و مەزن بیربکەنەوە.

مەزن دەستپێبکەن، مەزن قسەبکەن، فەرمانی مەزن بدەن و ئەنجامی مەزن بەدەستبهێنن. ئایا بەم جۆرەن؟ لە کاتێکدا کەموکورتیەکان وەك دەرزی لە چاو هەڵدەچەقن ئێوە دەڵێن: "سازشمانکرد" هەموو شتێکتان لە دەرەوەی ڕێسایە. دەڵێن نەمانویست زۆر دژوار بدەین بە سەریدا، مەترسی بەری دەرگای پێگرتوون کەچی دەڵێن "خۆمان گێل کرد"، هەندێك ئەرك هەن پێویستە مسۆگەر پێکبهێنرێن کەچی دەڵێن: "گوێمان نەدایە" بێگومان پێویستە دەستبەرداری ئەمانە ببن و بە ورە و کۆڵنەدانەوە دەست بدەنە خەباتکردن.

بەم جۆرە بەشداریی ڕاستی سەرۆکایەتی دەکرێت؟ ویژدانتان ئەمەی پێ پەسەند دەکرێت؟

هەڵبەتە بژاری گومڕاکان دەکەین. بە واتایەکی تر ڕێکخستن لەوانە بژار دەکەین کە ترسنۆك و بێ پرەنسیپ و خاوەن پراکتیکی نابەجێن. گەر هەست دەکەن دەکرێت وەها بژین ئەوا خۆتان دەخەڵەتێنن. بێ ئەوەی جیاکاری لە ڕووی میللەت و خێزان و ڕەگەزەوە بکەین پێوانە گشتیەکانمان پێشکەش بە هەمووتان دەکەین. بە جۆرێکیش ئەمە دەکەین کە تێگەیشتنی ئاسان بێت. بە گووتن دەست پێدەکەین و گووتنیش دژوار و لێبڕاوە دەکەین.

دووپاتی دەکەمەوە PKK شوێنی ئەو کەسانە نییە کە دوای پێکەوەنانی بنەماڵە دەکەون، بەڵکو شوێنی کەسانێکی خاوەن ڕەنج و شایستە بە ژیانە. ئێمە نوێنەرایەتی مرۆڤیانەترین مافی گەلێك دەکەین. کەواتە بۆچی لە بەشداربووندا دوودڵن؟ پێویستە

Scanned by CamScanner

شێوازی خۆخەڵەتاندن، نیوەچڵی، شەل و کوێری وازلێبهێنن. لە ڕاستیدا هەڵەی بنچینەییتان ئەوەیە کە شان بە شانی لاوازی بانگەشەتان شێوازتان لاسەنگە. ئەمە دەرەنجامی شێوازی کۆمەڵگا و ئەو کەسایەتیە دواکەوتووەیە کە کۆمەڵگا پێیداون. ڕاپەڕین ئەوەیە کە دەست و برد کۆتایی بەمە بهێنن. ئەگەرنا هەروا بەرەو دواوە دەچن. ئەوەی کە هێندە بەرەو دواوە بچێت پێشناکەوێت. ئیدی تێگەیشتن لەمە هێندە زەحمەت نییە.

ئێوە ڕۆڵەی ئەم گەلەن بێگومان کراوەن بۆ خاوەن دەرکەوتن لە بەهاکانی گەل. ئەگەر لە ڕووی نیازەوە هەڵتان بسەنگێنین بەم جۆرەن. ئەوەی کۆمەڵگا داویەتی بە دڵ و مێشکتان و دەتانڕوخێنێت، بێ بانگەشەتان دەکات، بەرەو دواوە کەمەندکێشتان دەکات، دوودڵ و داخراوتان دەکات؛ نازانم بە ژەهر ناوی ببەم یان بە ئەفیۆن[1] ئەوەیە کە بەم ڕەوشەی گەیاندوون و هەموو توانایەکی سەرکەوتنی لە دەست دەرهێناون.

زۆر سەرم سوڕدەمێنێت.. زۆربەتان ئەگەر تەنها لێکۆڵینەوەی لەڕۆژێکی ژیانی من بکردایە، دەیتوانی داستانێك بنووسێت. بەڵام لەبەر گوێڕایەڵیتان بۆ ئەو چیرۆك و دەستوورانەی لە ماڵی باوکتان و لە کۆمەڵگاوە فێریان بوون خۆشتان و ئێمەش دەخەنە ڕەوشێکی ناهەموارەوە.

سەرباری تەواوی ئەمانە تکام لێ نەکردوون و نەم گووتووە: "هەردەبێت لەگەڵ مندا یەك ڕێگا بگرنە بەر" ئەوەی پێی ناکرێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێت پاشەکشێ بکات. ئەوەی من دەهری و یاخیدەکات ئەوەیە کە دەڵێن: "کوێرانەش بێت خۆشم ویستووە" و بەردەوام شێوازی خیانەتکردن و پشتکردنە تێکۆشان بە سەرماندا دەسەپێنن. من بۆ باڵابوون بانگێشتتان دەکەم. بەڵێ من دەمەوێت بتانگەیەنمە باڵابوون. شێوازی من وەك ناگرە. ئێمە دەمانەوێت بتانکەین بە جەنگاوەر و کارگێڕ و فەرماندارێکی لێهاتووی ئەم کارە. لەمە بەدەر هەر شێوازێکی تر بگرنە بەر هێندەی لەیلای ١٧ساڵیشتان پێناکرێت.

ئەو قارەمانێکی تراژیدیە.

هەرچی کەسانی وەك ئێوەیە دەبنە کۆمیدیایەك، چونکە ئەم کارە کارێکی جددییە. لەیلا لە پای ئەوەی نەبێت بە کۆمیدیایەك بە تراژیدیا بوونی هەڵبژارد. بێگومان قارەمانێکە.

---

[1] یەکێکە لە ماددە سڕکەرەکان.

Scanned by CamScanner

ئێوە چۆن پیاوێکن؟
ئەگەر خۆتان نویٚ نەکەنەوە ئەوا نرخی پێنج فلستان نابێت. بۆ نموونە هەڤاڵێکمان هەیە کە تا ئێستا نەیتوانیوە بێتە سەر ڕێگا ی پارت و سەرۆکایەتی. ئەمەش بەرەوڕووندەکاتەوە کە ویستویەتی درێژە بە پیاوێتی خۆی بدات و نەوە بخاتەوە. لەبەرئەوەی لەناو PKK دا هەلی ئەمەی بۆ نەڕەخساوە ڕق و کینی گرتۆتە دڵ. ئەوسا و تا ئێستاش هەر ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەبۆچی خاوەنی پراکتیکێکی بەجیٚ نییە. ڕەنگە ئەمە لە داهاتوودا بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی باش دەست بدات.

بەداخەوە هەرچی دەکەین نابینە خاوەن پیاوێتییەکی ڕاستەقینە.

ئیتر پێویستە لە پرەنسیپ و پێکهێنانە ئاشکراکانماندا قووڵببنەوە. ئەمەش لەڕێی گووشار دروستکردنەوە لەسەرخۆتان مەکەن، بەڵکو وەك تاسەیەکی سەدان ساڵە بە دڵ و گیان مێشکتانی پیٚ تێربکەن. گەوهەریانە وەرگرتنی شتەکان تادواڕادە دوژمن دەڕوخێنێت، ئەو ژیانەی تاسەی دەکەن بۆتان بەدیدەهێنێت. بە ڕادەیەك کە بتوانن هەموو شەڕێك بگەیەننە سەرکەوتن بە تێڕامان و قووڵبوونەوە خۆتان تێربکەن.

سەرۆکایەتی لە کاری تێڕامان و قووڵبوونەوەدا سنوور نەناسە. ئەی دەست بۆ هەر کارێك ببات سەرکەوتوو نییە؟ ئەمە پەیوەستە بە ئاستی تێڕامان و قووڵبوونەوەی لە یەك چرکەدا. سەرۆکایەتیەك کە ئێمە نوێنەرایەتی دەکەین ئەوەیە کەوا بچێتە هەر کوێیەك بابچێت، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ڕەها تەنها ئەوەندە بەسە کە هەناسە بدات. لە هەل و مەرجی هەرە نالەباریشدا هەر سەرکەوتوو بووین. ئێمەش وەك ئێوە مرۆڤین. لەوانەیە ڕۆژێك بەردێك لە ئاسمان بکەوێتە خوارەوە و سەرمان بپێکێت، یان فیزیۆلۆژیانە لەناوبچین، بەڵام ئەگەر بژین سەرکەوتنی فیزیۆلۆژیش بەدەستدەخەین.

کارێك دەکەین بە سەدان ساڵ بژین.

لەناو PKK دا کۆمەڵێك گەمەی پۆخڵ دەکرێن. ئەمە هێندە ئومێدی بەدوژمن داوە کە کەوتۆتە سەر زمانیان و هەر دەیڵێنەوە. ئێمە وەك سەرۆکەکانی تر بە زۆرداری نا، بەڵکو بە شێوازی ڕازیکردن و هەڤاڵێتی گوشارتان بۆ دەهێنین. پێویستە ئەم گەمانە پاکتاو بکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر لە فەرمان تێدەگەن ئەوا بە زمانی فەرمان، ئەگەر لە تکا تێدەگەن ئەوا بە زمانێکی تکاکارانە داواتان لێدەکەین کە وەك پێویست قووڵببنەوە و پێش هەموو شتێك وەك بنەمایەکی سەرەکی و تاکە بەهانەی ژیان ئەوەی پێویستە پێکیبهێنن. چونکە ژیان لە ژێر هەڕەشەدایە. هەموو شتێکمان زۆر بە زەحمەت بەدەستهێناوە و دوژمن خوازیارە سات بە سات لە دەستمان دەریبهێنێت و لەناوی ببات. تەنها تێڕامان و قووڵبوونەوەیەکی وەها، بە واتایەکی تر تەنها ڕاستی سەرۆکایەتی لەتوانایدایە دوژمن ڕاوەستێنێت.

Scanned by CamScanner

گیانی مرۆڤ دەبنە قوربانی و ئێوە خۆتان تیادەچن. هیچ نەبێت دڵی دایکێکیشتان نییە؟ چۆن کاتێك هێندە هەبوونە بەنرخەکان لەدەست بچن مرۆڤ هەندێك وریا نابێتەوە؟ هەڤاڵان و بەهاکانمان تاکە هیوای ئەم گەلەن. ئەگەر بێتو نەبنە خاوەن ئاست، هەرچیەك کە لە کەسێتی ئەو هەڤاڵانەدا بە ناوی گەلەوە وەك هیوایەك بەدەستهاتووە بە جۆرێك لە دەست دەدرێن کە جارێکی تر نازێنەوە.

لە کۆندا لە خەڵوەتگەدا خەڵوەتیان گرتووە تەنها بۆئەوەی بەپێی پرەنسیپەکان بژین. ئێمە داوای ئەوەمان نەکردووە کە بەم ڕادەیە بکەونە خەڵوەتەوە و زیکر بکەن. شێوازی شەڕی ئێمە ڕاشکاو و بێ ئامانە. لەم شوێنە پیرۆزانەدا زەبر و زەنگ نییە، بەڵکو تەنها تێڕامان و قووڵبوونەوەی ڕۆحی، ئایدیۆلۆژیی، سیاسی، ڕێکخستنی و سەربازی هەیە.

جاری یەکەمە کەوا بێ وچان و کۆڵنەدەرانە ڕووەو سەرکەوتن هەڵدەکشێین. چی هەیە لەمە خۆشتر و جوانتربێت؟ بۆ گەلێك و بۆ کەسانێك کە ڕێز لە خۆیان دەگرن و پابەندی بەهاکانن، شتێك هەیە لەمە پیرۆزتر بێت؟ تەواوی ئەمانە بە شێواز و هەموو گورێکیەوە بۆ گەل و ئێوەیە. هیچ کەسێك لە مێژوودا نییە کە بەم ڕادەیەی ئێمە بەهای دابێتە مرۆڤ و هەڤاڵانی خۆی.

زەحمەتیەکان تەنها لە پێناو بەدیهێنانی ژیانێکی شایستەدایە. سەلمێنراوە کە ڕووکەشترین لایەنگرمان خاوەنی قارەمانانەترین چالاکیە. نموونەی ئەمە لەیلا قاپلانە. هیچ دوژمنێك نییە خۆی لە بەرامبەریدا پێ ڕابگیرێت. بەدەر لەمە نەبژارێکی تر و نە خودایەکمان هەیە پەنای بۆ ببەین و لێمان ببورێت. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا لە هەموو گۆرەپانێکدا نوێنەرایەتی کردنی ڕاستی سەرۆکایەتی PKK لە ڕووی واتاو پراکتیکەوە بووە بە پێویستیەکی دەستلێبەرنەدراو. دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی دوالیانە ئەمە پێشکەوتووە. لەلایەکەوە بوونی بە گەوهەرێك لە کەسایەتیەکاندا زیادی کردووە، لەلایەکی تریشەوە گەمە کردن پێی زیادی کردووە. بڕیاری ئێمەش لەم بارەیەوە ئەوەیە کە باشەکەیان وەك ئەرك بگرینە ئەستۆ و گەمە خراپەکانیش بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەین ڕیشەکێش بکەین. پێکهێنانەکان لە ڕاستی سەرۆکایەتیدا چڕبوونەتەوە و بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت. واتا ناچارین ئەو باشیانەی پێشتر بە چەند ساڵێك بۆمان جێگیر نەدەکرا ئیدی لە ماوەی چەند مانگێکدا جێگیریان بکەین. کاتێك خراپەکاری زۆر فراوان هەبێت، هاوشانی ئەو بە شێوەیەکی بەرفراوان چالاکی بۆ تێپەڕکردنی خراپەکاریەکانیش پێشدەکەوێت.

کێ لەناو ئێمەدا بڕوای بە خۆی هەبێت و مەرد بێت پێویستە لەمە تێبگات. هێندەی کە نابێت لەگەڵ هەڵەکاندا سازش بکەن، بناخەو دەستکەوتیش بۆ بەڕێوەچوونتان لەسەر

Scanned by CamScanner

ڕێگای ئازادی هەیە. مەگەر تەنها بەم چەشنە مەردایەتی بکرێتە قارەمانێتی. ئیدی شێوازی بەشداریتان لەم داخراوییە ڕزگار بکەن. کەموکورتی لە بانگەشە، شێواز و گۆڕی پێکهێنانتاندا تێپەڕبکەن. بۆ ئێستا لێزانیەکی دژوار لە هەموو کاتێک زیاتر سەرکەوتن نزیک دەکاتەوە. ڕەنگە یەکەمجار بێت کە مێژوو هێندە دەرفەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانج پێدابین. بۆیە ئەمڕۆ هەرگیز ناتوانن وەك ڕابردوو بە بیانوو هێنانەوە بەڕێوەبچن. هەموو ئەمانە لایەنە سەرنج ڕاکێشەکانی ڕاستی سەرۆکایەتی تاکتیکین.

سەرۆکایەتی ستراتیژی هەمیشە ویستوویەتی بەم شێوەیە بە مەزنی بمێنێتەوە و لەهەمان کاتدا بە شێوەیەکی بێ ئامانانە تاکتیکیشی بەڕێوە بردووە. لەم قۆناغەدا هەمووتان زۆر بە ئاسانی دەتوانن بگەن بە بنەما ستراتیژی و تاکتیکیەکان و لەگەڵیاندا ئاوێتە ببن و شێوازی سەرکەوتنی ڕەها بەدەستبێنن.

تەنها شێوازێك کە لە PKK دا سەرکەوتن مسۆگەر دەکات ئەو شێوازەیە کە لە بەدەستخستنی سەرکەوتندا خۆی سەلماندووە. هیچ کەسێك بە هیچ بەهانەیەك ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەمیدا و نەهیچ ملیتان و لایەنگرێکی PKK ش دەرفەت بە شتێکی وەها دەدەن، لە ڕێگا ی بەها سەلمێنراوەکانمانەوە خاوەنداری بکەن و لە کێ و لە هەر کوێیەکەوە — تەنانەت ئەگەر منیش بم — خراپەکاریەك بکرێت ڕایبوەستێنن. چونکە هیچ کەسێك هێندەی PKK پێویستی بە پشت بەستن بە ماڵی گەل نییە و شایستەشی نییە. بەو واتایە شایستەیە و پێویستیەتی کە بۆ ئەوەی لە پێناو گەلێکدا ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، پێویستە لە هەموو کەس و تەنانەت لە منیش زیاتر بەشداری بکەن. هێندە بە چڕی بەشدار بوونی منیش هەر بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

هەرچی زەحمەتی و ئاستەنگیەکتان لە بەردەمدا بێت بابێت، بە خۆ گەیاندنە ئیرادەیەکی بەهێز هێندە دژوارانە لێزان بن کە هەموو ئاستەنگی و دوژمنێك لە خۆتاندا ڕیشەکێش بکەن. لەم پێناوەشدا هۆشیاری و هێزی پێکهێنانی پێویست لە خۆتاندا چڕ بکەنەوە. هەرچیەك لە بەردەم ڕاستی سەرۆکایەتیدا وەك بەلا دەوەستێت ڕایبماڵن. بە خولیایەکی گەورەوە بە گووتن و بە پراکتیك لێپرسینەوە پێشبخەن و داوای هەق بکەن. بەم شێوەیە بەشداریەکی سەرکردەییانەی وەها مسۆگەر بکەن کە خاوەن مافەو ئەرك دەگرێتە سەرشان و بەمەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

١٩٩٦/١٠/٢٨

Scanned by CamScanner

**ئەوەی سەرکەوتنی نەبێت عەشقی نابێت**

خۆ پێشنەخستنتان زۆر ڕقمان هەڵدەسێنێت.

گەورەترین خراپەکاری بەرامبەر بە ئێمە خۆپەروەردە نەکردنە. ئێمە هەوڵماندا وە پێناسەی سەرۆکایەتی بکەین. تەواوی گەوهەری ڕاستی ئێمە بریتییە لە خۆ ڕازیکردن بە ئاستێکی بەرزی ژیان. کەچی ئەوەی دەیبینم نەك هەر لە بابەتی ژیانێکی ئازاددا خۆ ڕازیکردن نییە، بەڵکو هەموو هەڵوێستێکی کۆیلانەی نەخۆش و دابڕاو لە ژیان پەسەند دەکرێت.

تەنانەت ئیدی ناتانەوێت کە دیوی بێ ڕەحمی، تۆقێنەری، ڕووخێنەری، دەرفەت کوژی و هەموو داسەپاندنەکانی کۆیلایەتی ببینن. هەڵبەتە کە هەڵوێستتان وەها هەڵخەڵەتێنەرانە بێت، پەسەندکردنی ئێمەو ژیان بەلاتانەوە زەحمەتە و وەك ئەشکەنجەیە.

کراوەن بۆ نزیکایەتی لە جۆری نەگووتنی گووتنە و نەپراکتیکی پراکتیکە و کەس نازانێت بە کوێ دەگات. ڕادەی تێکشکانی کەسایەتی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ کراوە بوونی بەرامبەر بە هەموو کاریگەرییەکی کۆیلەکارانە. زەعیفەیی، بێ پرەنیسبانە کارگێڕی کردن، سیاسی نەبوون، بێ هێزی ئافرەت هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەرگای بۆ کاریگەرییە کۆیلایەتیەکان خستۆتە سەر پشت و زەمینەیان بۆ خۆش دەکات.

Scanned by CamScanner

وەك دەبینرێت لە پێنـاو پەیداكردنی نانێكدا لـە كەوتنـە نـاو تـۆڕی ماسیەك زۆر مەترسیدارانەتر خـۆی لـە ئامـەدەوە دەگەیەنێتـە مێرسـین و لـە وێـوە دەچێتە ئیزمیر. هەمووشیان كوردستانین. ئەمە بەو واتایە دێت كە كۆیلەكردنی گەلێك وەهای لێدەكات كە لە ماسیەك زیاتر دەست بدات بۆ ئەوەی بكەوێتـە تـۆڕ و تەڵـەوە. ئێـوەش خانـەی هـەرە ژێرینی ئەمەن. لەبەرئەوەش نابێت هەروا بڵێن بانگەشەی ئازادیە و بە سەریدا تێپەڕبن.

سیاسەت بە گریان بەڕێوەنابرێت.

بە هێنانە زمانی گلەیی و گازەنـدە و لاوازیـەكانیش نابێـت. بـە پێچەوانەوە لـە هـەر جێیەك ئەم هەڵوێستانە هەبێت سیاسەت كۆتایی پێدێت. ئەم هەڵوێستە ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە وەدەرنانی ئافرەتـان لـە سیاسـەتدا. نـەبوونی بـەهێزی دەسـەڵات بـۆ پێكهێنانی سیاسیە بێ سنوورەكانی دەسەڵاتی پیاوسالاری دەگەڕێتەوە. كەچـی هەرچـی وەڵامتانە بەرامبەر بەمە نەبوونتانە بەكەسایەتیەكی سیاسی. باشـە ئەمـە بـە چ واتایـەك دێت؟ بە واتای ئەوە دێت كە وەك ئافرەت كۆیلایەتیتان لاپەسەندە. لـە كاتێكدا ئێمـە دەمانـەوێت ئافرەتان وەك هێزێكی سیاسی پێشبخەین. ئامانجی سەرەكی چەمك و پراكتیك و كۆششە ڕێكخستنیەكانمان ئەمەیە. هەرچی نزیكایەتیـەكانی تـرە هـەموویان پێچەوانەی داخـوازی ئازادین.

وەك ئەوەی كە خۆگەیاندنە سیاسی بوون، گوزارشتێكی ئازادانە، ئیرادە و هۆشیاری گرنگ نەبن، لە جیاتی ئەمە بەدەستگرتنی ڕێكخستن وەك خێزانێك و بەڕێوەبەرایـەتیش وەك سەرۆكی ئەم خێزانە یان وەك خوشك و برایەكی گەورە، یان وەك مێـرد و بـاوك و لـە ئامێزگرتنیان بە سیاسەت دەزانن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە لە سیاسەتی ئازادبوون هیچ تێنەگەیشتوون. هێنـدە لـە هێـزی خودییانـەتان بێبـەرین كـە هەمیـشە پێویـستی بـە باوەشـكردن بـە یەكێكدا دەبیـنن. بێگومـان لەسـەر بنـەمای ملكـەچ كـردن ئەمەشتان دەستدەكەوێت.

لـە تـەواوی پێگـەی پارتیـدا ئافرەتـان لـە هـەموو كـەس زیـاتر پێویـستیان بـە كەسـایەتیەكی سیاسـی هەیـە. وە لـە هـەموو كـەس زیـاتر پێویـستیان بـە سیاسـەت و ڕێكخستن و ئایدیۆلۆژیا و پێشكەوتن هەیە.

تەنانەت ئەگەر لـە دوا سنووری دواكەوتوویيشدا بـن، پێویستە تـەنها لەبەرئـەوەی ڕەگـەزی بەرامبـەرن بـۆ پیـاو پێویـست نـەبن و بـەم جـۆرە لـە خۆتـان نـەڕوانن. خـودی سـووكایەتی پێكـردن و دواكـەوتوویی و تێكـشكاوی ئەمەیـە. هـەر ئافرەتێـك تـەنها

Scanned by CamScanner

لەبەرئەوەی ڕەگەزێکی جیاوازە و لەبەر لایەنی سێکسی وەها خۆی پێشکەش بکات کە پیاو پێویستی پێیەتی ئەوا ئەو ئافرەتە بە هەموو جۆرێك دەستبەرداری ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و ڕێکخستن بووە. بێ ئەوەی هەستی پێبکەن ئەوەی کە شایستە بە خۆتانی دەبینن ئەمەیە. ئەوەشی کە هەموو ڕۆژێك پیاو بە زۆر وەهاتان لێدەکات پەسەندی بکەن هەر ئەمەیە. لە واتای ئازادیدا بەرپەرچنەدانەوەی ئەمە تاوانێکە. ئەم نزیکایەتیە گەوهەری کۆیلایەتیە بەڵام ئێوە هیچ هەستیشی پێناکەن.

دەتانەوێت تەنیاییتان بە پەنابردنە بەر پیاوسالاری تێپەڕێنن.

ئەوەی کە ئێمە دژایەتی دەکەین ئەمەیە. زۆر بە پرەنسیپین ئەگەر بێتوو لەم خاڵەدا قەرەبوو بدەین ئەوا هەموو دەرفەتێکی ئازادی لە دەست دەدەین. بەڵام ئێوە بە خەیاڵیشتاندا نایەت. تۆ بڵێی براگەورە و مێرد و برابچووك و خۆشەویستەکانیشتان هەر وا بن؟ دوای ئەوەی کە دەستتان لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچێت دەست بە گریان دەکەن. بێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەك بکەن و هیچ تاقیکردنەوەیەکتان هەبێت خۆتان دەدەن بەدەستەوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە بێ چارەیی و چاوەڕوانکردنی کەسێك کە خاوەنداریێتیتان بکات بە چارەنووسێکی ئاسایی دەزانن. لێرەدا ئیرادەو بەردەوامی هێزی ڕادەوەستێت. هەڵبەتە یەکێك هەر هەیە ئەم موڵکە بکڕێت، بەڵام ئەمە موڵکێکی بێ کەڵکە. پێویستە ئێمە لەم خاڵەدا لە سەرچاوەی کێشەکەتان بگەڕێین. ئەگەر ئێمە ئەمە چارەسەر نەکەین نەك هەر وڵات و ئازادی گەل بەدەستناهێنین بەڵکو ڕێزیشمان نابێت. ژیان بریتی دەبێت لە درۆ و خەیاڵ و خەونێك کە هەرگیز پێی ناگەین.

شەڕکردنی ڕاستی سەرۆکایەتی لە پێناو ژیاندا، بەوشێوەیە نییە کە زۆرێکتان بیری لێدەکەنەوە. ئەمە ڕێپێوانێکە کە بە هەموو هێزی خۆی لە نێوەندی پڕ لە نەخۆشی و مرۆڤ وەدەرنانی گەلان و کوشتنی هیواکانیان و ژێرپێخستنی شەرەف و نامووسیانەوە و لە نێوەندی ڕاستیەکەوە کە، هەموو ئەمانەی تێدا جێگیر کراوە و لە بە دیلگرتنیش زیاتر پەستێوراوەتەوە، بەرەو دەرفەتی ژیانێکی بە شەرەف و واتا بەخشینە ڕاستینەی ژیان دەستپێکراوە و بەرزدەبێتەوە. لە دەرەوەی ئەمە هیچ شتێکی تر بوونی نییە. نە نامووس و نەشەرەف و نەهیچ تێربوونێکی ماددیش دەستەبەردەکرێت.

ئەوەی من لە پێگەی PKK دا بەدیدەکەم: وەك ئەوەی هیچ لە ڕەوشێکی وەهادا نەبێت و کەسێکی ئاسایی بن و لە زووەوە مافی ژیانێکی بە شەرەف و ئازادیان بەدەستهێنابێت خۆیان دەخەڵەتێنن. هیچ نەبێت مرۆڤ هەندێك بە حورمەت دەبێت. ئەگەر

Scanned by CamScanner

سەرۆکایەتی ئەم کارە هێشتا هێندە ورد و خوردە سەبارەت بەمە و لەم پێناوەدا هەناسەی لەبەرخۆی بڕیوە ئێوە چۆن دەتوانن وەها بیر بکەنەوە کە بوونەتە کەسێکی شایستە بە ژیانێکی وەها؟ دیارە وادەزانن کە بەدەستتان هێناوە و بڕاوەتەوە. چەمکەکانتان و ئەوانەش کە دەتانەوێت پەنایان بۆ بەرن هەموویان بە بەرچاوەوەن. کەواتە بۆچی خۆتان فریودەدەن؟ لە بیرتان نەچێت کە ئێوە بەم ئاستەوە گفتوگۆشتان پێناکرێت. هەموو هەڵسوکەوتەکانتان بۆنی خۆبەدەستەوەدانێکی کۆیلانەی لێدێت. لە چوارچێوەی سۆزداری و منداڵانە دەرنەچوون.

شۆڕشگێڕی بە ڕێزگرتن لە ژیان و بڕیاردان بۆ بوون بە کەسایەتیەکی ئازاد دەستپێدەکات، بەڵام ئێوە بە دەستووری عەشایەری و کلتووری خێزانییە باوەکانەوە دێنە ناو پارت. نازانێت بڕیاری بۆ چ شتێك داوە و دەیەوێت ببێت بە چی و چۆن بەمە بگات؟ دەبێت لە سەرەتادا بە هەڵەداچووبن یاخود ڕانەهاتبن و فێرنەبووبن بەڵام درێژەدان بەمە شتێك نییە لێی خۆش ببین.

پیاوان زۆر بە هەڵە ڕایان هێناون.

چەمکی ئازادی ڕێگا بە نزیکایەتییەکی لەم جۆرە نادات. نەئافرەتێك نەلە خۆم و لە پیاوێك نزیك دەکەمەوە و نەدەهێڵم پیاوێکیش لە ئافرەتێك نزیك بێتەوە.

پرەنسیپی من ئەمەیە.

هەر ئافرەت و پیاوێك بیانەوێت لەم ڕێگایەدا لەگەڵم بن پێویستە بزانن بێ ئەوەی بگەن بەم ئاستە مافی ئەوەیان نییە تەماشای ڕووخساری یەکتریش بکەن. ئایدیۆلۆژیا و ژیانێکتان هەیە کە پێی ڕاهاتوون؟ کەواتە بچۆ لەوێ ئەمە بژێنە. فەلسەفەی ژیانی سەرۆکایەتیش ڕوون و ئاشکرایە. هەموو گوزارەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستنی پێویست بۆ ژیان ڕوون بوونەتەوە و وەهایان لێکراوە کە بتوانن بە ئاسانی بیانکەن بە گەوهەرێك لە خۆتاندا. ئێوە دەزانن کە ئێمە بەهایەکی چەندە گەورە دەدەین بە ئازادی ئافرەت. کەسایەتی ئافرەتێکی ئازاد تەنها بەسەر پارتێکەوە یان گروپێکی کارەوە کاریگەری نییە، بەڵکو ئەو ژیانەیە کە کاریگەری لە نەتەوەیەکدا دروست دەکات.

پێویستە بڕوا بەمە بکەن؛ تا نەیەنە سەر ڕێی ژیانێکی ئازاد و نوێنەرایەتی ئەمە لە پرەنسیپ و پراکتیکدا نەکەن نە پشوومان بۆ هەیەو نەدەشهێڵین بە بابەتی ترەوە خۆتان سەرقاڵ بکەن. ئەوەی زۆر توورەم دەکات بەچەشنی کرمێکردن لەم لاو ئەو لاوە هاتنە ناوەوەی هەندێك کەس و بەتایبەتی پیاوانە بۆ ناو ئەو دەرفەتی ئازادیەی بە هەزار

Scanned by CamScanner

چنگەکرۆزێ و ڕەنج پێشمان خستووە. سەرباری ئەوەی کە دروست و گەوهەریانە ناژی و توانای خۆشەویستی نییە، بە پشتبەستن بەهێز و دەسەلات دەیەوێت لەناو پارتدا ئەمەمان بە سەردا بسەپێنێت.

کەسێکی دۆگمایی نیم و هەولدەدەم چاودێری زۆر پێکهات لە ژیاندا بکەم. بەلام ئەمانە دوور لە پرەنسیپ و هەلوێست ناکەم. "حەزیان لەتاقیکردنەوەیەتی، حەزیان لە ژنە، حەزیان لە پیاوە" باشە بلێی بزانن کە دەستی یەکتر بگرن؟ ئەگەر بیانزانیایە ئەوا بە چەپلە بەرەو پیریان دەچووم. لە بەینچوونێکی بێوێنە هەیە. واتا لە جێگایەك کە دەکرێت لە ڕێی شەڕەوە هەندێك دەرفەتی ژیانێکی ئازاد بەرەو پێش ببرێت، هەبوونی شتێکی وەها نیازتان چەندە پاکیش بێت پیلانگێڕی و لە پشتەوە خەنجەر لێدانە. زەبرێکەو لە کەسایەتی ژیانی سەربازیمان دەدرێت. بۆچی تەنها یەکێکیشتان ئەمەی بەدینەکرد؟ لە دەرەوەی ئەوپەڕی خۆپەرستی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر بۆ ئەمە هەیە؟ باکەسیش بە هەلە لێم تێنەگات.

پێویستە خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە تا سەر ئێسقان ببین بە هی یەکتری و هاوبەشی بە یەکتر بکەین. ئەوە درۆیەکی گەورەیە کە دەلێن: "ئێوە بێ عەشق و جۆشن".

کێیە ئەوەی بە عەشق و جۆشەوە دەژی؟

ئەوە کێیە پێی وایە بە سەپاندنی ڕەمەك بە سەر یەکتردا دەتوانێت بە عەشق و جۆش و خرۆشەوە بژی؟ ئەگەر ئەمە عەشق بێت کەواتە ئەو گوندیانەی ئێمە کە کۆیلەی سێکسێکی قەبەن لە هەموو کەس عاشقترن. کەواتە ئەو ئافرەت و پیاوانەش کە لە مالەکانی لە شفرۆشیدان لە گەورەترین عەشقدا دەژین. ئێوە لە کوێوە فێری ئەمە بوون کە عەشق و جۆش بەم جۆرەیە؟ لە چ کتێبێکەوە ئەمەتان دەرهێناوەو کام ڕاستینەیەی ژیان فێری کردوون کە بەم جۆرەیە؟ بە چ بەهانەو بوێریەکەوە هێندە خۆتان دەخەنە ژێر باری سۆزداریەکی وەها هەرزانەوە؟

ئەگەر بتانزانیایە بە ڕاستی یەکتریتان خۆشبوێت، دەستی یەکتر بگرن و باوەش بە یەکدا بکەن ئەو کاتە پێم دەگووتن: "ئافەرین، هەر بژین" بەلام وەك گووتم هەموو ئەمانە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەو شەڕە گەورەیەی لە پێناو ژیاندا دەیکەین پێشدەکەون. لەسەر بنەمای دژایەتی کردن و تەرەیی کردن و پووچەلکردنەوەی هەموو کەسایەتی و ئەرکە پیرۆزەکانی ئەمە پێشدەکەوێت.

Scanned by CamScanner

ئەوەی کە زۆر بەلامەوە سەیرە چۆن کوتوپڕ لەمە تێنەگەیشتن و هەڵوێستتان لە بەرامبەریدا پیشان نەدا؟ لە ڕاستی کۆمەڵایەتیماندا نزیکایەتی سێکسی لەسەر ئەم بنەمایە نەبووە بە گەورەترین کێشە؟ گەورەترین بواری کۆیلایەتیمان نییە؟ ئێوە هەروا بە شێوەیەکی دروست لەمە تێناگەن و چاوەڕوانی ئارەزوویەك دەکەن و دەبنە ئامرازی ئەم نزیکایەتیانە ! ؟

ئێمە هەرگیز و هیچ کاتێك پێشبینی ژیانێکی بێ عەشق و جۆشمان نەبووە. کەچی ئێوە سەرباری ئەوەی کە دەڵێن پابەندین، هێشتا لە ڕەهەندی عەشقی ئەو شەڕە تێنەگەیشتوون کە بەڕێوەی دەبەین. من وەك هەڤاڵێکتان تا ئەم تەمەنەم بە جۆشێکی گەورەوە هاتووم کەچی هیچ ئەنجامێکی لێهەڵناهێنجن. لە کاتێکدا داستانی ژیانێکی ڕاستەقینە لەمەدا شاراوەیە. داستانی شەڕانگێزێکی قسەزان کە گەوەترین شەڕی سۆزداری هەیە. کێ لێیتوێژیوەتەوە؟ لە ئێوە دەپرسم؛ بێ ئەوەی لەمە تێبگەن هەر جار ناجارێك لە باسەکانتاندا دووپات کردنەوەی: "سارد و سڕی، گەرم و گوڕی یان بێ مەیلی یاخود دوورکەوتنەوە لە پەیوەندیدا" هەموویان بێ ڕێزیەکی گەورەن.

ئێوە هێشتا لەوەش تێنەگەیشتوون کە چی ئێوەی بەرەو وڵات بردووە.

چ بایەك پاڵتان پێوە دەنێت؟

ئێوە پێناسەی ئەمەشتان پێ ناکرێت. بە پێچەوانەوە لە نابەرپرسیارێتیەکدان کە هەرچیەك دژ بە بەها شکۆ بەخشەکانە ئێوە نوێنەرایەتی دەکەن. ڕۆحتان لە زووەوە مردووە. هەندێکتان هێشتا پارێزگاری ئەم ڕۆحەم بۆ دەکەن. دێنە بەرامبەرم و دەڵێن: "منیش ڕۆحم هەیە" هیچ ئاگایەکی لە ڕۆحی پیرۆز و ڕۆحی گەورەی ئازادی نییە و دەڵێت: "ڕۆحمان هەیەو سۆزمان هەیە"

بەڵایە..

سەرباری ئەوەی کە لە ڕۆح و ئیرادەی نەتەوەییدا هێندە چەپڵەم بۆ لێدەدرێت من هێندە لە خۆم ڕازی نیم. هەڵسوکەوتی هێندە سووك و لە ڕەمەك هەڵنووتیووە و کەچی زۆر چاو کوێرانە ئەمەمان بە سەردا دەسەپێنێت. ئایا دەبێت مرۆڤ هێندە لە هەڤاڵی خۆی تێنەگات و بیکات بە قوربانی خۆپەرستی خۆی؟

چەند هەڤاڵی ئافرەتمان هەیە کە پلانێکی بەهێزیان بۆ ژیان هەبێت؟

لەناوتاندا کێ هەیە خاوەن پرەنسیپ بێت و لە پرەنسیپ تێبگات و بە پرەنسیپ بەڕێوە بچێت؟ پێکهێنانێکی هێندە چواردانکیشمان لێتان نەویستووە. بەڵام هیچ نەبێت

Scanned by CamScanner

بالێگەڕینتان هەبێت و بە پێویستی بزانن بۆ خۆتان. پێویستە بۆ ئەو ڕۆحە بگەڕێین کە ونمان کردووە.

ئاساییانە پەیوەندی دانان لەولاوە بمێنێت، ئێوە هێزی سڵاوکردنتان تێدا نییە. من هەموو شتێك وەك شەڕ بەدیدەکەم. ڕوو لە کام دۆستیشم بکەم لەوێدا پشوودان نا بەڵکو سەرەتای شەڕێك دەدۆزمەوە. گەل چاوەڕوانت دەکات و هیچ درێخیەك لە ڕێز پیشاندانا ناکات، بەڵام من بۆ شەڕ دەچمە ئەوێ.

لە ئێوە ورد دەبمەوە لە کوێ پێویست بکات شەڕ بکەن ئێوە بەرەو خۆبەدەستەوەدان و ئاسانی ڕادەکەن. هەر زەمینەیەکی خۆ بەدەستەوەدانتان بەدیکرد تا سەرئێسقان بەتاڵ دەبنەوە و دەگرین و خۆتان بەدەستەوە دەدەن. پێتانوایە بەمە ئەوەی خۆشتانویستووە و ئارەزوویتان کردووە پێی گەیشتوون. تەنانەت هەندێکتان بە عەشقیشی دەزانن. سەرباری ئەم هەموو پێشکەوتنە تەنانەت ڕەوشی خۆشم زۆر بە هیوا بەخش نازانم. واتا سەرباری ئەو هەموو خۆشەویستیەی گەلەکەمان و ئافرەتان وەها تێی دەڕوانم.

دەڵێم: بەشکو شەڕ هەندێك بەهێزترمان بکات. من هەرگیز لەو خاڵەدا ناتوانم بژیم کە هەندێ کەسی بێ هودە دەڵێن: "دەتوانین تێیدا بژین" ئەگەر لێم بپرسن هەڤاڵ بۆچی لەم خاڵەدا ناتوانی بژیت؟ دەڵێم: بۆچی خانم و ئاغاکانمان لەمە ناکۆڵنەوە؟ بۆچی ڕێزی لێناگرن؟ کوانێ دەتانگووت: کە ئێمە هەڤاڵێکی زۆر گرنگین بۆ ئێوە؟ هیچ نەبێت لەوانە پاشکەوتووتر نیم کە بێ خاوەن کەوتوونەتە ئەوناوە. بە پێچەوانەوە ڕەنگە لە ئێستادا وەك بەهێزترین کەسی ئەم گەل و وڵاتە دیاربم. سەرباری ئەوەش وەك ئەم پیاو و ئافرەتانە ئارەزووی ژیانکردنی خۆم ناکەم. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نایەت کە من هیچ ڕەمەکم نییە. ڕەنگە لە هەموو کەسیش زیاتر بێت، بەڵام کاتێك بیر لەو خاڵە دەکەمەوە کە منی پێدەگەیەنێت و لە ڕووی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەوە خۆم هاوسەنگ دەکەم لە نێوان دوولادا دەکەومە نێو بێنە و بردەیەکی گەورەوە. من هەر لە منالیەوە ئەمەم بەم شێوەیە تاوتوێکردووە.

هەموو شتێکیم پێ زەحمەت بوو، شەرمەندە و بێزاری دەکردم. بۆئەوەی بەسەر ئەمەدا سەرکەوم هەمیشە هەوڵی فێربوونم دا. لە فێربوون و خوێندندا هەمیشە یەکەم بووم.

Scanned by CamScanner

من دەتوانم لە یەك ڕۆژدا، تێربوون بەو شێوازە گەندەڵەی نێو خێزان و جێگرتن لە نێو قاڵبە ڕسواکانی سیستمدا چارەسەر بکەم. کوتوپڕ پەنجە دەخەمە سەری و دەڵێم کێشەکە لێرەدایە و چارەسەری دەکەم. لەم ڕووەوە هەمیشە بە توانا بووم. بەڵام کاتێك ئەمەم لەگەڵ ڕاستی مرۆڤایەتی و گەلان و خۆماندا پێکەوە کرد بە یەك ئاماژە، لە دوا ساتدا لێی پەشیمان بوومەوەو دەستم کێشایەوە. ویستم بیکەم بەڵام نەمتوانی بیکەم.

کێ دەتوانێت تابلۆیەکی بەم ڕەنگە پەسەند بکات؟ تەماشای دایکان و کچان و منداڵان بکەن. لە پێناو پارچەیەك ناندا بە دەیان جار خۆیان لە قوڕدا دەگەوزێنن. کەسێك کە کەوتبێتە ئەم ڕەوشەوە هەموو شتێکی خۆی لەدەست داوە. ئێمە ناتوانین خۆمان لەمانە جیا بکەینەوە.

ئەوانە کە گەلی ئێمەن و ئەنجامی تێکۆشانمانن، وایان بەسەردەهێنرێت. چاوەڕوانی فریادرەسێکن ڕزگاریان بکات. کام کادرمان بە بیرکردنەوەوە لەمانە دەژیت؟ بێگومان ئەمە جگە لە شەهیدان و هەڤاڵانی زیندانمان کە هەریەکەیان بەهانەی شەڕێکی گەورەن.

هەموو شتێك کەمەندکێشی شەڕمان دەکات.

کام فەرماندارى هێژامان ئەمانە وەك خۆی دەبینێت و لەسەر ئەو بنەمایە ڕەوتی ژیانی دەستنیشان دەکات؟ پێویستە هۆشمەند بن و چاو بە هەموو فەرماندارەکانتان یاخود کادرەکانتاندا بخشێننەوە و بزانن بەپێی ئەم ڕاستیە دەژین یان نا؟

پیاوی کورد کۆمەڵێك لاوازیی بنچینەیی بەرچاوی هەیە. پیاوێکە توانای هیچ پێشکەوتنێکی کلتووری، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە، تەنانەت پێداگریەکی ئەوتۆی بۆ لێکەڕین و تێگەیشتنیش نییە. کاتێك بۆ ئەم پیاوە خۆپەرستی و کات بەسەر بردن دەبێتە جێی باس و لەوەش خراپتر کە ڕووی تێکردیت و گووتی: "تۆ چی لە ژیان تێدەگەی؟" ئەوا بە ڕوانگەیەکی ئەوپەڕی تەسك و سووك تەنها شتێك کە بیری لێدەکاتەوە و چاوی تێبڕیوە لایەنی سێکسی ئافرەتە. خۆزگە بوارمان هەبووایە ئەمانەمان بکردایەتە ڕۆمان.

بوونتان بە ئامێکرێکی سێکسی و ملکەچکردنتان بۆ ئەمە زۆر قێزەون دەبینم. من لە ئێوەدا تێکۆشانێکی گەورە بەرامبەر بەمە بەدیناکەم. بە پێچەوانەوە خۆتان بەدەستەوە دەدەن و زەمینەی بۆ خۆش دەکەن بۆیە منیش ئێوە بە تاوانبار دەزانم. سێکسێك کە بەو شێوەیە بێت با هەر نەبێت. ئەم پیاوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە گوزارە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕێکخستنیەکانەوە نییە، کاتێك بە ڕکردن بەرەو لای ئێوە دێت

Scanned by CamScanner

خۆی وا پیشاندەدات کە خاوەنی ژیانێکی ڕێك و پێك و سەرکەوتووە. لە ڕاستیدا ئەو بە ڕکردن بەرەو لای سێکسی ئێوەیەکی بێ چارەو سووك و بێ توانا لە پێشکەوتندا دێت و هیچی تر.

چۆن تائێستا ئەم پیاوەتان نەناسیوە؟

بابڵێین ئەوان لەمە هەندێك پیاو سالاری و سەپاندنی دیکتاتۆری و پۆخڵی و ژنێتی[1] خۆیان بەسەر ئافرەتدا دەست دەکەوێت، ئەی ئێوە چیتان دەست دەکەوێت؟ بۆچی تا ئێستا ئەمەتان نەخستۆتە ژێر لێپرسینەوە و لێتوێژینەوەوە؟

ئایا ئەم پیاوە پێکەوەییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئێوەدا دەزانێت؟

بۆچی لێتوێژینەوە لەسەر ژیان ناکەن؟ دەتانگووت توانای لێکۆڵینەوەمان هەیە ئەی کوانێ؟ سەرنج بدەن من لێرەدا باس لە ناسکیەك دەکەم. دەکرێت بڵێن: "خۆشەویست، ئەگەر تۆ دەزانیت منت خۆشبوێت ئەوا ڕۆح و گیانی منی" بەڵام پیاوێکی وەها بوونی نییە.

تەگبیری من بەرامبەر بەمە چی بوو؟ وازهێنان و دەستکێشانەوە بوو لە پیاوێتی. پیاوێتیەکی بەم ڕەنگە خوێنم دەمەیەنێت. باشترین چاکەم لەگەڵ خۆم و ڕەنگە تارادەیەکیش لەگەڵ ئافرەتدا کردبێت کە ئەمەم پەسەند نەکرد.

هەمیشە لە خۆم پرسیوە: "کچێکی گەنج لەگەڵ پیاوێکی وەهادا چۆن هەڵدەکات و چۆن پەسەندی دەکات؟" تەماشا بکەن من وەك ئێوە کچێکی گەنجیش نیم، کەچی لە ئێوە زیاتر و تەنانەت لەچاو ئێوەدا ئەم پرسیارە زۆر بە بڵێسەدارتر لە خۆم دەپرسم. لەم واتایەدا بە ژن کردن واقیعێك نییە کە تەنها لایەنی سێکسی بگرێتەوە، بەڵکو کۆیلایەتیەکی قێزەونە.

بۆ ئەوەی بتوانن بەراوردێکی باشتر بکەن خۆتان بخەنە جێی گەنجێکی خوێن گەرمی تەمەن ٢٠ ساڵ کە پیاوێکی سەردەست دەیەوێت بە ناوی خۆشەویستیەوە بیبات. چەندە بە ژنکردنێکی مەترسیدارە. پیاو هەندێك هێزی هەیەو هەر وەك لە نموونە مێژووییەکانیشدا دەبینرێت زاڵمان هەمیشە بەم شێوەیە بەکاریانهێناوە. بۆ نموونە پاشا عوسمانیەکان ئەم تایبەتمەندێتیەیان هەبووە. "سوڵتان فاتیح موحەمەد" کە دەسەڵاتی خۆی پەرەپێدەدات پیاوان و کەسانی لە پێشی ئەو گەلانەی خستوونیەتیە ژێر دەسەڵاتی

---

[1] مەبەست لە بەژنکرنی هەڵوێستی پیاوانە بەرامبەر بە سیستمی باڵادەستیو دەم کوتکردنیانە بەرامبەر بەم سیتمە لە ڕێی ڕەوابینینی باڵادەستیان بەسەر ئافرەتانەوە.

Scanned by CamScanner

خۆیەوە دەیانخەسێنن. واتا لە ژێر جۆرە خۆشەکردنێکی تایبەتدا دەیانکەن بە ژن[1] لای زۆر کەس باسە کە "مستەفا کەمال"یش وەها بووە. لێرەدا سەردەستیەک جێی باسە. بۆ ئەوەی خۆیان بکەنە سمبولی ئەو گەلەی داگیریان کردووە "پرێنس"ەکەیان دەگرن و دەیخەسێنن و لە حەڕەمەکانی خۆیاندا دەیهێڵنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە کچەکانیشیان بردوون.

لێرەدا تەنها باس لەلایەنە سێکسیەکەی مەکەن و بە سەریدا تێپەڕن.

ڕێزپەڕیی و سەردەستیەکی هەمەلایەن و پۆخڵیەکی گەورەی تێدایە. پێویستە بوارە سێکسیەکەی بە زۆری لەم ڕووەوە شیبکرێتەوە. ئەمە وەك ئێوە بۆی دەچن لەسەر بنەمای ناچاریی نەکراوە، بەڵکو لێرەدا داگیرکاریەك دەسەپێنرێت. ئێمە لە دژی ئەمەین. هاوبەشی ئازادانە تا دوا ڕادە کەم کراوەتەوە، تەنانەت بڵێین هەر نەهێڵراوە و پێچەوانەکەی جێی باسە ڕاستتر دەبێت. کاتێك پەیوەندییەکی تاك لایەنەت داسەپاند، یاخود پەیوەندیت لە پێوانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕۆحی دابڕی، دەکەویتە تەڵەی ئایدیۆلۆژیای سەردەستانەوە. سەرەنجام دەستخەڕۆیەکی سێکسی دەبیت. ئیدی دوای ئەوە بە سۆزێکی ئافرەتانە بگریت و بنوزێنیت و هەراو هوریاش بخەیتەوە بێ سوودە، چونکە تۆ خۆت ئەمەت بە خۆت کردووە.

ئێمە هەروا لە خۆڕایی لەسەر پیاو شیکردنەوە ناکەین. ئەگەر لێرەدا پیاوی کورد و بەتایبەتیش پیاوی ناو ڕیزەکانی PKK بووە جێی باس ئەوا پێویستە ئەم شیکردنەوەیە زۆر پتەوتر ئەنجام بدرێت.

ئەگەر شیکردنەوە سەبارەت بە پیاو پێشنەخەن ژیانتان لە ژێر مەترسیدا دەبێت.

پێویستە بە شێوەیەکی تێرو تەسەل و زانستیانە ئەم شیکردنەوەیە بکەن. پێشنیارم ئەوەیە کە بە پرسیار پرسین شیکردنەوەی پیاو قووڵ بکەنەوە. ئەگەر ئیدی لە ڕیزەکانماندا بە هەموو پەیوەندییەکی دۆستایەتی و پیڕ پیڕی و دەست لەناو دەستی و قۆڵ بە قۆڵدا کردن و پێکەوە خەوتن دەگووترێت پەیوەندییەکی ئازاد ئەوا پێویستە پێکدادانێکی جددی بگرینە بەرچاو. تەنانەت پێویستە بیخەنە ژێر لێپرسینەوەوە.

ئێوە پێویستە پرسیاری "تۆ لەسەر چ بنەمایەك خۆشتدەوێم؟ پرەنسیپەکانی خۆشەویستیم بۆ بژمێرە؟ تا چ ڕادەیەك لەگەڵ مندا دەبیت؟ بە کوێم دەگەیەنیت؟" لەر

[1] ئەمە لای عوسمانییەکان کارێکی باو بووە و لاوانی گەلانی ژێردەستەیان بردووە و دوای خەساندنیان لە کۆشکەکاندا کاری خراپی سێکسیان لەگەڵدا کردوون.

Scanned by CamScanner

پیاوە بکەن کە دێتە بەرامبەرتان و دەڵێت خۆشم دەوێیت. کەچی ئێوە تەنانەت بیر لە سبەینێی خۆشتان ناکەنەوە. گریمان یەکێك هات و داوایەکی بەم شێوەیەی لێکردن. ئەو خۆی پیاوە باڵادەست و دەسەڵات بەدەستێکە. سبەینێ چی بەسەر ئێوە دێت؟ کاتێك پەیوەندییەکی چەواشە دەبێتە جێی باس پیاوان بە زۆری خۆیان لەسەر هەق دەبینن و ئەوەی تاوانبار دەکرێت هەر ئافرەتە. لە ڕووی ئەخلاقیشەوە "ئافرەتێکی بێ ئەخلاق یەکسانە بە پیاوێکی بێ ڕەحم واتا ئافرەتێکی ڕووخاو یەکسانە بە پیاوێکی ڕووخێنەر" ئێوە بێ لە بەرچاوگرتنی ئەم ئەخلاق و مەترسییە تاك لایەنەیە چۆن دەتوانن هێندە بێ خەم و ئارام بن؟

خۆزگە بگەیشتنایە بەو خۆشەویستییەی کە بە ئاواتیەوەین و ئامانجمانەو سات بە سات لە پێکهێناندا خۆی دەنوێنێت.

خۆزگە هەڤاڵانێکمان هەبوونایە کە بزانن دەستمان بگرن. گەر بمەوێت یەکێك دەستی من بگرێت، ئەوا هەمووتان هێشتا بیانین بەمە. ڕێزم هەیە بۆ پابەندی و خۆشەویستی هەمووتان، بەڵام هێشتا مەودایەکی زۆرمان لە پێشە کە دەبێت بیبڕین.

منیش تاسەو ئامانج و ڕاستی دەست لەناو دەستیەکم هەبوو. بۆ هاوبەشی کردن لەگەڵ ئافرەتدا کۆمەڵێك خەیاڵ و وێناکردن و کۆششم هەیە، بەڵام هێشتا بیر لەوە دەکەمە کە تا چەندە بەهێزی و ئیرادە و یەکسانی دەوێت.

ئەوەی سەرکەوتنی نەبێت عەشقی نابێت. ئەوەی سەرکەوتنی سەری نەگرتبێت عەشقیشی سەرناگرێت.

عەشق دیاردەیەکی وابەستەی سەرکەوتنە. ئەشق و سەرکەوتن دوانەیەکن یەکیان بێ ئەوی تریان نابێت. کەچی لای ئێمە بە پێچەوانەوەیە. هەرچی عەشق و هەست و سۆز هەیە لە کوێ بنکەوتن دەستپێدەکات لە وێوە هەڵدەقوڵێن. خۆی لە خۆیدا ئەمە پێناسەی "سۆزی خیانەت"یشە. پێویستە تەواوی ئەمانە لە هەموو پیاو و پەیوەندی و نزیکایەتیەکدا بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەموو نەتەوەو بوارە هونەریە جیاجیاکان بە سەدان ساڵ ئەمەیان خستۆتە ڕوو. هەرچی ئێمەین ناچارین هەموویان لەگەڵ شۆڕشدا بئافرێنین، چونکە پێش شۆڕش هونەرێك سەبارەت بەمە نەبووە. بە ناچاری تەواوی ئەمانە لەناو شۆڕشدا چارەسەر دەکەین.

ڕاشکاوانە پێتان بڵێم؛ ئەگەر ئاغا و خانمان دەیانەوێت واتایەك ببەخشنە لێکەڕینیان سەبارەت بە پەیوەندی، ئەوا فەلسەفەیەکی ئازادی ئەم شۆڕشە هەیە کە سەرۆکایەتی لە

Scanned by CamScanner

پێناویدا شەڕێکی گەورە بەڕێوە دەبات. ئەوانەی کە شەڕی ئافرەت، شەڕی سۆز، شەڕی پیاو، شەڕی جوانی ناناسن باس لە پەیوەندی چی دەکەن؟ ئەو سەرسەریەی واتا نادات، ئەمە دزێکە.

بە ئافرەتان نالێم کە: "دزن" چونکە ئەوان خۆیان هەردەم ڕفێندراون.

خۆزگە ئافرەتێك بیتوانیبایە کە پیاوێك بڕفێنێت.

پیاو کە بۆ خۆی کەسایەتیەکی ڕۆبۆتیانەی سەروبەر تیاچووە، ون بووە، زۆر زیاتر کۆیلەیە کەچی دەیەوێت ببێتە هاوسەری ئافرەتێك. هەموو هاوسەرێتی و مێردایەتیەکی پیاوی کورد ئەمەیە. کاتێك گەوهەرێك لە پەیوەندیدا بەدەست بهێنین هەرگیز ئەوە ڕوونادات کە ئەمە نەبینین. ئەو نوێکاریەی کە من هێناومە پێچەوانە کردنەوەی ئەمەیە. دەڵێین: "بۆ کەسایەتیەکی ڕۆبۆتیانەی تیاچوو ژن نییە". لە هەمان کاتدا ئەمە ئافرەتیش دەگرێتەوە. ڕووەو سەرکەوتن ڕاوەستن، سەرکەوتن بە بنەما بگرن، خۆتان بە کەسایەتی سەرکەوتووەوە شەتەك بدەن ئەو کات هەرچیەکتان بوێت بەدەستی دێنن.

دەبێت کچان ببنە سمبولی خۆ شەتەکدان بە کەسایەتی سەرکەوتووەوە.

زیلان سمبولیزە بوونی کەسایەتی سەرکەوتووە.

زیلان نازناوی یەکانگیرکردنی شەڕو ژیانە. بە واتایەکی تر ناسناوی یەکانگیرکردنی سەرکەوتن و عەشقە. بە لای ئێمەوە سمبولەکان گرنگن. چەندە بەها بدەنە سمبولەکانی ئازادی و تەنانەت ئەگەر کڕنوشیان بۆ بەرن ئەوا هێندە بەرز و باڵا دەبن. بە هەزاران بەهای بەم ڕەنگەمان هەیە. ئەگەر لە جیاتی بەهادان و شێوەگیریی بەمانە، چاوپۆشیان لێبکەن و PKK بە جوڵانەوەیەکی بێ ئاگا بزانن و ستایشنەکردنی بەهاکانمان بە سەردا بسەپێنن و ڕووکەشی بکەنە هەڵوێست ئەوا لێتان نابوورین.

بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوەوە لەناو پارتدا خەباتی ئافرەت ڕووکەشیانە تاوتوێناکەین. ئێمە وەك نێوبەنی نێوان دوالیستی عەشق و سەرکەوتن تاوتوێیدەکەین ئەمە پەیوەستە بە فەلسەفەوە و قۆناغێکی هەرە زەحمەتی دیالێکتیکیە. تەنها ڕێگای باڵا بوونیشە. ئەگەر بێتو لەمە پاشگەز بینەوە هەموو شتێکمان لەدەست دەدەین. ئەگەر بە ناوی ئازادیەوە قازانجێکمان کردبێت نێوبەنی نێوان ئەم دوالیزمەیە؛ بەستنەوەی سەرکەوتن بە عەشقەوە و عەشق بە سەرکەوتنەوە.

Scanned by CamScanner

ئەمە دیالێکتیکی ژیانەوە و ڕزگاری گەلی کوردە.

گەر دەست لەمە بکێشینەوە لە تەرمێکی بۆگەنکردوو زیاتر هیچ شتێکی تر نابین. باوەڕ دەکەم ئەمە گرنگترین پێهەڵگرتنە کە لە ژیانمدا هێزی بەدیهێنانیم هەبووە. هەرچەندە کەموکورتیشم هەبێت پێویستە پیشاندانی ئەم هێزە لەلایەن منەوە وەک پێشکەوتنێك هەڵبسەنگێنرێت. لە داڕووخانێکی گەورەوە نوێنەرایەتی کردنم بۆ باڵابوونێکی بەم ڕەنگە گەلێك گرنگە. سوود بەخشترین کارە بۆ گەلی کورد. خۆزگە لەمە تێبگەیشتنایە، تێیدا قووڵ ببونایەتەوە و هەر ملیتانێکمان پابەند بووایە بە ڕێبازی لە شەڕدا سەرکەوتن، لە ژیاندا خۆشەویستی، لە لوتکەدا یەکانگیرکردنەوەی سەرکەوتن و عەشق.

ئەگەر هەندێك کەس دەیانەوێت لەسەر بنەمای پەیوەندی گفتوگۆتان لەگەڵدا بکەن، یاخود ئێوە دەتانەوێت لەسەر ئەمە لەگەڵ هەندێك کەسی تردا گفتوگۆ بکەن؛ ئەوا چوارچێوەی هەرە باش و ژیانیمان بۆ دەستنیشان کردوون. کەس ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە و لەمە کەمتر لەناومان بخاتە ڕۆژەڤەوە. ڕوخسەتێکی وەهاتان دراوەتێ؟ ڕەنگە بڵێن ناتوانیت لە دەست داخوازە کۆیلەییەکانمان ڕزگارمان بکەیت، بەڵام هەرگیز ئەوەتان لە بیرنەچێت کە ئێمەش خراوینەتە ناو ڕەوشێکی زۆر خراپەوە. ئێوە لەمەش دواکەوتووترن. وەك ڕەگەزیش زۆر لە خوارتر و دواکەوتووترن. کێیە ئەوەی کە دەڵێت ژیان بە ئاسانی بەدەست دێت؟ ئەوەی بانگەشەیەکی بەم جۆرە بکات درۆزنێکی بێ وێنەیە.

ڕەنگە لە ڕابردوودا زۆر هەڵەگەورەتان کردبێت. بێگومان دەربازکردنی بارودۆخی کۆیلایەتیەکی هێندە خەست بێ هەڵە نابێت. بەڵام واتا نەدانی ئێستاتان بە دەرفەتی خۆ ئازادکردن و خۆ فیدانەکردنتان بۆ پێداویستیەکانی نزیکایەتیەکە لێبوردنی نییە. چونکە دەستتان داوەتە ژیانکردن و تێگەیشتن زەحمەتیشی هەبێت دەتوانن سەربکەون. تەنانەت بۆئەوەی بەڕێوەچونێکی واتادارتان هەبێت هەوڵدەدەم بە ڕەنگی سوور چوارچێوەکانتان بۆ بکێشم. ئەگەر لە تەواوی ئەم بوارانەدا بگەن بە چەمکێکی دیار، نەبووەو نابێت بەڕێوەچوونێکی سەرنج ڕاکێش و جۆشبەخشتان نەبێت و بانگی سەرکەوتن هەڵنەدەن.

ئێوە لە پیاوان زیاتر پێویستیتان بەمە هەیە. دەبێت بوێری و فیداکاریشتان زیاتر پشت بەم بنەمایە ببەستێت. لایان لەم ڕێگایەو پێداگری کردن لەسەر

Scanned by CamScanner

نەگەیشتن پێی، یان بە بچووك بینینی لە ئازادی دوورتان دەخاتەوە. ڕەنگە دواتر و درەنگتر هەست بەمە بکەن بەڵام ئەو کاتەش ئیدی کار لە کار ترازاوە. لەخۆدانی ئافرەتان و نا ئارام بوونیان لە ژیاندا بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە. بۆیە پێتان دەڵێم: لە جیاتی ئەوەی بڵێن حەیف، یان دوایی کاڵەك بە ئەژنۆتان بشکێنن و پەرێشان بین ئێستا بە پرەنسیپەوە هەنگاو بنێن. ئەگەر پێویست بکات قۆناغی زۆر گرنگی تەمەنی خۆتان بۆ ئەمە تەرخان بکەن. پلانی بۆ دابنێن. بە دڵنیاییەوە بۆ ئەمە شەڕێکمان لە پێشەو دەبێت سەریبخەین.

دووپاتی دەکەمەوە گەوهەری ئێوە بۆ ئەمە دەست دەدات. ئەوەی لێمان داوا دەکرێت شێوە پێدانیەتی. لێرەدا نابێت دوودڵبن، بەڵکو پێویستە ببنە خاوەنی هەولێکی وەها کە بڕوا بە خۆترین پیاوی ئەم پارتەش ڕاستبکەنەوە. بە واتایەکی تر کاتێك خۆتان لە شێوەی یەکێتی ئازادیی ژنانی کوردستان "YAJK" دا بەرجەستە بکەن و بگەنە ڕێکخستن، دەبنە چەکێك کە تەنانەت پیاویش دێنێتە سەر ڕێ. ئەگەر تاکو ئێستا نزیکایەتیەکی گونجاو بۆ ئازادی و یەکسانی جێی باس بوو بێت ئیدی ئەمە زیاتر گەورە دەبێت و ئەم قۆناغەش تێپەڕدەکەن.

"YAJK" دەتوانێت پیاوی کوردیش بهێنێتە سەرڕێ.

بۆ ئەمەش دەبێت ئەو هێزی بەرخۆدانیە بخەنە ڕۆژەڤەوە کە عەشق دەتاندات. ئەگەر عەشق واتایەکی هەبێت ئەوا دەبێت ناوی بە هۆش خۆهێنانەوەی ئەو کەسە بێت کە کۆتایی پێهاتووەو هەموو شتێکی فەوتێنراوە. دەبێت ئافرەت بەم شێوەیە لەمە تێبگات و بەپێی ئەمە بە دوای پەیوەندیدا بگەڕێت.

ئەمە سەرکەوتنی کەرامەتە. ئەمە هەم دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانییە، هەم ڕزگار کردنی ئەو پیاوەیە کە چەواشە و لەناوچووە. بەم شێوەیە نزیك بوونەوە لە پیاو ڕاسترە. بێگومان ئەگەر کەسانێکی بڕوابەخۆ بوو بۆ ئەم کارە لە نێوتاندا هەبن.

زۆربەتان زۆر لە سنوورەکانی ئازادی و یەکسانی دەکات و دەیەوێت پێی بگات، بەڵام دەبێت کەسانێکیشتان هەبێت کە زۆر لە سنوورەکانی پیاو بکات. ئێوە بە بوونە نموونەی ئیرادە، بڕوابەخۆبوون، خاوەنداریێتی کردنی بەهاکان و پاراستنی

Scanned by CamScanner

پارتی دەتوانن لەگەڵێك ڕووەوە پیاوانێکی کەم و کورِ و گرفتدار و مەترسیدار بە هۆش خۆیان بهێننەوە. ئێوە نازانن کە لەم ڕووەوە خۆتان بکەن بە ئامرازی ئەمە. دەرك بە توانستەکانی خۆتان ناکەن. تەنانەت دەرك بەهێزی ڕاستەقینەی ڕەگەزی و سێکسی خۆتان ناکەن.

وەها خراوەتە مێشکتان کە وەكماڵێك پێشکەشی بکەن و کەسانی تر ببنە خاوەنی. ئەمە واتای گیرخواردنە لە ڕەوشێکی بێ ئیرادەو بایەخ پێنەدراو و چاوەڕوانکردنی یەکێکدا کە بێت و بتانبات. لەهەمان کاتدا سەرچاوەی بە سۆزیی هەرزانیشتانە. کاتێك دەڵێم: پێویستە "بڕوا بە ئافرەت بکەین" مەبەستم لەو ئافرەتە ئازادەیە کە من بەم شێوەیە پێناسەی دەکەم: "خاوەنی خۆی و شوناسی خۆی بێت، خۆی نەفرۆشێت بەڵکو خۆی بژێنێتەوە، بەهێزی هزر و هەموو شێوازە کاریگەرەکانی گوزارشت کردنی هزر وە بەهێزی ڕاستەقینەی ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی هەمووان فێری ژیان بکات"

هەندێك کەس ئافرەتێکی بەم ڕەنگە زۆر مەترسیدار دەبینن. بە پێچەوانەوە من شەیدای ئافرەتێکی وەهام.

تەواوی پیاوان پێیان وایە بەم جۆرە پێشکەوتنی ئافرەتان مەترسی دەخاتە سەر ئەوان.

کەواتە لێیان دەپرسم ئەی کوانێ یەکسانی و ئازادی؟

عەشق لە کوێیە؟

ئەوەی کە لاواز بێت عەشقی نابێت. ئەوەی هۆشیاری نییە، خۆی بەدەستەوەداوە هیچ ماکێکی بە خۆشەویستیەوە نییە، تەنها شتێك لای دەست بکەوێت خۆبەدەستەوەدانە.

خۆبەدەستەوەدانی کەسێکی بێ هێز، بێ ئیرادە و هزر نەپشکوتوو بۆ تۆ جگە لە پەیوەندییەکی ڕەمەکی ڕێگا بە هیچ پێشکەوتنێکی تر نادات. ئەمە ئەدەبی بە ژنکردنە لای کوردان، ئەوەی لە مێردایەتیش چاوەڕوانبکرێت هەر ئەمەیە. با ئافرەت و پیاوی کورد بەوەی کە لە ئامانجدا یەکسانیخواز و ئازادیخواز بن و تادوا ڕادە دروست بن خۆیان بسەلمێنن تا ئێمەش بڵێین: "سڵاوتان لێبێت و هەربژین"

تەماشای مەیلە دیکتاتۆریەکانیش بکەن. دەڵێن گوایە "مستەفا کەمال"یش بۆ تەنها جارێك لەگەڵ ئافرەتێکی بە شەرەفدا نەبووە، یان لەگەڵ ئافرەتە

Scanned by CamScanner

سۆزانیەکاندا بووە یان لەگەڵ کچانی دەساڵدا جووت بووە. بۆچی؟ چونکە کەسانی دیکتاتۆر کەسایەتی و غەرِاییان ئەوە پەسەند ناکات کە لەگەڵ مرۆڤی بە شەرەفدا پێکەوە بن. بێگومان کەسی بێ هێز و بێ ئیرادەیان دەوێت.

هەندێك لە پیاوانی ناو ڕیزەکانیشمان لاوازن و بە دوای کچێکی گوندیدا دەگەڕێن کە بە خۆیانەوە بیبەستنەوە. کەواتە لە پیاوێکی وەها بترسن چونکە مەیلێکی دیکتاتۆرانەی هەیە. هەمیشە لەو پیاوە بترسن کە لە ئافرەتێکی خاوەن کەسایەتی ڕادەکات، یاخود دەیەوێت خۆی بە سەریدا زاڵ بکات و بیخەڵەتێنێت. هەرگیز چاوەڕێی هاوڕێیەتی و هاوسۆزی لەم پیاوە ناکرێت.

بێگومان ئازادی و نزیکایەتیەکی یەکسانتان دەوێت، بەڵام ئەوە لێکنادەنەوە کە لایەنی بەرامبەرتان تاچەندە بۆ ئەمە دەست دەدات. لەم ڕووەوە کوێرانە نزیك دەبنەوە. تادواڕادە بۆ خەڵەتاندن کراوەن. لە نزیکایەتیەکی هەرزان و تووڕەبوون بەولاوە نازانن ڕێگایەکی دیکە بگرنە بەر. هۆکاری سەرنەکەوتنیشتان ئەمەیە.

ڕەگەزی ئافرەت لە PKK دا دەتوانێت ببێتە ڕەگەزێکی ژیانی، ببێتە خاوەنی خۆی و ئیرادەو تێڕوانینێکی بەهێز، دەتوانێت هەموو پەیوەندییەك کە دێتە پێشی بە پاڵاوتگەی ڕەخنەدا تێپەڕبکات و تەنانەت بڕیاری خۆیشی بدات. داوای خۆشەویستی و هاوبەشیت لێدەکات؟

پێوانەمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە تا چەندە بە سەرکەوتنەوە خۆی شەتەکداوە.

کەسێك خۆی بە سەرکەوتنەوە شەتەکدابێت، کەسێکی جوان، دڵنزم، بەڕێز و سەلارە. هەڵبەتە مرۆڤ حەزدەکات لەگەڵ کەسێکی وەهادا ژیانێکی هاوبەش و خۆشەویستی و ڕێزێکی گەورەی هەبێت. دەکرێت خۆشەویستی بێ سنوور پێشبکەوێت. هەڵبەتە زەحمەتیش بێت ئێمە هەر پێوەی سەرقاڵدەبین. لە دەرەوەی ئەمە هەموو ئەو شیعر و شانامانەی کە دەڵێن: "تۆ فریشتەی خەونەکانی منی، تۆ خاکی بەرپێی منی" هەموویان درۆیەکی گەورەن. کاتێك لە فەلسەفەی پیاوی ئێستا ورددەبینەوە بە زۆری یەکێکە لەم دوو نزیکایەتییە. پێویستە بەرامبەر هەر پیاوێك کە مل نادات بۆ ئارەزووی ئازادی و ئەو شوناسەتان کە لە پێناو ئەمەدا دەمانەوێت پێشی بخەین، هەڵوێستە بکەن و تەنانەت پلانی ژیانتانی بە سەردا بسەپێنن. ئەگەر بێتە سەر ڕێ ئەوا ئێمە سەرکەوتووین. مەبەستم لە بەکارهێنانی بەهێزی چەکی ئافرەت ئەمەیە. بەم پێیە هەر پیاوێك بهێنرێتە سەر ڕێ،

Scanned by CamScanner

دەبێتـە پیاوێـك کـە هونـەری شـەڕکردنی بـەرزە. واتـا بـە هـەموو ڕەهەنـدەکانی شـەڕ دەبەخشێت و لە شەڕیدا بێ نرخیەکی وەك: "وەرە با ئێمە چێژ لە یەکتر وەرگرین" جێی نابێتەوە. بە هەمان شێوەی دژبەری ئێـوە بـۆ پەیوەندییـەکی وەهـا، ڕقـی لـە سـەپاندنی پەیوەندییەکی بەم جۆرە دەبێتەوە و خۆی بە ڕوویدا دادەخات.

ئەمەیە چوارچێوەی پەیوەندییەك کە ئێمە باسی لێدەکەین.

هەر کەسێك ویستی سـەبارەت بەمـە گفتوگۆتـان لەگـەڵ بکـات بڵـێن: "فـەرموو ئـەم چوارچێوەیەمان هەیـە" بەهـەمان شـێوە کاتێـك داوای هاوبەشـی کـردنیش بکـات هـەمان چوارچێوە بخەنە بەردەمی. ئەگەر گووتی ئەمـە چییـە و لـە کوێـوە هـات ئـەو کـات پـێی بڵێن: "بەسە ئەم گەمەیە و خۆخەڵەتاندن، داوات لێدەکەم کە هەندێك بەڕێز و تێگەیشتوو بیت" ئەگەر لەسەر ئەم سووکی و تێکشکاویەی خۆی پێداگری کرد ئەوا ئێوەش بە چەکی YAJK زەبرێکی کوشندەی لێبدەن. لەبەرئەوەیە کە ڕێکخستن هێندە بۆ ئێوە پێویستە. ئەگەر مەترسییەکی گەورە بە سەرتاندا بدات ئەوا هەموو ئافرەتان هەڵسێننە سەرپێ ئـەو کات هیچ پیاوێك بە منیشەوە ناوێرێت بە گەڕەکەکەتاندا تێپەڕ ببێـت و هـەموو شـتێکیش بـەپێی ڕەهەنـدی ڕێـز و پێوانـە ڕاسـتەقینەکانی تێکۆشـانی سـەرکەوتن و یەکـسانی و ئازادیەکی ڕاستەقینە دەبێت. لە دەرەوەی ئەمانـە دەرفـەتی بـە کاریگـەر بـوون لـە ڕێـی هێزی بەڕێوەبەرایەتی، زاڵمی و باڵادەستیەوە نییە. خۆی لە خۆیدا هیچ پیاوێکیش توانای ئەمەی نییـە، چونکە هـەموویان لـە دەرەوەی ئـەم پرەنـسیپانەدا جێدەگرن. ئـەخلاق و فەلسەفە و تەنانەت هێزی ڕێکخستنیشمان بەم شێوەیە ئامادەکراوە.

ئەمە شتێکی جوانە.

تادەچێت چوارچێوەکەمان زیاتر ڕوون دەبێتـەوە و سـەرەداوەکانی هەڵوێـستەیەکی بـەهێزتان لـە ڕێکخـستندا دەداتـێ. بۆیـە چـاوەڕوانی ئـەوە ناکـەین کـە ڕووبـەڕووی چەقبەستبوونێکی جددی ببنەوەو پێویستە ئێوەش ڕەخنـەگر بـن و ئـەوە بسەلمێنن کە کـێ داخوازەکـانی لاواز و چـەوت و چەواشـەن. زۆر بـە ڕاشـکاوانە خـۆم بـۆ هـەمووتان دەکەمەوە و بە ڕەوشی پیاوێك گەیشتووم کە هیچ ئافرەتێك و هیچ کەسێك لێمنەترسێت. بە واتایەکی تر کەسێکم خۆم لە پیاوێتی داماڵیوە و لە زووەوە دەستم لێی کێشاوەتەوە.

تۆ بڵێی ئەمە مەترسیدار بێت؟ کێ دەتوانێت چی بەرامبەر بـەم دەستکێشانەوەیەم بڵێت؟ پیاوان ئەمەیان بیستووە؟ دەستکێشانەوەی من پەسـەند دەکـەن؟ لـەو بڕوایـەدام

Scanned by CamScanner

کەتەنها هەڤاڵ "جومعە"[1] ئەمەی پەسەند کردبوو، هیوادارم کە پەشیمان نەبێتەوە. کێ دەیەوێت کە وەڵام بداتەوە بەڵێ دەنیز فەرموو:

**ه. د:** سەرۆکی من، خۆی لە خۆیدا چوارچێوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە. سەرۆکایەتی شێوەیەکی هزر و ژیانی ڕێکخستووە، بەڵام لە واتای ئەمە تێناگەین. بە رای من ئەگەر ل واتای تەواوی ئەمانە تێبگەین هەڵکەوتنێکی مەزن دێتە کایەوە. چونکە پیاوان لەم خاڵەدا چەمکێکی دیاریان هەیە، ئەویش ئەو چەمکەیە کە سەرۆکایەتی دەڵێت پێویستە دەستی لێ بکێشرێتەوە. تەنانەت لەبەر ئەمە هەندێك لە هەڤاڵانی کوڕ دەڵێن: "خۆزگە وەك ئافرەتێك بهاتینایەتە دونیاوە"

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەڵام ئەمە شتێکی خراپە.

**ه. د:** ڕەنگە خراپ بێت، بەڵام گەیشتن بەم بارە دەروونییەش دەکرێت بە پێشکەوتنێك لە قەڵەم بدەین. ئافرەتان لەم خاڵەدا دەرك بەهێزی خۆیان ناکەن. تا ئێستا کۆمەڵگا بۆ ئێمە...

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ڕاستە ڕەهەندی سێکسیش لەناویدا ئێوە دەرکتان بەهێزی خۆتان نەکردووە. هێندەی نەزانیتان بوونەتە ئامرازێکی پۆخڵبوونیش. گەورەترین تاوانیش لەمەدا شاراوەیە. بەڵام لە نموونە مێژووییەکان ورد ببنەوە. شان بە شانی هەموو خوداوەندە پیاوەکان ژنە خوداوەندیش هەن. دواتر لە شوێنە بەرزەکاندا جێی ئافرەت نامێنێت. بۆچی؟ چونکە کۆمەڵگای چینایەتی پێشکەوتووەو ئافرەت خراوەتە چینی ژێرەوە. ئەوەی لە ژێرەوە بێت نابێتە خوداوەند. بە هەموو جۆرێك پیاو باڵادەستە. خۆی "خوداوەندە قراڵ"[2]ە، باس لە خوداوەندە قراڵی ئافرەت ناکرێت، بەڵام پێشتر هەبوون.

ئێوە ئافرەتبوونی خۆتان لەدەست داوە یاخود لێیان ونکردوون. لەناو ئێمەشدا ئەمە زۆر پێشدەکەوێت. گەوهەری تەواوی شەڕەکانم و بنچینەی تەواوی لێگەڕەکانم بۆ دەستەبەربوونی شوناسی ئافرەتە. ئەمە لێگەڕێکی ڕەسەن و جوانە. ئەوانەی کە داوای پەیوەندی دەکەن و هەر دەڵێن "ژن" بۆچی لەسەر ئەم بنەمایە بە دوایدا ناگەڕێن؟ یان

---

[1] مەبەست لە "جەمیل بایقە" کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری PKK بووە و ئێستاش ئەندامی ئەنجوومەنی کۆما کۆمەڵێن کوردستان KKK یە.

[2] ئەو مرۆڤانەن کە لە کۆتایی سەردەمی دایك سالاری و سەرەتای سەردەمی باوکسالاریدا لە سالآنی ١٤٠٠ پێش زایندا هەم پایەی قراڵیان هەبووە و هەم خوداوەندیش بوون. هەبوونی ئەم خوداوەندە قراڵانەش تا سەردەمی جیاکردنەوەی پلەی قراڵی و خوداوەندی لەیەکتر بەردەوام بووە.

Scanned by CamScanner

ئەو ئافرەتەی ئەوان دەیانەوێت ئافرەتێکە کە زوو دەخەڵەتێت و بە ئاسانی ئارەزووی سێکسی خۆیانی پێ تێر دەکەن و دواتریش فرێی دەدەن. ئەمە نزیکایەتیەکی ئەوپەڕی مەترسیدارە. فەلسەفەو چەمکی ئێمەش پێچەوانەی ئەمەیە. ئا لێرەدا دەبێ خۆتان بتەکێنن و ببنە خاوەنی تێکۆشانێکی گەورە. ئەگەر نا ئەوا دەبنە سەرچاوەی تێرکردنی کۆیلایەتی و پۆخڵیەك کە پیاوی بەم ڕەنگە کۆیلەکردووە.

بڕواشناکەم پێداگری لەسەر ژیانێکی سووك و ڕسوا بکەن. لە ڕاستیدا تاسەی ئێوە لەم چوارچێوەیە دایە، بەڵام لەبەرئەوەی سیاسیانە نزیك نابنەوە و ئەوانی تریش بە هەموو ڕەنگێك لەمە دوورتاندەخەنەوە ناتوانن پێی بگەن و خۆتان بۆ ئەم تاسەیە پێ بەخت ناکرێت بۆ ئەم تاسەیە.

خۆشەویستیەك کە سیاسیانە و پێکهێنراو و ڕێکخراو نەبێت تاکڕەو و پەرتکەر و ڕووخێنەرە.

گەر بە ڕاستی کەسێکتان بینی کە تەنها بە قسە نا بەڵکو لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنی و چالاکیەوە خۆی سەلماندبێت ئەوا خۆشەویستیەك کە لەوەوە پێشبکەوێت واتایەکی دەبێت. ئەوەی لەمە ڕادەکات ئەوا لە ژێر هەموو نزیکایەتیەکانیدا کە بە ناوی خۆشەویستیەوە پیشانیان دەدات ساختەکاری هەیە و ئامانجی ڕووخاندن و سووك کردنە. بڕوادەکەم کە چیدی کەستان لەم خاڵەدا خۆی نەخەڵەتێنێت.

هـ. س : ئێمە خۆمان لە ڕووکەشی پێ ڕزگار ناکرێت. هەر وەك سەرۆکایەتی دەڵێت: "ئەم کونەو ئەو کون شوێن هەندێك شت دەکەون و کە دێنە بەرامبەر منیش خۆتان جیاواز پیشان دەدەن" لەم واتایەدا نزیکایەتی زۆرێکمان دروست نییە. ڕووکەشیانە نزیکدەبینەوە و هەڵسوکەوتی هەرزان دەگرینەبەر. بێگومان لە جێیەك قووڵنەبوونەوە و ڕووکەشی هەبێت عەشق بوونی نییە. پێویستە سەرەتا وەك مرۆڤێك خۆمان بکەینە سەرچاوەی هێز و مۆڕاڵ. من لەو بڕوایەدام کە لەم لایەنەوە بەرامبەر بە خودی خۆمان دروست نین. دەکرێت دووڕوویيەك لێرەدا بەدیبکەین. کاتێك مرۆڤ دووڕوو بێت هێزی سروشتی خۆی بەدەست ناهێنێت. مرۆڤەکانی دەوروبەریشت بە هەمان شێوە قاڵبی و نادروست لێت نزیك دەبنەوە.

بە ڕای من خۆشەویستی مۆدێل و ئامانجێکە. پێناسەکردنی یاخود پشتگیری لێکردنی بە لای منەوە نزیکایەتیەکی جددی نییە. پێش هەموو شتێك پێویستە ئافرەت خۆی لە ڕووکەشی ڕزگار بکات و ببێتە هێزێك.

Scanned by CamScanner

عەشقی کورد



دەرك بەمە دەكەیت؟

عەبدوڵلا ئوج ئالان: تۆ تازە دەرك بەمە دەكەیت؟

هـ. س: سەرۆكایەتی بە ساڵانە ئەمە دەڵێت، بەڵام من بە زۆری لەم خاڵە دووڕوویيەك بەدیدەكەم.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: من باسی یاساكانی شۆڕشتان بۆ دەكەم. گەر ئەمەیان پەسەند ناكەن، ئەوا دەبێت ژێرپێدكەوتن، فرۆشتن، جنێوخواردن پەسەند بكەن. لەبەرئەوەیە كە پێویستمان بە شەڕی ئازادی هەیە. ئێوە ئێرە بە خێزان و منیش بە سەرۆكی خێزان دەزانن. من هێشتا حەوت ساڵان بووم كە ئەمەم مەحكوم كردووە. پێویستە سیاسی بوونی گەورەمان، لەسەر بنەمای شەڕێكی گەورە بەرجەستە بكەین. ئەگەر ئێوە بەوچاوەوە لە پیاوان دەڕوانن من چی بكەم؟ ئەگەر وەك ژنێك خۆشتان بە هەمان شێوە بەشداری دەكەن من چی بكەم؟ بەڵام لە بیریشتان نەچێت كە ڕاستی سەرۆكایەتی نازناوی شەڕكردنە بەرامبەر بەمە. تۆ تازە دەرك بەمە دەكەیت كەواتە خۆت خەڵەتاندووە.

هـ. د : بە شێوەیەكی گشتی بە تێڕوانینێكی پیاوانە تەماشای ژیان دەكرێت. لە هەموو ڕوویەكەوە و بەتایبەتیش لە ڕووی سەربازیەوە. سەبارەت بە ئافرەت پێشكەوتنێكی جیاواز جێی باسە. كەچی دونیامان لیّ تاریك بووە، ئیرادە و بوون نموونە و پێشەنگ بوونیان نییە. سەرۆكایەتی لەم خاڵەدا پێشەنگایەتی دەكات. وەك خۆم من ئەو بە پێشەنگێكی ڕەگەزی پیاوان نابینم.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: هەڵبەتە من لە جیاتی ئەوەی سەربە ڕەگەزی پیاو بم، شەڕێك بەرامبەر ئەم ڕەگەزە دەكەم كە پێویستە ئافرەت بیكات. هەر وەك چۆن سەبارەت بە گەلی كوردیش بە هەمان شێوەیە، ئەو شەڕەی گەل كە گەل خۆی پەسەندی نەكردووە من دەیكەم. ئێستا پێداویستیەكانی شەڕی ڕەگەزیی ئافرەت كە پێكناهێنێت كەوتۆتەوە سەر شانی من.

هـ. د : لەم خاڵەدا بنبەستبوونێك بەدیدەكرێت. پێویستە لە جیهانی ئافرەتدا ئیستاتیكا و سەربازێتی و سیاسەت بە چ شێوەیەك بن؟ بە پێویستی دەزانم كە لەمەو دوا لەسەر ئەم بابەتە قووڵ ببینەوە.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: ئێرە خوێندنگایەكی بیّ وێنەیە. با هەمووتان دەمتان بكرێتەوە. بۆ ئەوەی بگۆیانە ئیرادەتان پێشبكەوێت بە شێوەیەكی كاریگەر سەرەداوەكانمان داوە بەدەستەوە.

Scanned by CamScanner

سەرۆکایەتی هەرگیز هێزێک نییە بە بچووک ببینرێت. ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئێوە. چونکە ڕێگا ی داوە بە ئیرادەی ئەم هەموو ئافرەتە کە پیاوانێکی هێندە هار و بێ پێوان و چەوت ڕاوەستێنێت. دەرگای بە ڕووی جیهانێکی ئازاددا کردۆتەوە.

ئێوە تەنانەت نازانن دەست خۆشیش بکەن. ئەمەش ڕقی مرۆڤ هەڵدەسێنێت. هەنگاونانتان بۆ ئەم دیوی دەرگای ئازادی و بوون بە خاوەنی هەنگاوە گونجاوەکانی ئەمە گەورەترین دەسکەوتە. ئێوە سەرۆکایەتی بە چی دەزانن؟ لە بیرتان نەچێت کە جەنگاوەرێکی تۆڵەسێنم. کەسێکم دەزانم کە چی دەکەم. پێویستە ئێوەش لەسەر ئەم بنەمایە لە هەڵسوکەوتەکانی خۆتان بکۆڵنەوە.

بە زۆر دەمکەن بە پیاو؟ نایکەم و نابم.

چیم لێدەکەن؟ بەڵام من دەتوانم بە سەرتاندا بسەپێنم: کەواتە هەموو ئەو پیاوانەی لە خەڵتاندان و چاوەڕوانی دەکەن مردن. پیاویش داماوو بێ ڕۆحە و هێندە بەهێز نییە. بە واتایەکی تر لە ڕەوشێکی زۆر زەحمەتدایە. لە ناکۆکی و شەڕێکی زۆردایە. پێویستە لەم داماوە تێبگەن. هەر ئەوەندەی لە دەست دێت من چی بکەم؟

ئەگەر پیاوان و ئافرەتانمان بەهێز بوونایە من هێندە بێ هێز نەدەبووم. ڕەنگە بەم جۆرە لە پیاوەتی دەرنەچوومایە. هەڵبەتە دەڵێن: "باشتر کە دەرچوویت" ئەمە دەرەنجامی شەڕێکی چل ساڵەیە. خۆشەویستیتان بۆ من لە ئەنجامی ئەم شەڕەوەیە. لە پێناو بوون بە واتادایە بۆ تاسەی تەواوی ئافرەتان. بۆئەوەیە کە هەندێک جوان ببین.

بەڵێ، ئێستا هەموومان پێکەوە جوان دەبین.

ئایا جوان بوون بەهادارە یان سێکسێکی قەبە؟ هەڵبەتە کەسێک کە دەیەوێت لەگەڵ ئافرەتدا پێکەوەییەکی هەبێت پێویستە سەرەتا جوان ببێت. پیاو لە جیاتی پشت بەستنی بەو هێزە قەبەیەی یا بە پشت بەستن بە جوان بوونی، هێز بداتە ژیان. من خۆم بەم جۆرە ڕانەگەیاندووە بەڵکو کۆشش دەکەم کە بەم جۆرە بم. ئەگەر مرۆڤەکان هەوڵدەدەن کەمێک خۆشیان بوێم لەبەرخاتری ئەم ئازادییەیە. ترس کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم خۆشەویستیدا، بەڵام هیچ ئافرەتێک لە من

Scanned by CamScanner

ناترسێت. ئەمە سەرەتایەکە بۆ خۆشەویستی. هەڵبەتە بەس نییە. چونکە جوانیش بەنێکی نەپچڕاوی هەیە بە سەرکەوتنەوە.

خۆی لە خۆیدا جوانبوون خودی ئازادییە.

ئەمەش بە شەڕ دەست دەکەوێت. شەڕیش ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و ڕێکخستنێکی بێ وێنەی دەوێت. کاتێک لە شەڕدا ڕاستی کورد بووە جێی باس ئەوا جەنگاوەرییەکی بێ ئامانی لەناو ناهاوسەنگی هێزدا دەوێت. جەنگاوەرییەک کە سنووری ژێری دەبەزێنێ و ژێرکەوتن ناناسێت. دیالێکتیکی جوانی لای ئێمە بەم ڕەنگەیە. هەروەها ئەو ڕێگا یەی بەرەو خۆشەویستی دەچێت بە خۆ گەیاندن بەمەدا تێپەڕ دەبێت. دەڵێم کە من ئەمەم هەندێک تاقیکردەوە و دەبینم پێشکەوتن خراپ نییە. ئەوەی گرنگە سەرقاڵبوونی هەمووتان پێیەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت.

کاتێک دەڵێین پاشگەزبوونەوە لە پیاوێتی واتا بەرز بوونەوەی ئافرەتێکی سەرکەوتوو بەرامبەر بە کەم بوونەوەی مەردایەتییەکی کلاسیک لە پیاودا. کاتێک دەڵێین: "ئیدی بەسە پیاوێتی" واتا دەڵێین: "پێویستە ئافرەت بەم ڕادەیە بەرزبکرێتەوە" کاتێک ئەو ئاستە بێتە کایەوە ئەمانە یەکتر تەواو بکەن ئەوا هێزی سوپایەکی بێ وێنە و توانای شەڕ دێتە کایەوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم هاوسەنگیانەی من بکەن و هەوڵبدەن لە هەموو ڕوویەکەوە لە کۆششەکانم تێبگەن. ئەو کاتە دەبینن چوارچێوەی ژیان ئازادترە و مرۆڤەکانیش بوێرترن. لەم واتایەدا نموونەکەم دەتوانێت گەلێک شت بە گەلی کورد و تەنانەت گەلانی تریش بدات. ئەگەر شێوازی سەرۆکایەتی کردنم مەیلێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە بە هۆی ئەم تایبەتمەندیە سەرکەوتوویەتی.

مادام زۆر شتمان لەدەستداوە کەواتە دەبێت زۆر لێکۆڵینەوەش بکەین. من نازناوی ئەمەم. مادام کێشە زۆرن پێویستە وەڵامیش پێشبخەین. من نازناوی ئەمەشیانم. من نازناوی ئەوەم کە پێی دەوترێت: "حەزکردن بەوەی کە خۆشتبوێت و خۆشبویستریێت". من ڕاستی چۆنێتی گەوهەر، گووتن، شەڕ و ژیانی ئەمەم.

شەڕی گەورەمان کۆششە لە پێناو ئازادی ئافرەتدا. تا دەچێت پرۆفیشناڵی و نزیکایەتی لەسەر بنەمایەکی ڕاست بەهێز دەبێت. هەر لە ئێستاوە ڕێگای بێ ئومێدە بەرزەکان خۆش کردووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هیواکان ڕووەو بەدیهاتن دەچن. ئەوەی جۆشم دەداتێ ئەمەیە.

Scanned by CamScanner

بڵند بوونی ئافرەت هێندەی بڵند بوونی گەلی کورد بەهادارە.

بە دڵنیاییەوە نابێت لەمە بسڵەمینەوە بەڵکو دەبێت شانازی پێوە بکەین.

پێویستە تەواوی پیاوانیش شەیدای ئەمە بن. بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە ئافرەتان پێویستیان بەوەیە، وە دەرك بکەن کە ئەمە بە ئاسانی نابێت، ئەگەر هاتوو ئێوە هاوبەشیان نەکەن، ئەوا نەك هەر مافی شەیدا بوون و هاوبەشی کردنی ژیان و دەست تێوەردانیشیتان نابێت، بەڵکو لەسەرتان پێویستە کە بە شێوەیەکی گەوهەری خۆتان بکەنە خاوەن بەشداربوون.

من لەو بڕوایەدام کە وەك دەوترێت و پەسەند کراوە ئافرەت شایستە بە بچووك بینین نین. لەمەدا هەمیشە گومانم کرد. کاردانەوەم بەرامبەر بەمە نیشاندا و گووتم: "بەم جۆرە گرتنەدەستی ئافرەتان بەسە" و هیچ کاتێك نەمویستووە ئافرەت بەو شێوەیە تاوتوێبکەن. ئێستا سەربارى ئەوەی دەرکەوت کە نزیکایەتی ئێمە زانستیانەیە، دەمانەوێت وەك هەبوونێکی ئیرادی بەرەو دیاردەیەکی بەرین کە ئیستاتیکانە و هونەریانە شێوەگیر بکرێت.

ئەمەشیان هەر جوانە.

عەشق پێشدەکەوێت.

ئەمە ئەو عەشقەی گەلی کوردە کە تازە بە تازە دەستی پێکردووە و لەگەڵ شۆڕشدا میوا دەبەشێتەوە. هیچ کەسێك ناتوانێت ئارەزووی ئەوە بکات کە بە خۆپەرستی و تاکڕەوی خۆی ئەمە بشێوێنێت. پێویستە ئافرەتانی نێو ڕیزەکانمان بزانن کە تا دوا ڕادە بە پرەنسیپ بن و وەك پابەندیەك بە وەسیەتەکانی زیلانەوە بەرێوەچوونێکی پتەویان هەبێت. بە رای من ئەمە تەنها هەڵوێستێکی پەسەند کراو و ڕاستە و هێندەی ئەمەش ئەو ژیانە جوانە بەدیدەهێنێت کە شەڕی بۆ دەکەین. بۆیە نرخێکی گەورەی پێ دەدەین.

هەر کەسێك لە ئێمە لەم بارەیەوە توانیبێتی تا کوێ بڕوات و چەندیش توانای سەرکەوتنی هەبوویێت با ببێت، ڕاستترینیانی ئەنجامداوە. تەنها جۆش و خرۆشەکەی لەنزیکایەتیە قەبەکان زۆر بەهادارترە. لەم چوارچێوەیەدا ئەو جۆش و خرۆشەی

Scanned by CamScanner

هەستی پێدەکەم، ئەگەر بکرێت لەسەر ئەم بنەمایە بە یەکتر ناساندنی هەردوو ڕەگەزەکە و بەیەك گەیشتن و هاوبەشی کردنیان لە ژیاندا بالآ دەبینم.

پێویستە عەشقمان لەسەر ئەم بنەمایە بێت.

۱۹۹۷/۲/۵

هەموو شتێك دەسا ملکەچیان بن
کە هەڵۆی ئاگری
ئازاد لە کۆیلایەتی ئافرەت
ئازاد لە زۆرداری پیاو بن

**شاعیرێکی ئەمریکای لاتینی**

Scanned by CamScanner

## ژیان بە ژنەوە بەهادارە

سەبارەت بە یەکەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی زیلان دەکرێت باس لە زۆر شن بکەین. دەتوانین لە ڕووی ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و سەربازیەوە باس لە کاریگەریەکانی چالاکیەکەی بەسەر گەریلا و بە سوپابوونی ئافرەتەوە بکەین. هەروەها هەموو ئەوانە بخەینە بەر گفتوگۆ کە لە دێرسیم ڕوویانداوە.

من لەم بارەیەوە لێکدانەوەیەکی باو ناکەم. شتێکی وەها زۆر واتادار نابینم. خۆی لە خۆیدا کە پێویستی کردبێت کراوە و پێویستیشە بکرێت. لە دێرسیمەوە دەست پێدەکەم. بۆ نموونە هەروەك زیلان لە نامەکانی خۆیدا ئاماژەی پێداوە و ئێمەش بەردەوام ڕەخنە لەم کەسایەتیە دەگرین: "بەردەوام باس لەوە دەکەن کە کەسایەتیەکی وردە بۆرژوان و کاریگەریەکانی کەمالیستیتان بەسەرەوەیە، ئەمانە جێی شەرمن و لێتان نایەت. لە بەرچی بەردەوام بە پێداگریەوە ئەم کەسایەتیەتان دەژێنن و ڕێگا بە کەسانی تریش دەدەن بیژێنن" هێشتا ساڵێك بەسەر چالاکیەکەی زیلاندا تێپەڕ دەبێت بەو هەموو شەهید بوونەی کە ڕوویداوە جارێکی تر ئەم ڕاستیەی خۆیان پشت ڕاست کردۆتەوە. ب دڵنیاییەوە دەیڵێم ئەگەر هەندێك ئەنجامیان لەم ڕەخنانە بەدەستبهێنایە و ڕێبازێکی گەریلایی شایشتە بە گەورەیی ئەم چالاکیەیان بەڕێوە ببردایە، لە باکوورەوە دێرسیم لە باشوور باشتر دەبووە قەڵایەکی تۆقێنەر بۆ دوژمن کە هەرگیز نەتوانێت ئەنجامی تێدا

Scanned by CamScanner

بەدەستبهێنێت. بەڵام ئەو ژیانەی کە ئەم کەسایەتیە بە خۆی ڕەوا دەبینێت ژیانێکە کە دوورە لە خولقکاری و قووڵبوونەوەو تەگبیر وەرگرتن. لە ڕاستیدا ڕوون نییە کە دەیانەوێت چۆن بژین و چۆن شەڕ بکەن. لە هەر کوێیەکەوە لێی دەڕوانین ڕەنگدانەوەی ئەم کەسایەتیە لاوازە بەسەر شەڕەوە و پێشبینی نەکردنی بۆ ئۆپراسیۆنێکی وەها قورسی دوژمن و وەڵامنەدانەوەی بە شەڕێکی بەهێز هۆکاری گرنگی ئەو لەدەستدانەیە. لە ڕاستیدا ئەوەی زیلان بە کەسایەتی خۆی وەڵامی داوەتەوە هەر ئەمەیە.

تەنها لەلایەن خۆیەوە ڕێکخستن و پلانکردن و سەرکەوتووانە ئەنجامدانی چالاکیەکەی دەکرا وشیارکردنەوەیەك بێت بۆیان. ئەو پێشکەوتنەی کە کەسێك بە تەنها لە ئاست خۆیەوە بەدیهێناوە ئەمانیش لە کەسایەتی خۆیاندا بەدیان بهێنایە ئەوا هەرگیز دێرسیم نەدەبووە ئەو گۆڕەپانەی کە دوژمن هێندە بە ئاسانی بکەوێتە ناویەوە و ئەنجامی باشی تێدا بەدەست بهێنێت. کەواتە شایستە بە یادەوەری شەهیدان نەجوڵاونەتەوە.

خۆلەناوبردنی ئەو هەموو کچ و کوڕە کە لەوێ بوون، ئەوەمان پێدەڵێت کە هەڵەی گەورە کراوە. هیچ نەبێت خۆشیان ڕێك نەخستووە. واتایەکی تەسکیان بە ژیان و شەڕ داوە. ژیانێکیان بە بنەما نەگرتووە کە دوژمن لە بەرچاو دەگرێت. لە پێناو پاراستنی ئەو ژیانەدا خۆیان وەك تیئێنتیەك کە لە شەڕدا دوژمن هەڵدەوەشێنێتەوە ڕێك نەخستووە.

ئەو کەسایەتیەی کە پێویستە لە دێرسیمدا دەستبەکاربێت کەسایەتیەکی وەك زیلانە.

هەر یەکێکی وەك ئەویش دەتوانێت لەسەر پێ بمێنێتەوە و بژی. ئێمە جەختمان لەسەر ئەمە کردبووەوە و گووتمان کە ئەمە نیشانەیەکی جددییە. گەریلا تا بڵێی قۆناغێکی زەحمەتی تێپەڕ دەکرد و لەهەمان کاتدا دوژمن تا دوا ڕادە خۆی کۆدەکردەوە. بۆیە گووتمان ئەمە سمبولێکە. ئەگەر دەتانەوێت لەسەر پێ بمێننەوە ئەوا پێویستە خۆتان بە گوڕ بکەن، تەنانەت هەر گەریلایەك بە وێنەی گەوهەری زیلان وەك بۆمبێکی وەها بەڕێوەبچێت کە نەك لە یەك چرکەدا بەڵکو بەردەوام بە دوژمندا دەتەقێتەوە. هەڵگرتنی ئەم بەڵا و ئافاتە گەورەیەی بەسەر کوردستانەوەیە بە کەسایەتی گەریلایەکی بەم ڕەنگە مەیسەر دەکرێت.

کاتێك تەماشای ئەو هەموو هێزەی گەریلا دەکەین کە لە باکوورەوە بەرەو باشوور هات، دەبینین بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە کەوتنە باشوورەوە و واتایەکی قووڵی پێنەدرا.

Scanned by CamScanner

تەنانەت لەسەر بەهاکانی پارت ژیانێکی هەرزان بە بنەما گیراو خولقکاری و کەسایەتیەکی بەرخۆدانیکاری پتەو پیشاننەدرا. دەرەنجامیش کۆمەڵێك لەدەستدانی بێ واتایە. ئەوەی کە زۆر پەستمان دەکات لە ساڵێکی وەك ئەمساڵدا ڕوودانی ئەمانەیە.

وریایی و تێگەیشتنتان لە ڕووداوەکان لاوازە. نە لە ڕاستی شەهیدبوون و نە لە هێرشی دوژمن تێدەگەن. بە پێچەوانەوە گرفتار دەبن و بێ واتای دەکەن و لە ئەنجامدا زەبر دەخۆن. لە کاتێکدا چالاکیەکەی زیلان دوژمنی تۆقاندبوو، گەریلاش زۆر بە ئاسانی پێی نابووە ئەم قۆناغەوە. بڕیارماندا بوو دەکرا پێکبهێنرێت. بەڵام ئەوەی لەناو ڕیزەکانماندا بەربڵاوە ئەوەیە کە یەکێك ئەنجامێکی بەدەستهێنا ئەوانی تریش بۆ ژیانێکی هەرزان لەسەری دادەنیشن. دووبارە ئەمە خۆی پیشانداوەتەوە و لەبەر بێ ئاگایی خۆتان ئەو هەموو شەهیدە دراوە.

کێ چی دەڵێت با بیڵێت گەریلا دەیتوانی ئەمساڵ سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت. ئەگەر لە کەسایەتی زیلان تێبگەن و بە ویژدانەوە بۆ پێداویستیەکانی خۆتان بەخت بکەن، بێگومان پێشکەوتنی گەورە دێتە کایەوە. لە ڕووی ڕەهەندەکانی تری ئایدیۆلۆژی و سیاسی و مۆڕاڵیشەوە بە هەمان شێوەیە. بە دڵنیاییەوە خاوەنی واتایەکە کە دەتوانێت چین بەچین هەموو کەسێك مەزن بکات. بانگەوازەکەی زۆر ڕاشکاوانە خولیای ژیان و بوێری پێوە دیارە. باس لەوەش دەکرێت کە دەبێت ئەمە وەك دەرفەتێکی گەورە هەڵبسەنگێنن.

بەڵام بەداخەوە زۆرێکتان ئەم ئاستەی لە کەسایەتی خۆیدا بەدەستنەهێنا. لەوە تێنەگەیشتن کە ئاستی ئایدیۆلۆژی و مۆڕاڵی چەندە کاریگەریان بەسەر شەڕەوە هەیەو ئەوەی پێویست بوو نەکراو کۆمەڵێك شەهید بوونی نەویستراو ڕوویدا. ئەگەر تەگبیرمان وەرنەگرتایە ڕەنگە تا ژێرکەوتنێکی خراپ بڕۆیشتایە.

لە زیلاندا کاریگەریەکی ئایدیۆلۆژی سەرنج ڕاکێش هەیە کە دڵ و مێشکی مرۆڤ دەکاتەوە و خۆپەرستی دەڕووخێنێت و خاوەن ئاسۆیەکی نەتەوەییە. چۆنێتی بەهێز بوونی سیاسی هێناوەتە ئاراوە. چۆنێتی دووربوون لە ئامانجی بچووك و ژیان کردنی لە پێناو ئامانجی بەرز و باڵادا سەلماندووە.

لە ڕووی ڕێکخستنیشەوە ئاماژەی بەوەی کردووە کە دووبارەکردنەوەی گێرەشێوێنی لەناو ڕێکخستندا هیچ واتایەکی نییە و خۆی بۆتە نموونەی هەڤاڵێکی هێژا. تا دواڕادە چۆنێتی بوون بە کەسایەتیەکی بونیادنەر و ڕێکخستەی لە پێش چاومان

Scanned by CamScanner

داناوە. هەموو ئەمانە لە شێوەی نامەیەکدا وەك بانگەوازیەك پێشکەش بە ئەندامانی پارت کران. من نالێم کە هیچ کاریگەریەکی نەکرد، بەڵام کاریگەریەکەی زۆر سنووردار کرا و لە ئەنجامدا نزیکایەتیەکی هەستیار بەرامبەر بە ڕێبازی شەهیدان دەرناکەوێت و لە کاتێکدا کە دەیتوانی ببێت بە هۆکاری گەلێك پێشکەوتنی گەورە، بە سەریدا تێپەڕ بوون. هەڵبەتە ئێمە وەك هەموو کاتێك واتا و تەگبیر وەرگرتنمان لە پێناو شەهیداندا لەدەست نەداوە. لەسەر بنەمای شەهیدبوونی ئەم هەڤاڵە نرخێکی بەرز و پیرۆزمان بە هەموو شەهیدانی تریش دا. قووڵبوونەوەیەکی بە گوڕمان بە بنەما گرت. شەڕی ناوخۆی ڕێکخستنیشمان زۆر چڕ و پڕ و دژوار بوو. چوارچێوەی واتایەکمان بۆ خۆمان دارشت کە ڕێگا بە هیچ شکستخواردنێك نادات. گەر کەسیش نەمێنێت ئێمە بە مسۆگەر کردنی مانەوەمان هەرگیز ڕێ بە شکستخواردن نادەین و ئەمڕۆش ئەوەمان بەدیهێناوە.

زۆر ئاشکرایە دوژمن ویستی یەکێك لە ئۆپراسیۆنە هەرە گەورەکانی مێژووی خۆی لە باکوورەوە دەست پێبکات و لە باشووردا بیگەیەنێتە ئەنجام. بەم مەبەستە فەرمانێکی گەورەی هێرشکردنی دەرکرد. لە شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی تورکەوە بیگرە گەورەترین ئۆپراسیۆنی ئەم دووسەدساڵەی عوسمانییەکان بوو. وە بەرفراوانترینی ئەو سەفەر بەللکانە بوو کە لەم دووسەد ساڵەی دواییدا هێنراوەتە سەر کوردستان.

سەفەر بەللکی بەم ڕەنگە لە مێژوودا لەلایەن سوپا گەورەکانی ئەسکەندەر، ڕۆمەکان، پارسەکان، ئیسلامیەکان یاخود جەنگیزخان و تەیموری لەنگەوە کراون. واز لەمانەش بهێنین ئۆپراسیۆنەکانی ئەمساڵ لە گەورەترین ئەو سەفەر بەللکانەیە کە لەم دووسەدساڵەی دواییدا هێنراونەتە سەر کوردستان، بە رای من دەستپێکردنیشی لە دێرسیمەوە واتایەکی گرنگی هەیە، چونکە چالاکیەکەی زیلان لەرزی خستە جەستەی سەرفەرماندارى گشتی تورکیا، لە تۆڵەی ئەمەدا شاڵاویان هێنایە سەر ئەوێ. لە ئەژێندای سەربازی تورکدا واتای لە جۆری تۆڵەکردنەوەو ڕێکخستنی سەفەر بەللکی قڕکردندا زۆرن. بۆ ئەوەی باجی ئەمە بە تەواوی پارت ببژێرن تاوەکو باشوور هاتن.

بە ئاشکرا بیڵێم کاتێك لە پراکتیکی هەمووتان ورد دەبمەوە ئەوە زۆر ڕوون دیارە کە تەگبیرەکانتان تێری تێپەڕکردنی ئەمە ناکات. گەریلای دێرسیمман وەڵامدانەوەی لێنەوەشایەوە. هەر لەوێوە تا باشوور هێزەکانمان پلانی بەرەنگاربوونەوەیەکی بەهێزیان دانەنا و پێکیبهێنن. تەنانەت لە باشووردا ئەگەر هەڵوێستەی شەڕمان نەبووایە تا دوایی بەڕێوەبەرایەتی ئەوێ دەرگای بۆ ژێرکەوتنێکی بێ کۆتا خستبووە سەر پشت. هەرچەندە

Scanned by CamScanner

لە هەموو هەرێمەکانیشماندا بووبێتە مایەی بەرەو دواوە گەڕانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێمە خاوەنی بڕیار و ئامادەکاریەکی پتەو بووین لە ئەنجامدا کاتێک هاتە بەردەممان دەبوو ڕاوەستێت. ئەوەبوو ئۆپراسیۆنەکە ڕاشوەستێنرا. لەمەش زیاتر وامانکرد کە ببێتە دواین سەفەر بەللکی قورسی دوژمن و دوا سەفەر بەللکی خیانەتکردن و کرنگرتەییش. ئەمەش گوزارشتێکە بۆ شێوازی شەڕی ئێمە. ئیدی ئێوە بژین یان بمرن، لە دەستیدەن یان قازانج بکەن، بە واتایەکی تر چی دەبن بابن پەیماندان لە ڕاستی سەرۆکایەتیدا بەم ڕەنگەیە و بە پتەوترین شێوەش پابەندە بە پەیمانی خۆیەوە. ئەمەش بەو شێوازە نەکراوە کە ئێوە دەیزانن، بەڵکو بە ئامادەکاری پراکتیکی ڕۆژانە و تەنانەت سات بە سات سەلمێنراوە. زۆر ئاشکرایە ئەم ئۆپراسیۆنانە بە واتای شکستخواردنمان دێت. چونکە لە ڕووی زهنی، ئایدیۆلۆژیی، سیاسی، ڕێکخستنی و خۆبەهێزکردنەوە سەرهەڵبڕین و سەرکەوتن دەستەبەرنەکراوە.

هەندێکی تر هەڵسەنگاندنەکان قووڵ بکەنەوە دەبینن گەر بۆ ئێوەی بەجێ بهێڵین چەندە شەڕیش بکەن دەرەنجامتان هەر شکستخواردنە. ئایا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەمە و کەسایەتی زیلاندا بەدیدەکەن؟ ئەگەر واتایەک لە کەسایەتی ئەو کەسە هەڵبهێنین کە هەڵساوە بە چالاکیەکی وەها و ساڵێکتان بەم پێیە بە گوڕەوە بەسەر ببردایە ئەوا شکستتان نەدەخوارد. ئەمەش چۆن دەبوو؟ لە کاتێکدا ئەو زۆر بە توندی وەک بۆمبێک خۆی دەتەقێنێتەوە دەبوو تۆش لە هزردا بە توندی گوڕ بەو بدەیت. دەبوو لە قووڵبوونەوەی سیاسی و ڕێکخستنی و بەتایبەتیش لە سەربازیدا بە گوڕ بووینابە نا شکست نەخۆییت.

زیلان: بریتییە لە هێما، سمبول، بانگەوازی و ڕاستی ئەمە.

یان دەبێت بگەن بە کەسایەتیەکی جەنگاوەری وەها یاخود شکست دەخۆن.

ئەم چالاکیە چەندە لە پێناو دێرسیمدایە هێندەش لە پێناو تەواوی وڵات و گەلدایە. ئەو گوتەیەی زۆر گرنگ و بەنرخە ئەوەیە کە: "یان دەبێت لە هەموو بوارێکدا وەک بۆمبا خۆتان بتەقێننەوە یان ئەوەتا شکستدەخۆن" لە ڕاستیدا من لەلایەن خۆمەوە هەولمدا هەندێک ئەنجامی لێهەڵێنجم و گووتم چەند زەحمەتیش بێت دیسان هەتا بۆم بکرێت وەلامی دەدەمەوە. ئەمەش بە گریان و نوزاندن و گەمەکردن بە دەرفەتەکانەوە ناکرێت بەلکو بێ ئەوەی لە قووڵی و هەمەلایەنی و خوڵقاری شێوازم کەم بێتەوە بە دەستکاری

Scanned by CamScanner

خستنە سەر دەسکەوتەکانی ترمان دەیکەم. ئەمە فەرمایشتێکە کە ناکرێت پێشی لێبگیرێت. تا سەرکەوتنی گەورە درێژە بە بەڕێوەچوونێکی سەرکەوتووانە دەدەین.

کاتێك ئەم ساڵ هەڵدەسەنگێنم لەلایەن خۆمەوە کەموکورتیەکی جددیم نەکردووە و هەرگیز نەبوومەتە مایەی بچووکترین شکستخواردن. بۆ سەرکەوتن هەموو شتێکمان هەیە. وەڵامدانەوەی ڕاستیش بەم شێوەیە دەبێت. ئایا ئێوەش دەتوانن خۆتان بگەیەنن بەهێزی وەڵامدانەوەیەکی بەم ڕەنگە؟ هێزیش ئەوەیە کە مەردبوونی لە خۆپێچانەوە و بەگوێرەی ئەمە خۆ بونیادنان نیشان بدەن. ئەمە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە کێن و دەتوانن چی بکەن یان چی نەکەن. پێم وایە سەرۆکایەتی ئەوەی کەوتۆتە سەر شانی جێبەجێی کردووە، کە پێویست بوو هەموو ئەندامانی پارتەکەمان بیانکردایە. چونکە بانگەوازەکە بۆ ئێوە بوو. تەنانەت بۆ گەل و مرۆڤایەتیش بانگەوازی هەبوو. گەر کەمیش بێت دەبوو وەڵامی بدرێتەوە، دەکرێت لەم ساڵدا پێی هەڵسن. گەر پابەندیتان هەبێت ئەوا تا تەمەنتان هەیە تەگبیری ئەمە وەردەگرن. هەروەك ئاماژەم پێدا ئەگەر لە شەهیدان ئەنجامێك هەڵبهێنجن ئەوا ئەم ڕێگایە نەبڕاوە لە بەردەممانـدا کراوەیە. هیوادارم کە پشتگوێی نەخەن و وەك خووی هەمیشەییتان بە بێ ئاگایی و لە بیرچوونەوە بەسەر ئەم شەهیدانەشدا تێنەپەڕن. بە ڕەهاییەوە دەبێت شان بدەنە بەر ئەمە و وەڵامێك بدەنەوە. گەر وەڵام نەدەنەوە ئەوا ڕوو ڕەش دەبن و ژیانیش لەدەستدەدەن.

ئەوانەی کە شەهیدانیان لە بیربچێتەوە و واتای پێویستیان نەدەنێ و تەنها سەرزارەکی نزیکیان ببنەوە ڕزگاربوونیان نییە. واتا پێدان بریتی نییە لە نیشاندانی پابەندی بە مردوویەکەوە، بەڵکو بریتیە لە ژیاندنەوەی ئەوان.

هەندێك لایەن سەبارەت بەم شەهیدبوونە هەیە، کە دەمەوێت زیاتر بیریان لێبکرێتەوە و هەستیان پێبکرێت. لە دوا ڕستەکانی نامەکەیدا باسکردنی لە پابەندی بەهێزی بە ژیانەوە و پابەندبوونی ژیانی مەزن بە چالاکی مەزنەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە. نزیکایەتی بۆ شێوەگرتنی ئافرەتێکی ئازادیش هەروا سەرنج ڕاکێشە.

بە دڵنیاییەوە ئەم چالاکیە خولیای ژیانێکی ئازادە، خواستێکی لە ڕادە بەدەرە بۆ ئازادی.

کاردانەوەیەکە بەرامبەر ژیانی باوی کۆمەڵگا. ئەگەر هێندەی سەری دەرزیەکیش ئەو ژیانەی لا بەنرخ بووایە هەرگیز بوێری ئەنجامدانی چالاکیەکی وەهای نەدەبوو. ئەم چالاکیە زەبرێکی کوشندەیە و لە ژیانی باوی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کلاسیك و باوەکانی

Scanned by CamScanner

نێوان ئافرەت و پیاو دراوە. زەبرێکە و لە ئافرەتی باو، پیاوی باو، هاوسەرێتی باو، سێکسی باو، خۆشەویستی باو، سۆزی باو و کۆمەڵگای باو دراوە. هەرچەندە ئەزموونێکی ژیانی هاوسەری هەبووە بەڵام ئیدی ئەو ژیانە باوە بە لای ئەوەوە تەنانەت ئەم ژیانە بە سەرنج ڕاکێش نازانێت. ئەمەش تابلێی کاری لە چالاکیەکانی کردووە. ئێمە ناتوانین تەنها بە لێکدانەوەیەکی سیاسی هەموو شتێکی ئەم چالاکیە بکەیەینەوە. تارادەیەك دەبێتە بابەتێکی وێژە. پێموایە ئەگەر بکرێتە ڕۆمان باشتر دەهێنرێتە زمان و ڕوون دەبێتەوە.

بێگومان بە مەرجێك وەك سمبولێك کە واتای تەواوی شەهیدبوونەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە لێی بڕوانرێ و تاوتوێبکرێت. بەتایبەتی لە شەهیدبوونەکانی ئەم سالانەی دوایی ئافرەتاندا ئەمە زۆر ڕوون دەبینرێت. چ ئەو شەهیدبوونانەی بە هۆی لاوازیی فیزیۆلۆژیەوە بوون و چ ئەوانەی کە لە ئەنجامی ئەو بوێریەی کاردانەوەیان بەرامبەر بە ژیانی باو پێیداون خۆیان نەداوە بەدەستەوەو بە تەقاندنەوەی نارنجۆك بە خۆیاندا شەهیدبوون، هەموویان لێگەڕینی ژیانن. لەم شەهیدبوونانەدا هەرگیز ژیانێکی ڕووکەشیانەی ئامانج بچووك و نرخ نەدان بە هەندێك شت جێی نابێتەوە. لەلایەکی ترەوە بە ئەندازەی عەشق چەمکێکی ژیانیان تێدایە. ئێمە بەمە دەڵێین ژیانێکی گەورە و بالا. لە کاتێکدا ژیانێکی بچووك نغرۆ دەکرێت ژیانێکی بالا بەرزدەبێتەوە.

هەڵبەتە دەبێت مەزن بژیت.

ژیانێکی مەزن چییە؟ سۆزی مەزن، بیرکردنەوەی مەزن، چالاکی مەزنە.

کاتێك دێمە سەر چڕکردنەوەی ئەمە لە پرسی ئافرەتدا دەبینم لەم خاڵەدا گەلێك گرنگی هەیە. گەورەترین پاداشتدانەوەم بۆ زیلان بە خاپوورکردنی ژیانە بە ناو ڕۆژ بچووکەکان دروست دەبێت. ئایا ئەمەم کرد؟ لەو بڕوایەدام کە کردوومە. گەر وورد بینەوە ئەم سالانەی دوایم بۆ پێداویستیەکانی خاپوورکردنی ژیانە بچووکەکان تەرخان کرد و تارادەیەکی بەرچاویش تێم پەڕاندن. کەواتە بەم جۆرە پاداشتی یادەوەری زیلانم داوەتەوە.

تەواوی سۆزە بچووکەکانمان لەناو برد.

هەموو پابەندیە بێ نرخەکان و ئەو خۆشەویستیانەمان خاپوور کرد کە پشت بە چالاکی نابەستن. من ئەمەم بە زانایی ئەنجام دا. تەنانەت زۆر سەرشێتانە کەوتمە ناوی و هەموویانم سووك کرد و بە نەعلەتم کردن.

Scanned by CamScanner

شتێکی تریشمان کرد؛ کاری خۆ مەزنکردنمان پێشخست. واتا چالاکی و ژیانمان گەورە کرد. من لەبەرەی خۆمەوە وەها وەڵامی ئەم بانگەوازەم دایەوە؛ لە گەورەیی نزیکایەتیمدا بەرامبەر بە ئافرەت و لە گەورە کردنی سۆز و خۆشەویستیدا تا بڵێی بەرەو پێش چووم.

زیاتر چاو نەترس بووم. هەڵبەتە ئەمەم لە ڕێی پەیرەوکردنی ژیربێژیەکی دیالێکتیکیەوە بەسەر ناکۆکیەکی وەك "بەلاوەنانی هەموو ئەوانەی بێ ناوەرۆکن و بەرەو دزێوی و لەدەستدانت دەبەن، لە جیاتی چالاکی بەرەو بێ چالاکی بوونت دەبەن و بەرامبەر بەمەش بەرزکردنەوە و باڵاکردنی دژەکەی"ەوە ئەنجامدا.

ئەنجامیش پێشکەوتنی گرنگی لێکەوتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە زەحمەتترین بواربوو کە دەبوو ئەوەی پێویستە بۆی بکرێت. گەر بە وردی کەسایەتی زیلان هەڵبسەنگێنین دەبینین کە داخوازییەکی بەم ڕەنگەی هەیە بەڵام خۆی بۆی نەکراوە. چونکە هێزی نییە. هێزەکەی تەنها بەشی ئەوە دەکات کە ببێتە سمبولێك. بە هەڵە تێمەگەن هەرگیز بە بچووکی نابینم. بە ڕای من بێت ئەمە شتێکی تایبەتە بە خوداوەندەکان بەڵام دیسان لاوازیەکی لەخۆوە گرتووە. ئەگەر بێتو چالاکیەکەیی و توانای ڕێکخستنیی بژیاندایە دەبووە بۆمبێکی هەمیشەیی. خۆشی ئەمە دەزانێت و داخوازیەتی. تەنانەت لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا دوا داواکاریەکی لەم جۆرەی هەیە. دەیەوێت ببێت بە کەسایەتیەکی بەم شێوەیە. بۆیە کاتێك ئەم دەرفەتەی بۆ دێتە پێش وەك بڵێی بە ڕکردن بەرەو ئەم چالاکیە چووە.

بێگومان بەرەو مردن نا، بەڵکو بەرەو ژیان ڕادەکات.

لێرەدا نەزانی نا بەڵکو متمانە پێکردن هەیە. بۆ PKK و لە پێش هەمووشیانەوە سەرۆکایەتی هەم ڕەخنەی هەیە و هەم متمانەی پێیانە. بوێری ئەوە نیشان دەدات کە بڵێت پێویستە ئەوەی دەمێنێتەوە ئێوە بیکەن. هەڵبەتە ڕۆژانە بە هێزێکی گەورەوە بەشداربوون لە ژیاندا هێندە کارێکی ئاسان نییە.

هەروا بیری لێبکەنەوە؛ تەنانەت ئەگەر من هێندە زەحمەتی بکێشم، کەواتە ئێوە چی بکەن؟ بوون بە سمبولێکی وەها کە تەنها بیرکردنەوە لە چالاکگەری و ڕێکخراوەییەکەی هەناسە لەبەر مرۆڤ دەبرێت، ئینجا دەبێت کێ و چۆن بتوانێت بیژێنێت؟ قورسایی کێشەکە لێرەدایە. خودی خۆشی ئاماژە بەمە دەکات و دەڵێت ئەو دەرفەتەم چنگ کەوت. لەبەرئەوەیە کە بە بوێریەکی گەورەوە بەرەو ئەم چالاکیە دەچێت. زۆر باش

Scanned by CamScanner

دەرکی بەوە کردووە کە زەحمەترینیان درێژەدانە بەمە. ئێمەش هەوڵماندا کە پێویستیەکانی درێژەدان بەمە بەجێبگەیەنین و هەمیشەیی بکەین. دیسان هەر زەحمەتەکەیمان بە ئەرکی خۆمان زانی.

بێگومان تەنها یەك زیلانمان نییە. لە پێش زیلانەوە خاوەنی زۆرێکی ترین قارەمانێتیەکی زۆر لەلایەن ئافرەتانەوە نوێنراوە، بەڵام زیلان بۆتە لوتکەی هەموویان.

کاتێك لە دۆخی کوردستان دەڕوانین دەبینین لەلای ئافرەت بەنی نێوان ژیان و چالاکی پتەو نەتەنراوە. هەروەها ڕاستی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە ئافرەت نەکراوە بە هەبوونێکی ژیانی.

بۆ ئەم مەبەستە لەم چالاکیەدا بوێرانەترین هەنگاو نراوە. تایبەتێتی دەستپێکردنی ئەم کارەش لەلایەن ئێمەوە لێرەدایە. چالاکیەکە بۆ کوردستانە لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن واتایەکی گەردوونیە. ئەوەبوو سەرنجی هەموو جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەهەمان ئەندازە سەرنجی ڕاکێشایە سەر بەسوپابوونی ئەم ساڵانەی دوایی ئافرەتان. کەسێك نەما نەپرسێت ئەمە چۆن کارێکە و چۆن سازدراوە. ڕاستی ئەم چالاکیە بۆ خۆی لە وڵاتێکی وەك کوردستاندا دیاردەیەکی نوێیە. بۆ هەمووتان ڕەوشێك بوو کە یادگا و ڕۆحتان بزوێ وەرنەدەگیرا و لێی تێنەدەگەیشت.

داڕووخان لە پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاودا ڕەهەندی زۆر ترسناکی بەخۆوە گرتووە. لە تەواوی تایبەتمەندیەکانی ژیانی سیستمدا لەناوچوونێك هەیە. لە پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاودا تاساویەکی زۆر دڵتەزێن هەیە. چ خێزان و چ زاراوەکانی ئافرەت و پیاو، ژن و مێرد، دایك و باوك، دەزگیرانی، خۆشەویستی و عەشق وەك کۆمەڵێك زاراوەی پووچەڵ بە دەزگا کراون. چالاککەری نوێ بە لەبنهێنانی تەواوی ئەم داڕووخانانە دێتە کایەوە. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ: "چۆن زاراوە و دەزگای بالاکراو لە جێی ئەمانە دابنرێت؟" ئەمەشیان بە هەموو مەردێك ناکرێت.

وەك من هەمیشە پێداگریم لەسەر کردووە: خۆشەویستی گەورە جەنگی گەورەی دەوێت.

ئەوەی نەتوانێت جەنگێکی گەورە بەرپا بکات هەرگیز خۆشەویستی گەورەی لا دروست نابێت. کاتێك شەڕمان پێشخستووە و بە ئەندازەی ئەوەش ویستومانە ڕەهەندی خۆشەویستیەکەی بخەینە پاڵ، ئەم ڕاستیە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پێشتر لە

Scanned by CamScanner

بۆتەوە. هاوکات هۆکاری سەرەکی پێشنەکەوتنی شەڕیش نەبوونی کەسایەتی خۆشەویستیە.

ئەوەی بەسەر شەڕەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە کەسایەتیەکی نیوەچڵ و بێ چارەیە. هەموو زۆر قەبەن و چەندە شەڕیش دەکەن دەرەنجام شکست دەخۆن. ئێمە بەنی نێوان شەڕ و خۆشەویستی کوردمان دامەزراندووە. بە ڕاستی سۆز نەماوە؛ سۆزی گەورە بوونی نییە. هەموو شتەکان ناتەواو و سەرەتایین و بەرەو دوژمنت دەبەن.

ساتی هێنانە زمانی: "خۆشمدەوێیت" ساتی بە هەر چوارپەل ڕووەو دوژمن ڕکردنە. واتا پەیوەندی، ڕکردن لە ڕێکخستن و چالاکی و زەمینە خۆشکردن بۆ دوژمن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئیدی ناچارین وەها بیربکەینەوە کە هەر پەیوەندییەک لەدەستدانێک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. کێشەکە ئەوەیە ئەمە ژێرپێبخەیت کە ژێرپێشمان خستووە و هەر لەو جێیەوە پلیکانە بەرەو گەورەیی و باڵایی بپەسێریت. تێنەگەیشتن لە شەڕ پەیوەندی بەمەوە هەیە. کەسایەتیتان نەک هەر ناتوانێت شەڕ پێشبخات بەڵکو ناتوانێت ئەوانەش بکات بە سوپایەک کە ئامادەن و لە بەردەستیدان. تەنانەت ئەوەتان کە دەڵێت: "من و کەسی ترنا" نیازی چەند پاک و باشیش بێت دیسان شەڕ و پارت وێران دەکات. لەهەمان کەسایەتی و ناسنامەدا شەڕ و ژیان و شێوازی لە چۆنیەتی پەیوەندی کردنیدا لەگەڵ ئافرەتدا ڕوون دەبێتەوە. خۆپەرست و تەسک و بێ سۆزە. سێکسی قەبەی تێنەپەڕاندووە، خۆشەویستی پڕ ڕەهەند نەکردووە و تەواوی ئەمانە لە پەیوەندی کردنی بە ئافرەتەوە ڕوون دەبینرێت. بۆمان ڕوون بووەوە لە ڕاستیدا هیچ هێزێکی بەشداریکردنی لە شەڕدا پێ نییە.

ئێمە زۆر باش لەوە تێگەیشتووین کە مەزنکردنی خۆشەویستی بە لایەنی کەمەوە هێندەی جەنگ کارێکی سەختە. بەڵام هێشتا هەریەکەتان لەم ڕووەوە نەخۆشێکە.

نەخۆشی خۆشەویستی یاخود نەخۆشی بێ بەشی لە خۆشەویستی...

لە ژێر ناوی خۆشەویستی و سۆزدا شتێکی تێکەڵ و پێکەڵ بەیەکدا دەدەن، کە زۆربەی زۆری لە شکستخواردن بەولاوە هیچی تر نییە. ئەنجام سۆزێکی ژن و مێردایەتی و پەیوەندییەکی کلاسیکی ئافرەت و پیاوە. فەلسەفە و شێوازێکی ژیانە کە ڕێز و جۆشی تێدانییە، وشکتان دەکاتەوە، لەناوتاندەبات و تا ئاستی ژەهراوی بوونتان دەبات. بەرخۆدانی ئێمە لە بەرامبەر ئەمانەدا بووە. یەکێک لەو کارە گرنگانەی بە دەستپێکردن

Scanned by CamScanner

لە خۆمەوە ئەنجامم داوە شیکردنەوەی ئەمە و ئاشکراکردنی هەموو لایەنەکانی و هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی وەك چارەنووسێك پەسەندی نەکەن.

لە پای چی هێندە پۆخڵ و وشك مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزو نەژادی خۆتاندا دەکەن؟ لە بزوانی سۆزی ئافرەت ورد دەبینەوە، دەبینین تاساوەو خەریکە دەخنکێت. ئەگەر ئەمە بەم شێوەیە بێت شتێکە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت تێیدا بژی. تەماشای پیاو دەکەین لەبەر بچووکترین سەردەستی خۆی هەموو شتێك هەپرون بە هەپرون دەکات. هیچ مێرخاسیەکی تێدا بەدیناکرێت. بە کورتی لە پای ئیرەیی بردن و ناهەمواریەکی زۆر هەرزاندا کەسایەتی خۆتان دەخۆن و لەناوی دەبەن.

هەرگیز ئەمە عەشق و سۆز نییە و لە لێکەڕینی پەیوەندیدا هیچ واتایەکی نییە. چەقبەستنی ژیان باشترە لەوەی کە بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت. خۆ تەقاندنەوەتان وەك بۆمبێك لەمە بەنرخترە. خۆی لە خۆیدا واتای بانگەوازی چالاکیەکەش ئەمەیە. ئەگەر ئەوەتان پێناکرێت کەواتە دەبێت خۆتان بکەن بە بۆمبێك. من نامەوێت بڵێم کە کەسایەتی زیلان هەمووی بریتییە لەمە، بەڵام یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی بانگەوازەکەی بۆ ئێوە ئەمەیە. پێتان دەڵێت بۆچی بەم شێوەیەن؟ بۆچی وەها بێ ڕۆح و جۆشن؟ بۆچی وەها ڕووخێنەرن؟ هەڵبەتە ئەوەیان کە ڕاستە و دەبێت هەڵبژێردرێت پێشخستنی ژیانێکی گەورەیە. ئەمە کارێکی هونەر ئاسایە. من هەموو شتێکی خۆم خستە بەرچاوی ئێوە و پێم گووتن؛ من بەم کەسایەتیە خۆشەویست و جەنگاوەریەی خۆمەوە هێندەم پێکراوە. لە ڕووی نەتەوەیی و تەنانەت گەردوونیشەوە خۆم بۆ شیکردونەتەوە.

لەسەر بنەمای پرەنسیپ و شێوازی نزیکایەتی و هەموو ڕەهەندەکانی تری: "کەسایەتیەکی چۆن بین بەرامبەر بە ئافرەت" پرسیاری ئەوەمان کرد کە خوڵقکاری چییە؟

لە پێویستی بوونی خۆی زیاتر لێم پێچایەوەو توانیم تارادەیەك بگەم بەو کەسایەتیەی کە پەسەند دەکرێت. زۆربەی زۆری نزیکایەتیە کۆن و باوەکانمان ڕووخاند. هەموو ئەو نزیکایەتیانەمان لەناوبرد کە پۆخڵت دەکەن و مایەی شوورەیین و لەبیرکردنەوە، بەها سەرەکییەکان، نیشتمانپەروەری، سیاسی بوون و ڕێکخستەیی دوورت دەخەنەوە. ئاشکرامان کرد کە پێچەوانەی ئەمەش وەردەچەرخێت بۆ پەیوەندییەکی هێز بەخش. شان بە شانی ئەمە ژیانێکمان هێناوەتە کایەوە کە لەسەر بنەمای موڵکداری و بوونە موڵك نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوبەشی کردنی بەهاکانە. بۆ ئەوەی لە

Scanned by CamScanner

چوارچێوەی ئـەم واتایـەدا لەگـەڵ ئافرەتـدا بـژیم هـیچ کێشەیەکم نییـە. ئـەم نوێگەرییـە ڕەوشێکی جیاوازی وەهایە کە هێشتا زۆربەتان تواناتان نییە لێی تێبگەن.

پەیمان بەستن، عەشق، هاوسەرێتی هەمووی لەم زاراوەیەدا شاردراوەتەوە.

من پێموایە لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا لە هـەر کـات و شـوێنێکدا دەکرێت بـەم شێوەیە لێـی تێبگـەیت و بەڕێوەبـچیت و شـەڕ بکـەیت. تـەنها چارەسـەریەك ئـەم چارەسـەریە نەتەوەیی و گەردوونییە. لە ڕاستیدا ئەمە لە ئاستێکی بەرزدا بەدەست هێنـراوە. ڕەنگە من کردبێتمە بابەتێکی خودی، ئینجا لەبەرئەوەی بە لای منەوە زیاد لـە پێویست بـوونی بە بابەتێکی خودی مەترسیدارە و گونجاو نییە، بۆیە کردنی بە بابەتێکی تایبەت بە گشت و قووڵکردنەوەی گرنگ دەبینم. لەو بڕوایەدام سەرکەوتووانە ئەنجامداوە. واتا لە جیـاتی بەکاربردنێکی بەو شێوەیە بەرهەمهێنانێکی بەم شێوەیە باشترە.

ئەگەر سەرنج بدەن لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمهێنەری زۆر پێشکەوتووە. یەکێك لـە بەرهەمەکانیش لە ڕووی قووڵی و بەرفراوانیەوە مـەزن کردنـی پەیوەندیـە. شێوازی خـۆم زیاتر قووڵکردەوە. بۆ نموونە هەر کەسێك کە پەیوەندی بە منـەوە هەیـە، ئەوانـەی دێنـە گۆڕەپانەکـەم، بـەپێی مەرجـەکانم لەگەڵمدا بەڕێوەدەچـن یـان سـەرنجم دەدەن، ئەگـەر دۆستێکی ئاسایش بن بێگومان بە جۆرێك لە جۆرەکان شتێك بەرهـەم دەهێنن. بـەڵام لـە پەیوەندی زۆربەی زۆرتاندا لە جیاتی بەرهەمهێنەری بەکاربردن هەیە. تەنانەت بچووکترین پەیوەندیشتان بە وشەی: "کۆتاییم پێهێنا" دوا خاڵی بـۆ دادەنـێن. ئەمـە بـە لای منـەوە هێندەی بێ واتایە هێندەش پۆخڵ و ترسناکە.

بۆچی پەیوەندیەکان هێندە بەکاربەرن نەك بەرهەمهێنـەر؟ بێگومـان تـەنها لـە ڕووی سێکسەوە بەکاربەرنین بەڵکو لە ڕووی زاراوە، سۆز، چـالاکی و ڕێکخـستنەوە بەکاربـەرن. بچووکترین پەیوەندی ناوەڕۆکی ڕێکخستن پووچ دەکات. ڕێکخستن و سیاسـەت لەدەست دەچێت لـە پـای چـی؟ لـە پـای ئـەوەی عەشـقێکی بـچووکی هەیـە. ئەمـە بـێ ڕێزیـەکی گەورەیە، پێویستە پێچەوانەی ئەمە هەبێت. چ وەك تاك چ وەك کۆمەڵ کاتێك لەسەر ڕێی باڵابوون بن پێویستە بەرەو بەرهەمهێنان بچن. پێشکەوتنێك لە ڕەهەندی پەیوەندییەکانی ئـافرەت و پیـاودا بەدیـدەکرێت. ئەمــەش کاریگەریـەکی سـەرنج ڕاکێـشی لەسـەر بـە سووپابوون و سیاسەت و ڕێکخستن هەیە.

کاتێك هەندێك هەرێم دەگرمە دەست : لە دێرسمەوە بگرە تـا مۆسـکۆ، لـە زیندانـەو بیگرە تا سەری چیا دەبینم کە لە پەیوەندیدا ڕەهەندی بەکاربردن تێپەڕ نـەکراوە. داوای

Scanned by CamScanner

ڕوخسەت دەکەن و دەڵێن بڵێی پارت چیمان پێ بڵێت؟ لێرەدا ڕوخسەت خواستن شتێکی هێندە گرنگ نییە ئەگەر لەم پەیوەندیەدا بەکاربردن هەیە با دە ئیمام و مەلا بێن و مارەی ببڕن یاخود ئەم کارەت بۆ ڕەوا بکەن، بەڵام دیسان گوزارشت لە هیچ ناکات. چونکە پەیوەندی تۆ بەکاربەرە و هیچ بەهایەکی نییە. لەم پەیوەندیەدا نکۆڵی کردن لە مەزنی و عەشق هەیە، ئێمە چ شتێکی ئەم پەیوەندیە پەسەند بکەین؟

ئەگەر واتای ڕاستەقینەی عەشق خۆی لە کەسایەتی و چالاکی زۆربەتاندا ببینێتەوە، ڕوخسەتی یاسایی وەرناگرێت و ڕێگا بە نزیکایەتی دزێو و جێی شوورەییش نادات.

عەشقی ڕاستەقینە بوێر، هۆشمەند، سەرنج ڕاکێش، زەبر وەشێن و ئەنجامگیرە.

ئەم ڕاستیە لە لای ئێمە لە ناسنامەی ئافرەت و کەسایەتی ئەودا بەرجەستە بووە. روون بۆتەوە کە لایەنە هەرە گرنگەکانی ئەم ئافرەتە زەبر وەشێن، دژوار، جوان، سەرنج ڕاکێش و بێ قسورە. ئەمە تا ڕادەیەک لە لای سەرۆکایەتی بەدیهێنراوە.

پێویستە گەورەیی دەستەبەر بکرێت. نهێنی گۆڕانی کەسایەتی کورد ئەوەیە کە لایەنی سێکسی خۆی وەربچەرخێنێت. ژن خۆی لە خۆیدا خنکێنراوەو ناتوانێت بانگەشەیەکی سێکسی ئەوتۆی هەبێت مەگەر خۆی بفرۆشێت، هەرچی پیاویشە خۆ بەکاربردنی بەم شێوەیە شتێکە کە هەرگیز ناکرێت لێی ببوریت.

گرنگترین پێشکەوتنی بەرجەستەکراو لە ڕاستی سەرۆکایەتیدا لەم بارەیەوەیە. بە ئەندازەی لغاو بەستکردنی نزیکایەتی کلاسیک لە ڕەمەکی سێکسی و زایەندێتیدا، توانای باڵاکردن و گواستنەوەی ئەم باڵاییەمان بۆ ناو سیاسەت پەیدا کردووە. ئەمە پێشکەوتنێکی گەورەیە. وەک دەگووترێت: "گرەو بردنەوەیە لە چارەڕەشی" چارەڕەشی بە وەرچەرخاندنێکی بەم جۆرەی کەسایەتی تێپەڕ دەکرێت. هەڵبەتە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام وەک چۆن پەیوەندییەکانی ئێوە بۆ بەکاربردنتان لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەرە، شێوازی ئێمەش بۆ بەرهەمهێنان لە هەموو ڕوویەکەوە وا کاریگەرە.

بۆ نموونە: سەرۆکایەتی تا دواڕادە ڕێکخەر، سیاسەتمەدار، سەرنج ڕاکێش، مەزنکار و بانگەوازکارە بۆ چالاکی. بۆچی هیچ ئافرەتێک گەر هێندەی سەری دەرزیەکیش لێمەوە نزیک بوبێت منی بەرەو بەکاربردن بردووە؟ بە زیلانیشەوە ئەو ئافرەتانەی لە من نزیک دەبنەوە هەرە رووکەشەکەیان گەورەترین فیداییە. دوای دەرکەوتنی ئەویش ئیدی ئەمە تەواو بۆتە ڕاستیەک. ئەگەر بێتو هەمووتان لە بەرامبەریدا دروست بن ئەوا جۆرە کەسایەتیەکتان لێدەردەچێت کە دەتوانێت جیهان ڕاپەڕێنێت. زۆرجار بیری لێدەکەمەوە

Scanned by CamScanner

خۆی لە خۆیدا ئاستی تێگەیشتنتان و زاڵ بوونتان بە سەرخۆتاندا زۆر لاوازە و کەسایەتیتان کەسایەتیەکی شکستخواردووە، ئەگەر وەك ئەوەی کە خۆتان دەیڵێن سەربەستتان بکەین کەس نازانێت چی بەسەر یەك دێنن.

پیاو بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەری داب و نەریتە کۆنەکاندایەو دەڵێت: "هەر دەبێت ببێت بە ژنم، هەر دەبێت بۆ خۆم بێت و موڵکم بێت" و ئەمەش بە نامووس و تێگەیشتن لە نامووس دەزانێت. پیاو بە کلتوور و ناسنامە و کەسایەتییەوە بۆ شتێکی لەمە زیاتر دەست نادات. بۆ نموونە لە لای من شتێکی وەها بوونی نییە. نزیکایەتیەکی بەم جۆرە لە دایکمەوە بیگرە تا هەموو ئافرەتانی تر هی کێ دەبێت با ببێت هەڵیدەوەشێنم. ژن کە خۆی وەك موڵکێك پێشکەش کرد ئیدی کۆتایی پێ دێت. بۆیە لەوێدا دەبێت ڕەت بکرێتەوە و هەڵبوەشێنرێتەوە.

سەرنج بدەن ئەم نزیکایەتیەمان ڕەوتی هەموو ئافرەتێك بەرەو سیاسەتمەداری، جوانی، چالاکگەری و ڕێکخراوی دەبات. کەم تا زۆر پەیوەندی بەستن لەگەڵ کەسایەتی سەرۆکایەتی بە بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی وەها لە مێشك و ڕۆحدا مەیسەر دەبێت و بەدەر لەمە ئەم سەرۆکایەتیە ڕێگا بە هیچ شتێکی تر نادات. کەسایەتی دامەزرێنراو و بە دەزگا بووی ئەو ئەمەیە و ئەمەش لە پێناو تێرکردنی ئارەزووە هەرزانەکانی خۆیدا ناکات. سەرۆکایەتی وەك دەروێشێك شەڕی نەفسیش دەکات. تەنانەت بە وێنەی چالاکیەکی گەورە ئەم شەڕە دەکات. سەرۆکایەتی دینامیکیە و تەنها بە خۆڕاهێنانێکی پەتی ئەمەی نەکردووە. ئەمە شەڕە، شەڕێکی جوان کە ئەنجامی هەیە. ئەگەر بیر لە خۆتان بکەنەوە دەبینن کە ڕەهەندەکانتان بە تەسکی ماونەتەوە، نەتان توانیوە لەسەر بنەمایەکی ڕاست خۆشەویستی کەسێك بۆ خۆتان یان بوونتان بە خۆشەویستی ئەو ڕێك بخەن. من هەروا لە هیچ و خۆڕایی پێتان ناڵێم لێتان دەترسم. چەند نموونە پەیوەندی ڕوویاندابێت هەموویان هەڕەشە لە ژیانی پارت دەکەن و شەڕ بەجێدەهێڵن. جیا لەمەش زۆر ئاسان خۆتان لەناودەبەن. ئەمە عەشق نییە بەڵکو کارەساتە و نەخۆشیەکە. لەبەر بێ هێزیتانە کە وەهایە ئەگەر نا من ناڵێم کەسانی نیاز خراپن. کەسایەتیتان وەها بونیادنراوە کە ناتوانێت خوڵقکار بێت. ئێمە ئەمە بە چارەنووسێك نازانین و هەر چارەیەکی بۆ دەبینینەوە.

گووتمان کە چارەسەریەکەشی زیلانە واتا ویستی چالاکی گەورە، ژیانی گەورە و عەشقی گەورە...

Scanned by CamScanner

هێشتا ئەمەی هەیە بە سەرەتایەکی لە قەڵەم دەدەین. بۆمان بلوێت تەواوی ئافرەتان و پیاوانی ناو ڕاستی کۆمەڵگاکەمان بەم جۆرە سەرلەنوێ بونیاد دەنێینەوە و شێوەگرتنی کەسایەتیان دەگۆڕین. ئازادی گەلانیش هەر بەم ڕەنگە بەدیدێت، لە مێژووی هەموو گەلێکدا بەهای وەرچەرخێنەری وەك ئەمانە هەیە. ئێمەش هەوڵماندا بە شێوەیەکی هاوڕێژە لەگەڵ هێزی خۆماندا ئەمە بکەین. ئەمە ڕەنجێکەو دراوە هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی سەرکەوتنێکی تەواوەتی و بە دەزگابوونێکی کۆمەڵایەتی. ئەگەر کارێکم ئەنجام دابێت ئەوە بووە کە هێندەی ڕووخاندنی پێوانە کۆنەکان، ڕێگا م بۆ بەهاکانی ژیانێکی باشتر و پێشکەوتوو خۆش کردووە. لەو بڕوایەدام کە لەم بارەیەوە زۆر هەڵەمان نەکردووە. لە هەمووشی گرنگتر بە ئەندازەیەك ڕێگامان بۆ پێشکەوتن خۆش کردووە کە هەموو کەسێك بتوانێت سوودی لێوەربگرێت. بەڵام لاوازی تێگەیشتنتان لەمە ڕق و کینمان لەلا دروست دەکات. هەندێك کەس هەن تەنها دەزانن لەسەر ئەم زەمینانە کۆشك ئاوابکەن. بە شێوەیەکی زراڤ درێژە بە خۆپەرستی خۆیان دەدەن و بێنەو بەردەی هەڵە لەسەر ئەم زەمینانە دەکەن. بە دڵنیاییەوە دەبێت بەلێزانییەوە دوورکەونەوە لەمانە، ئەگەر نا هەرگیز بە دوور نابن لە کەوتنە ڕەوشێکی خراپەوە. ئەمەش بە ئەندازەی شەڕ مەردبوونی دەوێت و ڕێگاش لە بەردەمیدا کراوەتەوە. با ڕێگای لێنەگرین ئەمە پێشکەوتنێکە بە پەلەپەل و سەردەستی کردن بەدینایەت. هەندێك کەس لەم ساڵانەی دواییدا تیۆری ئەوە دەکەن کە گوایە: "کێ بەهێزە ئەوا ئافرەت لایەنگری ئەوە یان بە.واتایەکی تر داخوازەکانی ئەو پێکدەهێنێت" بە دڵنیاییەوە ئەمە هەڵەیە و پێویستە تێپەڕ بکرێت.

تەنانەت خاڵێکی تر کە من باسم کردووە ئەوە بووە کە: "هەمیشە عەشقم لەو قۆناغانەی ژیانمدا پێ واتادار بووە کە بێ هێز بووم" لەو قۆناغانەشدا کە بەهێز بووم ئافرەت و عەشق بۆ من زۆر مایەی پێشخستن نەبوون.

بۆچی؟

چونکە هەمووان هەر بەرەو هێز ڕادەکەن، بۆ بەهێز بوون دێن نەك بۆ هێز بەخشین. بە لاوازیەکانیەوە دێت و بۆئەوەی دزێوی خۆی تێپەڕ بکات کۆمەڵێك داوای لە من هەیە. چ ئافرەتان و چ پیاوان بەم شێوەیەن. ئەمەش زەحمەتیەکی گەورە بۆ من دروست دەکات. ئیدی وام لێدێت لە پەل و پۆ دەکەوم. بەڵێ هەمووان نەك بۆ دان، بەڵکو بۆ وەرگرتن دێن. دەڵێن: "هەندێك خۆشەویستی، هەندێك هێز، هەندێك جوانی، هەندێك

Scanned by CamScanner

سەرکەوتن بە منیش بدە". ئەم ساڵانەی دوایی ئەوەی زیادی کردووە ئەوەیە کە زۆر کەمتان دەڵێت: "من بۆ ئەوە هاتووم شتێك ببەخشم، منیش هێز و توانایەکم هەیە، منیش دەتوانم بە گەنجێتی و هەوڵی خۆم لەسەر بنەمای سەرکەوتن شتێك پێشکەش بکەم" هەندێکتان ئەگەر بە زارەکیش ئەمە بڵێن لە پراکتیکدا توانای پێکهێنانیتان نەبووە. ئیدی منیش بە ناچاری زەحمەتی دەدەمە بەرخۆم و دەیخەمە سەرشانم. سەرۆکایەتی دریخی ناکات لە بەخشینی هەموو شتێکی خۆی بە گەلەکەی. تەنانەت خۆی دەتوێنێتەوە و پێشکەشی گەلی دەکات. سەرۆکایەتی هزری دەبەخشێت، هەستی دەبەخشێت، تا تەواو دەبێت خۆی دەبەخشێت و سەرەنجامیش دەبێتە سەرۆکی گەل و سەرۆکی ئافرەتان.

ئەم هێزە لە کوێوە وەردەگرم؟

من لەم بارەیەوە زۆر وەستام. دەتوانم دەرفەت بدەم بە هەموو کەسێك. ئەگەر ئێوەش دەتانەوێت پێشبکەون و ببن بە کەسایەتیەك کە بە لای هەمووانەوە گرنگ و دەستلێبەرنەدراو بن، پێویستە زەحمەتی بدەنە بەرخۆتان. ئەو کاتەش ئارەزوو و دەسەڵاتی تاکڕەوانە و ئەو ژیانەش کە بەگوێرەی تێگەیشتنی ئێوەیە هیچ شوێنەوارێکیان نامێنێت و تەنها سۆزە مەزن بووەکان دەمێننەوە. واتا ئەوەی کە لە هەموو کەسایەتیەکدا دەمێنێتەوە ڕووداوی مەزن بوونە. ئەمەیان زۆر بەهادارترە. ئیدی ئەو کەسایەتیە ڕووخاوەی کۆمەڵگا تەفروتونا دەبێت. کەسایەتیەکی گشتگیر کە ئەم جۆرە بێ نرخیانەی لەناوبردبێت دەبێت بە کەسایەتیەکی سەروو ئاسایی لە مەزنبووندا.

بەم شێوەیە ئەو ئافرەتانەی هاتوون دەبن بە پەری و پیاوەکانیش بە قارەمان و ئەمەش گوزارە لە گەورەیی PKK دەکات.

ئەگەر سەرنج بدەن تا ڕادەیەك بەرەو ئەم خاڵە هەنگاومان ناوە. هەر ئافرەتێك کە دێتە ناومان ئەگەر لەم ئاستەدا کەسایەتی زیلان لەبەرچاوبگرێت، دواجار وەك خوداوەند و پەری و وەك قارەمانێکی لێدێت. هەروەها پیاویش هەرگیز بە پێوانە پاشکەوتووەکانیەوە ناتوانێت بێتە بەرامبەرم. وایان لێ دێت لە شەرمدا بە ناخی زەویدا بچنە خوارێ. پیاوێتی چی .. کوتوپڕ هەست بەوە دەکەن کە هیچ شتێکیان نییە پیاوێتی پێوە بکەن. ئەمە هاتنەکایەی پیاوێکی نوێ دەگەیەنێت. سەرۆکایەتی بۆ بەدیهێنان و قووڵکردنەوەی ئەمە کۆشش دەکات.

Scanned by CamScanner

کەواتە شتێکی قەشەنگ و جوانە.

بە رای من کەسایەتی سەرۆکایەتی قەشەنگانە پێشدەکەوێت. ئەم کاری ڕووخاندنی بێ وێنەیە. چەندە زیاتر بێت هێندە پێشی پێشکەوتنی مەزن دەکرێتەوە. لە کاتێکدا کە پێشیشی کراوەتەوەو جوامێری بێ وێنە دەردەکەون. هەرگیز بە شوێن ئەوەوە نین کە بە زۆر لای هەموو کەسێك پەسەندکراو بین، بە پێچەوانەوە تەنانەت ئەوانەش کە دەوڵەتیان هەیە چاویان لە دەستمانە. لە ئێمەدا جوانی دەبیننەوە. تەنانەت ئەو ئەمریکاییانەی کە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی هەرە گەورەن لە بەرامبەرماندا خۆیان بە کەم دەزانن. چونکە لە هێزی قەبە بەولاوە هیچ بەهایەکی مۆڕاڵی و سیاسیان نییە. ئەوەی هەیانە و نییانە ئەو هێزە قەبەیەیە کە بەدەستیانەوەیە، ئێستا لەم ڕووەشەوە دۆڕاون. ئەگەر قڕکردن و تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمیشی بخەینە سەر ئەوا لەوە زیاتر کە لە دەرەوەی مرۆڤایەتی ماونەتەوە هیچی تر نین.

کەواتە مرۆڤەکان دەتوانن خۆیان بخولقێنن. ڕەنگە هێشتا نەتوانن کە لێم تێبگەن یان ئەمانەی دەیڵێم وەك خەیاڵێك بێت بەلاتانەوە، بەڵام ئەوەتا بە بەرچاوتانەوەیە. ئەگەر ژنتان دەوێت ببن بە کەسایەتیەکی وەها، ئەو کات تەواوی ئافرەتان بە گەورەترین بەهای خۆشەویستیەوە بەرەو پیرتان دێن و ڕادەکەن بۆ لاتان. ئەگەر ئافرەتێکیش بەم ڕەنگە شێوە بگرێت دەتوانێت وەها لەهەموو پیاوان بکات بە دووی بکەون و ببنە جەنگاوەر. هەڵبەتە من ناڵێم بۆ لایەنی سێکس و زایەندی بکەونە دووی، چونکە ئەوە لایەنێکی زۆر بچووکی کارەکەیە. من دەڵێم دەتوانێت بیانکات بە مەردوم و فەرمانداریان بۆ بکات. ئەگەر وەك ڕووداوێك لە سەرۆکایەتی بکۆڵینەوە تەواوی ئەمانەی کەم تا زۆر تێدا دەبیننەوە. هەر لەبەرئەوەیە کاتێك هەندێك کەس دەڵێن: "من لەمەدا ژیان نابینمەوە" من دەڵێم ئەی باشە بەو شێوەیەی کە تۆ دەیلێیت و لێی تێگەیشتوویت دەتوانیت ژیان ببینیتەوە. نەخێر ئەگەر نابێت کەواتە بە شێوازێکی تر ژیان دەبینرێتەوە و ئەویش ئەوەیە کە ئیدی شێوازەکەی من تاوتوێبکەن. ژنتان دەوێت یان پیاوێکی شایستە بە خۆتان دەوێت؟ ئەوەتا لەبەردەمتاندا پێوانمان بۆ ئەمە هەیە.

هیچ شوورەیی نییە، بە لای منەوە هەموو ئافرەتێك بەڕێز و بەنرخە و چوارچێوەم بۆ ژیان کردن لەگەڵیدا داناوە. بەڵام بە هیچ جۆرێك جێ نادرێت بە دەستەواژەکانی وەك: "وەها ئارەزووت دەکەم، چاوم تێبڕیت و هەڵمخەڵەتاندی، خۆم بە سەرتدا زاڵ دەکەم، حوکمت بە سەردا دەدەم، بەگوێرەی قانوون هێناومیت و وەها و وەها دەکەم و.. هتد"

خۆی لە خۆیدا عەشق جێنەکردنەوەی ئەمانەیە. هەمیشە لە کۆمەڵگادا بەم ڕەنگە کچ و کوڕ بۆ یەکتر تۆمار دەکەن. تۆمارکردن شتێکە لەلایەن سیستمی باڵادەست و داگیرکارەوە پەیڕەو دەکرێت. پێی دەڵێت: "تۆ بەم ئەندازەیە بەمەوە بە ستراویتەوە، لە بەرامبەریدا ئەم ئەرکانەت هەیە و دەبێت ئاوەها ملکەچی بیت" تا هەڵسوکەوت و ڕەوشتیشی بەم پێوانانەوە دەبەستێتەوە. ئایا ئەمە ڕاستە؟ نەخێر ئەمە لای ئێمە چوونە بەرەو لە دەستدانی هەموو شتێك. کەچی ئەوەی تەواوی کچان دەیکەن زۆر داماوانە پابەند بوونە بە پیاوێکی زۆر داماوترەوە کە ناتوانێت پارچە نانێکی بۆ پەیدا بکات. من لە منالیمەوە ئەمەم بەدیکرد و بە پەیوەندییەکی وەهام گووت شوورەییە. هەروەها گووتم هەرگیز نابمە پیاوێکی وەها و هەرگیز ناشمەوێت ئافرەتێك بەم ڕەنگە پابەندی من بێت یان پابەندی بکەم.

ئەنجام چیرۆکێکە گەیشتنمان بە ڕۆژی ئەمڕۆ دەگێڕێتەوەو ئێوەش هەر لەبەرئەوەی بوونە کەسانێك کە نەتان توانی دەستبەرداری بن، کەسایەتیتان نەدەتوانێت قارەمانێتی گەورە پێشبخات و نەدەتوانێت ببێتە فەرماندارێکی گەورەی شەڕ. ڕاشکاوانە پێتان بڵێم؛ کەسایەتیەکی خۆشەویست نین. ئایا من گووتومە کە خۆشیان نەوێن؟ نەخێر. بە پێچەوانەوە لە پێناو ئەوەدا کە ببنە کەسایەتیەکی خۆشەویست هەموو شتێك دەکەم. ئێوەن کە ئەمە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی خۆتاندا بەرجەستە ناکەن، لە چاوتروکانێکدا دەڕووخێن، نابنە جێی باوەڕی مرۆڤ و هەرچی ئەمانەتێکتان دەدرێتە دەست لە چاوتروکانێکدا خیانەتی لێدەکەن. بەڵێن دەدەن و پێکیناهێنن، دەتانکەین بە کاربەدەست و هەموو شتێك دەڕووخێنن. ئافرەت و بژاردەترین کوڕی گەنجی قارەمان دەخەینە بەردەستتان ڕیشەکێکشیان دەکەن.

هەڵبەتە کەسێکی وەها شیاوی خۆشەویستی نییە، بەڵکو شیاوی تێکشکاندنە. کەواتە کەسایەتی عاشق وەها ڕووکەش نییە. کەسایەتی عاشق پێویستە واتای وڵاتەکەی و مرۆڤایەتی و سەرکەوتنی خۆی بزانێت. جوان و سەرنج ڕاکێش بێت و ئەنجام بەدەستبهێنێت. یەکێك کە نەتوانێت دوو وشەی ڕێك و پێك بەسەریەکەوە بڵێت دیار نییە سبەینێ چیمان بەسەر دێنێت. بەم بێ پێوانەی و کەم ژیرییەی خۆیەوە کە سەربەستیش بوو کەس نازانێت سبەینێ چ داوێك بۆ کێ دەنێتەوە. لەبەرئەوەش هیچ نەبێت ئێمە ناتوانین ئافرەت و پیاوانێکی وەها بەجێی باوەڕی بزانین و تا ئەو کاتەی دەبنە بنیادەم بێوچان پێیانەوە سەرقاڵدەبین.

Scanned by CamScanner

لە PKK دا کەسایەتی بەم جۆرە بەدیدەهێنرێت. ئەم شێوازە بە لای منەوە زۆر گرنگە و تەنها ڕێگا شە. من نالێم ئافرەت مەبن پیاو مەبن، بەڵکو دەڵێم ئافرەت و پیاوێکی بەم ڕەنگە بن. هەروەها نالێم با پەیوەندی نەبێت، بەڵکو دەڵێم با بەم ڕەنگە بێت. ئێوەش دەبێت بە ژیان و شەڕکردنی خۆتان ئەمەیانم بۆ بسەلمێنن. هەڵبەتە کە من بوویێتم بە وتەبێژی بەڵێنی خۆم و ئەو بەهایانەی کە ئەمانەتن لەلام و خیانەت نەکردن لێیان، کاتێک خۆتان بەم ئاستە نەگەیەنن ئەوا منیش هەقمە کە هێندەی کۆنەیەکیش ڕێز بۆ ژنێتی و پیاوێتیتان دانەنێم و پێ پەستی بکەم. دڵنیام ئەگەر دروست نزیک ببنەوە هێزی چالاکیتان پێشدەکەوێت و بە ئەندازەی ئەوەش توانای ژیانتان زیاد دەبێت. هەر یەکەتان دەبێتە ئەو هەڤاڵەی کە هەموو کەس ئاواتە خوازێتی. من هێشتا لەسەر ئەمە کاردەکەم و دەشبێت کار بکەم، چونکە کاری لەسەر نەکەم زۆر شتی ترمان لەدەست دەچێت. ئەمە هەوڵێکی نەتەوەییە و ماهیەتێکی گەردوونیشی هەیە. نابێت بە شتێکی سەیر و نامۆش لە قەڵەم بدرێت.

بۆچی؟

چونکە ئێمە کەسایەتی کۆن دەڕوخێنین و دەیکوژین، شان بە شانی ئەمەش کەسایەتیەکی نەمری پەسەندکراو دەخولقێنین. خۆی لە خۆیدا ئەم کاری ڕووخاندن و کوشتنە لە پێناو خولقاندنی نموونە نەمرە پەسەندکراوەکەدا دەکرێت. زیلان هەرگیز نەیگووت من ڕووەو مردن ڕادەکەم...

گووتوویەتی: "من ڕووەو ژیانێکی جوان و تەلیسماوی دەچم"

ژیانی جوان و تەلیسماوی چیە؟ چۆنە؟ چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو و شەڕدا هەیە؟ چ جۆرە سەرکەوتنێکی لێمان دەوێت؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەتان پێ نەدرێتەوە ئەوا من لەناو ئەم پارتە چ وەک ئافرەت چ وەک پیاو پەسەندتان ناکەم. چونکە من پابەندی یادەوەریانم و کۆمەڵێک وەسیتیان بۆ من بەجێهێشتووە. هەرگیز نابێت بە هەڵە لە قسەکانم تێبگەن؛ ئەوانەی دەتوانن بگەن بەم ڕەهەندە بۆیان هەیە بە گەورەترین شێوە بژین. "پەیوەندی قەدەغەیە" نازانم "منی خۆشناوێت" یاخود "من خۆشەویستیم دەوێت بۆچی ڕێکخستن ڕێگریم لێدەکات؟" هەموویان کۆمەڵێک زماندرێژین و لە دووربوونیەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەوەی ڕێگرو کۆسپە خودی خۆتی. لەناو هەموو شەڕ و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و ڕێکخراوێکدا شکست دەهێنێت. دەرک بە هیچ ئەرکێکی سەر

Scanned by CamScanner

شانت ناکەیت و پاشانیش دێیت دەڵێیت: "حەزم لە خۆشەویستیە!" ئەمە هەم بێ ئەخلاقی دەبێت و هەم بە پێچەوانەی ئەرکەکانتەوەیە.

من ئەمانە بۆ ئەوە ناڵێم کە PKK بەڕێوەببەم، یاخود بۆئەوەی کە PKK زۆر گەورە پیشان بدەم، بە پێچەوانەوە ئەمانە بە سەرلەنوێ شێوەگرتنەوەی گەلێکەوە پەیوەستن. ئاشکرایە کە بنەماڵە و خانەدانێتی خۆم ئاواناکەم، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم گەلە ئافرەت پێشدەخەم. لەلایەکی تریشەوە من بە پێچەوانەی هەموو دەسەڵاتدار و وتەبێژەکانەوە کە هەریەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەوەی کردووە، فشار ناخەمە سەر ئافرەت. تایبەت بوونی منیش لێرەوە دێت. تا ئێستا بە قۆرغکردنی ڕەنجی هیچ کەسێك شیرازەی کاری خۆم دانەمەزراندووە. ئینجا ئەمە چ ئافرەت یان پیاو بوو بێت. بە پێچەوانەوە هەمووتان لە ڕەنجی من سوودمەند بوون. گەورەییشمان لەمەوە دێت. سەرباری ئەوەی کە هەرگیز بە شێوەیەکی دزێو و ناشرین خۆم نەسەپاندووە، چوومەتە هەر کوێیەکیش هەموو بە ئامادەباشیەوە لەبەرم هەستاونەتە سەر پێ. هەر لە حەوت ساڵەوە تا حەفتا ساڵەکەی جۆش و خرۆش و گەورەیی و جوانیم تێدا دەبیننەوە.

تەنانەت دوژمنیشمان لە من بێزار نابێت.

دوژمن پشت بە هەبوونم دوژمنایەتی خۆی دەکات. هەموویان ستراتیژیەتی خۆیان بەم پێیە دادەڕێژن. بە ملیۆنان دوژمن بە دوژمنایەتیکردنم نان بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. ئایا ئەمە لەبەر خۆپەرستی خۆم دەکەم؟ نەخێر کەسێکی خۆپەرست پێویستی بەم کارە نییە کەمن دەیکەم. کەسێکی خۆپەرست ژیانێکی زۆر بچووك و نزم بە ڕابواردن لەگەڵ کەسێك یان چەند کەسێك بەسەر دەبات. کاردانەوەم بەرامبەر بەمە هەیە و ڕقم لە ژیانێکی خۆپەرستانە دەبێتەوە. ئەوەی جۆش دەداتە من پەیوەست بوونی ئافرەتان و زیادبوونی جوانی و سەرنج ڕاکێشی و جەنگاوەریانە. زەقترین گوزارەی ئەمە لە زیلاندا بەدیدەکرێت.

لەم واتایەدا پیاوی کلاسیك ئیدی کۆتایی پێهاتووە. ئەگەر ژیریتان هەبێت ئیدی تێدەگەن کە دوای ئەم چالاکیە چیدی پیاو ناتوانێت وەك پێشتر بە شێوەیەکی کلاسیك ژیان بگوزەرێنێت. چونکە ئەم چالاکیە خاڵی لە بەردەمدا دانان. بە رای من دەبێت بپرسێت پیاوێك کە خۆی نەگۆڕێت و خۆی وەرنەچەرخێنێت دەکرێت پێی بوترێت پیاو؟ یاخود دەکرێت هیچ کچێك لە ڕیزەکانی ئێمەدا هیچ پیاوێك پەسەند بکات؟ دوای ئەوەی کە ناسنامەی زیلان ڕوون بووەوە هەموو پیاوێتیەکی کۆن کۆتایی پێهات. پیاوێتی نوێ

Scanned by CamScanner

چییە؟ ئەمەشیان بە کاری ئێوە دادەنرێت. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە شتێك بکەم؛ هەندێك پیاو ویستیان لە جۆری چالاکیەکەی زیلان ئەنجام بدەن، بەلاّم نەیانوێرا. کەواتە پیاو لەم لایەنەوە لاوازترە. ئاشکرابوو کە لە چالاکیدا بوێری و فیداکاری پیاو لە ئافرەت لاوازترە.

کەواتە پێویستە جارێکی تر چاو پیاخشاندنەوەیەك بۆ خۆتان بکەن. گەلێك ڕاستی تریشتان بە وێنەی ئەمە ئاشکرابووە. هیچ دیار نییە دەتوانن تا چ ڕادەیەك بە شێوەیەکی ڕاست لەگەلّ ئافرەتدا بژین. هیچ PKK ناناسن. تەنانەت نازانن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك تەماشای ئافرەتیش بکەن. خودی ئافرەت خۆیشی لە ڕەوشێکدایە کە هیچ ناناسرێتەوە. کەواتە ئاشکرا کردنی ڕەوشتان و یەکلایی کردنەوەی کارێکی گرنگە.

ئایا هەرگیز بووە کە لە نیگای یەکەمەوە خۆشەویستی دروست ببێت؟

خۆشەویستی و عەشق و پابەندیی بەم نزیکایەتیە هەرزانانەی ئێوە دەکرێت؟ نەخێر ناکرێت. لەم بارەیەوە ئیدی پێویستە ئەم زاراوانە بخەنە لاوە، چونکە ئیدی سوپای YAJK ئەمانەی بێ واتا کردووە و تێی پەڕاندووە. بەدیهاتنی سەرکەوتن لەمەدایە. بە منیشەوە ئەوەی پێویستە هەموومان پێکیبهێنین جەنگاوەرییەکە کە بەرەو سەرکەوتن دەچێت. بۆ ئافرەت بەرەو سەرکەوتن چوون لە جەنگاوەریدایە. لە دەرەوەی ئەمە سەپاندنی زاراوە و نزیکایەتی تر ڕاست نییە.

هەموو شتێك بەم سەرکەوتنە بەدیدەهێنرێت.

چالاکی گەورە ژیانی گەورەی لێوە لەدایك دەبێت.

لەو بڕوایەدام زەینەب کناجی (زیلان) ەکان وەك شەهیدانێکی تایبەتی قۆناغ، بەپێی توانا ڕۆلّی مێژوویی خۆیان گێڕاوە. پێم وایە ئەوانەی کە ئێمەش کردوومانن هەمووی لە جێی خۆیدایە. دەکرێت بە پاداشتدانەوە دابنرێت. بێگومان ئەوانەی کراون هێشتا سەرەتایەکن. هەرگیز نابێت بە هەلّە لێیان تێبگەن و بە نزیکایەتی خۆپەرستانە بیانناسێنن.

ژیان بە ژنەوە بەهادارە.

لە ڕاستیدا ژیان بە هەرکەسێکەوە کە پابەندی سەرکەوتن بێت بەهادارە. ئەوەی بە خولقاندن هێنراوەتە کایەوە کەم نییە، بەلّکو پێشکەوتنێکە کە بە جۆشی جەژنێکەوە پێشوازی لێبکرێت. بەدەر لەمانە هیچ بەهایەکی تر لای ئێمە دەستناکەوێت کە جۆشتان بداتێ. خۆی لە خۆیدا لە شوێن و جێی تر شتێك نەماوە کە پێی بگووترێت بەها. هۆکاری

Scanned by CamScanner

پەستبوون و تووڕە بوونی ئێمە، جۆش وەرنەگرتنتانە لەمە. لەسەر ئەم بنەمایە بەدەستنەگرتنی ژیان و هەڵنەکشانتان بەرەو قارەمانێتیە کە ئێمە تووڕە دەکات.

ڕێمان لە بەردەم دارووخانی ئێوە گرت و زەمینەی بالأبوونتانمان هێنایە کایەوە. چەندتان بوێت دەتوانن وڵاتتان خۆش بوێت و دەوڵەمەندی سەرمایەی بۆ دەستەبەر بکەن. ڕێباز و ئامراز و شێوازی ئەمەمان خستۆتە بەردەستتان.

ئەوەتا پارت و هەموو جۆرە ئامرازێکی شەڕکردن و لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕێکخستنمان خستووەتە ژێر فەرمایشتتانەوە. هیچ شتێك نییە کە بە شەڕ دەستتان نەکەوێت. هەموو جارێك دووپاتی دەکەمەوە؛ گەر کەسێکی وەك من داماو بەم ڕێگایە ئەو هەموو قازانجەی بەدەستخستبێت، ئیدی بۆچی ئێوە نەتوانن لەم ڕێیەوە قازانج بکەن؟ بەدەر لەمە هیچ کارێکی تر خراوەتە پێشتان؟ نەخێر. تەنانەت کەسێك نییە کارێکتان بداتێ کە سکی خۆتانی پێ تێر بکەن. گەر لە پای تێرکردنی سکتان ئەم دەرگا و ئەو دەرگای دوژمن بکەن و داوای دەرگاوانیش بکەن، لە هەزارتاندا ئەگەر یەکێك کاری دەستبکەوێت. ئەمەی ئێمەش کارێکە؛ کاری شەڕ، کاری چالاکی، کاری ڕێکخستنە. کارێکە نەك تەنها سکتان تێر دەکات، بەڵکو بەنرخترین ژیانی پێ قازانج دەکرێت. بەهای بەرهەمهێنەری شۆڕشیش لەمەدایە. واتا لە وڵاتێکدا کە هەموو کەس لە ژێر باری بێ کاری و برسێتیدا دەناڵێنێت، شۆڕشگێڕی کارێکە کە زۆرترین قازانجی هەیە. بە بەرهەمهێنان قازانج دەدات بەدەستەوە و بڕۆنیانە قازانجی دەبێت. دەکرێت بە شێوەیەکی تریش پێناسەی بکەین؛ ژیانی کۆن وشك بووە، خێزان کراوە بە دۆزەخ، عەشق مردووە و لە قۆناغی شۆڕشدا زیندوو دەکرێنەوە. هەتا دوایین ڕێگا لە بەردەم ژیانێك ئاوەڵا کراوە کە وشکتان ناکات، بەڵکو دەتانژێنێتەوە و ژیانەوە لەگەڵ گۆشت و خوێندا تێکەڵ دەکات. هەروەها دەرفەت بۆ ئەوە ڕەخسێنراوە کە پەیوەندی بریتی نەبێت لە ڕووداوێکی ڕووخاندن بەڵکو نموونەیەکی هەستانەوە بێت.

زەمینەی عەشقمان ڕەخساندووە.

ئەمەش کارێکە بە ڕەنجدان دەکرێت و بە ڕەنجدانێکی گەورەی شۆڕشگێڕانە دەچێتە سەر. ئێوە نیازتانە بە پراکتیکی حەماڵانە ئەنجام بەدەست بێنن. ئایا بە ڕەنجێکی سۆسیالیست و ئازادانە نەبێت ئەمە دابین دەبێت؟ ڕەنجتان ڕەنجکێشانێکی کۆیلانەیە. ئەمە لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟ لەوەدا کە سیاسەت بەڕێوە نابەن، ڕێکخستن دانامەزرێنن. هۆی ئەمە چییە؟ چونکە ڕەنجتان ڕەنجکێشانێکی سۆسیالیستانە نییە. لەم

Scanned by CamScanner

واتایەدا هێشتا نەگەیشتوون بە هیچ و ئەمە کۆششی حەماڵێك دەگەیەنێت. ئایا منیش بە هەمان شێوەم؟ پێشتر منیش بژارم کردووە و هەموو کارێکی زەوی و زاریشم تاقیکردۆتەوە. تەنانەت بە ڕەنجدانێکی زۆر قەبە ئەمەم کردووە. دوای ئەوەی کارەکانم بە ڕەنجدانێکی سۆسیالیستانە تاوتوێ کرد، بینیم کە بەرهەمەکەی سەد قات زیاترە و تێگەیشتم ئەمەیان دەتوانێت ڕێگا بۆ بەرهەمێکی بێ سنوور خۆش بکات. ئیدی هەموو شتێکی خۆم بۆ ڕەنجدانێکی سۆسیالیستانە تەرخان کرد. پاشان بۆم دەرکەوت هەرچیەکمان لەدەستداوە دەتوانین لەم ڕێگا یەوە بیگێڕینەوە. لە ژیانی کۆندا چۆنە؟ دەبێت بە درێژایی تەمەن کار بکەیت و هێشتاش پارەی پێشەکی یان شیربایی‌ەکت نابێت. ئەگەر هەشتبێت چی ڕوو دەدات؟ بە دوایدا ژیانێك دێت کە بڕیاری مردنت بەسەردا دەدات.

بە ڕەنجدانێکی سۆسیالیستانە تەواوی کچان دەبن بە هی ئەم بزاڤە.

لەهەمان کاتدا نەبووم بە مەحکومکراوێکی ژیان، بە پێچەوانەوە بێ وێنە سەرم بۆ ئازادی هەڵبڕی. ئەمەش بە ڕەنجێکی سۆسیالیستانە زامن دەکرێت، کە یەکێکە لە دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرەکانمان. بە هۆی ئەمەوە ئەو کەسایەتیەی کە کرنگرنەیی و تەوقی داب و نەریت کۆتایی پێهێناوە سەرلەنوێ هیوای ژیانی بەدەستخستۆتەوە. سەرۆکایەتی گوزارشت لەمە دەکات، ئەو ئەم هێزەی بەرجەستە کردووە و سەرچاوەی هەموو توانایەکیەتی.

کەواتە شێوازی ڕەنجدانی سۆسیالیستانە کۆششێکی ڕەنجەڕۆیی نییە، بەڵکو کۆششێکی ئافرێنەرە. ڕەنجێکە واتای هەموو شتێکی ورد و درشت دەزانێت و چۆنیەتی بەرهەمهێنانیشی دەزانێت. "تەنگەتاو بووم، بنبەست بووم، ژیان بە لامەوە هیچ واتایەکی نییە، جۆش و خرۆشم نییە، ناتوانم خوڵقکار بم" هەریەکەیان هیچ واتایەکیان نییە و نزیکایەتیەکی چەوتن. ئەم نزیکایەتیە تێنەگەیشتنە لە ڕێبازی شەهیدان و چالاکی و تەواوی ئەوانەی لە PKK دا ڕوودەدەن. واتا نیشانەی ئەوەیە کە ڕەنجتان بریتییە لە ڕەنجدانێکی کۆیلانە. هەروەها ئەمەش کەسایەتیەکی لاوازە.

بێگومان ناکۆکی هەیە. تەنانەت کۆمەڵێکیان کە هەناسە لەبەر مرۆڤ دەبڕن سەرەڕای ئەوەش بە تێکۆشانێکی دژوار هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەین. پێویستە ئێوەش لە ئاستێکی بەرزدا نزیکایەتی و دڵخوازی نیشان بدەن. بە دانبەخۆداگرتنێکی گەورەوە هەتاوەکو ئێرەم هێناوە. شوکرانە بکەن. پێتان وایە ڕێگا خۆشکردن بۆ

Scanned by CamScanner

گەورەیی ژیان لە ڕێی شەڕەوە چۆنە؟ ئایا هەر وا ئاسانە؟ لە هەمووی گرنگتر دیارە کە ئەمانە هەمووی لە پێناو ڕووخاندندا ناکرێت. هەروەها بۆ ئەوەش نەکراوە کە ژیان بە هەموو شتێکیەوە لەدەست بدرێت. دووپاتی دەکەمەوە لە کەسایەتی زیلاندا دیارە کە بۆچییە و لە پێناو گەیشتندایە بە ژیانێکی پڕ واتا و گەورە. گەورەیی واتاش هەر لێرەدایە. هیچ کەسێك بەرەو پیری مردنێکی هەرزان ڕاینەکردووە، با هیچ کەسێك نەڵێت من بەم ڕەنگە دەژیم و پاشانیش بەرەو مردن دەچم.

هیچ کاتێك لە چالاکیدا بیرم لە مردن نەکردۆتەوە.

ناڵێم بە دەوری ژیاندا بێ وێنە هەڵدەسوڕێم، ئیدی گرنگیش نییە لە کوێی ئەم ژیانەدا بین، بەڵام لە هەموو بوار و مەودایەکی ژیانیشدا هەم. ئەگەر بۆ ژیانی هەنووکەش نەبووبێت، ئەوا بۆ ئەو ژیانەی کە دەبێت بخولقێنرێت ملیتانێکی بێ وێنە بووم.

بە بەرچاوەوەیەو بەرجەستەش دەبێت. ئێوە هێشتا لەمەش تێناگەن. کەواتە ناکرێت لەم ڕەوشەتان ببوورین. کەسایەتیتان ناتوانێت پێشبکەوێت. نازناوتان لە هەموو ئاستێکدا کرێگرتەیی کردنە بۆ دوژمن. ئیدی چۆن ئەمڕۆ لە بەرامبەر ئێمەدا شەڕ دەکەن؟ لە کاتێکدا کەسایەتی لای ئێمە کەسایەتی سەرکەوتنە. شێواز و گوڕ و خێرایی زۆر ئاشکرایە و سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

ئیدی هەموو کەس پێمان دەڵێت تەنها کەسایەتیەکە کە پەسەندکراو بێت. ئەگەر تەواوی ئەمان بە لاتانەوە واتادار و ڕاستە، ئەوەی لەسەر ئێوە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە چۆن ئەمە لە خۆتاندا بچێنن. ئەگەر بەڵێن، پابەندی، ڕێزی ژیان، سۆز و عەشقتان هەیە، بەدەستهێنانی هێز بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری "چۆن ئەمانە ڕووەو چالاکی گەورە ببرێن و لە ژیاندا بەرجەستە بکرێن؟" دەکەنە پیشەتان. کێشەی سەرەکیشتان لەمەدایە. کەس لێرە باس لە مردنێکی هەرزان ناکات. بە پێچەوانەوە بە هەمیشەیی کردنی کەسایەتیەك کە بە ئاسانی نامرێت بەڕێوەبچن. سەرۆکایەتیش بریتییە لەمە. ئەو واتا بێ وێنەیەی سەرۆکایەتی داویەتی بە ژیان وەهای کردووە کە سەرۆکایەتی سات بە سات هێزی سەرخستنی ژیان بێت. هیوادارم ئێوەش ئەگەر کەمێکیش بووبێت بەم شێوەیە بن. هەر شوێنێکم بۆ دادەنێن، داینێن بۆ سەرکەوتن تەنها گەیشتنە ئەوێم بەسە. بێ ئەوەی مێندەی سەری دەرزیەك داوای هیچ شتێك لە هیچ کەسێك بکەم.

Scanned by CamScanner

بخولّقێنن...

ئەو هەموو دەرفەتە لە بەردەستتاندایە و نازانن بۆ خولّقکاری بەکاریبهێنن. پارت ناناسن و نازانن کە دەسەلاّتیش بناسن. بە لای منەوە ئەگەر دەرفەت هێندەی سەری دەرزیەکیش بێت کێشە نییە. کەواتە لەم لایەنەوە دواکەوتوون. نامۆن بە ژیان و ئافرەت و عەشق. ئەگەر خولّقاندنیش ببێتە جێی باس ئەوا هەر کێشە نییە. بۆچی خۆتان وشك کردۆتەوە؟ بۆچی زۆر خولّقکار نیین؟ لەبەرئەوەی کە زۆر خۆپەرستانە کۆتاییتان بە خۆتان هێناوە و شوورەیش لێرەدایە.

هەمووتان دەبینن چۆن بەرامبەر شەهیدێکمان نزیکایەتیەکی گەورەی پڕ واتامان هەیە، تەنانەت نزیکایەتیەکی هێندە گەورەیە کە یادگاتان توانای نییە لێی تێبگات و دەبینن کە چی دەکەین... ئەگەر هەر یەکێکتان کەم تا زۆر بیتوانیایە شتێك بکات، مردنی هەرزانتان ڕەتبکردایەتەوە، بتان سەلماندایە کە مردن چارەنووسێك نییە و ئەوەی چارەنووسە ژیانە، دلّنیابن بە جۆشێکی گەورەترەوە دەمتوانی کە شتی زۆر گەورەتر بکەم. دلّنیام لەوەی کە هەموو کاتێك دەتوانم بە گەورەترین هێزەوە خۆم نوێ بکەمەوە. بەلاّم ئێوە تەنانەت سیماو دلّیشتان گوزارشت لەوە دەکات کە چۆن ژیانتان وشك کردۆتەوە. هەرچی منم ئەمە بە چارەنووسێك نازانم. بۆ نموونە لەلایەکەوە لە ڕێی ڕێزگرتنەوە دەتوانم بێ وێنە بخولّقێنم و لەلایەکی تریشەوە بە هزریش هەر دەخولّقێنم. خێرا بە بەنە ڕێکخستنیەکان میکانیزمی خۆم دادەمەزرێنم. دەتوانم لە منالّی حەوت سالّەوە تا پیری حەفتا سالّ بۆ چالاکی هەلّسێنمە سەر پێ. بە تەمەنەکان خۆشیان دەلّێن: "وەك گەنجێکی پازدە سالاّن خوێن گەرم و گەنج دەبینەوە" کەواتە ئەمە گرنگەو بەرجەستەش دەبێت. لەبەرچیبیە کە ئێوە نایکەن؟ چ گرفت و دەردێکتان هەیە؟ من بەم کردنە مردووم؟ شتێکی شوورەییە؟ نەخێر. ئەمرۆ لە ئاستێکدام کە هەردەچێت گەلەکەمان زیاتر بە تێگەیشتنەوە و مرۆڤایەتیش بە شانازیەوە لێم نزیك دەبنەوە. من هیچ کاتێك وەك ئێوە نەگریام و لە کەسیش نەپاڕامەوە.

کەسانی قارەمان ناگرین...

ئەوانەی کە پابەندی یادەوەری ئەم هەموو شەهیدە بن ناگرین. لە کاتێکدا ئەوەی کە لەناوتاندا لە هەمووتان زیاتر زەحمەتی لەسەر شانە منم. تەنها دلّتەنگی ئەوەم کە دەبوو کارێکی گەورەترم بۆ ئەم شەهیدانە بکردایە. هەلّبەتە بۆ ئەمەشیان گلەیی لە ژیان و زەمینەکان ناکەم. ئارامیم لەبەر هەلّدەگیرێت و دەلّێم دەبێت زیاتر کۆشش بکەم؟

Scanned by CamScanner

هەموو ئەندێشە و پەلەپڕوزێیەکم تەنها بۆ ئەمەیە. لە هەمووتان کەمتر دەرفەتی ئەوەم هەیە کە بێمە ناوتان. لە هەمووشی گرنگتر بێ چەمکی ئێوەیە کە وەهام لێدەکات، ئەگەر نا نەجوولان و خۆ سنووردارکردنم هەرگیز ڕوونادات. هەروەها هەرگیز بەرامبەر بە ژیان لە ڕەوشێکی ناکۆك و کەم و کورتدا نابم و هەرگیزیش بە ئاسانی نامرم.

بێگومان پێویستە ئێوەش بەرامبەر بەمە شتێك بکەن. بێ دوودڵی نزیکایەتیەکی هەرزان و بەلاوەنانی شەهیدان پەسەند ناکەین. بە بەرجەستەکردنی واتای ئەمە لە خۆماندا پاداشتیان دەدەینەوە. بە سەدان کچی ناومان لە پێناو خۆبەدەستەوە نەداندا خۆیان دەکەن بە خۆڵەمێش. هەرگیز ناتوانین وەك ڕووداوێکی ڕووکەش بە سەریاندا تێپەڕین. ناتوانین گیانفیدایی ئەو هەموو گەنجە خوێنگەرمە لە پێناو ژیانێکی ئازاددا بە هەرزان بزانین. هەروەها گەلەکەشمان لە ڕەوشێکی زۆر زەحمەتدایە و خوازیاری سەرکەوتنە. ئێمە ناتوانین ئەم داخوازییە بەلاوە بنێین. چونکە ئێمە بەم ڕەنگە هاتینە مەیدان. لەو بڕوایەدام کە ئەمە وەك فەرمایشتێك بەجێبگەیەنین. جێبەجێکردنی پێویستیەکانی بە ئەرکێك دەزانین. لێرەدا تەمەن و ڕەگەز و ناسنامەی نەتەوەییش هێندە بایەخدار نییە.

ئەمە ئەرکێکە پێویستە بە ناوی مرۆڤایەتی، نەتەوە، چینی ژێر دەست و ڕەواخوازانەوە بەجێ بگەیەنرێت.

ئەرکێکە بە ناوی عەشق و جوانیەوە.

پێم وایە کە هەندێك لە ژێر ئەم بارە دەرچووین و توانیومانە هەندێك کاری پێویست بۆ ئەم ئەرکانە بکەین. هەموو کات بەڵێنمان هەر بەڵێنە. لای ئێمە زیاتر ژیان واتا تۆمارکردنی سەرکەوتنی زیاتر.

هەروەك چۆن تا ئێستا پێویستیەکانی ئەمەمان بەجێگەیاندووە، ئەوا تاکە مەرجی لەمەودواش ئەوە دەبێت: "ئەگەر دەژیم، بەهای بەڵێنی ژیان سەرکەوتنی مسۆگەرە" ئەگەر لەلای ئێوەش بەڵێن واتایەکی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ لەمەودوا تەنها یەکێکتان بمێنێتەوە چالاکی ئەو دەبێتە مایەی سەرکەوتن. هیچ کەسێك ناتوانێت بێتە بەرامبەرمان و لە دەرەوەی ئەمە بەڵێن بدات. چۆن شەهیدان خۆیان بۆ کردینە وەسیەتێك و ئێمەش لە ژیانماندا پاداشتی ڕەوای خۆیانمان دانەوە، ئەوا دەبێت هەندێك لەناو ئەوانەتاندا دەرکەون کە ماون و تێبگەن ئەو پەیمانەی بە شەهیدان بدرێت دەبێت زامنکردنی سەرکەوتن بێت. بۆ ئەوەی بتوانن ئەمە ئەنجام بدەن -- بە ڕادەیەك کە بەراوردکردنی

Scanned by CamScanner

بە کۆن شیاو نییە -- سەرکەوتنی پێویستمان بەدەست هێناوە. چەندە پێویست بکات دەتوانن هێندە دڵ و مێشکتان بخەنە گەڕ.

دەتوانن چەکی پارت، چەکی ئارتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان ARGK و بەرەی گەل ARNK بۆ سەرکەوتن بەکاربهێنن. ئەگەر بۆ سەرکەوتن بەکارینەهێنن کەسێك لە جێی مرۆڤتان دانانێت. نەدوژمن و نەگەلیش. ئێمەش هەرگیز لەگەڵ کەسانی وەهادا دڵمان سوکنایی نایەت. لەوێ هەموو شتێك تەنانەت پابەندی بە یادەوەری شەهیدێکیشمانەوە هەل و مەرجی سەرکەوتن ئامادەکردنە. هیچ کەسێك با نەڵێت سەرچاوەی هێز و توانا لە کوێیە؟ چونکە تەنها شەهیدێك سەرچاوەیەکی گەورەی هێزە.

ئێمە بە هەڤاڵ "حەقی قەرار" دەستمان پێکرد و ئەوا زیلانیش سالێکی خۆی پڕکردەوە.

وەك دەبینن ئەمانە بەسن بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی ئارەزووی دەکرێت و بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن. تەنها ئەوەندە دەمێنێتەوە کە لە هەوڵی ئەوەدا بن لەسەر ئەم بنەمایە چاو بە خۆتاندا بخشێننەوە و ببنە خاوەنی بەڵێن و بڕیار. خۆی لە خۆیدا کارێکی تریشتان نییە سەرقاڵتان بکات. وەستایی پراکتیکیانە لە هەوڵدانا ئەوەیە کە هێندەی پێویست دەکات بە خۆ پەروەردەکردن و ئەزموون وەرگرتن خۆتان پڕچەك بکەن. خودی ژیان خۆی ئەوەتان پیشاندەدات کە چۆن لە هەموو شتێکدا سات بە سات بەرەو سەرکەوتن ڕابکەن. لە ڕێبازی PKK دا کۆتاییەك بۆ چۆنێتی هەوڵدان نییە. کەسێك کە هێندە پابەند و شەتەکدراو بێت بە ئامانجەکانیەوە لە چالاکی و بەڕێوەچوونیشیدا زۆر هەڵە ناکات، یان ئەگەر کردیشی زوو ڕاستی دەکاتەوە.

واتای تەواوی ئەمانە ئەوەیە کە یادەوەری شەهیدان باڵاترین بەهایە، پابەندی و هەوڵدانیش لە پێناویاندا بەدیهێنانی سەرکەوتنە.

١٩٩٧/٦/٦

Scanned by CamScanner

**من عاشقی ئازادیم**

تەنها بەناو پارتێکە، ئەگەر نا سەرتاپای گوزارە لە ژیانێکی نوێ دەکات.

لە ژیانێکیش زیاتر، شەڕێکە لە پێناو ئومێددا و لە پای ئەوانە دەکرێت کە لە زووەوە لەدەست چوون، هیچ ئامانج و بەهانەیەکیان نەماوە و هێز و توانایان لەدەست داوە. بەڵێ شەڕێك کە تەنانەت ئەوانەی زۆر بە خۆیان دەنازن نەیانتوانیوە بۆ بەدیهێنانی تەنها هەنگاوێکیش بنێن.

هەموو کەس بەستەی فۆلکلۆری تایبەت بە خۆیان هەیە، بەستەی فۆلکلۆری ئێمەش نەمەیە. هەروەها هەر کەسە و ئاواز و گۆرانی خۆیان هەیەو مەستانە بەوەوە ڕێدەکەن، گۆرانی ئێمەش بەم ڕەنگەیە. هەر دەڕوا و درێژەی دەبێت، قووڵدەبێتەوە، گوێ ڕادێرێت، گوێی بۆ ڕادەدێرن و بڕ دەکات و دەڕوات. گۆرانیەکی ژیان کە هێندەی تراژیدیە کۆمیدیشە، هێندەی بە هەژمەتە بە تام و جۆشیشە، هێندەی لەناودەبات دەشژێنێت...

لە هەرە کۆنەکەتانەوە تا هەرە نوێکەتان ئەو ئارەزوو، هەڵوێست و هەنگاوانەی هەتانە لە پێوانێکی دیاریکراودا منیش پەیوەندیدار دەکات. هەرچەندە سەبارەت بە چۆنیەتی ئەم هەنگاوانە هەندێك زانایی هەیە، بەڵام زۆر دوورە لەوەی پێداویستیەکان بەجێبگەیەنێت و ئەم دووربوونەش دەبێتە مایەی مردن و هەژمەت لە کەسایەتیتاندا. ئەمەش بەرجەستە بوونی نموونەی بەدینەهێنراوێکە لە کەسایەتیتاندا. لێرەدا ناڵێم ئاوانبار تۆ یان یەکێکی ترە.

Scanned by CamScanner

تاوانبار لە قووڵاییەکانی مێژوودا شاراوەیە و لە مێژە مردووە و تەواو بووە.

تاوانبار لە داهاتوودایە و لە بۆسەیەکدا خۆی مات داوە و چاوەڕوانە. لە ناخی تۆدایە و لەوێوە زەبری لێداویت. ڕەنگە ئەوەیان کە بەدەرەوەیە بە ئاسانی تاوانبار بکرێت و ئەگەری ڕزگاربوون لێی هەبێت، بەڵام هەرە زەحمەتەکەیان بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوژمنەیە کە لە هەموو هەڵسوکەت و گووتنێکدایەو لە ژێر هەزاران دەمامکدا خۆی شاردۆتەوە.

بەڵێ زەحمەتترین کار بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی شاراوەی ناخی ئێوەیە. ئەمانەش لاوازی، بێ ئیرادەیی و دووربوونتانە لە تیژبڕی چەمك و ئەو هەنگاوانەی پێویستە بهاوێژرێن. لە جێیەکی چاوەڕواننەکراودا کۆتایی هێنانە بە خۆتان، ئەمانە ئەو پارچانەی ئێوەن کە ڕەنگە لێیانتێنەگەیشتبن و لە هەر هەنگاوێکتاندا دەبێتە بەڵایەك بەسەرمانەوە.

بۆچی بەم ڕەنگەیە؟ بێگومان کۆمەڵگا یان گەل و کەسێك کە دوژمنەکەی تەنها بە داگیرکردن، ژێردەستەکردن و قۆرغکردنی بێ سنووریەوە ڕانەوەستابێت، تەنانەت ئەوەشی تێپەڕکردبێت کە وڵات و ڕاستی کۆمەڵایەتی ئەم گەلە تا خۆ بەدەستەوەدان بهێنێت و جیاوازتر لە هەر جۆرێکی کۆیلەکردن کۆیلەی کردبێت و لەمانەش زیاتر بە پەیڕەوێکی جیاوازتر وەهای لێ کردبێت کە بەهۆی زۆرداریەوە نا بەڵکو بە دڵخوازی خۆی بەپێی ئەمانە بڕوات بەڕێوە، ئەو کاتە پێناسەکردنی کەسایەتیەکی وەهاو شیکردنەوە و کردنی بە مرۆڤ زۆر زەحمەتە. زۆر زەحمەتە کە بە واتا و جوانیەکی زۆرەوە ژیانی پێ بدەیت. ئێستا لە کوێی ئەم ڕاستیەداین؟ هیچ کەسێکتان ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کەم تا زۆر خۆی لەمە ڕزگار کردبێت. چونکە ئەو ڕووداوەی کە پێی دەگووترێت نەفرەت لێکراویی هێندە ئاسان نییە. ڕەنگە ئەوەی لە سەردەمی ئەمڕۆدا دڵمان لە ڕیشە دەردێنێت و دەیکات بە کۆڵو و لەناوماندەبات و هەموو شتێکمان لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت، پووختەیەکی خەستی ئەوە بێت کە لە مێژوودا بەسەر زۆر گرووپی تریش هاتووە.

ئەم شەڕە بە واتایەکی تر وشیارکردنەوەی ئەو هەستانەیە کە لە ژێر کاریگەری ئەم تەمە تووڕەیەداین و ئەگەر بکرێت ڕۆح بە بەردا کردنەوەیانە. خۆ لە بارێکدا ئەگەر نەخۆشیەکەی کوشندە بێت ئەوا سەرەنجامەکەی مردنە. دەبێت ئەوە باش بزانن کە بەگوێرەی پزیشکیش ژیانێکی کەفتەکار و ئیفلیج پەسەند نەکراوە. هەر بۆیە بە شێوەیەك لە PKK ڕوانین کە تەنها هێزێکی سیاسیەو بە وێنەی هەر ئایدیۆلۆژیا و

Scanned by CamScanner

سیاسەت و سەربازییەکی دیکە خۆی بەڕێوەدەبات نزیکایەتیەکی زۆر ڕووکەش و دووره لە قووڵی. ڕەنگە ئەمانە لایەنی ڕووخساریی بابەتەکە یاخود توێکڵی پارێزەری دەرەوەی بێت. لایەنی گەوهەر زیاتر خاڵێکی دەستنیشانکارە، یاخود خۆ گەیاندن بەگەوهەر لە پێشتر و پێویستەکەیانە. ئێوە نەك هەر بە گەوهەرەکەی نەگەیشتوون بەڵکو لەگەڵ لایەنە زەقەکانیشیدا کە یەکێك لەوانە پێداگریکردنە لەسەر سەربازیەکی ڕاستەقینە ناکۆکن. ئاشکرایە چ مردنتان و چ ژیانتان بەپێی ئەم ڕێبازە نییە. تەنانەت دیار نییە کە بڕیارتان بۆ مردن داوە یاخود بۆ ژیان.

ئێمە ویستمان کە بڕیاردان پێشبخەین.

هێشتاش درێژە بەم تێز و بانگەشەیە دەدەم. زۆر باش دەزانم کە ئەمە چەند من دەگرێتەوە هێندەش تەواوی کۆمەڵگا و هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەیانەوێت بەپێی بنەما مرۆییەکان بجوڵێنەوە. ئەگەر ئەمەی من دەیڵێم پێتان نەکرا ئەوا بەگوێرەی بنەما و پێداویستیە سەربەرزیەکانی بژین. هیچ نەبێت لە دیاردەی PKK دا هەن، کەواتە دەبێت بزانن کە بڕیاریش بەم جۆرەیە. زۆربەتان نەیتوانیوە لەناو PKK دا خۆی بگەیەنێتە بڕیارێك.

لە پێناو چۆنێتی هێنانەدی مرۆڤێکی گەوهەریی و ژیانێکی مرۆییانەدا چ بڕیارێك دراوە؟ ئەو بڕیارانەی کە داوتانە پڕن لە کەموکورتی و سستی. بێ دوودڵی ئەمە دوور بوونە لە ئێمە و لە شەڕی PKK دا ڕێگای لەبەردەم تراژیدیا و کۆمەڵێك لەدەستدانی چاوەڕواننەکراو کردۆتەوە. لێرەدا ئەگەر خۆم هەندێك لە پێداویستیە مێژووییەکانم بەجێنەگەیاندایە ئەگەری ئەوە هەبوو بە هەڵمەتێکی دوژمن تێکبشکێنرایانایە یاخود گەر بەویش نەبێت بە بەرچاوەوەیە کە بچووکترین کاریگەری دواکەوتنیەکانتان چۆن لە هەموو ئان و ساتێکدا ڕووبەڕووی لەناوچوونمان دەکاتەوە.

کەواتە بڕیاری PKK چۆنەو بەگوێرەی ڕاستینەی PKK چۆن بڕیارێك بدرێت؟

ئەم ساڵ وەك ساڵێکی سەدەی بیستەم ساڵی بڕیاردان و PKK یی بوونێکی ڕاستەقینەیە. ئایا بۆ ئەم مەبەستە ڕێز لە خۆتان دەگرن، خاوەن جددیەت و هێزن، لە هەمووشی گرنگتر هێزی بڕیاردانتان هەیە؟ چونکە ئەمە ئاڵۆزترین بڕیاری سیاسیە. بڕیار بۆ شەڕێکی زۆر سەخت، بڕیارە بۆ بە ڕەونەقترین ژیانی ئازاد. ئامادەن لێبگەڕێنەوە و خۆتان نەخەڵەتێنن و شێلگیر بن لەم بارەیەوە؟ ئامادەن کە بەپێی شێوازێکی سەرکەوتووانە و ڕێکخراوانە بڕیار بدەن؟ بە ڕاستی دڵنیان لەوەی کە بێ خۆخەڵەتاندن

Scanned by CamScanner

بڕوا بەوە دەکەن کە ئەگەر ژیانێك هەبێت بەم بڕیارە دێتەدی؟ کاتێك بڕیارتاندا ئیدی بە هیچ جۆرێك نابێت زەحمەتی دروست بکەن و بپارێنەوە. هەروەها سوێند بە یادەوەری شەهیدان دەخۆین کە ئەم بڕیارە بە هیچ چەشنێك پەیوەندی بە ئامانجی بچووك و خۆپەرستی بێ سنووری ئێوە و ئەو ڕاستیانەتانەوە نەبێت کە لەهەر هەنگاوێکدا مایەی بەشێك لەدەستدانە.

لە هەموو قۆناغەکانماندا خۆخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتاندن لە ڕووی بڕیارەوە بنەمای تەواوی لەدەستدانەکان بووە. کێشەکە تەنها بەشداریەکی چەوت و ژیانێکی چەوت نییە بەڵکو لەمە مەترسیدارتریش کەوتۆتە ناومانەوە. با ڕاستەوخۆ ئەوەش بڵێم: ئەگەر بێتوو تەواوی ئەم مێژووە لەسەر بنەمای مۆڵبوونی نیازپاکی کەسانی مرۆڤ دۆست و تەنانەت منداڵان و هەموو دژبەرانی شەڕیش هەڵبسەنگێنین، دیسان لە ئاستێکی باوەڕنەکراودا دووبارە بوونەوەی کۆمەڵێك نامۆیی، چەوتی، هەڵە، خیانەت و پیلانگێڕی لە گۆڕێ دەبینین کە قابیل بە شیکردنەوە و تێگەیشتن نیین. یەکێك نییە و لە جێگایەك نییە، بەڵکو بە هەزاران و لە هەموو شوێنێك، لە هەموو کەسێکدا کۆمەڵێك هەڵوێست نمایش دەکرێت کە دوژمن بە شێوازی وەستایانەی خۆی ناتوانێت هێندە ئامانج بپێکێت و وەك ئەمانە بڕیاری گەوهەریمان پووچەڵ بکاتەوە و ڕێگا لە بەردەم شکستخواردن خۆش بکات. بۆیە ئەم مێژووە تارادەیەکیش دەبێتە مێژووی ئەمانە.

لە خۆم دەپرسم بۆچی؟ لە پای چی و چۆن بەم شێوەیە دەبێت؟ ئەمانە کێن؟ سەرباری ئەوەی نامەوێت لە هەڵسەنگاندنی زانستیانە دوور بکەومەوە و شێوازێکی زانستیانە پەیڕەو دەکەم، بەڵام زۆرجار وام لێدێت بڵێم: "هۆکار ئەو ڕاستیەیە کە لێوەی لەدایکبوون" لێرەدا خۆم لە پێشخستنی گووتەیەکی هەستدارو ئەخلاقی بە دوور ناگرم، چونکە تەنها زانستی سیاسەت و سەربازی ناتوانێت ئەمانە ڕوون بکاتەوە. ئایا ئەم مرۆڤانە تەنها هێندەیان لێدەوەشێتەوە؟ لەم ماوەیەی دواییدا ئەوەم زۆر دووپاتکردۆتەوە کە ئێوە بە هەڵە لەدایکبوون و بە هەڵەش گەورە کراون. تێڕادەمێنم و دەپرسم: مرۆڤ تووشی لەدەستدان دەکرێت، بەڵام بەم ڕادەیە تووشی لەدەستدان دەبێت؟ مرۆڤ هەڵە دەکات، بەڵام بەم ڕادەیە هەڵەکردن دەبێت؟ مرۆڤ لە بەرامبەر ڕاستیەکاندا بێ بانگەشە دەبێت، بەڵام بەم ڕادەیە بێ بانگەشە دەبێت؟ بێدەنگ دەبێت، بەڵام بەم ڕادەیە بێدەنگی دەبێت؟ بەم ڕادەیە هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ کۆمەڵێك هەڵەدا

Scanned by CamScanner

که له مار ترسناکترن دەبێت؟ چۆن هەموو ئەوانەی پێ پەسەند دەکرێت کە بە تەواوی ژیان دەخەنە ژێر هەڕەشەوە؟

خۆزگە هێندە بەهێز بوونایە کە بمانتوانیایە پێتان بڵێین تاوانبارن، بەڵام ئەوەشتان تێدا بەدیناکرێت. ئیدی لەوەش زیاتر کە لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە باس لە کەسایەتی گرینۆک و منداڵانە بکەین، پێویستە بپرسین چەند کەسایەتی خۆخەڵەتێن دەرکەوتن؟ ئەی لە کوێیە مەردی؟ ئەی کوان ئەوانەی خاوەن چەمکی تیژبڕ بوون؟ کوان لە کوێن ئەوانەی دەیانگووت: "ئەگەر مەیدان هەبێت دەجەنگم" ئێستا دەگەڕێم کەسێك نابینم. ئایا بێ ئومێد ببم؟ نەخێر. ئەوە وەبیر خۆم دێنمەوە هەر لە سەرەتاشەوە لەبەر ئەوەنا کە باوەڕیم بە کەسانێك کرد، بەڵکو لەبەرئەوەی باوەڕیم بە هیچ کەسێك نەکرد لە خودی خۆمەوە دەستم پێکرد. لەبەرئەوە نا کە پەسەندم کرد، لەبەرئەوەی کە ڕەتمکردەوە دەستمپێکرد. لەبەرئەوە نا کە پشت و پەنایەکم هەبوو، لەبەرئەوەی بە تەنها مامەوە دەستم پێکرد. من سوورم لەسەر ئەمە و درێژەشی پێدەدەم. من گووتم: چەندە واقیع پێچەوانەی ڕاستیی ئەم ئومێدە بێت، چەندە جوانی و ناشرینیە باوەکان هیچ دەرفەتێك بە ئومێد نەدەن، بۆچی دەبێت ڕاستیەکان لە زووەوە لەدەست درابن؟ لەبەرئەوەش چەوتیەکان ڕیزبەندیش بووبن وەك خۆسەرییەك لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا گووتم هەر دەبێت سەربگرێت.

سەرچاوەی ئەم کێشەیە چۆن کاتێك یەکەم هەنگاومان نا لە منەوە نەبووە ئەمڕۆش هەر وەهایە. لە ڕاستیدا سەرچاوەکەی لە ئێوەشەوە نییە. بەڵکو مێژوو و ژیانێکی وەها دەبێتە جێی باس، کاتێك دەڵێم ئێوە مەبەستم ئەوەیە بپرسم کێن و چ جۆرە تایبەتمەندیەکتان هەیە وە دەڵێم: "زۆر مەدە بەسەر کەسایەتی ئەم کوڕو کچانەدا. بە نیازێکی باشەوە تەنها بەو ڕاستیانە بەڕێوەدەچن کە دەیاندەیتێ. لەم منداڵانەدا بە دوای ئاستی بەرزی داهێنان و وەستایی شەڕدا مەگەڕێ" دیسان ئەو گەلەی بە دوای ئەمانەوەیە دەربەدەرترە و بێ ناسنامەبوونی زیاتر قووڵکراوەتەوە.

سەرکەوتن لە شەڕدا و ئازادی لە ژیاندا.

ئێمە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر نزیکین لە هەردووکیانەوە. چونکە کاتێك بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پێناسەی ئازادی و پابەندبوون پێیەوە کرابێت، هەموو دواکەوتوویی مرۆڤایەتی بەلایەك و کەسایەتی ئازادیش بەلایەك دەبێت. بڕوادەکەم ئەوەی سەرکەوتوو دەبێت هەر ئەوەیە کە بە ناوی ئەم ئازادییە گەورەیەوە دەکرێت.

Scanned by CamScanner

لەبەرئەوە ئاماژە بەم خاڵە دەکەم کە ئێوەش هەندێك ئاوات و داخوازی ئازادبوونتان هەیە. ئەم ئازادیە وەك سەرلێشێوانەکەی ئێوە نییە لەناو تاکڕەویدا. تەنانەت لەم دواییانەدا پێشوازیتان بۆ دەرفەتەکانی شەڕو تەنانەت ژیانێکی ئازاد ڕۆح کێشانی ئازادی و شەڕە. ئاوەژووکردنی پەیوەندی نێوان شەڕ و ئازادیە. ڕەنگە بە لای ئێوەوە هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی وەك شکست لە شەڕدا و دابڕان لە ئازادی، خۆدزینەوە لە شەڕداو گەڕانەوە بۆ تاکڕەویەکی کۆیلانە لە ئازادیدا یاخود لە خراپترین تاکڕەویدا خنکاندنی دەرفەتەکانی ئازادی، بە هەنگاو نان دابنرێت، بەڵام کاتێك شەڕیش لە پێناو ئازادیدا دەبێتە جێی باس بە نائاگاییەکی گەورەوە هیچ شەرم لە ژیانکردنی مەترسیدارترین داسەپاندتان ناکەن. ئایا دڵ لای ئێوە بوونی هەیە؟ کێ ئەمانەی پێ گووتوون؟ دیارە ئێوە ماندووی دەستی دوژمنێکی بێ سەرەتا و بێ سنوور و بێ شوومارن. دەبێت لە دەرەوەی ئەمانە چیترتان لە دەست بێت؟ ئەگەر بە وردبینیش بگەڕێین بە دوای یەکێکدا کە بتوانێت بڵێت: "من کەسێکم کارم بۆ یەك شتی ڕاست پێدەکرێت" دەستمان ناکەوێت. بێگومان من بەمانە هەراسان ناکرێم، تەنانەت تەواوی ئەم داسەپاندنانە بۆ خۆم بە بەهانەی زیاتر بزواندنی شەڕ هەڵدەسەنگێنم.

لێرەدا دڵم بە ڕەنج کێشانی خۆم ناسووتێت و بەزەییم بەمەدا نایەتەوە، بەڵکو دڵم بە بەخت ڕەشی و داماوی و مردنی ناوەختی ئێوە دەسوتێت. بەزەییم بەوەدا دێتەوە کە گەیشتوونەتە بیست یان سی ساڵ و هێشتا هیچتان بە هیچ نەکردووە. بۆ ئەوە بەزەییم پێتاندا دێتەوە کاتێك بڕوایەکی گەورەتان بەوە هەیە کە بۆ خۆتان ژیاون لە ڕاستیدا هیچ نەژیاون. ئەوەی کە من داوای دەکەم تێپەڕکردنی ئەم ڕەوشەتانە. دەزانن کێ کۆسپە لە بەردەم تێپەڕکردنی ئەمەدا؟ ئەو کەسەیە کە پێویستی هەرە زۆری بە تێپەڕاندنی ئەمانە هەیە، واتا خۆتانن! لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە؛ ئەگەر ئەمانە هەموو کۆسپن کەواتە چۆن دەرفەتی لە شەڕدا سەرکەوتن، لە ژیاندا ئازادی پێشدەکەوێت؟ وەڵامی ئەمە لەوەدا شاراوەیە کە چەندە نائاگایی و خیانەت زۆربن، چەندە داسەپاندنی ناوخۆو دەرەوە بۆ پووچەڵکردنەوە برەوی پێبدرێت، کە ئێمە خاوەن شێوازی شەڕ پێکردنی خۆمانین، هەرگیز شەڕی ئێمە لەناو سیستمی خۆماندا شکست ناهێنێت. دوژمنیش هەرچەندە بڵێت "لێم دان و پێکام، هەروەها ئێوەش زۆر بە ئاسانی بڵێن "بێزار بووین، بەربەست بووین" دیسان هەموو شتێك بەگوێرەی شێوازی ئێمە بەڕێوەدەچێت و ئێوە ناتوانن لە شەڕی ئێمەدا هیچ بکەن.

Scanned by CamScanner

چونکە خوداوەندەکان وایان فەرمووە.

خودای شەڕ لەم بارەیەوە وەها دەڵێت:

ئەوەی کە بمرێت ئێوەن ئەوەشی کە سەردەکەوێت شەڕە. ئەوەی بمرێت ژیانی ئێوەیەو ئەوەشی کە سەردەکەوێت ژیانێکی ئازادە.

ئەوەی کە بە هەڵەدا چووە شێوازی شەڕی ئێمە نییە، بەڵکو هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سەرپێچی کاراتەتانە. دوژمنیش بە وێنەی ئێوە لە کەسایەتیمان ئێناگات و تا ئێستاش دیار نییە چەندە هەوڵی تێگەیشتن دەدات، بەڵام ئەمە هەڵەیە. من بەمە هیچم لێکەم نەبۆتەوە و زیانم لێ نەکەوتووە، بەڵکو خودی دوژمن و تاڕادەیەکیش جەنگاوەرە هەڵوێست چەوتەکانمان زیانیان لێ کەوتووە.

هەڵبەتە ئەمە بەو واتایەش نایەت کە گەمە بە کارەکانمان ناکرێت. ئەم شەڕە نە بەو بزاوتانەی هەست و سۆزتان کە تێیدا نغرۆ بوون و زۆر بڕواتان پێیەتی، نە بە لاقرتێیەکانتان بەرێوەدەچێت. هەرگیز ناشتوانێت هیچ زیانێک بە شەڕێك بگەیەنێت کە ئێمە سەرکێشی بۆ دەکەین. خۆشتان نەدەبنە جەنگاوەر و نەدەبنە فەرماندە تەنها کەسێکی خەڵەتێنراوتان لێدەردەچێت. هەروەها شەڕ و پێکدادانەکانتان لەگەڵ دوژمندا لەسەر بنەمایەکی پێچەوانەی دیالێکتیکە و ئاکام هەڵدەوەشانی خۆتانە. ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە من ئێوە و دوژمنیش هەڵدەوەشێنمەوە. کەواتە ئەگەر دەکرێت وەرنە سەر ڕێگای ڕاست، ئەگەر ڕێزتان بەرامبەر بە خۆتان هەیە ئەوا بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان چاونەترس بن.

ئەگەر توانای لێپرسینەوە و لێپێچانەوەی خۆتانتان هەبێت شتێکی باشە، بەڵام خراپیەکە لەوەدایە کە ئێوە ڕۆحتان لەبەر ڕاستی بڕیوە. خۆزگە توانای ئەوەتان هەبووایە کە باجی کردەوەکانی خۆتان بدەن، لەمەش خراپتر بە ڕادەیەك بێ هێز و داماون کە باجی کردەوەکانی خۆتان پێنادرێت. داواکاریمان زۆر نییە لێتان، تەنها ئەوەندە بتانتوانیایە کە خاوەنی هەڵەکانتان بن و هێندە بەهێز بوونایەکە دەرەقەتی ئێمەش بێن. ئەمەش لەچاوخۆتاندا هەنگاوێکی گەورە دەبوو، بەڵام ئەمەشتان تێدا نییە. هەر ئەمەشە هەژمەتەکە. بۆچی بەم ڕەنگەیە؟ هەروەك هەمیشە دووپاتی دەکەمەوە لەبەرئەوەی پێداگری لەسەر چەوتیەکانتان دەکەن. من لێرەدا بە دوای ئیازخراپی ئێوەدا ناگەڕێم و ناشڵێم کە بە ئەنقەست دەیکەن. ئەمە لە ئەنجامی شێوازە جۆر بە جۆر و

Scanned by CamScanner

بڕوا بەوە دەکەن کە ئەگەر ژیانێك هەبێت بەم بڕیارە دێتەدی؟ کاتێك بڕیارتاندا ئیدی بە هیچ جۆرێك نابێت زەحمەتی دروست بکەن و بپارێنەوە. هەروەها سوێند بە یادەوەری شەهیدان دەخۆین کە ئەم بڕیارە بە هیچ چەشنێك پەیوەندی بە ئامانجی بچووك و خۆپەرستی بێ سنووری ئێوە و ئەو ڕاستیانەتانەوە نەبێت کە لەهەر هەنگاوێکدا مایەی بەشێك لەدەستدانە.

لە هەموو قۆناغەکانماندا خۆخەڵەتاندن و هەڵخەڵەتاندن لە ڕووی بڕیارەوە بنەمای تەواوی لەدەستدانەکان بووە. کێشەکە تەنها بەشداریەکی چەوت و ژیانێکی چەوت نییە بەڵکو لەمە مەترسیدارتریش کەوتۆتە ناومانەوە. با ڕاستەوخۆ ئەوەش بڵێم: ئەگەر بێتوو تەواوی ئەم مێژووە لەسەر بنەمای مۆڵبوونی نیازپاکی کەسانی مرۆڤ دۆست و تەنانەت منداڵان و هەموو دژبەرانی شەڕیش هەڵبسەنگێنین، دیسان لە ئاستێکی باوەڕنەکراودا دووبارە بوونەوەی کۆمەڵێك نامۆیی، چەوتی، هەڵە، خیانەت و پیلانگێڕی لە گۆڕێ دەبینین کە قابیل بە شیکردنەوە و تێگەیشتن نیین. یەکێك نییە و لە جێگایەك نییە، بەڵکو بە هەزاران و لە هەموو شوێنێك، لە هەموو کەسێکدا کۆمەڵێك هەڵوێست نمایش دەکرێت کە دوژمن بە شێوازی وەستایانەی خۆی ناتوانێت هێندە ئامانج بپێکێت و وەك ئەمانە بڕیاری گەوهەریمان پووچەڵ بکاتەوە و ڕێگا لە بەردەم شکستخواردن خۆش بکات. بۆیە ئەم مێژووە تاڕادەیەکیش دەبێتە مێژووی ئەمانە.

لە خۆم دەپرسم بۆچی؟ لە پای چی و چۆن بەم شێوەیە دەبێت؟ ئەمانە کێن؟ سەربارای ئەوەی نامەوێت لە هەڵسەنگاندنی زانستیانە دوور بکەومەوە و شێوازێکی زانستیانە پەیڕەو دەکەم، بەڵام زۆرجار وام لێدێت بڵێم: "هۆکار ئەو ڕاستیەیە کە لێوەی لەدایکبوون" لێرەدا خۆم لە پێشخستنی گووتەیەکی هەستدارو ئەخلاقی بە دوور ناگرم؛ چونکە تەنها زانستی سیاسەت و سەربازی ناتوانێت ئەمانە ڕوون بکاتەوە. ئایا ئەم مرۆڤانە تەنها هێندەیان لێدەوەشێتەوە؟ لەم ماوەیەی دواییدا ئەوەم زۆر دووپاتکردۆتەوە کە ئێوە بە هەڵە لەدایکبوون و بە هەڵەش گەورە کراون. تێڕادەمێنم و دەپرسم: مرۆڤ تووشی لەدەستدان دەکرێت، بەڵام بەم ڕادەیە تووشی لەدەستدان دەبێت؟ مرۆڤ هەڵە دەکات، بەڵام بەم ڕادەیە هەڵەکردن دەبێت؟ مرۆڤ لە بەرامبەر ڕاستیەکاندا بێ بانگەشە دەبێت، بەڵام بەم ڕادەیە بێ بانگەشە دەبێت؟ بێدەنگ دەبێت، بەڵام بەم ڕادەیە بێدەنگی دەبێت؟ بەم ڕادەیە هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ کۆمەڵێك هەڵەدا

Scanned by CamScanner

که له مار ترسناکترن دەبێت؟ چۆن هەموو ئەوانەی پێ پەسەند دەکرێت کە بە تەواوی ژیان دەخەنە ژێر هەڕەشەوە؟

خۆزگە هێندە بەهێز بوونایە کە بمانتوانیایە پێتان بڵێین تاوانبارن، بەڵام ئەوەشتان تێدا بەدیناکرێت. ئیدی لەوەش زیاتر کە لە ڕووی سەربازی و سیاسیەوە باس لە کەسایەتی گرینۆک و منالآنە بکەین، پێویستە بپرسین چەند کەسایەتی خۆخەڵەتێن دەرکەوتن؟ ئەی لە کوێیە مەردی؟ ئەی کوان ئەوانەی خاوەن چەمکی تیژبڕ بوون؟ کوان لە کوێن ئەوانەی دەیانگووت: "ئەگەر مەیدان هەبێت دەجەنگم" ئێستا دەگەڕێم کەسێك نابینم. ئایا بێ ئومێد ببم؟ نەخێر. ئەوە وەبیر خۆم دێنمەوە هەر لە سەرەتاشەوە لەبەر ئەوەنا کە باوەڕیم بە کەسانێك کرد، بەڵکو لەبەرئەوەی باوەڕیم بە هیچ کەسێك نەکرد لە خودی خۆمەوە دەستم پێکرد. لەبەرئەوە نا کە پەسەندم کرد، لەبەرئەوەی کە ڕەتمکردەوە دەستمپێکرد. لەبەرئەوە نا کە پشت و پەنایەکم هەبوو، لەبەرئەوەی بە تەنها مامەوە دەستم پێکرد. من سوورم لەسەر ئەمە و درێژەشی پێدەدەم. من گووتم: چەندە واقیع پێچەوانەی ڕاستیی ئەم ئومێدە بێت، چەندە جوانی و ناشرینیە باوەکان هیچ دەرفەتێك بە ئومێد نەدەن، بۆچی دەبێت ڕاستیەکان لە زووەوە لەدەست درابن؟ لەبەرئەوەش چەوتیەکان ڕیزبەندیش بووبن وەك خۆسەرییەك لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا گووتم هەر دەبێت سەربگرێت.

سەرچاوەی ئەم کێشەیە چۆن کاتێك یەکەم هەنگاومان نا لە منەوە نەبووە ئەمڕۆش هەر وەهایە. لە ڕاستیدا سەرچاوەکەی لە ئێوەشەوە نییە. بەڵکو مێژوو و ژیانێکی وەها دەبێتە جێی باس، کاتێك دەڵێم ئێوە مەبەستم ئەوەیە بپرسم کێن و چ جۆرە تایبەتمەندیەکتان هەیە وە دەڵێم: "زۆر مەدە بەسەر کەسایەتی ئەم کوڕو کچانەدا. بە نیازێکی باشەوە تەنها بەو ڕاستیانە بەڕێوەدەچن کە دەیاندەیتێ. لەم منالآنەدا بە دوای ئاستی بەرزی داهێنان و وەستایی شەڕدا مەگەڕێ" دیسان ئەوگەلەی بە دوای ئەمانەوەیە دەربەدەرترە و بێ ناسنامەبوونی زیاتر قووڵکراوەتەوە.

سەرکەوتن لە شەڕدا و ئازادی لە ژیاندا.

ئێمە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر نزیکین لە هەردووکیانەوە. چونکە کاتێك بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پێناسەی ئازادی و پابەندبوون پێیەوە کرابێت، هەموو دواکەوتوویی مرۆڤایەتی بەلایەك و کەسایەتی ئازادیش بەلایەك دەبێت. بڕوادەکەم ئەوەی سەرکەوتوو دەبێت هەر ئەوەیە کە بە ناوی ئەم ئازادییە گەورەیەوە دەکرێت.

Scanned by CamScanner

لەبەرئەوە ئاماژە بەم خاڵە دەکەم کە ئێوەش هەندێك ئاوات و داخوازی ئازادبوونتان هەیە. ئەم ئازادیە وەك سەرلێشێوانەکەی ئێوە نییە لەناو تاکڕەویدا. تەنانەت لەم دواییانەدا پێشوازیتان بۆ دەرفەتەکانی شەڕو تەنانەت ژیانێکی ئازاد ڕۆح کێشانی ئازادی و شەڕە. ئاوەژووکردنی پەیوەندی نێوان شەڕ و ئازادیە. ڕەنگە بە لای ئێوەوە هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی وەك شکست لە شەڕدا و دابڕان لە ئازادی، خۆدزینەوە لە شەڕداو گەڕانەوە بۆ تاکڕەویەکی کۆیلانە لە ئازادیدا یاخود لە خراپترین تاکڕەویدا خنکاندنی دەرفەتەکانی ئازادی، بە هەنگاو نان دابنرێت، بەڵام کاتێك شەڕیش لە پێناو ئازادیدا دەبێتە جێی باس بە نائاگاییەکی گەورەوە هیچ شەرم لە ژیانکردنی مەترسیدارترین داسەپاندنتان ناکەن. ئایا دڵ لای ئێوە بوونی هەیە؟ کێ ئەمانەی پێ گووتوون؟ دیارە ئێوە ماندووی دەستی دوژمنێکی بێ سەرەتا و بێ سنوور و بێ شووماری. دەبێت لە دەرەوەی ئەمانە چیترتان لە دەست بێت؟ ئەگەر بە وردبینیش بگەڕێین بە دوای یەکێکدا کە بتوانێت بڵێت: "من کەسێکم کارم بۆ یەك شتی ڕاست پێدەکرێت" دەستمان ناکەوێت. بێگومان من بەمانە هەراسان ناکرێم، تەنانەت تەواوی ئەم داسەپاندنانە بۆ خۆم بە بەهانەی زیاتر بزواندنی شەڕ هەڵدەسەنگێنم.

لێرەدا دڵم بە ڕەنج کێشانی خۆم ناسووتێت و بەزەییم بەمەدا نایەتەوە، بەڵکو دڵم بە بەخت ڕەشی و داماوی و مردنی ناوەختی ئێوە دەسوتێت. بەزەییم بەوەدا دێتەوە کە گەیشتوونەتە بیست یان سی ساڵ و هێشتا هیچتان بە هیچ نەکردووە. بۆ ئەوە بەزەییم پێتاندا دێتەوە کاتێك بڕوایەکی گەورەتان بەوە هەیە کە بۆ خۆتان ژیاون لە ڕاستیدا هیچ نەژیاون. ئەوەی کە من داوای دەکەم تێپەڕکردنی ئەم ڕەوشەتانە. دەزانن کێ کۆسپە لە بەردەم تێپەڕکردنی ئەمەدا؟ ئەو کەسەیە کە پێویستی هەرە زۆری بە تێپەڕاندنی ئەمانە هەیە، واتا خۆتانن! لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە؛ ئەگەر ئەمانە هەموو کۆسپن کەواتە چۆن دەرفەتی لە شەڕدا سەرکەوتن، لە ژیاندا ئازادی پێشدەکەوێت؟ وەڵامی ئەمە لەوەدا شاراوەیە کە چەندە نائاگایی و خیانەت زۆربن، چەندە داسەپاندنی ناوخۆو دەرەوە بۆ پووچەڵکردنەوە برەوی پێبدرێت، کە ئێمە خاوەن شێوازی شەڕ پێکردنی خۆمانین، هەرگیز شەڕی ئێمە لەناو سیستمی خۆماندا شکست ناهێنێت. دوژمنیش هەرچەندە بڵێت لێم دان و پێکام، هەروەها ئێوەش زۆر بە ئاسانی بڵێن "بێزار بووین، بەربەست بووین" دیسان هەموو شتێك بەگوێرەی شێوازی ئێمە بەڕێوەدەچێت و ئێوە ناتوانن لە شەڕی ئێمەدا هیچ بکەن.

Scanned by CamScanner

چونکە خوداوەندەکان وایان فەرمووە.

خودای شەڕ لەم بارەیەوە وەها دەڵێت:

ئەوەی کە بمرێت ئێوەن ئەوەشی کە سەردەکەوێت شەڕە. ئەوەی بمرێت ژیانی ئێوەیەو ئەوەشی کە سەردەکەوێت ژیانێکی ئازادە.

ئەوەی کە بە هەڵەدا چووە شێوازی شەڕی ئێمە نییە، بەڵکو هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سەرپێچی کاراتەتانە. دوژمنیش بە وێنەی ئێوە لە کەسایەتیمان ئێناگات و تا ئێستاش دیار نییە چەندە هەوڵی تێکەیشتن دەدات، بەڵام ئەمە هەڵەیە. من بەمە هیچم لێکەم نەبۆتەوە و زیانم لێ نەکەوتووە، بەڵکو خودی دوژمن و تارادەیەکیش جەنگاوەرە هەڵوێست چەوتەکانمان زیانیان لێ کەوتووە.

هەڵبەتە ئەمە بەو واتایەش نایەت کە گەمە بە کارەکانمان ناکرێت. ئەم شەڕە نە بەو بزاوتانەی هەست و سۆزتان کە تێیدا نغرۆ بوون و زۆر بڕواتان پێیەتی، نە بە لاقرتێیەکانتان بەڕێوەدەچێت. هەرگیز ناشتوانێت هیچ زیانێک بە شەڕێک بگەیەنێت کە ئێمە سەرکێشی بۆ دەکەین. خۆشتان نەدەبنە جەنگاوەر و نەدەبنە فەرماندە تەنها کەسێکی خەڵەتێنراوتان لێدەردەچێت. هەروەها شەڕ و پێکدادانەکانتان لەگەڵ دوژمندا لەسەر بنەمایەکی پێچەوانەی دیالێکتیکە و ئاکام هەڵدەوەشانی خۆتانە. ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە من ئێوە و دوژمنیش هەڵدەوەشێنمەوە. کەواتە ئەگەر دەکرێت وەرنە سەر ڕێگای ڕاست، ئەگەر ڕێزتان بەرامبەر بە خۆتان هەیە ئەوا بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان چاونەترس بن.

ئەگەر توانای لێپرسینەوە و لێپێچانەوەی خۆتانتان هەبێت شتێکی باشە، بەڵام خراپییەکە لەوەدایە کە ئێوە ڕۆحتان لەبەر ڕاستی بڕیوە. خۆزگە توانای ئەوەتان هەبووایە کە باجی کردەوەکانی خۆتان بدەن، لەمەش خراپتر بە ڕادەیەک بێ هێز و داماون کە باجی کردەوەکانی خۆتان پێنادرێت. داواکاریمان زۆر نییە لێتان، تەنها ئەوەندە بتانتوانیایە کە خاوەنی هەڵەکانتان بن و هێندە بەهێز بوونایەکە دەرەقەتی ئێمەش بێن. ئەمەش لەچاوخۆتاندا هەنگاوێکی گەورە دەبوو، بەڵام ئەمەشتان تێدا نییە. هەر ئەمەشە هەژمەتەکە. بۆچی بەم ڕەنگەیە؟ هەروەک هەمیشە دووپاتی دەکەمەوە لەبەرئەوەی پێداگری لەسەر چەوتییەکانتان دەکەن. من لێرەدا بە دوای نیازخراپی ئێوەدا ناگەڕێم و ناشڵێم کە بە ئەنقەست دەیکەن. ئەمە لە ئەنجامی شێوازە جۆر بە جۆر و

Scanned by CamScanner

پێکهێنانی پێداویستیە دەستلێبەرنەدراوەکانی ئەو ڕاستیە کۆمەڵایەتی و ژیانە نەفرەت لێکراوەوەیە کە دوژمن بە هەزاران ساڵە پێشی دەخات.

ئێمە گووتمان کە دەرفەتی سەرکەوتن لە شەڕدا و ئازادی لە ژیاندا هەردەچێ پەرەدەسێنێت.

هەوڵبدەن لەمە تێبگەن و لەم ڕێگایەوە خۆتان گەورە بکەن. تاکە ڕێگای پاراستنی بەرژەوەندیەکانیشتان هەر ئەمەیە. ئێمە لە بەرامبەرتاندا ئەو شێوازەمان پەیڕەو نەکردووە کە بە درێژایی مێژوو لە سوپا کۆیلەداری، پادشایی و سەرمایەداریەکانیشدا پەیڕەو کراوە و پەیڕەویشی ناکەین. ئەمە بەو واتایە نایەت کە شێوازمان توندوتیژی و شێوەیەکی تایبەت بە خۆی نییە. هەیەتی و بە زیادیشەوە هەیەتی، بەڵام لەسەر بنەمای ئازادی و خۆبەخشییە. بە هۆی ئایدیۆلۆژیا و ئەو جیهانەی پێشبینی دەکەین هەرگیز پەنا بۆ شێوازەکانی تر نابەین. هەرچەندە ئێوە بڵێن: "ئێمە ئەگەر لێمان نەدرێت و تێمان نەسرەوێنن نایەینە سەر ڕێگای ڕاست" ئێمە ئەمانە بە شایستەی مرۆڤ نازانین. شێوازی بەدەستگرتنمان بۆ مرۆڤ بەپێی ئەم چاوەڕوانیانە نابێت، بەڵام ئەگەر ئێوە لە بەرامبەر ئەمەدا بڵێن: "کەواتە ئێمەش تا دەچێت چوختی دەبین" ئەو کاتە دەڵێین ئەوەی زەرەر دەکات خۆتانن.

تەواوی ئەم دەرفەتانە بۆ گەیشتن بەهێزی گەورەی دسپلین و کامڵبوونتانە. ئەگەرنا ئێمە بۆ چوختی بوون و هەڵسوکەوتی منداڵانەتان ئەم دەرفەتانەمان نەڕەخساندووە. لە پێناو تیژبڕبوونتاندایە. لە پێناو باڵاکردنی ڕاستیەکاندایە نەک، سستی و زیادکردنی ڕادەی چەوتیەکان. ئەوەی پێی ڕاهاتوون ئەمەیە: "ئێمە لە شوێنێك پێپەست بکرێین هەندێك بە خۆماندا دەچینەوە، بۆیە ئەم نێوەندی ئازادیە بە نزیکایەتیەکی میزاجیانەی بێ سنوور دەتەنین" نموونەی لە بەرچاوی ئەمانەش زۆرن ئەوەتا هەرە کۆنەکەتان و ئەوانەتان کە دەڵێن: "کەس نییە شان بدات لە شانم" ڕەوشی بە بەرچاوەوەیە. ئایا من پێتاندەڵێم بەم ڕەنگە بکەن؟ نەخێر. خۆتان تاوتوێکردنتان بۆ ئازادی چەوت و پێچەوانەیە. ڕەنجی پیرۆز و گەورەی پارتتان بە شێوازێکی زۆر خۆپەرستانە بەکاربرد و ئێستاکەش کەستان ئامادە نییە باجی ئەم کردەوەیەی خۆی بدات. تەمەنیان گەیشتۆتە چل ساڵ کەچی هێشتا لە ڕەوشێکدان ناتوانن بە دوو وشە پاراستنی خۆیان بکەن. وەهای لێهاتووە هەردەچێ چارەنووسی زۆربەتان بە هەمان شێوە دەبێت. ئەوەتان کە نیازی پاکە لە شوێنێکی نابەجێدا هەر زوو گیان لەدەست دەدات، ئەوەشتان کە دەمێنێتەوە ناتوانێت باجی

Scanned by CamScanner

کردەوەیەکی خۆی بدات و وەك کەسایەتیەك کە لە ڕەوشێکی زۆر بە هەژمەتدایە دێنە بەردەممان. ئایا ئەمە ڕاستە؟ دەبێت کەسێك هەبێت ئاواتەخوازیەکی وەهای هەبێت؟ ئەگەر نەبێت، ئەی کەواتە بۆچی؟

من وەك بەرپرسیارێکی پێشەنگ دەڵێم: هەر دەبێت شتێك تێبگەن، ئەگەر لە پەرتووکەکان و لە شەڕی گەلان و لەم جیهانەش هیچ شتێك تێناگەن، لە چیرۆکە ساکارەکەی ئێمە تێبگەن و دەرفەتەکانی ژیان بدۆزنەوە، چونکە لەم وڵاتەدا بە جۆرێکی تر دەرفەتی بەدیهاتن نییە. ئەگەر بە جۆرێکی دیکە بێت دوژمن ڕێگا نادات هێندەی گەڵای دارێکیش بجولێینەوە. بۆیە بەدەر لەمە دەبێتە خیانەت و غەفلەت. کەواتە لەم چیرۆکەوە باش فێربین. ئەگەر وەك گوزارەیەکی تاقیکردنەوەکانی شەڕی گەلان توانای تێگەیشتنی تیۆری و زمانی سیاسەت و زانستی سەربازیتان هەیە، ئەوا من چیرۆکێکی ئەو پەڕی سادەم پێشکەش کردوون. من لە ڕاستی ژیان و شەڕ و تێکۆشانی خۆمەوە چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە ئێوەش هەوڵبدەن لێی تێبگەن.

بۆ تێگەیشتن پێویستمان بە دڵێکی وریا هەیە.

ئەگەر دڵتان زۆر چوختی بووبێت و شتێك کە پێی بگووترێت چەمك نەیمابێت، هەموو شتێك بۆ ئەو بەتاڵ بێت و بێ هیچ زانیاریەك دەست بۆ هەموو شتێك بەرێت ئەوا چل جاریش چیرۆکەکە بخوێننەوە دیسان لێی تێناگەن. ئەمەش ڕۆژانە ڕوودەدات، بەڵام هەڵەیە. کەی هێزی تێگەیشتنتان لە چیرۆکێکی سادە دەبێت؟ خۆ ئەگەر هاتوو تێنەگەن ئەوا بە هیچ جێیەك ناگەن. ئەو کات ئێمەش وەك پێشتر بۆ بەشداربوونتان لەم پارتە و شەڕەکەیدا پەیوەندیداری پیشان نادەین.

چونکە دەمانەوێت کۆتایی بەم ڕەوتە بهێنین و بەم شێوازو بەڕێوەچوونەتان بڵێین ڕاوەستە.

دەڵێن شەڕ و هەر لە زووشەوە چەکتان بۆی کردۆتەوە شان، ئەی کەواتە کوا جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی؟ کوا خۆش دواندەرییەك بۆ ئەمە؟ کوانێ کۆبوونەوەیەك بۆ ئەمە؟ کوانێ لەم پێناوەدا سەپاندنی ڕاستیەکان بەسەر یەکتریدا؟ گەر ڕووکەشییانەش بن.

ئێوە پێتان وایە کە بەو هەموو پاشماوەی سەدان ساڵەیەوە یاخود بەو شێوەگرتنەوە کە دوژمن پێیداون و لای من لە فلچەیەکی بێ کەڵکی بۆیاخیش ناچن، دەتوانن بژین. نەخێر نابێت و ناتوانن، چونکە ئەوەی ئێوە دەیلێن لە تۆخمی لاقرتێیە.

Scanned by CamScanner

کردەوەیەکی خۆی بدات و وەك کەسایەتیەك کە لە ڕەوشێکی زۆر بە هەژمەتدایە دێنە بەردەممان. ئایا ئەمە ڕاستە؟ دەبێت کەسێك هەبێت ئاواتەخوازیەکی وەهای هەبێت؟ ئەگەر نەبێت، ئەی کەواتە بۆچی؟

من وەك بەرپرسیارێکی پێشەنگ دەڵێم: هەر دەبێت شتێك تێبگەن، ئەگەر لە پەرتووکەکان و لە شەڕی گەلان و لەم جیهانەش هیچ شتێك تێناگەن، لە چیرۆکە ساکارەکەی ئێمە تێبگەن و دەرفەتەکانی ژیان بدۆزنەوە، چونکە لەم وڵاتەدا بە جۆرێکی تر دەرفەتی بەدیهاتن نییە. ئەگەر بە جۆرێکی دیکە بێت دوژمن ڕێگا نادات هێندەی گەڵای دارێکیش بجوڵێنەوە. بۆیە بەدەر لەمە دەبێتە خیانەت و غەفڵەت. کەواتە لەم چیرۆکەوە باش فێربن. ئەگەر وەك گوزارەیەکی تاقیکردنەوەکانی شەڕی گەلان توانای تێگەیشتنی تیۆری و زمانی سیاسەت و زانستی سەربازیتان هەیە، ئەوا من چیرۆکێکی ئەو پەڕی سادەم پێشکەش کردوون. من لە ڕاستی ژیان و شەڕ و تێکۆشانی خۆمەوە چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە ئێوەش هەوڵبدەن لێی تێبگەن.

بۆ تێگەیشتن پێویستمان بە دڵێکی وریا هەیە.

ئەگەر دڵتان زۆر چوختی بووبێت و شتێك کە پێی بگووترێت چەمك نەیمابێت، هەموو شتێك بۆ ئەو بەتاڵ بێت و بێ هیچ زانیاریەك دەست بۆ هەموو شتێك بەرێت ئەوا چل جاریش چیرۆکەکە بخوێننەوە دیسان لێی تێناگەن. ئەمەش ڕۆژانە ڕوودەدات، بەڵام هەڵەیە. کەی هێزی تێگەیشتنتان لە چیرۆکێکی سادە دەبێت؟ خۆ ئەگەر هاتوو تێنەگەن ئەوا بە هیچ جێیەك ناگەن. ئەو کات ئێمەش وەك پێشتر بۆ بەشداربوونتان لەم پارتە و شەڕەکەیدا پەیوەندیداری پیشان نادەین.

چونکە دەمانەوێت کۆتایی بەم ڕەوتە بهێنین و بەم شێوازو بەڕێوەچوونەتان بڵێین ڕاوەستە.

دەڵێن شەڕ و هەر لە زووشەوە چەکتان بۆی کردۆتەوە شان، ئەی کەواتە کوا جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی؟ کوا خۆش دواندەرییەك بۆ ئەمە؟ کوانێ کۆبوونەوەیەك بۆ ئەمە؟ کوانێ لەم پێناوەدا سەپاندنی ڕاستیەکان بەسەر یەکتریدا؟ گەر ڕووکەشییانەش بن.

ئێوە پێتان وایە کە بەو هەموو پاشماوەی سەدان ساڵەیەوە یاخود بەو شێوەگرتنەوە کە دوژمن پێیداون و لای من لە فلچەیەکی بێ کەڵکی بۆیاخیش ناچن، دەتوانن بژین. نەخێر نابێت و ناتوانن، چونکە ئەوەی ئێوە دەیڵێن لە توخمی لاقرتێیە.

Scanned by CamScanner

ئەو کیفەی ئێوە خۆتانی پێ دادەپۆشن هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ جلوبەرگی شانۆگەرێکی بێ کەڵکدا نییە. نایەن بەپێی ئەم شەڕە بێ پایانە گەوهەر و شێوە وەربگرن و دەچن شانۆگەریەکی کۆمیدی بە جۆرێکی تر پێشکەش دەکەن. دەمەوێت بپرسم تێپەڕی دەکەن؟ دەستبەرداری دەبن؟ بەڵام نموونەکانتان ئەو پەڕی زەحمەتیم بۆ دروست دەکات. دەڵێم چەندەت کردە هەیە ئەوەندەش قسە بکە، بەڵام نایکات. دەڵێم باشە کەواتە چەندە قسە دەکەیت ئەوەندەش کردەی بخەرە پاڵ.. ئەمەشیان ناکات. منیش بەم نزیکایەتیە دەڵێم ملت بشکێنە و برۆ! ئیدی هێندە کردن و خواردن بەسە، لاکەوە لە ڕێمان، کەچی ئەمەشیان ناکات. کەواتە دەیەوێت بڵێت "من بەڵاو سەرسەریەکی تەواو یاخود بێ چارەیەکم" ئایا بەم شێوەیە مانەوە ڕاستە و دەچێتەسەر؟

من ڕاستیەکم هێنایە زمان:

من هەر لە حەوت ساڵیمەوە هەموو بەنێکم لەگەڵ ئەم جۆرە کەسایەتی و داسەپاندنانەدا پچڕاند. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە تەواوی مرۆڤەکان دابڕاوم. ئێستا دوای ئەوەی هەنگاوی ڕێباز و بونیادنانی ڕێکخستنیشمان خستووەتە سەر تازە هاتوون و دەتانەوێت ئەم گەمانە لە بەردەممدا نمایش بکەن. هەموو کاتێك ئەوەم گووتووە: من لەم جۆرە خوێڕی و سەرسەریانە ڕامکرد و ڕێکخستنم دامەزراند. گەوهەری دامەزراندنی ڕێکخستنم ئەمە لەخۆ دەگرێت. بە دامەزراندنی ڕێکخستن نێوەندێکم خوڵقاند کە بتوانم تێیدا بژیم. هەموو کەسێك بۆ ئەوەی بژی ماڵێکی هەیە ماڵێ منیش نێوەندی ڕێکخستنە. هەڤاڵانمان بە وێنەی کابرای دزەن و پێم دەڵێن ناهێڵین سەرت ڕەحەت بێت. مەبەستم لەوەیە چل ساڵ ڕەنجمانداوە بۆ پێکەوەنانی ئەم ماڵەو ڕێگریشم لەوە نەکردووە کە ئێوەش تێیدا بژین، بەڵام بهێڵن کە ئێمەش تێیدا بژین. نەخێر! دەڵێن وێرانی دەکەین. بە وێنەی کابرای دزەن پێیان دەڵێین: "ئەوەی بردووتانە با بۆ ئێوە بێت وازبێنن ئەوەی ماوەتەوە بۆ ئێمە بێت" دەڵێن: "نەخێر هەموویمان دەوێت" وەك پێشینان گووتویانە ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە. کامەتان زۆر پێشکەوتووە لەمە بەدەر شتێکی تری نەکردووە. ئەوەی تریشی کە دەمێنێتەوە کۆیلەی نێو ماڵەکەن. ئەی کوانێ خۆ ئەم ماڵە ماڵێکی ئازادی بوو؟ بەشێکیشیان خیانەتکارە و کۆیلەیەکی گەمە پێکراوی کۆمەڵگایە. هەرچی هەیە دەدزرێت و وێران دەکرێت، بەڵام بەو چی...

دیارە ئێوە دەتانەوێت لەم ماڵە وەدەرمان نێن. هەر لەبەرئەوەش سوپامان دامەزراند. گووتم: ڕەنگە بە تەنها پارت وەك ماڵێك بەس نەبێت، با بە دامەزراندنی سوپا

ماڵێکی بە گوڕو پتەوتر بونیاد بنێین. لە ژیانی سوپاشدا تەنها دزی نا بەڵکو گیان کێشانی سوپا جێی باسە. چونکە ئەوەی لە سوپا دەدزرێت گیانە و گیان تیادەچێت. ڕەنگە کارێکی چەوت لەناو پارتدا ببێتە هۆی تیاچوونی ڕێکخستن یان پلە و پایە یان بەرپرسیارێتی بەڵام لە سوپادا بە هەڵە دەست بۆ هەرچیەك ببەیت گیان تیادەچێت.

ئەمەی ئێوە دەیکەن ئەو گەمەیەی دوژمنە کە چەندین سەدەیە بەڕێوەی دەبات. ئایا ئێمە ملمان بۆ کەچ کرد؟ نەخێر.. کەواتە کێی دارزاند؟ خۆتان.. بە زۆری کێی پێ ماشرایەوە و کەوتە گیان کێشان؟ دیسان هەر خۆتان.. بڵێی گیانتان ئەوەشی نەوێت کە کۆتایی بەم گەمەیە بهێنن، لە هەر ئاستێکیشدا تێیکەوتبن بابێت؟ ئەگەر درێژەی پێ بدەن دەبێت باش بزانن کە ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت هێندە بە ئەزموونە کە ئەم ڕۆڵە لاوەکی و بچووکانەی ئێوە نایخەڵەتێنێت و نایخات. بڵێی ئێوە لەمە تێبگەن؟ ئەگەر تێنەگەن چی ڕوودەدات؟ بێگومان ئێوە زەرەر دەکەن. ئەمە بۆ چاوترساندن ناڵێم، بەڵکو ئەمە قومارێکە لە قازانجی ئێوە، بەڵام ئێوە خۆتان هەرکە زارەکەتان هەڵدەدەن زەرەر دەکەن. جا بۆ ئەوەی کۆتایی بە زەرەر کردنتان بهێنن، لە ڕیشەوە شێوەی بەشداری و ڕۆڵبینینەکانتان کۆتایی پێ بهێنن کە هەتاوەکو ئێستا لەناو پارت و سوپادا هەتانبووە.

ئومێدتان هەبێت، چونکە ڕاستی هەیە و هەر ڕاستی سەردەکەوێت.

ئەگەر ڕووبەڕووی زەحمەتی سەختیش ببنەوە دیسان هەر سووربن لەسەر ڕاستیەکان.

تایبەتمەندیەك لە کۆمەڵگادا هەیە، مرۆڤەکان لەبەرئەوەی زۆر زەرەرمەند بوون لە سایەی کۆمەڵگادا و بێ دەرەتان و بچووك بوونەتەوە، فوودەکەنە هەموو شتێك و وەك میزەڵدان گەورەی دەکەن. هەڵبژاردنی ئەم ڕێگا یە پیشانی دەدات کە مرۆڤی ناو کۆمەڵگا دوورە لە ڕاستی و قسەی ڕاست. لە ڕاستیدا کە دەڵێت: "خودا لە هەمووان گەورەترە" ئەو کاتە هیچ شتێك لە خودا تێنەگەیشتووە. هیچ بڕوایەکی بە خودا نییەو بە قسە دەڵێت: "بڕوام بە خودا زۆر گەورەیە" نموونەیەکی تریش: هیچ باش نییە کەچی لێی بپرسە چۆنی دەڵێت: "زۆر باشم" واتا خەڵکی لە درۆیەکی گەورەدا دەژین. بە پلەی یەکەم لەناو پۆخڵیەکانی ئەم جیهانەدا گیرۆدە بووە، کەچی خۆی لە هەموو کەس بە جوانتر دەزانێت. هەمیشە وەهایە بۆیە ئەوەی کە پێویستە ڕوونەدات بەر لە هەموو شتێك ڕوودەدات.

Scanned by CamScanner

بێگومان ئەمە هەبوونی کەسایەتیەکی فشەڵ و خۆخەڵەتێنەرە. ئەگەر تەنها لەناو کۆمەڵگادا ڕەوشی کەسایەتی بەم جۆرە بووایە دەمانگووت لەناو پارتدا چارەسەری دەکەین، بەڵام هەرە مەترسیدارەکەیان لەناو پارتدایە، لایەنی لەمە مەترسیدارتریشی لە نێو سوپادا دەردەکەوێت. ڕۆژ بە ڕۆژ نموونەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بۆئەوەی کارێك بەرامبەر بەم ڕاستیە بکرێت تەنها ڕەنجی چل ساڵەمان بەس نییە. ئەوەش تێری ناکات کە گەلەکەم سەرباری هەموو بێ دەرامەتیەکی هەرچیەکی هەیە پێشکەشی دەکات. تەنانەت ئەو فیداکاریەش کە لە چاوترووکاندنێکدا لە شەڕدا گیانی خۆی فیدا دەکات تێر ناکات. باسم لە فەرماندارێتی ساختەیە. سەیردەکەین خۆی لە خۆیدا بۆ ڕێکخستن هیچ توانایەکی سەرکێشی کردنی نییە، لەوەتەی هەیە نەهاتوتە سەرێی پارت و تەنها ئەوەی لە شەڕدا پێی کراوە فەرماندارێتی بووە و تەماشادەکەین هەموو تەقەڵەکانی ئەم نەخشەشی هەڵە و شاش و شەش تەقەڵن. سەرباری ئەمانەش لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەی کە لە بەراییدا باسم کردن، بە وردەکاریەکی وەستایانەوە پارتێکمان ڕێکخستووە و کۆمەڵێك شەڕ لە ڕێی ئەم ڕێکخستنەوە بەڕێوەبراوە، لە سەرووی هەمووشیەوە ڕۆحی فیداکاری و بوێریمان ئافراندووەو بەمانە ڕێگامان بۆ پێشکەوتنی بەرچاو خۆشکردووە. فەرماندارو جەنگاوەرەکانمان ڕۆحی ئەمانەش دەکێشن. کامەی هەرە باش ڕۆحی هەموو دەسکەوتەکانمان دەکێشێت ئەوە بە فەرماندار هەڵدەبژێرن. هەندێك ویژدانتان هەبێت! ئەگەر ڕەنجی چل ساڵەی منیش لەبەرچاو نەگرن، ئەی ئەو هەموو خوێنە گەشەی شەهیدان. ئایا ئەوانە هیچ بەهایەکیان لە سەرکەوتنی تۆی فەرماندارا نەبووە؟ پاشان کۆمەڵێك کۆششی گەورە هەن کە ئەم چەکەی داوەتە دەست تۆو تۆی کردووە بەمەی کە هەیت. ئایا ئەوانیش هیچ بەشێکیان لای تۆ نییە؟ دەڵێت نەخێر! ئەمە تاکڕەویەکی هێندە بەهێزە لە مێژوودا وێنەی نەبووە. ئەوە کۆمەڵێك فەرمانداری بە ناوبانگمان هەیە کە هەر نامەوێت باسیان بکەم.

هەر هیچ نەبێت لە نموونەی کەمالیزم و سەرۆکەکەیان ورد ببنەوە. ئەم پیاوە هەرچیکی کردبێت دەڵێت: "لە سایەی گەلی تورکی شکۆدارەوە" کردوومە. تەنانەت دەستەواژەی لەم ڕەنگە لە تەواوی گووتەکانیدا دەکەونە بەرچاو. کاتێك دێینە سەر فەرماندارەکەی ئێمە دەڵێت: "لە سایەی منەوە ئەم خەباتە گەورەیە کراوە" لای ئەم گەل و پارت و سەرۆکایەتی بوونی نییە. هەڵبەتە ئەمانە گوزارشت لە نەخۆشیەکی نوێ دەکەن. ئیدی لە زیادەڕۆیی زیاتر درێژەدانە بە پیسکۆپاتی. بە وێنەی نەخۆشیەکی

Scanned by CamScanner

شێرپەنجە، نایەڵێت بگەین بە هیچ جێیەك و سوپا پێكنایەت و شەڕیش سەرناكەوێت. هەوڵێكی زۆر دەدەین دەڵێین ئەمە هەڵەكانە وەها مەكە. پەسەندیشی دەكات دەڵێت: "ڕاستە هەموویان هەڵەن، ئەوەشی كە دەیانڵێم هەمووی درۆن" بەڵام دوو چركە ڕەت نابێت كە لە هەمان هەڵوێستدا پێداگری دەكات. باشە ئێمە ئێستا چی لەمانە بكەین؟

هەر بە بۆنەی بیستهەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی PKK ەوە دەمەوێت ڕوونتر تیشك بخەمە سەر ئەوەی ئەگەر منداڵێكیش بوایە ئەوە بیست ساڵە لەدایك بووە و ئێستا هەرزەكارێك دەبوو. گەنجێكی بیست ساڵ هێندە گەرمە دەتوانێت پارتیش دابمەزرێنێت و شەڕیش بگەیەنێتە سەركەوتن. ئەمە هەر وەك چۆن شیاوە سەبارەت بە مرۆڤ بگووترێت بۆ پارت و ڕێكخستن و سوپاش هەمان شتە. واتا بۆ سەركەوتنی شەڕێك و بە تایبەتیش شەڕی هاوچەرخانەی گەلێك بیست ساڵ زۆریشە.

بۆ نموونە شەڕی گەلی چین لە ماوەی كەمتر لە بیست ساڵدا گەیشتە ئەنجام. شەڕی گەورەی ڤێتنامیش بە ئامادەكاری و ئەنجام دانیەوە پازدە ساڵی خایاند. شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی گەلی تورك بە هەمووی ساڵ و نیوێكی خایاندووە. تەواوی شەڕەكانی ئەفریقیا لە دە تا پازدە ساڵیان خایاندووە و كەمتریشین. هەروەها شەڕی كوبا دوو ساڵ درێژەی كێشاوە. تەنانەت لە هەندێكیاندا هەموو شتێك بە ڕاپەڕینێك دەستەبەر كراوە. لەلایەكی ترەوە جەنگی یەكەمی جیهانی چوار ساڵ درێژەی كێشا. هەرچی شەڕی جیهانی دووەمیشە بە هەمووی لە پێنج ساڵدا كۆتایی هات. لە ماوەی ئەم شەڕانەدا ئەوەی تێیدا سەركەوتبێت سەركەوتووە و ئەوەشی كە شكستی خواردبێت شكستی خواردووە. هەروەها شەڕی سەرنەكەوتوو و بێ دەسكەوتیش هەیە. ئەمانەش ئەو شەڕانەن كە نابەجێ درێژە بە خۆیان دەدەن. ئەو شەڕەی لە باشووری كوردستان و ئەوەی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا هەڵایساوە نموونەی ئەمەن. نموونەی تری وەك ئەمانە زۆرن كە لە ئەنجامی درێژكردنەوەی نابەجێ، یان لاسەنگی یان ڕووخێنەریی دوژمنەكەیانەوە شكستیان خواردووە. قۆناغی ئێستای ئێمەش شەڕ هەم بۆ ئەوەی سەربكەوێت هەم بۆ ئەوەی شكست بخوات هەمان واتای هەیە. چونكە ئەو شەڕانەی نابەجێ درێژەیان پێ دەدرێت تایبەتمەندی نوێ نەبوونەوە و بەرەو دواوە گەڕانەوەیان هەیە و بەربەست دەبن و پاشان دەڕزێن و وندەبن. تەنانەت هیچ كەسێك یادی ناویشیان ناكاتەوە.

پێویستە لەسەر بنەمای ئەم ڕاستیانە واتای شەڕی خۆمان بزانین. لە ڕاستیدا مێژووی شەڕی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕاگەیاندن و دامەزرانی فەرمیانەی PKK . خۆ

Scanned by CamScanner

ئەگەر شەڕی منیشی بخەینە سەر ئەوا من هەر لەو کاتەوە کە خۆم ناسیوە سیاسیش دەجەنگم. بۆیە PKK بەلایەنی کەمەوە خاوەنی ڕابردوویەکی چل ساڵەیە. ئەگەر بێتو تەنها ئەوەیان بەدەستبگرین کە بە فەرمی لە ژێر ناوی PKK دا بەڕێوە براوە ئەوە خۆی لە بیست و پێنج ساڵ دەدات. خۆ ئەگەر ئەوەشیان بەدەستبگرین کە بە فەرمی وەك شەڕ ڕاگەیەنراوە دیسان بیست ساڵی ڕەبەقە لە ڕاستیدا دەبوو تا ئەم تەمەنەی یان بە سەرکەوتن یان بە شکست خواردن کۆتایی بهاتایە.

بەلام نەبە تەواوی سەرکەوتووین و نەبە تەواویش شکستمان خواردووە. سەرکەوتن و شکست خواردن بە هەمان مەودا نزیکن لێمانەوە. دەبێت بپرسین: ئەو هۆکارانەی شەڕیان بەم ڕەوشە گەیاندووە چین؟ چونکە ئەمە ڕەوشێکی مەترسیدارە. ئەو ڕووداوەی کە دەبوو لە درێژەی بیست ساڵدا بە سەرکەوتن یان بە شکست خواردن چارەسەر ببوایە ئێستا لە ڕەوشێکی زۆر ناڵەباردایە. بۆیە ئەو پرسیارەی کردمان گرنگترین پرسیارە. گەر هیچ نەبێت پێویستە پشت بە ئەزموونی ئەم بیست ساڵە وەلامێکی ڕاستی ئەم پرسیارە بدەینەوە. شەڕ نابێت درێژ بکرێتەوە، چونکە ئەمە پێچەوانەی زانستی شەڕ دەبێت.

بێ هیچ دوولێیەك پێویستە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێین. کەواتە، دەبێت دواکەوتنی سەرکەوتن چۆن هەڵبسەنگێنین؟ پرسیارێکی گرنگەو گەر وەلامی نەدەینەوە پارت وەك تاوانباری شەڕ دادگاییتان دەکات. دوژمنیش لەلایەکی ترەوە دادگاییتان دەکات و زەبرتان لێدەدات. کەس ناتوانێت هەم لە بەرامبەر دوژمن هەم لە بەرامبەر پارتدا خۆی بپارێزێت. زۆر زەحمەتە و هەرگیز مەیسەر نابێت. پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەمە بدۆزنەوە. هیچ کەس و لایەن و سوپایەك ناتوانێت بەم ڕەوشەتانەوە لەگەڵ خۆیدا بەکێشتان بکات، شەڕ بەو ڕەنگە بەڕێوەنابرێت. ئەگەر نا گەمەیەکی خەڵافاندن و خەڵەتاندنە. منیش باس لە چۆنێتی کۆتایی هێنان بەمە دەکەم. کۆن و نوێتان، بە ئەزموون و بێ ئەزموونتان، ڕاست و چەوتتان هەمووتان لەناو ئەمەدا دەگرمە دەست و کەستان لە دەرەوەی ئەمە ناژمێرم.

ڕەنگە بڵێن باشە تۆ چۆن تا ئێستا دانت بە خۆتادا گرتووە و بێ سنوور پێداگری لەسەر ئەمە دەکەی؟ ڕاستە وەهایە. هۆکار هەبوون تا دانم بە خۆمدا گرتووە. سەرەتا لەبەرئەوە دانم بە خۆمدا گرت کە هەندێکتان ببنە خاوەن ئەزموون. دوای ئەوەش بۆئەوەی نوێکانتان چەند هەنگاوێکی تر پێشبکەون. هەروەها لەوەش گرنگتر بۆئەوەی هەندێك سەنگەر لە پێناو سەرکەوتندا بئافرێنین. دیسان لە پێناو ئەوەدا کە سوود لە

Scanned by CamScanner

دەرفەتە دەرەکی و ناوخۆییەکان وەربگرین، هەروەها بۆ دابینکردنی کەل و پەل و پێداویستی لۆژیستیکی داواکراو بۆ ئەم شەڕی گەلە. دوای ئەمەش گووتم بادان بە خۆمدا بگرم تا ئەوانەی کە لەلایەنی پەروەردەوە کەموکورتیان هەیە پەروەردەیان بکەین و بەم ڕەنگە هەموویانم کرد.

کاتێك ئەم هەوڵانەی خۆم لەگەڵ سەرۆکەکانی تر لە مێژوودا بەراورد دەکەم، دەبینم "ماو" بۆ گەلێکی وەك چین کە سەرژمێریان خۆی لە ملیاران کەس دەدات، کاتێك دەستی بە شەڕ کردووە پەنجا کادری پەروەردەکراوی نەبووە. تەنانەت "هۆشیمین"[١] یش بە گروپێکی سی کەسیەوە و بە دەرخستنی ڕێنوێنیەکی یەك لاپەڕەیی نیوە و ناچڵەوە و بە چەند "ماوسەر"[٢]ەوە دەستی بە شەڕ کردووە. کاتێك سەیری لینین دەکەین ئەویش بە چەند سیمینارێك پێنج تا دە کەسێکی ئامادە کردووە و بەرەو روسیای ناردوون.

دیمەوە سەر خۆم تەنها لەم گۆڕەپانەدا کە کاری تێدا دەکەم سی هەزار کادرمان دوای پەروەردەیەکی چڕوپڕی ئایدیۆلۆژی و پراکتیکی ناردۆتە سەنگەرەکانی چیا تا لە شەڕگەکانی ئەوێدا بەشداری لە شەڕی گەلدا بکەن. کەچی ئەوەی دەینێرین لە جیاتی ئەوەی کارێکی باش بکات، ئەو خراپیانەی هەیە خراپتری دەکات. تەنها پاراستنی ئەم سی هەزار کەسە بەس بوو بۆئەوەی سەرکەوتن بخەینە دەست خۆمان و پێویستی نەدەکرد تەنها یەکێکی تری لەسەر زیاد بکرێت. چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە پڕچەکمان کردبوون و بە سەلامەتی گەیشتنە چیاکان. ئەگەر باس لە پەیوەندییەکانی گەل بکەین بە زیادەوە تێری دەکردن، لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی دەرەوەمان هەمیشە پتەو بوون. ئەمڕۆکە کار گەیشتۆتە ڕادەیەك ئەگەر شێوازێکی زۆر تایبەتمان نەبێت، کەسانێك هەن بە جۆرێك بەرەو دواوە کەمەندکێشمان دەکەن کە تەنها یەك کەس بە ساغی نامێنێتەوە. لێرەدا نالێین ئەمە تاوانی دوژمنە، چونکە ئەو دوژمنە و کاری ئەوەیە کە زەبر لە تۆ بدات. لە ٩٥٪ ی ئەوانەی کە گەمە بە شەڕ دەکەن و تا دەچێت ئەم گەمەکردنە دەبێتە خوویەکی مەترسیدار لەلایەن فەرماندااران و جەنگاوەرانی خۆمانن.

شەڕ هەمیشە وەك پیشەیەکی ڕەسەنایەتی پێناسە کراوە.

مێژووش سەبارەت بە شەڕ هەمان شت نیشان دەدات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆمای کۆن و چاخی ناوین، دەبینین کەسانێك کە لە خۆڕازی، پایەدار، خانەدان و ڕەسەنیان پێ

---

١ سەرۆکی شۆڕشی کۆمۆنیستی ڤێتنامە.

٢ چەکێکی کۆنە و لە دەقیقەیەکدا ٦ فیشەك دەتەقێنێت.

Scanned by CamScanner

دەگووترێت و گەورەترین خولیای ئازادیان هەبووە شەڕیان وەك پیشەی خۆیان هەڵبژاردووە. چونكە هونەری كەسانی كۆیلە شەڕ نییە، بەڵكو كۆیلایەتی كرێن و خزمەتكاری و ئەنجامدانی كاری هەرزان و بچووكە. لێرەدا دەردەكەوێت كە بەشداربێتان لەم هونەرەی خانەدانانەدا پڕە لە هەڵە. ئێوە هیچ لەم هونەرە تێنەگەیشتوون و تێناگەن، هەر لەبەرئەوەیە ڕەوش بەم ڕەنگەی لێهاتووە. هەر یەكەتان وەك كۆیلەیەك لەم شەڕەدا جێدەگرن و بە هیچ شێوەیەك لە جەنگاوەرێكی ئازادی ناچن.

مێژوو هەمیشە پرسیاری ئەوە دەكات: ئایا ئەم هەموو جەنگاوەرە گەورانە لە پێناو پارەدا جەنگاون؟ ڕەنگە پاڵنەرێكی ماددی هەبووبێت، بەڵام پاڵنەری سەرەكی لای تەواوی فەرماندارە بە ناوبانگەكانی شەڕ ڕەسەنایەتی و ئەو سۆزە گەورەیەیان بووە كە بۆ دەستەبەركردنی سەركەوتن هەیانبووە. ئەگەر نا ئەوانەی دەڵێن گوایە بە پارە دەتوانرێت هەندێك كەس بەم كارەوە وابەستە بكرێت، كەسانێكن كە سەربازانی ئەشكەنجە كێشی سوپان و خۆیان دەخەنە باوەشی مردنەوە و ئیرادەی ڕاستەقینەی شەڕ نین.

ئەو كەسە ئیرادەی ڕاستەقینەی شەڕە كە دەكەوێتە دوای سەركەوتنێكی مسۆگەر و لەو پێناوەدا ئیرادەیەكی تیژبڕی هەیە.

پێم وایە ئەم خاڵە لە ئێوەدا زۆر بەدی ناكرێت. ئەگەر نا بۆچی نەتان توانیوە ئەو سی هەزار كەسەی لەم گۆڕەپانەوە ناردومانەتە ناو ئەم كارە - جگە لەوانەش كە لە گۆڕەپانی ترەوە هاتوون - ڕێك و پێك مۆڵ بكەن؟ بۆچی بەشداری ئەمانەتان بۆ بوونە سوپای گەل وەرنەچەرخاند كە ئامێز بۆ سەركەوتن دەكاتەوە؟ ئەگەر سەرنجتان دابێت جەنگاوەریمان وردە وردە شێواوە و لە چالاكی هەراسان كردندا چەق بەست بووە.

بەبیرم دێت سەرەتا كە هەنگاومان نایە سەر چیاكان دوژمن دەیگووت: "هەر یەك گەریلای ئەمانە بە هەزار سەربازی ئێمە دەچێت"

ڕۆژانی سەرەتا بەم شێوەیە بیری لێدەكرایەوەو بێ وێنە دوژمنی شڵەژاندبوو. ئێستاكە دوژمن ئەم گەریلایانەی بۆ ڕوون بۆتەوە و وەك ئەوەی بە دوای مشكدا بگەڕێت ژێر ئەم بەرد و ئەو بەرد ئەم شاخ و ئەو شاخ دەگەڕێت و دەڵێت: "هەر دەیاندۆزینەوە" كێ بەرپرسیاری ئەمەیە؟ كێ بەرپرسیارە لەوەی لە جیاتی وەك شێر بن وەك مشكتان لێهاتووە؟

بەشداری چەوتتان لە ژیانی پارتدا و بڕیاری هەڵەتانە کە گەیاندوونی بەم ڕەوشە.
من هیچ شتێك لەسەر نیاز پاکیتان ناڵێم، نیاز لەم بارەیەوە گوزارە لە هیچ دەکات.
چونکە ئەمە هونەرێکە و پێویستە هەر لە یەکەم هەنگاویەوە پەیمانی ئەوە لەگەڵ
خۆتاندا ببەستن کە ئێوە ئەم شەڕە ببەنەوە. ئەوانەی مەردانە دادەبەزنە ناو مەیدانی
شەڕەوە بەم جۆرە دادەبەزن. کەچی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پراکتیکێکی پڕ لە کێشە
پێش دەکەوێت. ئێمە ئاماژە بە گەریلا دەکەین، بەڵام لەبەرئەوەی هەر لە زووەوە
شێوازی گەریلایەتی پەیڕەو نەکراوە چەمکێکی جەردەوانی هاتۆتە گۆڕێ، زەبری خۆی
وەشاندووە و ملی ڕێی گرتۆتە بەر و زۆر شتی لەگەڵ خۆیدا بردووە. کاتێك دێینە سەر
ئەوەی ئەوانە بنووسین کە چەند کەس بوون و چۆن خۆیان گەیاندۆتە یەکدی و لەو
شوێنانەی کە ماونەتەوە چ خراپەکاریەکیان کردووە، ئەوا خراپە و تاوانەکانیان لە ژماردن
نایەت.

هەموو شتێك بە لێکۆڵینەوە لەسەر پراکتیکە پڕ تاوانەکانی ئەوان کۆتایی نایەت،
ئێوەش وەك بێ چارەیەك لە دوایان بەجێماون. کەواتە ئەم بابەتە لە من زیاتر ئێوە
پەیوەندیدار ناکات؟ ئایا ڕێزتان بۆ خودی خۆشتان نابێتە پاڵنەرێك کە بە شێوەیەکی
ڕووکەشیش بێت ئەمانە شیبکەنەوە؟ ئێوە چیتان لە من دەوێت؟ ئایا لە مەودوا واتا
دەدەنە یاساکانی شەڕ و ئەو ڕێبازەی کە هەیە؟ من ئیدی ئەم دەستە و گروپانە بە
کۆمەڵە کەسێکی کێشەو بەڵا ناودەبەم. ئەمان چ بێ چارەیەك بن، یان کۆنتراگەریلایەك[1]
بە مەبەستی کوشتنمان دێنە پێشێ.

ڕۆژانە هەڵسەنگاندن لەسەر خودی خۆم پێشدەخەم تاوەکو ئێوە ڕاست لێمەوە فێر
بېن. ئێستاش تەنها چیایەك بدەنە دەست من گەر من وەك ئێوەم کرد چۆنی بە گونجاو
دەزانن وەها سزام بە سەردا بدەن. نەك هەر ئەمە بەڵکو دەرفەتێکی زۆر کەمیش بخەنە
بەردەستم، ئەگەر من وەکو ئێوە ئەم دەرفەتانەم شێواند و لەناوم بردن ئەوا مافی خۆتانە
کە سەرم بپەڕێنن.

من لە هەموو شتێکدا لە سفرەوە دەستم پێکرد. نە هیچ پەیوەندی و نەهیچ
دۆستێکم هەبوو، فلسێك پارە چییە بە دەستمەوە نەبوو. کاتێك ڕووم کردە ئێرە[2] وەك

---

[1] کەسانێکی سەر بە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگا سیخوڕیەکانن کە زۆرێك لە شۆڕشەکانی گەلاندا بۆ لەکەدارکردنی هێزەکانی گەریلا و زیان گەیاندن بە خەڵك بە جل و بەرگ و بە ناوی گەریلاوە دەچنە ناو خەڵکەوە و هەڵدەستن بە ئازاردانی خەڵك و کوشتنیان نواندنی هەموو کردەوەیەکی ناشرین و نا ڕەوشتی.

[2] مەبەست لە سووریاو لوبنانە.

Scanned by CamScanner

میوانێك بووم، بەڵام ئێرەم کردە شوێنێك کە گرفت و گرێ کوێرەی هەمووتانی تێدا چارەسەر دەکەم. هەموو شتێکم خستۆتە بەردەستتان. ئەمانەم لە کیسەی باوکی کەس یان بنەماڵەکانتان دەرنەهێناوە و پاشان بیبەشمەوە، لە هیچ دۆستێکم نەسەندوون، بەڵکو بە دوایاندا گەڕاوم و دۆزیومەتەوە و پێکەوەم ناون. ئەمەی من زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئەی ئێوە لەم بارەیەوە چیتان کردووە؟

کاتێك دەستم بەم کارە کرد هێندەی جێی گۆڕێکیش جێگایەك نەبوو تێیدا بخەوم. ئێستا جێی خەو و خواردنمان بۆ هەمووتان ڕەخساندووە و دەرفەتمان هەیە هەمووتان پەروەردە بکەین و کێش ڕوومان تێبکات بە زیادەوە خزمەتی بکەین. کار و خەباتی سیاسی و جەماوەریمان بۆ ئاوەڵاکردوون و هەر کێیەك چ گۆڕەپانێکی هەڵبژاردبێت ئەگەر ناوچەیەکی جوگرافیشی ویستبێت ڕێمان لێنەگرتووە. تەنانەت گۆڕەپانێکی بێ سنوورمان هەیە بۆ بەجێبوونی کەرتێکمان کە هەرگیز دوژمن پەی بەجێی نەبات و بتوانێت فیرقەیەکی دوژمن هەراسان بکات. سەرباری ئەم هەموو گۆڕەپانە بەهێزە ڕەخساوە نەتان توانیوە ئەمە بکەن. باشە بۆچی؟ جەماوەرمان لێدەتەکێننەوە، ڕێکخستن دەخەنە زەحمەتیەوە، چیاکان بە دەردێك دەبەن کە وەك پەناگە بە کەڵك نەمێنن. کەواتە هەڵەیەك لەم کارەدایە، خۆ نەناسین و کەم و زۆر پەیوەندیدار نەبوون بە پێداویستیەکانیەوە هەیە.

ئەوەی پێویستە بکرێت چییە؟ بۆ ئەم مەبەستە هەبوونی چەند کەسێك کە ڕێز لە خودی خۆیان دەگرن، لەسەر ئەم بنەمایە پابەندن بە ڕەسەنایەتی شەڕەوە و وەك هونەرێکی ڕەسەن تێی دەڕوانن و بەشداری تێدا دەکەن، لە هەبوونی سوپایەکی داگیرکار زۆر بەنرخترە. ئەگەر کەسانێکتان تێدا بێت کە دەڵێن: "ئێمە بە هۆشمەندیەکی بەرز و سۆزێکی گەورەوە لەم کارەدا جێدەگرین" کەواتە بابچن سەرەتا گەندەڵیەکانیان پاك بکەنەوە. بێژەی "نەبووە و ناکرێت" بە هەموو هۆکارەکانیەوە لە گۆڕێ هەڵگرن. ئەگەر نا هیچ لێمان نزیك مەبنەوە.

لە پێناو فێربوونتاندا تا دوایی ئامادەم و دەڵێم بەڵێ. داوای هیچ هەنگاوێك لە هیچ کەسێك ناکەین تا پەروەردەی پێویست نەبینێت. هەروەها ڕێگا مان خۆش کردووە کە بە سەلامەتی لە شوێنە مەترسیدارەکان بپەڕنەوە و بگەنە ئەو جێگایەی کە بەڕێتان دەکەین بۆی. سەرباری نەهێشتنی تەواوی ئەم گرفتانە و ئەو ئاسانکاریانەی بۆمان کردوون، بەشی دووەمی کارەکە نابووت دەکەن. ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ بە هۆی تامەزرۆییتانەوە

Scanned by CamScanner

بۆئەوەی گەر بۆ ڕۆژێکیش بێت وەك پاشایەك بژین و کە ڕۆژێکتان بەم خۆزگەیەوە ڕابوارد پێتانوایە بەختەوەرن و دەڵێن: ئەمڕۆشمان گوزەراند و ڕۆژ ڕۆژی خۆمان بوو. شەڕ بەم ڕەنگە ناکرێت. ئێوە بە بارێکی دەروونی بەم ڕەنگەوە و بە ژیانێکی ڕۆژانەیی ناتوانن شەڕی گەلێك بەڕێوەبەرن. ئێوە خۆتان لە ئاسۆی شەڕی گەلێك بێبەری کردووە. شەقاوەیی و پشت گوێ خستنێکی گەورەتان پێوە دیارە. ئەمە شتێکی زۆر خراپە. نەك تەنها بەو ڕەنگە بەسەربردنی ڕۆژێك بەڵکو ئاه کێشانێکیش بۆی تاوانە.

ئێمە باس لە شەڕی گەلێك دەکەین. کاتێك دەگووترێت "گەل" پێویستە هەندێك ڕاوەستین و باش بیربکەینەوە. ئەم شەڕی گەلە دوا شەڕە لە پێناو ئومێد و ڕزگاربوون لەوەی کە چیدی نەفرەت لێکراوێکی ناو مرۆڤایەتی نەبین. ئێوە هیچ ویژدانتان بەرامبەر بەمە نابزوێت و ڕێزتان لەلا نییە؟ ئەگەر ڕێز دەگرن کەواتە ئەم شەڕە کۆمەڵێك یاسای هەیە و دەبێت بە بنەمایان بگرن و ڕووبەڕووی شکستێکی هەرزانی نەکەنەوە. ئەمە چۆن دەهێنرێتە دی؟ ئایا ئەمە بە بەکوشتدانی خۆت و هەڤاڵانت بەدی دێت؟ بە پێشێل کردنی دسپلین و خۆ پیشاندان وەك بوستاخێکی ئەم کارە دێتە دی؟ یاخود ئەمە بە خۆپێشخستن و سەرکەوتنێکی هەمەلایەنە بەسەر دوژمندا بەدیدێت؟ بڵێی هێندە شێت و دەهری بن کە ئەقڵتان بەمانە نەشکێت؟ گەر وابێت کەواتە ئێوە لەناو ئەم شەڕە ڕەسەنەی گەلەکەماندا کە وەك تاکە بوارێك لە بەردەمماندا ماوەتەوە و لە پێناو ئومێددا دەیکەین جێتان نابێتەوە.

هەندێك کەس هاتوون و دەڵێن: "سەرسەریەکی ناو کۆمەڵگا بووم بەڵام هاتووم دەمەوێت لێرە شتێك بکەم. لە کۆمەڵگادا کچێکم پێ ڕازی نەدەکرا و لە ڕووم نەدەهات بچمە ناو خەڵکەوە. PKK ش نرخ بۆ مرۆڤ دادەنێت و هاتووم بەشکە لەم ڕێگا یەوە بێ ناموسیەکانم بشارمەوە" نەخێر هەرگیز ڕێگا بەمە نادەین. یاخود هەندێکی تر دەڵێن: "کەسێکی ڕووخاو و داماو بووم هاتووم لێرە ببمە پاڵەوان" نازانم "کەسایەتیەکی ڕووخاو بووم و هاتووم لێرە بە دوای جوانیدا دەگەڕێم" نەخێر بەم شێوەیەشیان نابێت. ئێوە هەرگیز ناتوانن لە ڕێگای ئەم شێوازانەوە بە داخوازەکانتان بگەن. دەبێت دەست لەم خۆ فریودانە بەربدەن.

دەڵێن؛ بەرامبەر بە چەوتیەکان سازشمان گرتەبەر و گەلێك شتمان خستە ژێر فشارەوە. ئەم کێشەیە بە سازش کردن و خستنە ژێر فشاری ڕیزەکانی ڕێکخستن چارەسەر ناکرێت. ئێوە کێ دەخەنە ژێر فشارەوە؟ ئایا لە دەرەوەی پێشخستنی مرۆڤ

Scanned by CamScanner

هیچ ئەرکێکی ترمان خستۆتە سەر شانتان؟ یاخود لە دەرەوەی دۆزینەوەی چارەسەرێ کارێکی ترتان لە بەردەمدایە؟ ئەبێت چ کارێکتان هەبێت لە دەرەوەی ئەوەی بە رێك و پێکی ئەرکەکانتان بەجێبگەیەنن؟ فشار هێنان کاری دوژمنە. نازانم سازش کردن دەکەنە جێی باس، سازشی چی؟ سازش کردن لەگەڵ هەڵەکاندا؟

ڕاست حیکمەت و حاکمیەتی دەوێت، پێویستی بەوەیە بە کۆشش خۆتی بۆ بکوژی.

ڕاستەکانی ئێمەش شەڕی گەل و ڕاستەکانی ژیانن.

ڕاستەکانی مان و مردنن.

پێویستە مرۆڤ لە پێش ناوی خۆیەوە ئەم ڕاستانە بزانێت و تا دوا ڕادە ببێتە دڵ و زمان بۆیان. بۆیە لەم بارەیەوە پێویستە بە هەندێك کەس بڵێین تۆ دەتەوێت کێ بخەڵەتێنیت؟ تاکەی هەڵتخەڵەتێنن و هەڵبخەڵەتێنیت؟ کەواتە ڕاستەکان شتێکن دەبێت هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە پابەندیان بیت و بە زمان و چالاکی پێکیانبهێنیت وە تا دواڕادە لە دژی چەوتیەکان ڕابوەستیت و بۆ تەنها ساتێکیش هیچ کامیان دوانەخەیت.

ئێوە بۆ لە دەستدانی مێژوو ڕۆژ دەژمێرن. دەڵێن: "خۆزگە ئەم کابرایە لە بەدیهێنانی چارەسەری و تەگبیر گرتن بچوایەتەوە و ئێمەش لەم شەڕە ڕزگارمان ببوایە" گەورەترین خەیاڵی ژیانی زۆربەتان بەم جۆرەیە. من هەست بەمە دەکەم و ئەمە لە نیگاتاندا دەخوێنمەوە. هەموو هەڵسوکەوتەکانتان بانگی ئەمە هەڵدەدات. ئەوەی ئێوە چاوەڕوانی دەکەن لەگەڵ تیۆری مارژینالکردنماندا کە دوژمن دایدەڕێژێت هەمان شتە. ئەو چاو لە ئێوە دەکات و ئێوەش چاو لەو دەکەن. دەڵێن شەڕمان کرد و شەرەفی خۆمان کڕیەوە لەمەش زیاترمان لە تواناندا نییە و گەر کار لەمە زیاتری بوێت ئەوا بەگوێرەی ئێمە نییە. ئەوانەی کە خۆیان ڕادەستی دوژمن کردەوە هەمان شتیان دەگووت، بەڵام هیچیان بۆ نەچووە سەرو لە قوڕگیان گیر بوو.

منیش بەگوێرەی خۆم بەڵێنێکم داوە بە گەل کە پابەندی ڕاستەکان بم و ڕێز لە خۆم بگرم و پەیوەست بم بە ژیانەوە.

هەڵبەتە خۆ سەرقاڵ کردنم بە پووچەڵ کردنەوەی ئەوانەی هێندە گوێیان بۆ نشوستی هەڵخستووە بە بواری بێ واتا کردنی خۆم دەزانم. بەڵکو ئەوانەی کە دەڵێن: "کەی کۆتایی بەم کارە بێت و ڕزگارمان بێت، خۆزگە دەرفەتمان بۆ بڕەخسایە بۆ ڕۆژێکیش بێت وەك پاشا بژین، گەر بۆم بلوێت دە کەس دەکەم بە قوربانی یەك ڕۆژ لە ژیانێکی پاشایی" هەروەك چۆن خۆیان دەتۆپن، ئەوا منیش ئەگەر ڕۆژێکم لە دونیادا

مابێت ئەوا بۆ ڕۆح کێشانی ئەمانەیان دەمێنم. لە ڕاستیدا دژ بەمانە دەجەنگم. ئەم نموونانە کە لە قومقومۆکەو هەزارپێ دەچن، تۆ لەملا لەناویان دەبەیت لەولاوە زۆردەبن. نیدی ئێمەش کوشندەترین گورزمان بۆیان ئامادەکردووە. ڕاوەستەیەکی بێ ڕەحمانەمان دەبێت دژ بەوانەی ژیان بە نشوستی دەزانن و ئەم شەڕی ئومێد و بە مرۆڤ بوونەمان دەکەنە پاشکۆی ڕەمەکی هەرزان و پیسی خۆیان.

لەم لایەنەوە نەك تەنها سوێند دەخۆم یان بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پارتەوە بەڵێن دەدەم، بەڵکو بە مۆخ و خانەکانیشمەوە دەبم بە پووچەڵکەرەوەی ئەمانە. ئەم شەقاوە و نەفس نزمانەی کە من ناسیمن، تەنانەت سەرگەورەکانی ئیمپریالیزمیش کە دەیانگووت گوایە تەگبیرمان گرتووە و یاسامان دەرکردووە و دەیانگرینە خۆمان، نەیانتوانی بیانگرنە خۆیان و دەرکەوت ئەوەی دەیانگووت هەر قسە بوو.

نابێت ئەنجامی چاوەڕوانیی بیست ساڵەمان نشوستیەکی هەرزان بێت.

ڕۆژانە لە ڕیزەکانماندا گفتوگۆی ئەوە دەکەن و دەڵێن ئیتر بەس نییە تاکەی هێندە شەڕ؟ هەی بێ نامووس بەڵێن بەم جۆرە دەبێت؟ تۆ نەك بیست ساڵ بەڵکو ئەگەر دوو سەد ساڵیش شەڕ بکەیت هیچ ئاگات لە سەرکەوتن هەیە؟ بۆچی تۆ شەڕت کردووە؟ هیچ شتێکت لە پێناویدا کردووە؟ با ئەم شەڕە تەواو بێت ئەویش خۆی بژێنێت! وەك ئەوەی کردبێتی نۆرەی هاتووە خۆی بژێنێت. بە ئاشکرا پێتان بڵێم ڕەنگە سادە و بێ ئاگا بن بەڵام لە شەڕی گەلاندا نەك لەسەر گووتنی ئەمە بەڵکو لەسەر پیتێکیشی هەقە بخرێنە بەر دەستڕێژی گوللە. بەڵام ئەوانەی ترۆو بێ ئابروو و ڕووخاو و تاوانباری شەڕ و بێ ئومێدن و هەموو شتێکیان تێکەڵ بە نشوستی بووە بێ شوومارن.

ئێوە بێ وێنە دەتانەوێت ئەمانەمان بە سەردا بسەپێنن. هەندێکتان شەڕێکی بێ ڕەحمانەی لەسەر دەکات و هەندێکیشتان زۆر بە زراقی ئەمە دەکات. بەڵام گەر وەك ئازاری شێرپەنجەش بە تاو بن هەرگیز ئەمە پەسەند ناکەم. من نامەوێت لەو داخوازییە خوێن گەرمانەتاندا بێ دڵیتان بکەم، بەڵام بشزانن کارم لێناکات. چونکە من کەسێکم کە لە دە ساڵیمەوە ناوکم لە کۆمەڵگاو دایکم وە خۆم لە شیر دابڕی و خۆم خۆم پێگەیاندووە. کەواتە بەو ئەندازەیە سەربەخۆم و بڕوام بە خۆمە. بڕوا بە چی ئێوە بکەم؟ ئێوە هەڵم دەخەڵەتێنن و دەتانەوێت بەو سۆزداریەتان کۆڵم پێبدەن.

ئەگەر لە پای ئەم هەموو کردەوە لاپڕەسەنانەتان ناتان کوژێن تەنها لەبەرئەوەیە کە پێویستە باجی تاوانەکانتان لە بەرامبەر گەلدا بدەن. ئەگەر نا بۆ ئەوە نەمان

مێشتوونەتەوە کە چاوپۆشی لە کەموکورتیەکانتان بکەین. ئەگەر بتان کوژین کێ قەرزەکانتان بداتەوە؟ ئەگەر نەمان کوشتوون لەبەرئەوەیە کە کۆششیکەن تا قەرزەکانتان بدەنەوە. پێویستە هەمووتان بزانن کە تەنها بۆ ئەوە دەرفەتی ژیانمان داونەتێ و بە هیچ بەهانەیەکی تر نەمانهێشتوونەتەوە. کاتێك دەڵێم: قەرز مەبەست قەرزاری باوکی من نین بەڵکو قەرزاری مێژوو، قەرزاری شەرەف، قەرزاری گەل و شەهیدانن. نابێت تەنها بە هاتوچۆتاندا و بە ڕووکەش مرۆڤ بوونتان پێوە دیار بێت. یاخود کەسێك ماف هاتوچۆ و گەڕانی هەیە کە سەرەتا قەرزەکانی دابێتەوە. ئایا ئێوە قەرزی مرۆڤایەتی و ئازادیتان داوەتەوە؟ تا بینەقاقاتان لە قەرزدایە گەر کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگاش بێت دەتوانێت هەروا بە ئاسانی بگەڕێت؟ نەخێر بێگومان خۆی دەکوژێت، چونکە یاسا وەهایە ئەو کەسانەی مایەپووچ دەبن خۆیان دەکوژن. نەخێر، ئەگەر ژیان بە لاتانەوە یارییەکی ورچانەیە ئەوەیان شتێکی دیکەیە، بەڵام ئێمە نە بەو ڕەنگە دەژین و نە بەڵێنیش دەدەین کە وا بژین. ئەمەش لە شەڕی ئێمەدا تەرزێکی تری سەرکەوتنە. دوو خاڵ لە دیالێکتیکی شەڕی PKK ەشدا خۆیان دەکەنە جێی باس: یەکەمیان ئەگەر بجەنگی و سەربکەویت ئەوا دەتوانیت بژیت. دووەمیان ئەگەر بجەنگی و سەرنەکەویت ئەوا شەرەفمەندانە بمرە. لە دەرەوەی ئەم دووانە ڕێگای سێهەممان نییە.

کەواتە ئەوانە کێن کە بە درێژایی ئەم بیست ساڵە گوێیان بۆ نشوستی هەڵخستووە؟

بەتایبەتی ئەوانەی وەك هێزی سەرەکی شەڕ لەناو سوپداو لە کاروبارەکانی بە سووپابووندا شێوازی چەتەگەریەکی ئاڵۆزی زراڤ یان قەبە، بە زانایی یاخود بێ زانایان بەڕێوەبردووە و بوونەتە مایەی پیلانگێڕیەکی خۆکردی نیاز خراپ یان باش، تا دەگاتە هەموو جۆرەکانی زەبر وەشاندن و بەرپاکردنی دژە شۆڕشیان و لە دواییشدا دەست تێکەڵ کردنیان لەگەڵ ئەوانەی گفتوگۆی لە جۆری "ئیدی تا ئێرە شەڕ بەسە و دەمانەوێت خۆمان بژێنن" دەکەن، هەموویان خۆیان داوە بەدەستەوە و بەسەر تاوانەوە گیراون.

لەم واتایەدا بیستەمین ساڵمان لە هەموون ساڵەکانی تر زیاتر نزیکە لە "سەرکەوتن لە شەڕدا و ئازادی لە ژیاندا"

لەم بارەیەوە گەر هەموو وردەکاریەکانیشی نەهێنمە زمان، دەمەوێت هەندێك سەبارەت بەو ئاستە بدوێم کە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا پێی گەیشتووین. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا زیاتر کەوتوینەتە گۆڕەپانی نێونەتەوەییەوە و توانیومانە ئەو دیپلۆماسیەت و شەڕە دڕندەیە پووچەڵ بکەینەوە کە دوژمن بۆ تەنگ پێ هەڵچنینی ئێمە بەڕێوەی دەبات. هەروەها سیاسەتی کۆمەڵکوژی، تیرۆری بکەری نادیار، چۆڵکردنی گوند و قەزاکان، کۆچی زۆرەملێ و دەستگیرکردنی بە ملیۆنان خەڵکمان پووچەڵ کردووە کە بە

Scanned by CamScanner

ئامانجی دابڕینمان لە جەماوەر ئەنجام دەدران. بەرەی دەسەڵاتی سیاسی گەل زۆر ڕێکخراویش نەبێت، ئیتر پتەوە. تەنانەت هێندە بەهێزە کە هەموو پێداویستیەکانی شەڕێکی گەلەری دابین دەکات.

دوژمن بە هەموو هەوڵێکی خۆی ویستی مارژینالمان بکات، ئێمەش لە باشووری کوردستانەوە تا دەریای ڕەش و زنجیرە چیاکانی تۆرۆس قەبوونی گەریلاییمان ئەنجامدا. بۆئەوەی شەڕی گەلەری پڕ بە واتای خۆی بەڕێوە بچێت لەو شوێنانە هەموو شتێکمان بۆ چاندنی تۆوی گەریلایەتیەکی باش دابینکردووە. لێرەش لەسەر چەوتیەکان ڕادەوەستین و هەموو ئەوانەشمان خستەڕوو کە لە سەرکەوتن دوورمان دەخاتەوە. کاتێك لەسەر بنەمای ئەم ڕاستیانە سەنگەر بگیرێت و هەموو دەرفەتە بابەتیەکان لێك کۆبکرێتەوە، بۆتان ڕوون دەبێتەوە ئەو سەرکەوتنەی دوژمن لە شێوازی سەربازی خۆی چاوەڕوانی دەکات بە نشوستیەکی گەورە دەگات. دوژمن لە سیاسەت و دیبلۆماسیەتی خۆیدا مایە پوچ بووە. ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی ئەوپەڕی مەترسیداری لەسەر سیاسەتی ئابووریان لە گورەپانی شەڕدا هەیە. لە داهاتووشدا ئەمە زیاتر دەبێت.

هەروەك چۆن تا لە ساڵانی ٢٠٠٠ نزیك دەبینەوە ئابلۆقەی دەورووبەری دەوڵەت تەنگتر دەبێتەوە، دەکرێت بواری سەربازیش وەهای لێبکرێت کە زۆر قورس بە سەریدا بشکێتەوە. پێویستە گەریلا ئامادە بکەین و چاوەڕوان بین. ئەگەر بێتو بە کەسایەتی پارت و ملیتانانەی گەریلایی، بە وەستایی تاکتیکی شۆڕش، بە خولقاندنی چالاکی و کەسایەتیەوە بچنە سەر کار ئەوا گەریلا نەك هەر بۆ کوردستان بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئازادی لەسەر ئازادی و ڕزگاری مەیسەر دەکات.

لە ڕاستیدا بە بازدانێکی ماراسۆنیانەی بێ ئامانیش بێت ساڵانێکی گرنگی شەڕمان تا ئێرە هێناوە و خۆمان بۆ ساڵێکی تر ئامادە دەکەین. ئێمە نەك هەر ماندو و نەبووین بەڵکو لەسەر پێ ماوینەتەوەو بە ئەندازەیەك کە خۆمان بگەیەنینە هەنگاوەکانی فینالْ بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵین و ئامادەین کە بە جۆشی: "ئەم ساڵ کردن بە ساڵی فینالْ و کۆتایی هێنان بە شەڕ" ئەم ماراسۆنە خێراتر بکەین و زیاتر باز بدەین.

لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێم هەرچەندە ڕابردووتان بۆنی نائومێدی و نەهاتنەدی ئاواتەکانتانی لێبێت، بەڵام ئەگەر ساڵی تازەی ئەم شەڕەمان پڕ بە واتای خۆی بگرنە دەست، بڕیارێکی ڕاست بدەن، بە ڕقی تۆڵە سەندنەوەوە پەیمانی شەڕکردن بەرامبەر بە چەوتیەکانتان بدەن و کۆشش و بەشداریتان ئاوێتەی ڕاستیەکانی سەرکەوتن بکەن، نەك تەنها دەبەخشرێن و دێنە سەر ڕێی ڕاست بەڵکو دەبنە خاوەنی سەرکەوتنی بەنرخ و کەسایەتیەکی ڕەسەن و گوزارشتی سەرکەوتن و ژیانێکی ئازاد.

Scanned by CamScanner

بۆیە بانگ لە هەموو جەنگاوەرانی ARGK و خەباتکارانی گەل و لە پێش هەمووشیانەوە ئەندامانی پارت دەکەم؛ کە لەسەر بنەمای ئەم هەڵوێستە لە هەموو گۆڕەپانێکدا و بەرامبەر بە هەموو ئەرکێکی بچووک و ستراتیژیانە هەر لە بەرز راگرتنی بڕوا و کۆڵنەدەری و ئیرادەوە تا دەگاتە بونیادنانی ڕوانگەیەکی ڕاست، هەر لە خۆ بێبەری نەکردن لە کۆششی کردارییەوە تا دەگاتە هەنگاونانێکی بە پێوان، هەرلە تیژبرییەوە تا دەگاتە ئەوەی گەر پێویستی کرد بەوپەڕی چاونەترسیەوە بە سەردا چوون، بۆ پیشاندانی هەموو هەڵوێستێك ئامادەبن و وەك کەسێکی خاوەن ئامادەکاری بەشدار بن.

تەرزی بیستەمین ساڵمان لە هەموو کاتێك زیاتر تەرزی سەرکەوتن لە شەڕدا و ئازادی لە ژیاندا دەبێت. بانگ دەکەم کە بە پێداگرییەوە ئەم تەرزە بەرکەماڵە و ئەم دەرفەتە لە ئامێز بگرن، بە ئەندازەی ئەمەش خولقکارانە بۆ سەرکەوتن بدەن بەسەر واقیعدا، هەموو ساتێکتان بە تەرزی کارکردنێکی ڕاستەقینە پڕ بکەن و ئەم دەرفەتە لە دەرفەتێکەوە بۆ چارەنووسێکی ژیان وەربچەرخێنن.

دووبارە بانگتان لێ دەکەم کە ئیدی ئەمە شایستەی خۆتان ببینن و لە دڵەوە پارێزگاری نەبەزیی بن و بە ئەندازەی ئەمەش بیسەلمێنن کە لە توانادایە بە دیسپلینێکی دژوارەوە نوێنەرایەتی ئەمە بکەن. ئەگەر تەواوی ئەمانە ڕاستن هەر لە ئێستاوە دەڵێم: بیستەمین ساڵی ئەم شەڕەمان سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو هەموو لە دەستدراوەکانمان دووبارە قازانج کردۆتەوە. هەروەها وەك پاداشتێك بۆ یادەوەری شەهیدان و زیلانەکانمان کەسایەتی ڕاستەقینە و پیرۆزی PKK بەرجەستە دەبێت و بێ هیچ دوودڵییەکیش ئەمە خودی سەرکەوتن خۆی دەبێت.

بڵێن "ئەگەر سەرکەوتن هەبێت منیش بوونم هەیە، ئەگەر سەرکەوتن نەبێت ئەوا منیش بوونم نییە" ئەگەر ئەمەتان کردە دروشمی خۆتان ئەوا هەر سەردەکەون.

١٩٩٧/١١/٢٧

Scanned by CamScanner

## ڕووبەڕوو بوونەوەکان

تۆ بڵێی کەی ناویان لێنابن ژن؟

کەچی پێویستە ئێستا ناوتان بنێین مردن. لە جیاتی ژن مردن...

(ژن) وشـەیەکی گەردوونیـە. هـەموو زانستەکان بەشێکیان هەیە پێی دەوترێت ژینۆکۆلۆژی واتا زانستی لێکۆڵینەوە لە ژن.

لای ئێمەی کورد ژن واتا (ئافرەت)، لە زمانی نەتەوەکانی تردا بەم جۆرە نییە. هەندێك فەرەنسی دەزانم، وەك لای ئێمە نییە جیاوازە. بڕوا دەکەم تەنها لە کوردیدا ئەم لێکچوونە هەیە.

ئافرەت و مردن...

ئەی ژیان نەمردووە؟ بۆچی خاوەندارێتی لە ناوی خۆتان ناکەن؟ دوای ئەوەی کە هەموو شتێك مردووە ئاشکرایە کە دەبێت ناوتان بنێین مردن. من بە هەموو هێزم دەمەوێت (ژن) بکەم بە (ژیان).

دەمەوێت خوداوەندەکان بانگ بکەم کە بە دەنگمەوە بێن و یارمەتیم بدەن، بەڵام هێشتا شتێکم بەپێی بیر و فەلسەفەی خۆم نەدۆزیوەتەوە.

هەموو ڕۆژێك لەوە دەپێچمەوە کە دەبێت خودا یاخود خوداوەند لە کوێ بێت؟

کوتوپڕ گەردوون بە مێشکمدا دێت. هەر لە جیهانی ئەتۆمەوە تا جیهانی هەسارەکان بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە زانستیەکان بیری لێدەکەمەوە و ناتوانم لەنێوی دەربچم.

Scanned by CamScanner

بەپێی ئەو هزرە هەرە میستیکی و فەلسەفی و دینیانەی پێی گەیشتووم هەستێکی وام لەلا دروست دەبێت کە ڕەنگە بریتی بێت لە هێنانە زمانێکی بەرجەستەی هەموو ڕووداوە شاراوەکانی قووڵایی گەردوون لە مرۆڤدا. ئەمە هێشتا بۆچوونێکە و نەسەلمێنراوە واتا تەنها هەستێکە. لە خاڵی مردندا ناکرێت بیر لە گەردوون نەکەیتەوە، چونکە خودی ژیان ڕووداوێکی هەرە سەرنج ڕاکێشی بەرجەستەبووی ئەم گەردوونەیە.

ژیانیش بە ئێوەوە و بە ناوی ئێوە بە بیر دەهێنرێتەوە.

لەسەر تەواوی ئەم بابەتانە کەسێك هەیە رۆشبیریەکم بداتێ و هەندێك شتی تر بخاتە سەر هەست و بیرکردنەوەکانم؟

([1])ئا کچە سەیرەکە. تۆ کچێکی سەیریت و هەوڵدەدەم هەندێك بتناسم. هیچ سەبارەت بەوە ناڵێم کە کێیت و چیت ناشتوانم بڵێم دەبیت بە چی. هەریژیت بوێریت.

نودەم: من لەم بارەیەوە هەندێك لێکۆڵینەوەم کردبوو، بەڵام وەك ڕۆشنبیرکردنتان نا.

عەبدوڵڵا نوح ئالان: بە ڕاست؟

نودەم: تا ڕادەیەك هەندێك هەستی هاوشێوەم لەلا دروست بوون، بۆیە من نامەوێت ئەمە وەك ڕۆشنکردنەوەیەك وەربگرن تەنها ئەوەندەیە کە دەمەوێت بۆچوونی خۆم ڕوون بکەمەوە و بیهێنمە زمان.

ئێوە باستان لە (عەشتار)[2] کرد کە ژنە خوداوەندێکی میزۆپۆتامیایە. وەك خوداوەندی رزق و بەرەکەت باسی دەکرێت. جیا لەمەش کاتێك بەشداری پارت بووم لەلای پەرتووك فرۆشێك بە نرخێکی هەرزان کتێبێکی بچووکم سەبارەت بە گەردوون و زانست و ژنە خوداوەندەکان بەردەست کەوت و هەندێك لێکۆڵینەوەم لەسەر کرد. بە ڕێکەوت زانیارییەکی بەرفراوانی سەبارەت بە ئەسترۆلۆژی و ژنە خوداوەندەکان تێدابوو. لەوێدا بەم جۆرە باسی لە ژنە خوداوەندی میزۆپۆتامیا (عەشتار) دەکرد: وەك دەزانرێت لە ئایینە کۆنەکاندا باس لە ئەستێرە ناسی، زانستی چاو و کاریگەری پلانتۆلۆژیانەی ئەستێرەکان بەسەر مرۆڤەوە دەکرێت. بێگومان کاتێك بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێینەوە هێشتا ئەتۆمەکان زۆر نزیك بوون لەیەکەوە و بەم هۆیەوە هێزی

[1] لێرەوە دەست دەکات بە دیالۆگێك لەگەڵ ژنە کامیراتی ئامادەدا.

[2] لە پێش تاك خوداییدا خوداکان مرۆ بوون و بەتایبەتیش لە دایکسالاریدا هەموویان ئافرەت بوون عەشتاریش ناوە عەرەبییەکەی ژنە خوداوەند ستێرکە کە خوداوەندی بەرەکەت بووە.

Scanned by CamScanner

کێشکردنیشیان لەگەڵ یەکتر زیاتر بووە، دەکرێت بیر لە هەبوونی کاریگەری ئەستێرەکان بەسەر مرۆڤەوە بکرێتەوە. لە لێکۆڵینەوەی ئەم دواییانەی ئەسترۆلۆژیدا دەرکەوتووە کە هێندە کاریگەری نییە. واتا لەبەرئەوەی لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا هەسارە گەردوونییەکان هێندە لەیەك دوورکەوتوونەتەوە کە کاریگەری ئەمە بۆ ١٪ دابەزیوە، بەڵام وەها دەستنیشان دەکرێت کە لە کۆندا کاریگەریان زیاتر بووە.

عەشتاریش بەهەسارەی (ڤینۆس) کاریگەر بووە. ڤینۆس کە هەسارەی زوحەلە بە پەیکەری جوانی و خۆشەویستی دەژمێردرێت و بەرەکەت و جوانی دەبەخشێت و وەك کارەکتەری خۆیشی لە خاك دەچێت. کاتێك دێینە میزۆپۆتامیا ئەو خاکەی نموونەی بەرەکەتە خاکی نێوان دیجلە و فوراتە. لە ڕاستیدا وەك بڵێی لەو پەرتووکەدا دەویسترا ئاماژەیەك بەم خاکانەش بکرێت. بۆیە یەکەمجار لەوێ من باسی لە عەشتارم بیستبوو. بەتایبەت لەوانەی (ژن و پیاو)دا بۆ یەکەمجار ئاماژەی پێکرا.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: یەکانگیربوونی (ژن و خاك) بەرهەم دێنێتە کایەوە. میزۆپۆتامیا سەبارەت بە پێشکەوتنی کۆمۆنی سەرەتایی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ناسراوترین و سەلمێنراوترین جێگایە. واتا لە نشێوەکانی نێوان دیجلە و فوراتدا بە شێوەیەکی بەرچاو شێوەی گرتووە. هەم ئاژەڵی ماڵیکراو بەخێو دەکرێت و هەم ڕووەکە تۆودارەکان دەچێنرێن و بە زۆریش ژن ئەمانە دەکات. عەشتاریش خوداوەندی ئەم کلتوورەیە. سەرچاوەکەی بەم ڕەنگە تاوتوێ دەکەین.

عەشتار بۆ من (ستار)ەو لە کوردیدا ستار واتا ستێرك یان ئەستێرە. ستار لە زمانە ئەورووپیەکانیشدا بە واتای ئەستێرە دێت. ڕیشەکەی لە کوردییەوە وەرگیراوە و لە میزۆپۆتامیادایە. وەك بڵێی کاتێك گوێزراوەتەوە ناو عەرەبەکان بووە بە عەشتار. ڕەنگە تۆ ئارەزووت لەم بابەتانە هەبێت، بەڵام لە بابەتەکانی تردا چۆنیت؟ تا چەندە خۆڕاگری بەرامبەر بە واقیع؟

نودەم: نامەوێت بە شێوەیەکی پێشینەیی لەسەر ئەمە قسە بکەم. چونکە نازانم لەناو شەڕدا لە بەرامبەر هەندێك شت چەند خۆڕاگری دەکرێت یان ناکرێت، بەڵام داخوازی و کۆششێکم بۆ ئەمە دەبێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەگوێرەی ئەوەی کە هێندە بە خوداوەندە ژن و پیاوەکانەوە پەیوەندیداری و بە کاری پیرۆزەوە سەرقاڵیت کەواتە دەبێت قسەی هەرزانیش نەکەیت. ئەگەر ڕێزت بەرامبەر بە خوداوەندەکان هەیە کەواتە نابێت بە وشەی هەرزانیش خۆت

Scanned by CamScanner

بخەڵەتێنێت. وشەی وەك "پەیوەستە بە داخوازییەوە" یەكێكە لە هەرزانترین وشەكانی كەمالیزم. ڕاستتر بڵێین كەسێك كە هێندە بە خوداوەندە ژن و پیاوەكانەوە سەرقاڵ بێت ناكرێت وشەی وەها هەرزان بەكاربهێنێت. بڕوات بە خۆت هەیە؟

نودەم: ناكرێت باس لە شتێكی وەك بڕوا بە خۆ نەكردن بكرێت. لە ڕاستیدا بڕوام بە خۆم هەیە، بەڵام ئەوەش بە ڕاست نازانم هەستی و بە بڕوایەكی قەڵبەوە بكەوێتە ڕێ.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: سروشتی مرۆڤ لە سەرەتادا چی بووە ئێستاش هەر ئەوەیە. بە بڕوای من ئەوەكانی تر هەمووی شتی ڕووكەش و تەقلیدین. بۆیە پێویستە تۆ یەكسەر بڕیار بدەیت.

نودەم: بەڵێ بە بڕیار بوون گەلێك گرنگە. لە دوای بڕیاردان بەرەو دواوە گەڕانەوەیەكم نەبووە. كاتێك چاو بە ڕابردوومدا دەخشێنمەوە، هەر هەنگاوێكم نابێت، بە ئاسانی لێیان پەشیمان نەبوومەتەوە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: كەواتە ئەگەر وابێت پێویستە لێرە كەسێك بێت كە بە بڕیارترین هەڵوێستەت هەیە. چونكە كاركردن لەگەڵ ئەم نێوەندەدا گرنگە. كەسێك لەناو ئەم نێوەند و كۆمەڵەدا جددییەتی نەبێت بە هەموو شتێكیەوە بڕیتی دەبێت لە درۆیەك. چارەی ژن لێرەیە. دەست لە پیاو بەردەن تەنانەت لە منیش؛ من دەڵێم "بیكوژن" و خۆشتان شیبكەنەوە. مادام تۆ ڕێز لە عەشتار دەگریت كەواتە با ڕاستەكان بدوێن.

نودەم: من لە یەكەم دیالۆگم لە گەڵتاندا گووتبووم بە ڕاستی لە بەرامبەر خۆ گەیاندنی مرۆڤ بە هەبووندا ڕێز دەنوێنم. عەشتاریش كەسێكە هەبوونی خۆی دەرخستووە و بە ڕۆژی ئەمڕۆ گەیشتووە. واتا كەسێكە كە هێشتا پێویستە لەبەرچاوی بگرین.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: باشە ڕاستە كە ئەو وەهایە... ئەی تۆ ئێستا ڕێز لە چی دەگریت؟ ئەوەی لە ناخی تۆدا ڕوودەدات چییە؟ هێندەی منالێك سادە بدوێ...

نودەم: لە ڕاستیدا لە كاتی ئێستادا شتێك نابینم كە خۆشم بوێت. ڕوون و ئاشكرا قسە دەكەم ناتوانم كە بڵێم "ئا ئەم فلانە شتەم زۆر خۆشدەوێت"

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: دەكرێ كە خۆشت نەوێت. تەنها لە بارەی خۆش ویستن و دڵخوازەوە نا سەبارەت بە ڕق و نەفرەت چ ڕاستیەكت هەیە؟

نودەم: لە ڕاستیدا دەركم بەوە كرد كە ڕق و نەفرەتم زۆر مەزنە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەرامبەر بە چی؟

Scanned by CamScanner

نودەم: لەبەرئەوەی بە ئاسانی هەموو شتێکم پێ پەسەند ناکرێت، نەفرەتم لە زۆر شت پێ دەکرێت. بە زۆری ڕێزی بێ پایان هەیە بۆ ژیانێکی وەها، بەڵام بە ڕاستی کە لەناو ژیانێکی وەهادا کۆمەڵێك گەندەڵی دەبینیت لە بەرامبەریاندا نەفرەتێکی گەورەت لا دروست دەبێت. زۆرترین نەفرەتیشم بەرامبەر بە خۆمە. لە ڕاستیدا ئەوەی هەرە زێدە لێم پێچاوەتەوە دیسان هەر خۆمم. واتا وەك ئاوێنەیەکی دەورووبەرم بیر لە خۆم دەکەمەوە. ئەوەی کە زیاتر بە سەریدا دەدەم و زۆر گەندەڵی دەبینم....

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: تۆ نەفرەت لە خۆت دەکەیت؟

نودەم: لەلایەنە گەندەڵەکانم.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: باشە گرنگترین گەندەڵیەك کە لە خۆتدا بەدیت کردووە چییە؟

نودەم: هێندە گرنگ نییە، گەندەڵیەکانم بێ ژمارن. سیمایان زۆرە کە دەکرێت هەر ڕۆژەی یەکێکیان ببینم و هیچ کام لەم سیمایانەشم نەکوشتووە.

عەبوڵڵا ئۆج ئالان: ئەم کچە لە چی دەچێت؟

دیجلە: کەسایەتیەك کە تا سەر مۆخ سەرمایەداری بونیادی ناوە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: تۆ دەڵێی تا سەر مۆخی سەرمایەداری پەروەردەی کردووە؟

دیجەلە: دەکرێت وەها بگووترێت.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمە پێناسەیەکی سامناکە، باشە دەکرێت ببێتە فریشتەیەك؟

دیجلە: دەکرێ.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بەڵام ئێستا لایەنی لە پێشی فریشتەیی نییە. ئایا تۆ ژنێکی مار ئاسای؟

نودەم: جارێکیان ناوی (مەدووسا)[1] یان بۆ بەکارهێنابووم.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لە ڕووی زاراوەوە زۆر زەنگینی. تەنانەت دەتوانیت بەسەر زاراوەکانی ئێمەشدا زاڵ ببیت. بەردەوام بەو تەنانەت بێ رەحمانە قسە بکەن. مەدووسا چییە؟

نودەم: ژنێکی مارینە. لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی قژم تۆزێك ئەڵقە ئەڵقە دەوەستێت لە مار دەچێت. لەناو ئاویشدا وەك مەدووسایەك ڕادەوەستێت.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: خۆت پێت وایە کە لەو دەچیت؟

---

[1] لە میتۆلۆژیای یۆناندا باسی لێدەکرێت, ژنێکە کە قژی مارن و پیاوی پێ دەگرێت.

Scanned by CamScanner

نودەم: من بۆ خۆم نەمگووتووە بەڵکو کەسانی تر ئەم لێکچوونەیان کردووە. پیاوان بە زۆری ژن و مار وێکدەچوێنن و لە ماریشدا هەمیشە گەڕانێک بە دوای خراپیدا....

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەڵام مار خراپە.

نودەم: هەمیشە ویستوومە وەها بیر بکەمەوە کە مار لایەنی باشیشی هەیە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: من هیچ باشیەکی تێدا نابینم. هەوڵدەدەم تایبەتمەندیەکی باشی تێدا بدۆزمەوە کە بیکاتە ئاژەڵێکی خۆشەویست بەڵام نایدۆزمەوە. ئەگەر تۆ من رازی بکەیت ئەوا پێت دەڵێم بژیت.

نودەم: بە شێوەیەکی گشتی لە جیهانی ئاژەڵاندا زۆرێک لە ئاژەڵان تایبەتمەندی خراپیان پێوە لکێنراوە. بۆ نموونە مار خراپە، دووپشک خراپە. بەڵام ئایا هیچ لایەنێکی باشی نییە؟ چونکە دەرەنجام ئەوان هەن. ئەگەر ئێمە هەستین و ئاژەڵێک بە خراپ لە قەڵەم بدەین ئەو کاتە تا چەندە گەوهەری دیالێکتیکیانەی ئەو دەدەین بەدەستەوە؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هەڵۆش ئاژەڵێکە کە ئاژەڵانی تر ڕاودەکات و دەیخوات، ماریش هەروەهایە، بەڵام دەتوانیت لە هەڵۆدا جوانیەک بەدی بکەیت، بەڵام لە ماردا ئەمە بەدیناکەم. تا ئێستا چ مارێك هاتبێتە ڕێگام کوشتوومە. لە کاتێکدا کەسێکی وریام و ئەو هەموو کۆترەم هەیەو هەرگیز دڵم بڕوایی نایەت یەکێکیان چییە سەربیبڕم. ڕەنگە ببمە کەسێکی ڤێجیتریان. گەر لەم بارەیەوە بڕیارێك بدەین یەکەم کەسم کە دەست بەرزدەکەمەوە. بەڵام سەبارەت بە مار هیچ بیرێکی تری نوێم لەلا دروست نابێت. ئایا دەکرێت مار وەك کەناریەك لێ بکەین؟ ئایا بۆمان دەبێتە ڕۆڵ گێڕێکی باش؟

ئایا پێچواندنی ئەم کچە بە مار زیادەڕۆیی نییە؟ گەرچی دیجلە تۆ ئەوەت خستە سەر کە دەتوانێت ببێتە فریشتەیەك. وەکوتر کەس هەیە بیەوێت لێکدانەوە لەسەر ئەم کچە بێ ناوە بکات؟ ئیدی لەمەودوا تۆ خۆت خۆت بناسێنە. ڕەنگە لە ڕاستیدا کەسێك نەبێت کە سەرمایەداری کردبێتی بە مار. لەبەرئەوەی لایەنی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیت ڕیشەکێش کراوە بە پێداگریەوە ویستوتە ببیت بە شتێك و بەم جۆرە شێوەت گرتووە.

تا ڕادەیەك پێچەوانەی یاسایە کە کچێکی گەنج هێندە مەترسیدار بێت. گەرچی ئەو ژنەی[1] کە من تاوتوێم کرد تا ڕادەیەك وەك بیرێکی بێ بن بوو، بەڵام بڕوا ناکەم ئەم کچە بەم ڕەنگە بێت. دەتوانین بڵێین کە کچێکی هەژار و بێبەریە. هەمیشە هەوڵت بووە کە

---

[1] مەبەست فاتمەیە

Scanned by CamScanner

خەیاڵەکانت بپارێزی، بەڵام ئیدی ئەوەش زەحمەتە. دیارە زەمینەی ژیانێکی ئاسوودەیان دابوویتێ؟ ئێمە ناتوانین بەجێیەکت بگەیەنین. ڕەوشێکی تراژیدیانەت هەیە. خێزانەکەت باش تۆیان ژیان؟

نودەم: بەڵێ، تا تەمەنی ١٤ ساڵیم گەلێك ئاسوودە ژیام. دواتریش بە بڕاری خۆم ئاسوودەیی و ژیانێکم هەڵبژارد کە خۆم بتوانم بونیادی بنێم. بە کورتی لەناو خێزانەکەمدا ڕەحەتیەك هەبوو، بەڵام هەوڵی ئەوەشم هەبوو کە خۆم ژیانی خۆم پێکەوە بنێم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هەرچەندە ڕەتی بکەیتەوە، بەڵام تۆ لە کچێك دەچیت کە زەحمەتە بتوانیت بە تەنها لەسەر پێ بمێنیتەوە. ئەگەر هاوکاری پیاوێکت لە پشت نەبێت دەتوانیت خۆت لەسەر پێ ڕاگریت؟

نودەم: هەوڵی خۆ ڕاگرتنم داوە و لەمەودواش دەیدەم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: نێوەندی ئێرە بچووك مەبینە. ئەم نێوەندە جێی ڕووبەڕووبوونەوە مێژووییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرچڵانەیە. هەرچەندە پەردەپۆشکراویش بێت ئەم نێوەندە پەردەی تۆش هەڵدەماڵێت و دەتوانێت جیات بکاتەوە. ئەگەر هەندێك بڕوات بە خۆت هەبێت ڕاستیت ئاشکرا دەبێت، بۆیە بێ ئومێد مەبە. نەزۆر ڕقت لە خۆت ببێتەوە و نەزۆریش خۆت هەڵکێشە. تایبەتمەندیەکی گرنگی PKK ئەوەیە کە توانای خۆی لە وەرچەرخاندنی دوژمنەکەیشیدا سەلماندووە. تۆش هەرچەندە کەللە ڕەق و ئیبلیسیش بیت هەر دەتوانێت جیات بکاتەوە. گەر لایەنێکیشت هەبێت کە تاوتوێ بکرێت یاخود ئاقاری سەرنج ڕاکێشت هەبێت ئەوا ئەویش بەهێز دەکات. بڕوا دەکەم تەواوی ئەمانە بۆ ئەوەی هەندێکی تر ئومێدت هەبێت ڕازیت دەکات. دیارە ناتەوێت لە ئامێزی پیاوێکدا لەناوبچیت؟

نودەم: نەخێر.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: واتا ئامێزی پیاو بە ئەفسوناوی نازانیت؟

نودەم: نەخێر. خۆی لە خۆیدا ڕەوشێکم نەبوو کە پیاو وەك ئەفسونێك ببینم. زیاتر لەوەی کە پیاو وەك هێزێکی ئەفسوناوی ببینم لێکەڕینی ئاواکردنی شتێکی هاوبەشم هەبوو، بەڵام دواتر بینیم کە ئەمەشیان ناکرێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: واتا ڕاستیەکانت بەدیکرد؟ من بڕوا ناکەم کە پیاو بەو ڕەنگە هاوکاری بکات و لەگەڵ ژندا کار بکات. بە منیشەوە شارەزترین پیاو کارێکی تر دەکات، لەبەرئەوەش لەناو ... پیاودا لە هاوکاری مەگەڕێن. لەسەر پێی خۆتان

Scanned by CamScanner

ڕاوەستن و هەوڵبدەن بە قۆڵ و مەچەکی خۆتان لە ژیان بئاڵێنن. ئەگەر ڕێزت بۆ عەشتار هەبێت و هەوڵبدەیت کە بەم ڕەنگە دەست بە ژیان بکەیت ڕەنگە بتوانیت بەرێوە بچیت.

نودەم: لەبەرئەوەی بڕوام هەیە لێرەم. حەز بەوە ناکەم هەروا بە ئاسانی بکەومە سەر ڕێ.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: تەواوی ئەمانە ئەوەن کە بڕواکانت لێیان دەگەڕێت. پێویستە بتوانیت لەسەر ڕێبازی عەشتار ڕەنگدانەوەیەکی بە کاریگەر لە گرتنەبەری ڕێگایەکی خوداییدا شەپۆل شەپۆل پیشان بدەیت. ئایا ئەوەی کە هەرە زێدە دەست دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی بخرێتە سەر ڕێگا یەکی خودایی خودی کۆمەڵگا نییە؟

نودەم: من ئەو هێزە نیم کە خەڵك دەخاتە سەر ڕێی خودایی لێرەدا هێزی کۆمەڵێك جێی باسە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئێستا PKK ئەو هێزەیە کە بە شێوەیەکی زۆر واقیعی دەکرێت بخرێتە سەر ڕێگای پێغەمبەران. ژنان گەیاندوویانە بەو ئاستەی بکەوێتە سەر ڕێی ژنە خوداوەندەکان. مادام ئاستی باوەڕیت بەرزە کەواتە پێویستە بتوانیت بە جۆش و شەوقێکی گەورەوە هەم خۆت و هەم دەروبەرت بەرێوەببەیت. بە پێچەوانەوە دەبیتە کەسێکی وەك یەهودا کە خیانەتی لە حەزرەتی عیسا کرد. تۆ هەوڵبدە گرنگی بدەیت بەوەی کەببیتە یەکێك لەوانەی لە دەوری حەزرەتی عیسا کۆبوونەوە. تۆ دەتەوێت ببیتە کەسێك لەسەر ڕێی پێغەمبەران؟

نودەم: بێگومان بە شێوەیەکی دەروێشیانە بژیم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: دەروێشانە نا ڕێگای پێغەمبەران ڕێگایەکی هەروا ڕووکەشی نییە. کەم تا زۆر ئەمە دەزانیت و دیارە ناشتەوێت سەرپێچی لێبکەیت.

نودەم: پێش هەموو شتێك پێویستە باش بۆی بکەویتە خەڵوەتەوە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: تەنها خەڵوەت نا بەڵکو ڕێ ڕۆیشتنێکی سەرکەوتووانە بکەینە جێی باس.

نودەم: گەیشتن بە سەرکەوتن بە لەبەرچاوگرتنی ئێش و ئازاری گەورە دەبێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: شتێکی زۆر ئاساییە، ئەم کارە گەر زۆری و زەحمەتی نەبێت سەرکەوتنیشی نابێت. ئێمە هیچ نیازمان نییە تۆ بچووك هەڵبسەنگێنین، بەڵام دەبێت تۆش ئێمە جددی بگریت. دەستبەردار بوون لە ئێمە دەبێتە خیانەتکردن لە تەواوی خوداو ژنە خوداوەندەکان. بەو گوێرەیەی کە کەسێکی جددی و بە بڕوایت دیارە ئەم

Scanned by CamScanner

خیانەتـەش ناکـەیت؟ دیـارە بـەرەو ئـەو ڕێگـا ئیبلیـسیە لا نادەیت کـە سـەرمایەداری پێشیخستووە؟

نودەم: نەخێر.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئەمانە بەڵێنی گرنگن. وەکوتر کەسێك هەیە پرسیاری هەبێت؟ لـەم ڕۆژانـەدا پـێ دەنێینـە بیـستەمین سـاڵی PKK ەوە تـۆ شـاهیدی ئـەو یەکـەمین کۆبوونەوەیە بووی کە بیست ساڵ لەمەوبەر بەستم وانییە؟

ساکینە[1]: بەڵێ ڕاستە سەرۆکی من، بە گروپێکی نیوەی ئـەم هەڤاڵانـەی کـە ئێستا لێرە ئامادەن دەستمان پێکرد.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: یەك لەسەر سێی ئەم هەڤاڵانەی لێرە ئامادەن وانەبوو؟

ساکینە: ئەوە کۆنگرەی دامەزراندن بوو کە بەو شێوەیە دەستی پێکرد. دوو هەڤاڵی کچ لەو کۆنگرەیەدا هەبوون. زۆر گرنگە کەوا ئێستاکە زۆر ژن ڕاکێشراوەتە نـاو شـۆڕش. ئەمە یەکێکە لە پێشکەوتنە گەورەکانی ئەم بیست ساڵە. لەهەمان کاتدا ئەو لایەنەشە کە سـەرۆکایەتیی بـەهێزتر کـردووە و ڕاسـتی ئـەوی واتـادار کـردووە. لـە تـەواوی ڕوودواوە میتۆلۆژیەکانـــدا خوداوەنـــدە پیاوەکـــان ژنـــە خوداوەنـــدەکانیان ڕەتکردۆتـــەوە. ڕەتکردنەوەیەك جێی باسە، بەڵام سەرۆکایەتی بۆخۆی ژنانی خوداوەند ئاوادەکات و بۆ خۆی ژیانیان بە بەردا دەکات. ئەمە زۆر گرنگە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئایا لە مەزن بوون تێدەگەیت، بە جۆشەوە هەستی پێدەکەیت؟

ساکینە: بە ڕاستی جۆشێکی گەورە بە مرۆڤ دەبەخشێت. دۆزینـەوەو ژیاندنـەوەی ژیـان لـە ژنـدا زۆر گرنگـە. ئەمـە هـەم ژن هـەم پیـاو و هـەم ژیـانیش واتـادار دەکـات. شیکردنەوە و تێڕوانینی سەرۆکایەتی بۆ بەرەی ژنان بە حەز و ئارەزوویەکی گەورەوەیە. هەم وەك پیاوێك هەم وەك مرۆڤێك هەم وەك شۆڕشگێڕێك ئـەم ئـارەزووە پیشان دەدات. کاتێك ژن لە بەرەی خۆیەوە ئەمە بەدی بکات پێویستە حەز و ئارەزوویەکی گەورەی لەلا دروست ببێت. من وەك خۆم هەست بـە ئارەزوویـەك دەکـەم، سـەرۆکی مـن. شـانازیەکی گەورە بە مرۆڤ دەبەخشێت. چونکە، ژن لەگەڵ بنەماکانی تری ژیاندا هـەبوون وەرگرێت، دەئافرێنرێتەوە و خۆی دەدۆزێتەوە.

---

[1] ساکینە جانسز یەکێکە لەو ئافرەتانەی لە دەستەی دامەزراندنی PKK جێی گرتووە و ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی KKK یە.

Scanned by CamScanner

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: باس لە هەستی گەورە و هێزی گەورە بکە. لایەنی ڕزگار کراوی ڕەوشەکە نا، بەڵکو لایەنە تراژیدیەکەی و سەرنج ڕاکێشەکەیان بهێنە زمان. بەرەو کوێ دەچم؟ چی بکەم؟ چی نەکەم؟

ساکینە: سەرۆکی من ئەوەی تراژیدیایە تێپەڕ دەکرێت. تراژیدیا ئەو ڕەوشە باوە یان کۆنەپارێزییە کە ژن لە کۆمەڵگادا هەیەتی. ئێستاش بۆ ڕزگاربوون لەم ڕەوشە تراژیدیەی لە هەوڵداندایە. لە جیاتی ڕەوشێکی تراژیدی ڕەوشی ژنان لایەنی دەستەبەرکردن سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. لەم ڕووەوە بەرەی سەرۆکایەتی بەهێزە و ڕزگاربوونی ئێمەی ژنانیش لەو ڕەوشە تراژیدیە گرنگە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: زۆر نیاز باش و گەشبینانە قسە دەکەی.

ساکینە: سەرۆکی من ڕاستیەك لەبەر چاوە. بێگومان لایەنی لاواز و تراژیدیشمان هەیە. خۆ ڕزگار نەکردن لە ڕەوشی باو ڕاستیەکی تراژیدیە. بەڵام سەبارەت بە ڕێگا چارەکەی هەم لە ڕووی هزری و هەم لە ڕووی پراکتیکیەوە پێشکەوتن هەیە. ئەم پێشکەوتنە ئومێد بەخشە بۆ مرۆڤ. هەروا خەیاڵیانەش لێی ناڕوانم بێگومان زەحمەتیشی زۆرە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئیدی تاڕادەیەك لێ پێچینەوە سەبارەت بە پیاو دەکەن؟

ساکینە: بێگومان پێویستە پیاوێتی باو ڕەت بکرێتەوە. ژنێك داخوازی ئازادبوونی هەبێت پێویستە پیشاندانی ڕووکەشترین کاردانەوەشی بەلاوە گرنگ بێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هەڵبەتە بە شێوازێکی تر ناکەونە سەر ڕێی ژنە خوداوەندەکان. هیچ لایەنێکی ئەفسوناویتان نامێنێت. ئەوەی من کردوومە و دەیکەم لە پێناو ئاشکراکردنی لایەنی ئەفسوناوییە لە ژندا.

ساکینە: ناکرێت لە پیاودا لە ئەفسون یان هاوکاریەکی بەهێز بگەڕێین.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لە پێناو گەیشتنتان بەهزر و سۆزێکی فراوان و قووڵ، پێویستە لایەنە ئەفسونی و سەرنج ڕاکێشەکانی خۆتان و ڕەوشی پیاویش ئاشکرا بکەن. ڕەنگە کاتێك ئەمە بکەن تووشی تەنیایی ببن، بەڵام هیچ گرنگ نییە. (زیۆس)[1] بۆئەوەی کوڕەکەی بەدەست بێنێتەوە هەوڵێکی سەرسامانە دەدات، بەڵام ژنیش بۆ ئەوەی خۆی بەدەستەوە نەدا بەرخۆدانێکی سەرسامانە دەکات. دواجار دێتە بەردەم تاقگەیەك تا ئەو

[1] یەکێک لە خوداوەندە [illegible] خودای هەموو خوداوەندەکان بووە.

Scanned by CamScanner

جێیەی ئاوی تاڤگەکە بە گوڕ دەڕژێتە خوارەوەو کەفێکی زۆری لێ بەرز دەبێتەوە، تەواو لەو کەنارەدا زیۆس دەیەوێت بەدەست بیگرێت بەڵام ئەم خۆی دەخاتە خوارەوە و گوڕی ئاوەکە لەگەڵ خۆی دەیبات و دەڕوا. هەڵبەتە ئەمە بۆیە دەکات کە نەبێتە ژنێکی کۆیلەی بەردەستی پیاوێك. زۆر کاری تێکردم.

خوداوەندی ژن بریتییە لەمە. خوداوەندی ژن بە واتای ئەو ژنە دێت کە خۆی نادات بەدەست خوداوەندی پیاوەوە. پیاوی باڵادەست بەم ڕەنگە سەردەستی خۆی بەسەر ژنە خوداوەند (ئەفرۆدێت)[1]ەوە بەدەست دێنێت. پیاوێکی زەبەلاح دەیەوێت دەستگیری بکات و بیبەستێتەوە. ئەویش لەو هەڵدێرە سامناکەوە خۆی فڕێدەداتە ناو تاڤگەکە.

تەماشای ئێوە دەکەم ژنێتی کردنتان بۆ ئەم پیاوە سەردەستانە بابەتێکە شایستە بە نەفرەت لێکردنە. لە کاتێکدا پیاوانێکی وەك زیۆس و هرقلیش[2] لە بەرامبەرتاندا نییە. پیاوی کورد زۆر لەڕ و لاواز و بێ هەبوونە. پیاوی کورد لە ژن زیاتر بووە بە ژن. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ڕێی ژن و پیاوە خوداوەندەکان بگرینە بەر. پێویستە ئێوە وەك پێداویستیەك بۆ ئەو ئازارانەی کە تووشی هاتوون لەمە بڕوانن. خوداوەندی ئازادی چ ژن بێت چ پیاو بەهادارن. هەڵبەتە خۆم ناخەمە جێی ئەم خوداوەندە قراڵ یاخود خوداوەندەکانی پیاوان. ڕەوشی من زۆر جیاوازترە. ڕەنگە ببمە شێوە خوداوەندێکی نوێ. یەکێك لە خوداوەندەکانی ئازادی یان درێژەپێدەرێکی ڕێی ئەوان، من هیچ لەو خوداوەندە قراڵانە ناچم وانییە؟

ساکینە: نەخێر سەرۆکی من.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: سەیری فیلمێکم کرد بە ناونیشانی "یەکەمین ئیمپراتۆر" لە فلیمەکەدا پیاوێکی ترسناکی ئیمپراتۆر دەخەنە جێی خودا. سیستمی سزادانیان بە جۆرێکە بۆئەوەی مرۆڤەکان زۆر ئازار بدەن دوولەتیان دەکەن. لە ڕێگای ئەشکەنجەدانێکی زۆر سەیرەوە بووە بە کابرایەکی سامناك. ئێمە هەرگیز بەو شێوەیە دەبین؟ تەنانەت فیرعەون و نەمرودەکانیشمان لەگەڵ ئەوەی خوداوەندێکی مەترسیدارن پرشنگدارن. هەرگیز وەك ئەوانە نابین. بڵێی خوداوەندی ئازادی و یەکسانی هەبێت؟ ئەگەر نییە ئەوا من خۆبەخشێکم بۆ ئەمە. دواجار قوڵفێکی وەهاشم پێوە نەنێن و بڵێن کە خۆی دەخاتە جێی خودا.

---

1. یەکێکە خوداوەندە ژنەکانی میتۆلۆژیای یۆنان و خوداوەندی خۆشەویستی و جوانی بووە.
2. ئیمپراتۆرێکی [illegible] کردووە.

Scanned by CamScanner

من دەزانم کە خوداوەندەکان چین.

باسم لە گەردوون کرد. خودا و خوداوەندەکان لەو خاڵەدا دەرکەوتوون کە یادگای مرۆڤ تێیدا کەمی هێناوە. خوداوەندی ئازادی و یەکسانیش کەسایەتیەکە و لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە هێز و سۆزی کەسانی بە داخواز بۆ ئازادی و یەکسانی کەم دەهێنێت. من هەندێك ڕووەو ئەمە هەڵدەکشێم، هێشتا بە تەواوی پێی نەگەیشتووم بەڵام لە هەڵکشاندام. ڕۆیشتن بەرەو ڕووی ئەوە جۆشێکم دەداتێ. هەر کەسە و لە پێناو شتێکدا بازدەدات منیش لەم پێناوەدایە. زەوق لەمە دەبینم و پێشیدەگەم. دەچم سەیر دەکەم ئەگەر کەس تا ئێستا لەوجێگایە دانەنیشتبێت لێی دادەنیشم.

لەوە دەچێت کچانی ئەڵمان هیچ لێمان تێنەگەن؟

شەرڤین[1]: لە دیالۆگەکاندا هەندێك تێگەیشتم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هەندێك لە قسەکانی ئەمڕۆش تێگەیشتی؟

شەرڤین: لە هەموو قسەکان تێنەگەیشتم، بەڵام چوارچێوە گشتیەکەم وەرگرت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: تۆ کلتووری ئەڵمانیەکان و کەسایەتیان دەناسیت؟

شەرڤین: من لێرە باشتر توانیم کلتوور و کەسایەتی ئەڵمانیەکان بناسم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: یان خۆت یەکێکیت لە ئەڵمانیە داماوەکان؟

شەرڤین: داماو یانی چی تێنەگەیشتم؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: واتا لە ئەڵمانیە هەرە لاواز و مردووەکانیت؟ تۆ لە کام جۆرەی ئەڵمانیت؟

شەرڤین: ئەڵمانیەکی چەپ گرم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: واتا ئەڵمانییەکی لاواز و بێ چارەیت؟

شەرڤین: من لە چارەیەك دەگەڕێم. بۆ ئەمەش دەمەوێت شەڕ بکەم، چونکە ئەو چارەیەی من لێی دەگەڕێم لەناو ئەڵمانەکاندا دەست ناکەوێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئایا لەو بڕوایەدایت کە بتوانیت لەناو ئێمەدا بژیت؟

---

[1] کچێکی بە ڕەگەز ئەڵمانی [illegible] PK[illegible]ی کردووە و ئێستاش هەر کادیرە.

Scanned by CamScanner

شەرڤین: بەڵێ بڕوا دەکەم، چونکە چارەیەکی جیاوازتر بۆ ئاوابوونی سۆسیالیزمێکی ڕاستەقینە و جیهانێکی نوێ نابینمەوە. لە ئەوروپادا بزاڤێکی وەك PKK بوونی نییە... من ئەمە تەنها لە PKK دا بەدیدەکەم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: دەتوانیت بڵێیت کە منیش هەم بۆئەوەی لەناو ئەم سەرچڵانەی PKK دا بم؟ مانەوەت لەناو ئێمەدا پێ خۆشە؟

شەرڤین: لێرە ژیانێك هەیەو منیش هەوڵمداوە لە هەلومەرجەکانی ئەم ژیانە تێبگەم. کاتێك لە ئەوروپا بووم تەنها ئەوەم بینی کە ئەوروپا هەیە، بەڵام ئێستا لەوە تێگەیشتووم کە جیهان تەنها بریتی نییە لە ئەوروپا.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هەڵبەتە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانم ئەوەیە پیشانی بدەم کە جیهان تەنها بریتی نییە لە ئەوروپا. ئەوروپاییەکان دەڵێن "جیهان هەمووی بە تەنها بۆ ئەوروپایە" نکوڵی لە تەواوی پیاوە پیرۆزە ئایینی و ژنە خوداوەند و پیاوەکانی ئێمە دەکەن. سێ هەزار ساڵ لەمەوبەرو لە کاتێکدا شتێك بە ناوی ئەوروپا لە گۆڕێ نەبوو ئێمە جیهانێکی گەورە بووین. ئەو جیهانەی لە میزۆپۆتامیا خوڵقێنراوە یەکەمین و گەورەترین جیهانە. ئەوروپا ئەمە بە نەبوو دەژمێرێت.

شەرڤین: لەوکاتانەدا لە ئەوروپا تەنها سەهۆڵبەندان هەبووە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئێمە ببووین بە مرۆڤێکی هەرە مەزن. ئەوەش پیشان دەدەین کە مرۆڤێکی جیاوازیش دەخوڵقێنین.

شەرڤین: ژیانی ئەوروپا بە شێوازێکی زۆر زراڤ دڵ و مێشکی مرۆڤەکان ژەهراوی دەکات. مرۆڤەکان لە پێشبڕکێیەکدان. لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ ناکەن و ژیانێکی ڕاستەقینە بوونی نییە. هەرە باشەکەیان تەنها بۆئەوە کاردەکات کە ببێتە خاوەنی شتی زۆر تازە و منیش لەو ژیانە یاخود بەناو ژیانە نەفرەتم کرد.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: من لە هزر و سۆزەکانت تێدەگەم. مانەوەت لەناو ئێمەدا هەرە ڕاستەکەیەتی. ناتەوێت لە ئەوروپا بیت وانییە؟

شەرڤین: نەخێر نامەوێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هەم لە ئێستاو هەم لە داهاتووشدا ناتەوێت وانییە؟

شەرڤین: شتێکی ڕەها نالێم بەڵام هەموو ئەوروپیەکان کەسانی خراپ نین.

Scanned by CamScanner

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: نەخێر من ناڵێم کە هەموو ئەوروپاییەکان کەسانی خراپن. من مەبەستم لەو ئەوروپیانەیە کە خۆت باست لێکرد و چیدی ناتەوێت لەناویاندا بژیت وانییە؟

شەرڤین: بەڵێ وایە. ژیانی ئێرە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئەوروپا دەژین ئەڵتەرناتیڤێکی نوێیە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لە پێناو ئەوروپایەکی ئەڵتەرناتیڤدا پێویستە کەمێك لەم شوێنانە بژیت. ئیبلیسەکانی سەرمایەداری خراپن. بە ئەڵمانی بە ئیبلیس یاخود شەیتان دەڵێن چی؟

شەرڤین: تەوفێل (Teufel)

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: تۆ مەبە بە تەوفیلێکی سەرمایەداریی. ئەی باشە بە فریشتە دەڵێن چی؟

شەرڤین: پێی دەڵێن ئەنگێل (Engel)

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: دەتوانیت ببیت بە "ئەنگێل"ێك. ئەوان هەر خۆیان بە مەسیحی دەزانن لە کاتێکدا من نزیکترین هاوڕێی حەزرەتی عیسام. ئەوروپیەکان مەسیحیەکی خوسارگرتوون.

شەرڤین: بەناو هەمووشیان هیومانیستن. لە ژێر ئەمەدا دووڕوویی هەیە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: من ئەو ئەوروپیانە زۆر سامناك دەبینم. دەترسم؛ تەنانەت لە تۆش! واتا لە لاوازیەکانت دەترسم. ئەگەر لەبەر کێشەیەکی ویژدانی نەبوایە تۆمان لەناو خۆماندا وەرنەدەگرت. هەرگیز ناڵێم وەرە بۆ ئێمە شەڕ بکە و خزمەت بە ئێمە بکە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە پێویستیت هەیە و تا هەندێك لەنێو ئەو جیهانە بەستەڵەکانە بێیتە دەرێ و گەرمت بکەینەوە وەرت دەگرین، بەڵام ڕەنگە یەکێك بیت لە مناڵە تایبەتەکانی سەرمایەداری و بەرگە نەگریت.

شەرڤین: بڕوا دەکەم کە بڕیارێکی ڕاستم داوە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەڵێ ڕەنگە بەپێی سەرمایەداری کۆمەڵێك لێکدانەوەی زۆرت کردبێت، بەڵام ئێمەومانان کابرایەکی زۆر لێکدەرەوە نین. جیهانێکی سادەمان هەیە. کێ چی دەڵێت بابیڵێت من نامەوێت لەم جیهانە دابڕێم. تۆ هاتوویتە ئێرە ئێمەش میوان پەروەرین و تا دوارادە ئاگادارت دەبین، بەڵام بێ ئەوەی لە ئێمە تێبگەیت ناتوانێت بڵێم بڕۆ. بەڵێ کێی دیکە لە کچەکانی خۆمان

Scanned by CamScanner

هەیە کە لە ئەورووپا گەورە بوون؟ نولیفەر کچە ئاقڵەکە خۆت بۆ دەگیرێت یان پەشیمان نیت؟

نولیفەر: سەرۆکی من پەشیمانی جێی باس نییە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: سۆزەکانت چۆنن؟

نولیفەر: سەرۆکی من لە ئەورووپا تا ڕادەیەک دەرفەتی ناسینی پارتم کەوتە دەست و دەزانم کە شۆڕش چ فیداکاریەکی دەوێت. ئاشکرایە کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە لە گۆڕێ نەما بوو. لەم ڕووەوە خاوەن بانگەشەم. لە ئەنجامی پەلەقاژێیەک لە نێوان کلتووری فیودالی و کلتووری سەرمایەداریدا بۆم دەرکەوت کە چارەسەری تەنها گەڕانەوەیە بەرەو گەوهەر.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئەو هێزە لە خۆتدا دەبینیت؟

نولیفەر: هاوشانی تێگەیشتن هەوڵی بەهێزبوون دەدەم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: چونکە بەم شێوەیە هۆشیار بوویتەوە، کاتێک لەگەڵ ژیانی ئێمەدا ڕووبەڕوو دەبیتەوە ڕەنگە زەحمەتی بکێشیت، بەڵام هەروەک خۆشت گووتت ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە. ئەگەر هەندێک ئارەزووی ئازادی و ئەڵتەرناتیڤێکی جیاوازت هەبێت، ئەوا تەنها ئەمە چارەیە.

نولیفەر: واتای ڕاستەقینەی ئازادی لێرە دێتە کایەوە. ئازادیش بە تێپەڕکردنی زەحمەتیەکان مەیسەر دەبێت. ئەو چەمکەی ئازادی کە لە ئەورووپا وەرمان گرتووە و ئەمەیان کە لێرە هەیە یەک ناگرنەوە. لە پراکتیکی ئەم سێ ساڵەی دوایمدا ئەوەم بەدی کرد کە ئازادی هەرگیز بێ زەحمەتی نابێت، بەڵام بانگەشەی ئەوەم هەیە کە زەحمەتیەکان ببەزێنم و بگەم بە ئازادی.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لێرە هیچ شتێک بەپێی پێوانە موڵکداریەکانی سەرمایەداری دەست ناکەوێت. هەرچی ئەورووپایە زۆر سامناکانە فێری ئەوەتان دەکات و لە ناختاندا جێگیری دەکات. شەرڤین کە کچێکی ئەڵمانیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە خۆیان زیاتر نایانەوێت جیهانێکی دیکە بناسن.

بانگەشەی منیش ئەوەیە کە بوونی جیهانێکی دیکە بسەلمێنم. لە جیهانێکدا کە هەموو شتێک بە شێوەیەکی زۆر سامناک مۆرکی موڵکداری پێوە دیارە من هەندێک شتی جیاواز دێنمە کایەوە. ڕەنگە زەحمەتی بکێشن بەڵام ئەمە بانگەشە و ئەڵتەرناتیڤێکە. کاروانێکە کە بەگوێرەی خۆی جیاوازی و تایبەتێتی و تەنانەت

Scanned by CamScanner

شەڕیشی هەیە. ئەم کارە دانبەخۆداگرتنێکی گەورەی دەوێت. خۆسەریی، چەمکو جیهانبینییەکی جیاوازی دەوێت. من سەرمایەداری جددی ناگرم و ملیشی بۆ کەچ ناکەم. ڕەنگە لە دەرەوە شتێکم تێدا نەبینن کە بەرجەستە بێ و بەدەست بگیرێت، بەلام لە ناخدا لەناو شەڕێکدام.

هەوڵدەدەم نوێنەرایەتی ئەو مرۆڤە بکەم کە سەری هەڵبڕیوە و سوورم لەسەر ئەمە. ئەمە لەهەمان کاتدا پێداویستی ڕێز گرتنمە لە هەموو بەها ڕەسەنەکانی مێژوو. ئەوروپا ئەم شارستانێتیە و ئێمە بە بەربەری دەزانێت. پەنا دەباتە بەر تەکنیك و پشت بەو سیستەمە دەبەستێت کە پێکیهێناوە. لەهەمان کاتدا نکوڵی لە زۆر شت دەکات و بە شێوەیەکی نا ڕەوا تایبەتمەندی زۆر گرنگی مرۆڤایەتی دەچەپێنێت. تایبەتمەندی سروشتیانەی مرۆڤەکان ناهێڵێت، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت لەناودەبات، جیهانی ناخی مرۆڤ دەفەوتێنێت و ڕووەو بەکاربردنێکی سامناك پاڵی پێوە دەنێت و هەموو ئارەزوویەکی دەکوژێت. ئەمە لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە تاوانێکی گەورەیە. ڕاستە کە چەکی کۆمەڵکوژی هەیە، بەلام بەرامبەر بەمەش خۆبەدەستەوە نەدان بەهایەکی هەیە. لە جیهانی ئەمڕۆماندا یەکێکم لەوانەی لە ڕیزی پێشەوەدام و خۆم بەدەستەوەنەداوە. هێزی خۆڕاگری پیشان دەدەم و هیچ پێویست ناکات دڵتان پێم بسووتێت.

من کابرایەکم لەسەر تەنیایی و خەڵوەتگەری ڕاهاتووم.

من نامەوێت بتانکەم بە کەسێکی پەنهان. بە پێچەوانەوە زۆر ساکارم. هێندە هەیە کە لەناو سەرقاڵیەکی گرنگدام. ئەگەر بەهایەك بەمانە دەدەن ئێوەش وەك بەڕێوەبەر و فەرماندارە ساختەکانمان مەکەن. بۆ ئەوە بانگ هێشتتان دەکەم کە زۆر وریا و تەنانەت لە منیش جددی تر بن. ئەو جیهانە وارنیش کراو و بێ وێنە حیساب کارەی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ خۆم بە گۆڕێکی گونجاویش دانانێم. بەلام بڕوام بە خۆم هەیە کە لەناو وێرانەکانی خۆماندا ژیان بدۆزمەوە. ڕەنگە ئەمە بۆ ئێوە زۆر سەیرو نەشیاو بێت، بەلام بژارێکە.

گەر بێتو لەم شوێنانە ڕابکەن کە بۆ یەکەمجار مرۆڤی لێ لەدایك بووە، بە واتای ئەوە دێت کە لە خودی مرۆڤ خۆی ڕادەکەن. من ڕێگای پێغەمبەران دەپارێزم

Scanned by CamScanner

و بانگەشەی ئەوە دەکەم کە دوا نوێنەرایەتی ئەوان بکەم. بۆ ئەم مەبەستە شەڕ دەکەم.

من ڕێبوارێکی سەیری ڕێی ئومێدم.

سۆزی کچان وەك هی پیاوان وشکی نەکردووە. ئەگەر زیاتر بەهێز ببن ڕەنگە نیگای دڵیشتان واقیعیانەتر بێت. هەوڵبدەن کە لەم کاروانی ئومێدە تێبگەن. لەناو ئەمەدا تەواوی شەهیدانی ئەم کاروانە و بەرخۆدانڤانان و هەموو ئەوانە جێدەگرن کە لە مێژووی گەلدا کوژراون. هەروەها ئازادییەك هەیە کە دڵی مرۆڤەکان شاد بکات، بەڵام ژیانێکی زۆر جیاواز و بەدەر لە یاسا باوەکانیشە. هەوڵبدەن لەمە تێبگەن.

بەڵێ زۆر بە تەنها بەڕێوەی دەبەم. گلەییش ناکەم، بەڵام دڵم لە نێوە دادەمێنێت. هەر لەبەرئەوەشە کە دەڵێم ئەمە بابەتی "چەمکێکی قووڵ، ئیرادەیەکی پتەو و هەنگاوێکی بەهێز" ە. بە هیچ جۆرێك مەهێڵن گەرد لە کەسایەتی ئازادی بنیشێت. هەرچەندە کەسانێك نکۆڵی لەم جیهانە دەکەن بابیکەن، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەم جیهانەی خۆمان.

ببنە نوێنەری گەورەی بە پیتی نیگای دڵ و مێشك. ئەو بەرهەمە گڵاوە ڕاوەستێنن کە بە سەرتاندا دەسەپێنن. گەر دەتانەوێت باس لە ژنە خوداوەند، حیکمەتی گەورە و ئاستی بەرز بکەن لەو بڕوایەدام گەر بەرهەمهێنەریەکی بەم ڕەنگە بگرنەبەر ئەوا سەرەتایەکی پرشنگدار و پڕ بانگەشەتان دەبێت. لەمەدا عەشق و جۆشێکی گەورە هەیە. کردنی عەشق بەجێی باس شتێکی زۆر جیاوازە. بە لای منەوە تەنها سۆزەکەی زۆر بەهادارترە لە هەموو جۆرە ژیانێکی خۆشگوزەران و پڕ خەرجی کە پیاوێك پێشکەشتانی بکات. ئەو ژنە فەرمیەی کە بەگوێرەی سیستم و دەستووری باوی کۆمەڵگا خۆی پێشکەش دەکات و خۆی بە کەس ناگۆڕێتەوە بە لای منەوە تەنها بریتییە لە بابەتێکی قێزەون، بەڵام کاتێك لەسەر ڕێی ئازادی دەبێتە ڕێبوارێکی عەشق ئەوا هێزێکی بزوێنەر و هاندەرێکی گەورە و بەهادارە.

هەرکێیەك بن لە هەر شوێن و کاتێکدان، بانگتان لێدەکەم کە بۆ بەجێگەیاندنی پێداویستیەکانی ئەمە، بێ پەروا بەرامبەر بە دوژمن شەڕ بکەن هەڤاڵی خۆشتان بەرەو سەرکەوتن کەمەندکێش بکەن. با ڕێزمان بۆ ژیان هەبێت، دۆزینەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە مسۆگەر بکەین، بیسەلمێنین کە خۆشەویستی سەرکەوتنە، هەوڵبدەین

Scanned by CamScanner

هەموو یاسا و ڕێگاو شێوازەکانی خۆشەویستی بدۆزینەوە، هەرگیز لەمە نەیەینە خوارەوە و ئاستەنگ نەناسین. چونکە زیلانیش هەروای گووتبوو.

١٩٩٧/١١/٢٥

Scanned by CamScanner

فاتیحایەك ..

بۆ ساتی مردنمان...

یەك پارچە هەرەس دێنێت جیهانی نێو خوێنم

کاتێ من ئەمە دەڵێم.

ژانی

گلگامێشە

لە گەڕانەوەی وڵاتی بێ شەوەزەنگی:

ژانی من.

لە جیهانی بە تارمایی بووماندا هەر کابرایە و ئادەمێکە:

جیهان بە "ئەو"ەکانی ئەو دەست پێدەکات و

بەویش کۆتایی دێت.

نێوان دواتر و پێشتر

-- کەوانەی بەردین --

یەکەمین و دواهەمین مرۆڤی

ساتێکی نەگەڕاوە دەبم.

-- بێ جەستە و بێ قورسایی --

دەکرێتەوە لە ژێر پێمدا و

دادەخرێت بە سەرمدا

زەمەن

خۆی تەنها کە بە پووختی دەمێنێتەوە.

ئۆکتاڤیۆ پاز

Scanned by CamScanner

## پێهەڵگرتن بە شوێن یەکەمین جەنگاوەردا

شەڕی پیرۆزمان لە پێناو بەرخۆدانی و ژیانەوەدا بە هێزێکی گەورەوە پێشوازی لە ٢٥ هەمین نەورۆزی خۆی کردووە. دوای ٢٥٠٠ ساڵ لە ڕووخانی مادەکان کە شارستانیەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بوو، ئێمە ٢٥ ساڵ بەرامبەر بە ٢٥٠٠ ساڵ پڕدەکەینەوە. واتا هەر ساڵێکمان بەرامبەر بە گەوهەری سەد ساڵێک بووە و لە هەر ساڵێکدا بە ئەندازەی سەدساڵێک ژیانەوەمان بەدیهێناوە. بە ڕاستیش ئەمە تا دوایادە ژیانەوەیە و نزیکبوونەوەیە لە ڕزگاری.

کاتێک بێینە سەر ئەوەی کە لە کوێوە هاتین و لە چ ڕەوشێکەوە گلێنرابووین، دەکرێت بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن بین و بۆگەیشتن بە بڕیار دەتوانین چی بکەین، لێرەشەوە زۆر باشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی پێی دەگووترا ژیان لە مردن خراپترە. ئەگەر ئەمە دەمانگەیەنێتە شوناس و ئەو ناسنامە ئازادییەی کە ئاوێتە بە خاک بووە، ئەوا بێ دوودڵی پێویستە کە نرخی گەورەی هەر هەناسەدانێکی ئەمە زۆر بە باشی بزانین. لەمەش زیاتر کاتێک هەموو ئەو کەسانەی لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا بەرخۆدانێکی مەزنیان کرد و لە سەرووی هەمووشیانەوە شەهیدانمان؛ هەر لە شەهیدانی مەزنی نەورۆزمان هەڤاڵ "مەزلوم، زەکیە ئالکان، ڕەهشان، ڕۆناهی و بێریڤان"ەکانەوە بگرە تا

دەگاتە شەهیدانی سەرهەڵدانەکانی ساڵانی ٩٠ لە "نوسەیبین، جیزرە، شرناخ، لیجە، وان و تەواوی کوردستان"دا بەڕێز و نەوازشەوە بخەینە سەر گەوهەری ئەم نەورۆزە، باشتر ئەوە دەبینین کە پێویستە بە شێوەیەکی تر لە ژیان تێبگەین و شەڕ بکەین.

پێویستە بەردەوام ئەم ٢٥ ساڵە تاوتوێبکەین و وانەی لێوەربگیرێت. ئەگەر بانگەشەی مرۆییانەو توانایەکی ژیانکردنمان لە خاکی دایکدا هەبێت، پێویستە ئەم ساڵانە بە ساڵانێکی بەدیهێنان و سەرلەنوێ خولقاندنەوەی خۆمان هەڵبسەنگێنین. هەروەها ئەم ساڵانە هەر لە هزرێکی گەوهەریەوە بگرە تا دەچێتە هەناسەدانێکی ئازاد، ساڵانی بەدەستهێنانەوەی هەموو ئەوانەیە کە بزر بوون و لەدەستدراون. پێویستە لەوەش زۆر باش تێبگەن کە شەڕیش دوا هەوڵێکە کە لەم پێناوەدا دەدرێت.

PKK ڕووداوی ژیانەوەیەك، ڕۆژێکی نوێ و نەورۆزێکە.

ئێمە هەروا لەخۆڕا بە PKK دەستمان بەم ڕۆژە نەکرد. لەهەمان کاتدا PKK بۆ ئەو مرۆڤە لاوازەمان کە لەناو تاریکی و کۆتایی پێهاتنێکی تۆقێنەردایە دوایین ناونووسکردنی ڕاست و دروستە.

بەڵێنی: "من دەبم بە کەسێکی ڕاست و دروست" ە.

هەرچەندە هیچ بڕوا پێکراوی و دەرفەتێکیشی نەبووبێت، بەڵام لە ڕۆژانێکدا کە هیچ تروسکەیەکی هیوا بەدینەدەکرا توانای هێنانە زمانی دەستەواژایەکی وەك: "من بەم ناسنامەیەوە بۆ ئەم بەڵێنە دەژیم و پێویست بکات شەڕیش دەکەم" ە.

ئەو ڕۆژەم وەك ئێستا لەبەرچاوە: لە پایتەختی دوژمندا و لە تاق لاوێتییدا بێ بانگەشە و بێ دەسەڵات و نزیك لە مەترسی قووتدرانەوە، لە کاتێکدا داگیرکاری بە هەموو چەشنە تواناکاریەکی سەرنج ڕاکێش کەمەندکێشی دەکردین و ئێمەش بە ئەندازەی ئەوەی لە جێی هیچ دابنرێین لە ئاستێکی دواکەوتوو و لەناوچووندا بووین، بڕاردەی خۆم یەکلایی کردەوە. گووتم نا بۆ ژیانێکی قرکەری داگیرکەریانە. هەر ئەو کاتە گووتم چی دەبێت ئەگەر بۆ ئەم هیوای ئازادییە هەرچەندە دەرفەت و هەلومەرج و ئەگەری مەیسەر بوونیشی نەبێت، ئێمە بکەوینە گەڕ. هەنگاوێکی وێنا نەکراو و باوەڕپێنەکراو بوو لەلایەن هەموو چین و توێژەکانەوە. واتایان بە هەموو شتێکیش بدایە نەیاندەتوانی لەمە تێبگەن. ڕەنگە ئەم هەنگاوە لە جیهان و لە مێژوودا هاوتایەکی دیکەی نەبێت. ئەوەی ئەم بڕیارەی دا ئێمە بووین. گووتم ئەگەر بەپێی دەستەواژەی "بەدیهاتنی ژیانێکی بەناسنامە

Scanned by CamScanner

لەسەر خاکی دایك" بێت ئەوا پێویستە بە ئازادی بێت. ئیدی دەستماندایە شەڕێکی گەورە لە پێناو هیوادا.

بێگومان ناکرێت تەنها بە گووتارێکی مێژوویی باس لەمە بکرێت. پێویستە ئەم ٢٥ ساڵە بەگوێرەی دەرفەت بەردەوام لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت. بە ئەندازەی ئاشکراکردنی قووڵ بوونەوەی بەردەوامی تیۆرەکەی، لە هەموو ڕوویەکەوە بە ئیرادە، گوزارشتی سیاسی، بەو ژیانەوە کە بۆ خۆی کردۆتە ئامانج، بە چۆنێتی سەربازیانەی و ئەوەی دەیەوێت لەم ڕێیەوە بەدیبێنێت، دەکرێت بە هەزاران ئەڵقەی دیکەی لەسەر زیاد بکرێت و وەك ساڵانێکی بەرزبوونەوە و قووڵبوونەوە لێیبڕوانرێت و لەگەڵیاندا گەورە ببین و خۆمان بئافرێنینەوە.

ئینجا بڵێی چی لەخۆوە نەگرتبێت!؟ لە کەسایەتی هەرە بە تارمایی بووەوە تا هەرە خیانەتکار، لە کەسایەتی هەرە تێکشکاوەوە تا شکۆدارترین قارەمان، لە هەرە درۆزنەوە تا هەرە قەشەنگ، لە هەرە ترسنۆکەوە تا هەرە بە جەرگ، لە هەرە مردووەوە تا هەرە بەرخۆدانڤان هەموو چەشنێکی تێدایە. لەم ساڵانەدا لەلایەکەوە لە دەرەوەی PKK هەموو شتێك کۆتایی پێهاتووە و تەنانەت ناویشی سڕدراوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە وەك ساڵانێکی هەرە هاوچەرخی کوردستان بزاڤێکە بۆ بانگی: "وەرن وەك دوا چارەسەر گفتوگۆ لەسەر ئەوەبکەین کە ئەگەر بکرێت مرۆڤانە بژین و خاوەن ناسنامە بین و ڕزگار ببین" هەروەها بە دوای ئەمەدا بزاڤێکە بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت بگەینە بڕیار و ئیرادە و بەرپاکردنی شەڕێك.

ئەمڕۆ کەمێکیش بێت ڕق و کینی خۆمان هێور کردۆتەوە، بەڵام ئەوەش باش دەزانین کە لە بنەڕەتدا ئەم ڕۆژانەمان لە پێناو گەورەکردنی شەڕ و سەرەکیترین ئامانجدا کە ڕزگار بوونە، ئاواکردووە و ئەمانە وەك سەرەتایەکن.

ئەم ٢٥ ساڵە بۆ ئەندامە هاوچەرخەکانی پارت ساڵانی سەرکەوتنە. زۆربەی زۆری ئەو پارتانەی لە سەدەی بیستەمدا شۆڕشیان کرد، لە ماوەی ١٥ — ٢٠ ساڵدا توانیان بیگەیەننە سەرکەوتن. هەندێکیشیان شکستیان خوارد. ئێمە نە توانیمان دەوڵەت دابمەزرێنین و نەشکستیشمان خوارد.

لە نێوان هەردووکیاندا ین. ئەمە زۆر گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە گفتوگۆ، ڕۆشنگەری، بوون بە ئیرادەیەکی گەورە و واقیعبینی بەدەستبخەین. ئەمەیان زیاتر ئێمە پەیوەندیدار دەکات. لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لەو شەڕەی لە دژی هێزی گەندەڵ و قۆرغکار و قرکەری

Scanned by CamScanner

کوردستان بەڕێوەمان بردووە. یەکێك لەو کارانەی کە بە مەبەستی لێپرسینەوەی ڕەوشی کەسایەتی کورد زۆر بە شەوقەوە پێوەی خەریکین، لەسەر بنەمای لێپرسینەوەو ڕوویەڕووبوونەوە، ڕاکێشانی ئەو کوردەیە بۆ ناو ڕیزەکانی پارتمان کە خاوەنی واقیعێکی دزێو، بێ ئامانج، دوور لە هەبوونی کۆمەڵایەتی و لەناوچوونە و هێندەی جەردەیەکیش شەرزانی تێدا نەماوە.

ڕێگای هەموو شەڕێکی بێ واتامان گرت.

ئەگەر شەڕ بکرێت پێویستە لەسەر بنەمای ڕێبازێك بێت واتایەکی هەبێت و لایەنەکانی ئاشکرا بن. ئەنجامدانی ئەمە کارێك بوو مایەی خێر.

ئەو واقیع و ناسنامەیەی کە هێندە خیانەتی لە خۆی کردووە و لەناو مرۆڤایەتی هاوچەرخدا لە خاڵی سفردایە چەند جێی شوورەییە. بۆ لێپرسینەوی ئەم واقیعە پێویستمان بەم پارتە هەبوو. ئەم ٢٥ ساڵە سنووری بۆ داناو ئابلۆقەی دا. هەرچەندە کەسایەتی بروایەکی بەهێزی نەبووبێت، بێ بانگەشە و تەنانەت خۆی پەردە پۆش کردبێت، بەڵام لێرە ڕاستینەی هەموو شتێکی سەرلەنوێ گفتوگۆ کرا.

تاکە کوردێك یان کوردستانیەك نەما کە نەکەوتبێتە ناو ئەم ٢٥ ساڵەوە. هەروەها تەنها داگیرکەرێکیش لە دەرەوەی ئەم کێشەیە نەماوەتەوە. تەنانەت ئیمپریالیزمیش ڕاکێشرایە ناوی. تەواوی گێتی ڕاکێشرا و پێی گووترا: "وەرن بە ئاشکرا شەڕ لەسەر کوردستان بکەن" هەمووتانمان ڕاکێشا و پێمان گووتن: "وەرن خۆتان هەڵسەنگێنن" من سەرکەوتنمان لەمەدا دەبینمەوە.

با ئاشکرا ببێت کە کێ چییە. پێویستە لە پێش شەڕەوە ئەمە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە وڵاتێك کە یەکلایی بوونەوە و ئاستی یەکلایی کردنەوەی تێدا نییە، هەر کەس لە داخوازی دوژمن زیاتر سیخوڕی دەکات، خیانەت لە ژیان دەکات، گوزارشت لە ڕاستیەکی نەفرەت لێکراوی پڕ شوورەیی دەکات. کەواتە پێش هەموو شتێك پێویستە ئەمانە ئاشکرا بکرێن. ئەمەش لە ڕێگای ئەم پارتەوە مەیسەر دەکرێت.

چ لەناویدا بن یان لە دەرەوەی هەمووتان پەیوەندیدار دەکات. ئەمەش پێشکەوتن و قازانجێکی گرنگە. بە بێ ئەمە بەرخۆدانی ناکرێت. ئەگەر پێویستیەکی بە پەلەشمان بە ڕزگاربوون هەبێت ئەمەیان لە پێشترە بۆمان. دەستنیشان کردنێکی قەشەنگ و هەنگاوێکە لەجێی خۆیدا.

Scanned by CamScanner

بۆ ئێمە ساڵانێکی پڕ لە هەناسەبڕکێ و ناکۆکی و هەڵپە و ڕقی شەڕە، بەڵام بە هەمان ئەندازە پابەندی ئیرادیانەمان بەم ساڵانەوە زۆرە...

هاوکات بۆ هەندێك کەسانی تر ساڵانێکی هێندە نادیارە کە چوونەکەشیان وەك هاتنەکەیان بێ واتایە. تەواوی ئەمانە ڕق و کینێکی زۆر کۆدەکەنەوە، بەڵام کێشە نییە، یاخود بابڵێین ئەگەر ڕق و کین هەڵنەگەڕێتەوە بۆ هەڵەکردن، ئەوا دەبێتە هاندەرێك بۆ دەستپێکردنی شەڕ. ئەمە تەنها بۆ ئەندامانی پارتمان بەم ڕەنگە نییە، بەڵکو بۆ دژبەرەکانیشمان بەم ڕەنگەیە.

خۆی لە خۆیدا بەدەستهێنانی ئاستێکی واتادار لە شەڕدا پێشکەوتنێکە.

ئێوە بەم کۆیلایەتیەتانەوە ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنن بە لای منەوە هیچ گرنگیەکی نییە. لەبەرئەوەی بە هەموو جۆرێك دوژمن لە سایەی خۆتاندا گەورە دەکەن و خۆتان وەك PKK ییەك بەرجەستە ناکەن، من بە هیچتان نازانم. ڕەنگە بڵێن بەڵام فیشەکیان تەقاندووە و یاخی بوون، ئەمانەش بە لای منەوە گوزارشت لە هیچ شتێك ناکات و تەنانەت هەندێك سەرکەوتنتان هەیە ئەوانیش بێ نرخن، چونکە لەمە گرنگتر ئەوەیە کە پەیوەستە بە چ ژیانێکەوە، بەرەو چ ئامانجێکی سەرەکیت دەبات، کەسێتی خۆی چۆن بونیاد دەنێت و چۆن دەژی.

زۆر گرنگە ئەوە ئاشکرابکەن کە کەسایەتی کێن و بۆ چین؟ کەوتوونەتە دوای چی و چۆن ژیانێك؟ ئاشکراکردنی ئەمان لە ڕزگاری بەنرخترە، بە واتایەکی تر مەرجی یەکەمی ڕزگاربوونە. ژیانەوە بە ژان و بە زەحمەتی ئەمە بەدیهاتووە. من بڕوام بەوە نییە کە ئێوە ڕاست لەدایك بوویێتن یاخود ڕاست گەورە کرابن.

واتا گومانم هەیە، بەڵام گومانێکی باش...

بەردەوام لە ژیاندا نموونەی ئەمانە لە بەرگی جۆربەجۆردا دەردەکەون. سوودێکی باشی دەبێت ئەگەر ئەمانە لە ئافرەت و پیاو، لە کۆن و نوێکاندا ئاشکرا بکەین. نابێت لێرە مرۆڤ بە شاراوەیی بمێنێتەوە. چەندە دۆست و دوژمن، خیانەتکار و هاوڕێی خۆمان بۆ ڕوون ببێتەوە هێندە باشە.

نەورۆز چییە؟ ئەو گوڵەیە کە لەبەر تینی تیشکی خۆردا سەردەردەهێنێت، سەریەرزکردنەوەیە بۆ ژیان، پشکوتنی ڕەنگاو ڕەنگی سروشت و خوێندانە بە تەواوی دەمارەکانی ژیان. PKK ش بەم ڕەنگەیە. بە ڕاستی PKK پارتی نەورۆزە.

Scanned by CamScanner

پارت خوێنێکە کە بۆ ژیان دەچێت. هەوڵە بۆ سەوزکردن و چرۆکردنی شتێك لە سروشتی ژیانەوە، بەڵام لەم ڕۆژانەی نەورۆزیشدا زریانێکی دژوار هەڵیکردووە. هەندێك جار ئافاتی وەها دێن کە چرۆکانمان هەڵدەپروچکێنن و ئەو تووانە لە ناودەبەن کە خاوەن بانگەشەی بوون بە میوەیەکن. کەم نەبوونەتە زەمینەی بێ بەرهەم کردنی تۆوەکانی ژیانەوەش.

بوونی PKK بە PKK یەکی نەورۆز چەندە لە جێی خۆیدایە و ژیانیی و ڕاڤەدارە، بە هەمان ئەندازەش وێرانکردنی مێژوو و هەنووکەی چەندە واقیعێکی تاڵە! ڕاستتر وایە کە ڕاستیەکان وەك خۆیان پەسەند بکەین.

ئێمە هەمیشە بڕوامان بەوە هەبووە کە: "هیچ یاسایەك لە یاسای ژیانێکی ئازاد بەهێزتر نییە و یاسای ژیانێکی ئازاد گەورەترین هێزە" کەواتە ئەوەی: "برگە یاساییەکانی دەستووری بنچینەیی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە یەکێتی و پارچەنەبوونی کۆمار دەیلێت" دژ بە ئێمە دەگووترێت. دەڵێن: "ئێوە نابێت بژین" واتا دەڵێن: "گەورەترین یاسا کە یاسای ژیانێکی ئازادە لای ئێمە جێی نییە"

ئێمەش لە یەکەمین هەنگاوماندا بە پێچەوانەی ئەمەوە گووتمان کە گەورەترین یاسا یاسای ژیانێکی ئازادە.

هەرچەندە لە هەموو ڕوویەکیشەوە بەم جۆرە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە بووە و لە داهاتوودا دەبێت هەر ئەمەیە. ئەو یاسایانەی مردن کە پێیان دەڵێن بەهێزترین یاسا و پەیڕەوکارانی بە خوێن ڕشتن پێکی دەهێنن بەو ئەندازەیەی کە یاسای دوژمنە، یاسای خیانەتکاران و کەسانێکە کە بە هیچ کلۆجێك ئازادی ناناسن. هەروەها یاسای کەسانێکی بێ هەبوونە کە پووچەڵن، خۆیان نەناسیوە، پێناسەیەکیان بۆ خۆیان نییە، خاوەنی پرەنسیپ و ئیرادەی ئازاد نین. یاسای مەیمون و بۆقلەموونەکان[1] و ئەو کەسە تەم و مژاویانەیە کە بەرامبەر بە پیرۆزترین ئامانجیش نایەنە سەر ڕێگای ڕاست. ئەوانیش بڕوایەکی گەورەیان بەم یاسایانەی خۆیان هەبوو. سێ یاسای بنچینەیی جێی باس بوو. یاسای قڕکردن و خیانەت و کەسایەتییەکی بە تارمایی بووی تێکشکاو و بۆقلەموون ئاسا لەپێشبەرماندا بوون و ئێمەش گووتمان هەردەبێت بەپێی یاسای ژیانێکی ئازاد بێت.

[1] حَرباء. ئاژەڵێکە دەچێتە سەر هەر شتێك ڕەنگی خۆی وەك ئەو لێدەکات و دەتوانێت بە حەوت جۆر ڕەنگی خۆی بگۆڕێت.

Scanned by CamScanner

ئەمە ئەو یاسایە بوو کە بەسەر ئەم ساڵانەدا سەپاندمان. بۆشمان ڕوون بووەوە کە بەهێزترین یاسایە. بەتایبەتیش تەنها بە کونکردنی ئەو یاسا زڕێ ئاسایانەی دەوڵەتی تورکیاوە ڕانەوەستاین کە دەیانگووت: "هەرکەسێك نیازێکی وەهای هەبێت سەری تیادەچێت"، بەڵکو هەپرون بە هەپرونیشمان کرد. بە هەمان شێوە یاسای خیانەتکاران و ئەو یاسایانەشمان کردە بەڵا بەسەریانەوە کە کەس نەیدەوێرا بە لایاندا بچێت. ئێستا لە ڕەوشێکدان کە مرۆڤ دڵی پێیان بسوتێت. ئەوەشم ئاشکرا کرد کە کەسایەتیە تەم و مژاویەکان هێندەی بتێکیش نرخیان نییە. ئیدی بە یاساکانیانەوە ئەو کرمە بت ئاسایانەش پەرێشان دەکەین کە داویانەتە ڕەگی داری ئازادیمان.

بەڵێ ئەمانە کاری نایاب و جوانن. ڕوونکردنەوە و ئاشکرا کردنی یاساکانی ژیانێکی ئازادە. لەوەتەی خۆم ناسیوە یاساکانم بە دەستەواژەی ڕازاوە و ڕیزکردنی مادده و برگە دانەناوە. کەسانێکی وەك حامورابیش لە میزۆپۆتامیادا یاسایان داناوە. ئاشووریەکان بە یەکەم یاسا دانەر دەناسرێن. یاساکانیان تا دوارادە ترسناکە. هەروەها یەکەمین یاسای دانراو بە ناوی سەردەستەکان و شارستانێتیەوە هەر لەم خاکانەدا بناغەی بۆ دانراوە و لەدایك بووە، بەڵام هەر ئەم خاکانە خاوەنی جەنگاوەری ئازادیشە. کاتێك لەسەر ئەم خاکانە ئیمپراتۆریەتی ئاشووریەکان وەك سەرسەخترین ئیمپراتۆرێك تێکشکێنراوە، تەنها ئازادی گەلی کورد نا بەڵکو بە گەلی ئاسووریشەوە ئازادی هەموو گەلان دەستەبەرکراوە.

لەم واتایەدا میزۆپۆتامیا مێژوویەك و وڵاتێکی ئازادییە. هەر لە کاوەی ئاسنگەرەوە تا مەزلوم دۆغان گەلێك جەنگاوەری ڕەسەنی تری ئازادیی هەیە. لە مەنسووری حەلاجەوە بگرە تا پیرسوڵتانی عەودالّ و تا دەگاتەوە ئەو نەسیمیانەی لە سیواس سوتێنران هەموویان جەنگاوەرانی ئازادی ئەم خاکانەن. دەوڵەتی تورکیاش لەم خاکانەدا نوێنەری دوا یاسا بێ ڕەحمەکانی سەردەستان و زاڵمانە. ئەم دوو لایەنە جیاوازە هەمیشە لەناو شەڕ و پێکدادانىدا بوون و ئێمەش لەم شەڕەدا زۆر باش بەرەی ڕاستی خۆمان هەڵبژارد.

شایەت حاڵی کردن بۆ ئەم لانکی مرۆڤایەتی و دەستپێکردنی ژیان و مێژووی ئازادییە بە پابەندبوونێکی باش پێیانەوە مەیسەر دەکرێت. ئەمە بە لای ئێمەوە زۆد سەرنج ڕاکێش بوو کەمەندکێشی کردین و تا ئەمڕۆی هێناین. شادمانم کە لە پیرۆزباییەکی ڕاستەقینەدا ین.

Scanned by CamScanner

کاتێك دەستمان بەم کارە کرد گووتبومان: "لێرە بەدواوە هەموو ڕۆژێکمان هەر نەورۆز دەبێت" بە ڕاستیش وابوو هەر ساڵێکی ئەم ٢٥ ساڵەمان نەورۆزێکە. ئەمە بەڵێنمان بوو و بەڵێنمان نەشکاند. هەرچی زاڵمانیشە ڕانەوەستان و بەرامبەر بەمە ئەشکەنجە و ئێش و ئازار و ئافاتێکی گەورەیان بە سەرماندا دەسەپاند. کەسانێکی زۆریان بە تەکنیکی جۆر بە جۆر و شەڕ و ئەشکەنجە لەناو برد و بەسەریەکدا لوولیان کردن. چۆن دەبێت ئێمە خاوەنداریی یادەوەرییەکانی ئەمانە نەکەین؟ زەکیەکان و زیلانەکان و ڕووناهیەکان کە ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەی PKK ن، بوونە شەهیدانی ئەو ڕۆژانە. لە ڕاستیدا ئێمە ئێستا باشتر لەوە تێدەگەین کە ئەمەیان لە پێناو ئەوەدا کرد تا بگەن بە وەڵامی پرسیاری "ژیانێکی ئازاد چۆنە؟" لە بەڵێن و وەسێتەکانیانەوە زۆر باش ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

میزۆپۆتامیا و بنارەکانی چیای زاگرۆس کە بۆ یەکەمین جار ژیانیان تێدا بە دیار کەوتووە، ئەو وڵاتە بەهەشتەی هەموو پەرتووکە پیرۆزەکان باسی لێوەدەکەن، هەمان ئەو مەیدانە نوێیەی ژیانە کە حەزرەتی نووح دوای بەسەرهاتی لافاوەکە تێیدا ژیاوە. مرۆڤ لەم خاکانەدا بە خولیای ئازادیەوە ژیاون.

ڕەنگە لە هیچ کام لەوانە نەچێت کە لە وڵاتاندا هەبووە، لە هیچ کام لەوانە نەچێت کە لە پەرتووکەکاندا نووسراونەتەوە و تەنانەت لەوانەیە لە هیچ پەرتووکێکیشدا نەنوسرابێت، بەڵام خاوەنی شەڕێکە بۆ ئازادی. ئەگەر تا ئێستا پەرتووکەکەی نەنوسراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەگەیشتووە بە ڕزگاریەکی تەواوەتی. هەروەها نیوە و ناچڵی پەرتووکەکانیشی بۆ هەمان هۆکار دەگەڕێتەوە.

PKK ڕۆمان و شیعر و گۆرانیەکی کۆتایی نەهاتووە.

پێش نووسینەوەی، گفتوگۆکردن لە سەری دڵسۆزیەك دەبێت بەرامبەر بە ڕاستینەی چالاکیەکەی و وەڵامێکی پڕاوپڕی گەوهەرەکەی دەبێت. پەسەندکردنی وەدەرنان لە ژیان – کە لە گۆڕ بە گۆڕکردن زۆر خراپترە – لەم لانکی مرۆڤایەتیەدا هێندە ئاسان نییە. مرۆڤایەتی لێرە هاتبووە زمان.. ئەی کوا؟! یەکەمین یاسا لێرە نووسرا بوو .. کوا؟! بۆ یەکەم جار هیوا لێرە چرۆی کردبوو .. کوا لە کوێیە؟! لە هەر پەنجەتێوەدانێکی خاکدا ئاسەوارێك ئاواکرا بوو .. ئەی کوا؟! بۆ یەکەم جار لێرە ئاژەڵ ماڵی کرا، ڕووەك دەغڵ کراو ئەمبارەکانی لێ پڕ کرا. یەکەمین دەوڵەت بونیادنرا. یەکەمین بەستە و ئاواز و شیعر هۆنرانەوە. یەکەمین سۆز چەکەرەی کرد. هەندێکیان بوون بە واقیعێکی چینایەتی و

Scanned by CamScanner

هەندێکی تریشیان بوون بە ئیمراتۆریەتێکی کۆیلایەتی. ئەوەکەی تریشی بوون بە یاسایەکی عەشرەت کە تا ئێستاش بە هەموو هێزی خۆیەوە درێژەی هەیە، بەڵام شتێکی تریش کە لێرە ڕوویداوە ئەوەیە کە وەك بڵێی هیچ کام لەمانە لێرەدا نەبوون و ئێرە مەیدانێکی نەبوو بووە.

بۆیە ئێستا مرۆڤایەتی بێ ناسنامەو بێ ئومێدە.

ئەمە چ ناکۆکیەکی گەورەیە و چۆن شتێکی وەها دەبێت؟ هەم خاکی هەموو سەرەتاکان بیت و هەم هیچ شوێن پەنجەیەکی ئەمەت پێوە دیار نەمابێت. پێویستە ئەم ناکۆکیە گەورەیە شیبکرێتەوە و چارەسەر بکرێت. ئەو وارگەیەی کە داستانی گلگامێش و یەکەمین برایەتی تێدا بەدیهات ئێستا بۆتە وڵات و مەیدانی خیانەتکاران. پێویستە لەناو خۆشماندا ئەمە شیبکەینەوە و چارەسەری بکەین. لەبەرئەمەیە کە PKK ڕووداوێکی مەزن و جێی چارەسەریە.

ئەم مێژووە گەورەیە چۆن ڕووخێنرا؟

ئەگەر سەرلەنوێ مێژوویەکی ژیانەوە هەبێت بە چ جۆرێك بێت؟ جۆش و خرۆشی مەسەلەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. پێویستە لە هەمان ئەو جێگایە بە دوای گەنجینەکاندا بگەڕێین کە تێیدا سەرەونگوم کران. پێویستە مرۆڤایەتیش لەسەر بنچی خۆی و لەو خاکانەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت کە تێیدا لە دایك بووە. ئەگەر بشدۆزرێتەوە هەر لێرە دەدۆزرێتەوە. لە ئەمریکا یان ڕوسیا یاخود سیبیریا نادۆزرێتەوە، چونکە گۆڕەکەی لێرەیە.

PKK بیست و پێنج ساڵە لە مرۆڤ دەگەڕێت.. لە مرۆڤە سەرەتاکەی خۆی دەگەڕێت کە ڕەنگە ببێت بە دواین مرۆڤیش.

ئەگەر سڵاو لە ژیان بکرێت، ئەگەر بمانەوێت هەموو شتێك وەك نەورۆز بە دەم ژیانەوە پێبکەنێت، پێویستە فێری زمانی ئەمە ببین و لە زمانی ئەمە باش بزانین. هەر لەبەرئەمەشە کە ژیان هێندە ئاسان نییە.

هەموو شتێکمان ڕاوەستاند. بێ ئەوەی لە هیچ پێشداوەریەکدا بچەقین، بکەوینە هیچ قاڵبێکەوە و زوو بە زوو مۆرك لە هیچ شتێك بدەین، هەمیشە لێیان تێگەیشتین و هەوڵماندا قووڵتریش لێیان تێبگەین. چی چییە؟ چی ببێت بە چی؟ چی چۆن بکرێت؟ ئەمەش ئەم دیاردەیەیە کە پێی دەگووترێت تێڕامان و قووڵبوونەوە. هەروا ئاسان خۆ

Scanned by CamScanner

پێناسە نەکردنم، بەتایبەتیش خۆ بە یەکێك نەبینینم لەو شارستانیەتەی لەمەودای هەزاران ساڵدا ئەم مرۆڤە ئازادەی خستۆتە ڕەوشێکی نەناسراوەوە، ئەو بە یەکێك لە خۆم نەبینین و پێناسە نەکردن و نەژیاندنی لە خودی خۆمدا، پەسەندنەکردنی هیچ کام لە نازناوە باوەکان وەك نازناوی خۆم، گومان کردنم لە تەواوی ئەو ئیرادانەی دەسەپێنران، وە تا ئێستا بڕیارنەدانم و بڕیار پێنەدان بۆ شێوە ژیانێکی وەها؛ شتێکی هەرە ڕاست و جوان و گونجاوە کە بەرامبەر بە لانك و بنچینەیەکی مێژوویی وەك ئێرە کرابێت. پێناسەی ژیانێکی پڕاو پڕ ڕاست و دروستە بۆ واقیعی ئەوانەی کە لە دوای داستانی گلگامێشەوە لە ژیان و نەمری دەگەڕێن. ئەوەی تەواو شایستەی مرۆڤێکی ئازاد بێت ئەمەیانە.

کاتێك دەڵێم نەورۆزەکانی ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەی PKK هەمووی بریتییە لە لێگەڕین و دۆزینەوە مەبەستم لەمەیە. ئەمانەم لەیەکە یەکەتاندا بەدی کردووە و تا ئێستاش خوێندنەوەی بۆ دەکەم. هەموو کەس پێی وایە کە دەژی. هێشتا لە باڵاکردنی تازە نەمامێك تێناگات و کەچی پێی وایە دەژی. من چۆن ڕق و کینم بەرامبەر بەمە نەبێت؟ هەموو شتێکی دزێوە. وە چۆن ئەم ژیانە سەپێنراوە پەسەند بکەم؟

سەرەتا خۆم دوور خستەوەو هەموو دەرگاکانم بە ڕوویدا داخست. بە وێنەی ژنە خوداوەندێك یان پیاوی دەستلێنەدراو لە پەرستگایەکی پیرۆزدا. ئەگەر بەرامبەر چەمك خراپەکان ڕۆحێکی پاك و ڕاستم هەبێت با لە کونجێکدا پارێزراو بێت. PKK و شەهیدانیش بریتین لەمە و قەشەنگییەکەش لەمەدایە.

بەو ئەندازەیەی کە شەهید لەم خاکانەدا دەنێژرێت، نەمامی تازەش باڵا دەکەن. PKK و سەرچاوەی جۆش و خرۆشیشمان هەر ئەمەیە. ئەوەی من دەمەوێت بەسەر هەموو شتەکاندا باڵا بێت هەر ئەمەیە. ئەمەیان زیاتر پەیوەندیدارم دەکات. ئەمە ئەرکێکی مرۆییانەیە. ڕێزێکە لە بەرامبەر ئەم خاکانە و شەهیدانی بێ ژماری مرۆڤایەتی. ئەگەر ژیان بەم ڕەنگەیە ئەوا من و مەزلوم و زەکیە و ڕووناهیەکانی ژیانمان ناوێت.

پێتان وایە ئەوەی زیلانەکان کردیان بە خۆڵەمێش چی بوو؟

ئەوان بە سووتاندنی خۆیان هەموو ئەو دوژمنایەتیەیان سووتاند و کردیناتە خۆڵەمێش کە چین و نەتەوە و ڕەگەزی قێزەون بەرامبەر بە ڕەنج و جوانی و ڕاستی تێیاندا چاندبووی. پیر سوڵتانەکان و مەنسووری حەلاجەکانیش هەر هەمان شتن. نوێنەرایەتی کردنی ڕاستیەکی بەم ڕەنگە لەلایەن ئێمەوە چەند جێی شادومانییە.

Scanned by CamScanner

لە جەستەی PKK دا سووتاندنی هەموو ئەو تاوانانەی دەخرێنە ئەستۆی مرۆڤێکی ئازاد، تەنانەت ئەگەر بکرێت لەم ڕێگایەوە پاک بوونەوە و سەرلەنوێ کەوتنە سەر ڕێگای ژیان، ئەوەیە کە PKK ی تا ڕۆژی ئەمڕۆ هێناوە. هیچ ڕێکخستنێک نییە بە وێنەی PKK وەک زیندوویەک مەزن ببێت. ئەمەش پێناسەیەکی دیکەی ئەم ٢٥ ساڵەیە. لەبەرئەوەیە دەتوانم بڵێم ئەم جەستە و گیانانە کاتێک کە دەسووتان و گیانیان لەدەست دەدا هەرگیز بڕوایان بەوە نەبوو کە دەمرن. تا دوا هەناسەیان بڕوایان بەوە هەبوو کە ژیان لە ئامێز دەگرن. تراژیدیایە بەڵام واقیعێکە. ژیان لەم وڵاتەدا بە شێوازێکی دیکە لە ئامێز ناگیرێت. ئێستا کێشەمان چییە؟ ئەوەیە کە لە قۆناغی دووەمدا چۆن تاجی ڕزگاری لەسەری "ئەم لە ئامێز گرتنە تراژیدییەی شەهید بە ناوی ژیانەوە بۆ خاک" بنێین. ئێستا نۆرەی ئەم کارە زەحمەتەیە. لەو بڕوایەدام کە زۆریش زەحمەتە بۆیە دەمەوێت لەسەر تێگەیشتن لەمە بدوێم. من شاگەشکە دەبم بە شەڕکردن لە پێناو ئەم کارەدا. ئیدی تەرزی سەرکەوتن زیاتر پەیوەندیدارمان دەکات. لە ڕووی قۆناغەوە و بەتایبەتیش بۆ بەجێگەیاندنی ئەمە ئەو پەڕی بڕوام بە خۆم هەیە و هەرگیز ترسی هەڵەکردنم نییە، بەڵام ئەوەی کە لەمانە زیاتر بە زەحمەتی دەزانم و ڕام دەکێشێت تەرزی سەرکەوتنە.

بیر لە پێشخستنی ئیرادەیەکیش دەکەمەوە کە هەرگیز بە هەڵەدا ناچێت، هەروەها بیر دەکەمەوە بە جۆرێکی وەها هەموو ئەوانە بسووتێنین کە پێویستە بسووتێن و شەهیدان بە شێوەیەکی سمبولی لە خۆیاندا سووتاندویانە، کە جارێکی دیکە پێکەوە نەنرێنەوە و ئیرادەی ژیانێکی ئازاد هێندە پتەو بکەین کە هەرگیز نەچەمێتەوە.

ئەم نەورۆزە نەورۆزی بەهێزترین تێڕامان و قووڵبوونەوەیە. نەورۆزی خۆڕاگرییە بەرامبەر هەموو جۆرە شەڕێک، دژواربوونە تا گەیشتن بە سەرکەوتن. هەر کە تەماشا دەکات تێدەگات، هەر کە بەڕێوەدەڕوات پێکی دەهێنێت و بە دواشیدا سەرکەوتنی خۆی تۆماردەکات. بونیادنانی جەنگاوەرانی PKK کارێکی جوان و باشە. ئەمەش بە دووبارە کردنەوەی ئەو گووتنانەتان نا کە هەمیشە دەیان هێننە زمان، بەڵکو لە گووتەکان زیاتر بە ناوەرۆکدا دەچمە خوارێ. نەک لە پێناو تێپەڕکردنی ڕۆژەکانمدا، بەڵکو لەبەرئەوەی من تا یەکانگیر کردنەوەی سەرەتا و کۆتایی مرۆڤایەتی شاگەشکە دەبم بە سەرقاڵبوون بە کاری ئافراندنی ئیرادە و مرۆڤەوە. ئینجا پێویستە فەلسەفەی ئەمە بە چ ڕەنگێک بێت؟ هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت فەلسەفە یان سیاسەت یان زانستی سەربازی یان

Scanned by CamScanner

هونەر یان ئیستاتیکای بۆ خۆی لێدەربهێنێت و بینووسێتەوە. لە هەموو شتێکی تێدایەو ئێمە هەموویان دەکەینە یەک.

سەرباری ئەوەی کە ڕێزم هەیە بۆ ئەو PKK بیانەی کە پێیان وایە بوون بە سوپا، بەردەوامیش هەوڵێکی بێ پایانم هەیە بۆ هاوکاری کردنیان، بەڵام ڕەوشیان زۆر غەمبارم دەکات. بە کەمترین واتای وشە پەیوەست نین بەم کارەوە.

کوا ڕۆحتان؟

هەمووتان کچی گەنجن و هیچ گومانێکم لە داخوازیتان بۆ پابەندبوون بە گەورەیی PKK ەوە نییە. هەروەها گومان لەوەش ناکەم کە لەسەر بنەمای ئازادی خۆتان بەخت کردووە، بەڵام ئێوە ڕەگەزێکی هەر لە زووەوە سەرەونگوم کراون. ئایا بێ ئاگابوونتان لە یاساکانی ئازادی، خۆ بە دوورگرتنتان لە شەڕی چینایەتی و نەتەوەیی و لە شەڕی بوون بە مرۆڤێکی جوان، وەهاتان لێناکات کە لە ژنێکی کۆڵان و کەنیزەکێك زیاتر خۆبەدەستەوەدەر بن؟

بانگ لە پیاوانی ڕۆح زلیشمان دەکەم کە هەندێك جار فەرمانداری ساختە لەناویاندا دەردەکەوێت. بەتایبەتیش هەرە بە ناوبانگەکەتان "زەکی" (شەمدین ساکك)[١]ی فەرماندار، کە ئێوە هێندە ئاسان سازشتان لەگەڵدا کرد. کاتێك ژنە فەرماندارى مەزنمان "زیلان" و "زەکی" بەناو فەرماندار دێنینە بەرامبەر یەکتر دەبینین: یەکەمیان بەرەو پایە و نهۆمی خوداوەندی و دووەمیان بەرەو ئامێزی دوژمن چووە. ئایا دەرەنجامێکی وەها ڕێکەوتێکە؟ پێویستە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و چاك لەمە تێبگەین. تەنها تێگەیشتنیش بەس نییە، بەڵکو پێویستە یەکێکیان بە جۆرێکی وا ڕیشەکێش بکرێت کە هەرگیز سەرهەڵنەداتەوە و ئەوی تریشیان لە ئاست خوداوەندی پەرستگایەکی پیرۆزدا ڕێزی لێبگیرێت و هەمووان پابەندی بن.

ئایا ئێوە بە جۆرێکن کە ئەم کارە ئەنجام بدەن؟ ئەمانە تا چەندە پەیوەندیدارتان دەکات؟ چۆن تا ئێستا بڕواتان وایە کە بەم شێوە دۆگماییەوە بگەنە ئەنجام؟ ئایا بە قسەی پەڕپووت و پێ خوار دانان تێگەیشتن لەمە مەیسەر دەبێت؟ ئایا لە نێوان

---

[١] ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی PKK بوو. دوای ئەوەی لە ١٩٩٣ ەوە پراکتیکێکی پاکتاوکارانەی بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ میتی تورکیادا بەڕێوەبرد، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ دا ڕایکرد و بەهاوکاری PDK خۆی ڕادەستی دەوڵەتی تورکیا کردەوە. ئێستا لە زیندانی تورکیا [illegible]

Scanned by CamScanner

هەردووکیانـدا یـەکێکیانتان بـە تـەواوەتی ڕەت کردۆتـەوە و ئـەوی ترتـان بـە تـەواوەتی پەسەند کردبێت؟ نـەخێر. ئەمەیـە کـە مایـەی ژان و غەمبارییـە. کاتێـك زۆر بانگـەوازیش دەکەین، پێتان وایە کە جادووگەرێکین و ئەفسوونی بە وشەکانەوە دەکەین. بێگومان وەك خوێندنەوەکەی ئێوە نییە و بە ڕاستیش بەو جۆرە ناهێنرێتـە زمـان. لـە واقیعـی ئێمەدا مرۆڤ بە پاڕانەوە و ئامانجی بچووك و بەرتیل قازانج ناکرێت. لای مـن ئەمـە بـوونی نییـە و واقیعی من نەورۆزە.

واتا بەرامبەر بەو دایکەی کـە زایـین مەیسەر دەکـات خـاوەن هەڵوێستەیەکم. ئەمـە چیە؟ ئەوەیە کە بوویت بـە کۆسـپ لـە بـەردەم ژیانـدا و پێـت دەڵـێین ڕاوەسـتە! تۆیـان کردووە بە کۆسپێك، بەری ڕێگامان بـەردە! کەسێکم کـە هـەر لەوکاتـەوەی بـە ژیانێکی گەورە ئاشنا بـووم ئەمـەم پێکهێنـاوە. هـەر کەسێك ئەمـەی بـە بنـەما گرتبێـت ئـەوا لـە کۆمەڵگای باو دابڕاوە.

ئەوەبوو لە کۆمەڵگادا ناوم "بە بێ جڵەو" دەرچوو بوو، بەڵام من لە هەموو بارەکاندا بە هەموو هێزێکم هەوڵمداوە کە خۆم بە کۆڵەکەو جڵـەوی مرۆڤایەتیـەوە ببەستمەوە. بە تەنها وشەیەك و بۆ ساتێکیش لەوە دوورنەکەوتمە کە مرۆڤانەیـە. زۆر ئـارەزووی دەکـەم، بەڵام چی لە بەرامبەر خۆمدا ببینمەوە؟ هەمیـشە درۆ، چـەوتی، دزێوی و خەڵەتانـدن... هەر لەبەرئەوەشە کۆمەڵێك ناوم لە خۆم ناوە. ناخەڵـەتێنێت و نایخەڵـەتێنن، درۆناکات و گوێ لە درۆ ناگرێت، دزێو ناژی — دزێوی ناسەپێنێت و دزێویش پەسـەند ناکـات، بە لای نشوستیدا ناچێت و نشوستیش پەسەند ناکات. هەر خـۆ بـە خـۆی خـۆم هێنـدە ئەمانـەم خستوەتە گەڕ هەر وەك دەبینن هەندێك شت کـراوەو دەکرێـت و لـە داهاتووشدا دەبێـت بکرێـت. هەڵبەتـە دەمانـەوێت هاوبەشـی بەمـە بکـەین. هـەر وەك بـە بەرچـاوەوەیە بـە ئەندازەی دزێکیش نازانن هاوبەشی چییە. تەنانـەت لەناوماندا خیانـەتکاران و دژبـەرانی خیانەت بەدیناکەن و پێتان جیاناکرێتەوە.

پێویستە تەواوی ئەم دزانە لەناو PKK دا دەربکەین، چونکە بە ڕاستی شتێکی بەم جۆرە شایستەی بزاڤێکی وەها گەورەی ڕەنج و ئازادی نییـە. لێـرەدا کردنـە جێـی باسی شتێکی وەك ئەوەی بێ فام بووم و هەڵیانخەڵەتاندم شوورەییەکی گەورەیە. ڕەنگـە بڵێن کە "ئێمەیان لە کۆمـەڵگادا بـەم جـۆرە ڕاهێنـاوە و بەلامانـەوە خۆشـە و کەسانێکی بەم ڕەنگە کارمان تێدەکەن" منیش پێتان دەڵێم بەرامبەر بـە شـتێکی وەهـا ئامادەباشیەکی گەورەم هەیە، چونکە وەك ئاسن چل جار خۆم بۆ کوتاوە. بـە شـێوەیەکی ئاشکرا ئەمە

Scanned by CamScanner

دەکەم کێ دەڕوات بابڕوات. ئەوەی کە پێویستە و لای خۆم دەیانهێڵمەوە ئەوانەن کە گوزارشتی پەتی ناوەرۆك و ڕاستیین.

بە مسۆگەریی خیانەت ئاشکرا دەکەین. ئەمەش شتێکی جوانە. لەم بارەیەوە ناتان چەپێنم و تکاتان لێ ناکەم. ئەوەی لەم شەڕە پیرۆزەدا بڕوام پێیەتی تکاکردن و پاڕانەوە نییە بەڵکو بوونی ڕێسایە. هیچ پێویست ناکات کە بیانکەین بە بەند و ڕیزیان بکەین، چونکە من پارتی ڕێسای ڕەونەقدارم ناوێت. هەموو کەسێك خۆی، خۆی و ڕێساکانی بەڕێوەدەبات.

زیلانیش ڕێسای خۆی هەبوو و زەکیش ڕێسای خۆی هەیە. هەندێکتان لە جۆری ئەویان و هەندێکیشتان لە جۆری ئەمیانن. ئەمەش یەکلایی بوونەوەیەکی جوانە. لە مێژووشدا هەر بە هەمان ڕەنگ بووە. هەمیشە کەسانێك زەحمەتی و زاڵمی لەگەڵ خۆیان دێنن، سوود لە قۆناغە هەستیارەکان دەبینن و تیری خۆیان لە نیشان دەدەن. هەرچیەکیان کردووە با بیکەن، بەڵام ئێمە هەر سوورین لەسەر ئەوەی کە مەرد بین. هونەری ئێمە ئەمەیە و هونەری ئەو کەسانەش بەو جۆرەیە. کەواتە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە پێکهاتنی ئەم ساڵە مەزنانە و لە PKK ی ئەم ساڵانەدا چۆن بەشداریتان کرد و دەبن بە چی؟

هیچ پێویست ناکات کە زۆر بانگ لە گەل بکەم. گەل باشە. هەمیشە ئامادەکاری کارکردنێکی جددیم لەگەڵ ئەم گەلە و هەموو گەلێکدا پیشانداوە و هیچ تەنگەتاویەکیشم لەمبارەیەوە لەلا دروست نابێت، بەڵام کاتێك دێمە سەر ئەوەی ئێوە بخەمە ناو چوارچێوە و پەرژینی ئەم واتایەوە هەست بە هەمان ئاسوودەیی ناکەم. وەك تابلۆیەکی شێتەکانی شێتخانە و نەخۆشی سەر گیانەڵڵا و بەندکراوەکانی زیندان دێتە پێش چاوم، کە ئەگەر هەستێنە سەر پێ دەکەون، ئەگەر لە زیندان بێنە دەرێ پێ بە زەویدا دەدەن و هەڵناسنەوە. ئایا تا چەندە خۆتان لەمانە ڕزگار کردووە؟

ئایا کەی تێدەگەن کە PKK نێوەندێکی بەم ڕەنگە نییە؟ PKK واتای زۆر گەورەی لە خۆیدا حەشارداوە و ئایا ئێوە دەبن بە پابەندێکی ئەم واتایانە؟ ئەمە تکا و پاڕانەوە نییە، بەڵکو ڕاستییەکە و هەیە. ئایا لەو ڕاستییە تێدەگەن؟ چونکە دەڵێین مێژووی ئێرە بریتییە لەمە.

هەر لە گلگامێشەوە تا ئێستا مێژوو بەم ڕەنگە هاتووە. ٢٥ ساڵی تەمەنی PKK ش پووختە گوزارشتێکی ئەمەیە. ئێوە کامیان هەڵدەبژێرن؟ ڕەنگە وەڵامتان ئەوەبێت کە

Scanned by CamScanner

بڵێن زۆر لاواز و بێ هێزین. بەڵێ ڕەوشی زۆربەتان بەم شێوەیەیە. بێ هێزن و هیچ ئامادەکاریەکتان نییە. تەنانەت بێزارن لە خۆ ئامادەکردن. بە جۆرێك پوچن کە هیچ ئارەزوویەکی ژیانتان نییە. بچووکترین ڕێسای شەڕ پەیڕە و ناکەن.

بە تەنها خۆم دەستم پێکرد و بۆئەوەی کە بە تەنهاش درێژەی پێبدەم تایبەتەمەندیەکی شازادانەم هەیە!

هیچ تەنگەتاو نابم. ئەی ئێوە.. ئێوە چی دەکەن؟ گلگامێش لە مێژوودا نموونەی هاوڕێیەتییەکی هەرە گیانی بە گیانیە. من ئەم مێژووەم دەزانی، بەڵام یەکەمین کار کە کردم لە خۆم زیاتر بیرم لە هاوەڵەکەم کردەوە. ئێستا لێتان ورد دەبمەوە؛ سەرەڕای ئەو هاوڕێیەتیە گەورەیەی بە درێژایی ئەم ساڵانە لەگەڵم کردوون، کەچی بەڕێوە نارۆن. کەسێکی خاوەن چەمکتان تێدا دەرناکەوێت کە بڵێت: من دوژمنم بەدی کرد، کە لێرەوە هات و منیش تەگبیرم وەرگرت، یان لە پشتەوە بە فڵانە شێوە خەنجەری وەشاند و دەستیم گرت، یان کەسێك بوو لەناوماندا دەژیاو جلکی وەك ئێمەی لەبەردەکرد و بەسەر سەرمانەوە بوو و نیازێکی خراپی هەبوو منیش پێشم لێ گرت. ئەوەی خەمباری دێنێت ئەمەیە.

هەموو دوژمنانی خۆم باش دەناسم، هەڤاڵانیشم بە هەمان شێوە باش دەناسم.

سوپای شەهیدان، سوپای زیندان، سوپای گەلمان هەیە. ئەمان لە من زیاتر خاوەنی ئەم کارەن. هەرچی ئێوەن.. ئەوانەی لەناو شەڕگە گەرمەکانی شەڕدان و چەکی شمشێر ئاسا تیژتان بەدەستەوەیە، هەر لە چەکی زمانەوە بیگرە تا دواین چەکی تەکنیکی هیچ چەکێکیان بەکارناهێنن. کاتێك بە کاریشی دەهێنن ئێمەی پێ دەپێکن. ئەمانە گوزارە لە کۆیلایەتی دەکەن و پێچەوانەی ئازادین.

ئایا تێدەگەن؟

من مێژووتان بۆ دەگێڕمەوە و باسی PKK شم بۆ کردن. کامەیانتان لەلا پەسەندە و دەچنە سەر ڕێگای کامەیان بەپێی ئەوەیان بژین. من دەڵێم بەرەو مردن نا بەرەو ژیان وەرن. هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت PKK جێی مردنێکی هەرزانە. خۆی لە خۆیدا مردن لە هەموو جێگایەك ئاسانە تەنها لەناو PKK دا نەبێت کە زۆر زەحمەتە و شتێکە کە نابێت ڕووبدات. من باسم لە مردنێکی ئاسایی نییە بۆ ئەوەیان هیچ ناڵێم. مەبەستم ئەوەیە PKK جێگای مردنێك نییە کە لە ئەنجامی کەموکورتی و چەوتییەکەوە ڕوویدات. کەچی

زۆربەتان تا بینەقاقا مردنمان بە سەردا دەسەپێنن. ناچار بەردەوام شتەکانتان بۆ دووبارە دەکەمەوە، لە کاتێکدا لە PKK شتێکی وەها نییە.

ڕەنگە بێ داخواز بوونتان بۆ تێگەیشتن، تەنها کۆسپی جددی ڕێی ئەم کاروانی هیوا و ڕزگارییە بێت. باش بزانن کەس پێتان نالێت خۆتان بە بچووک بزانن. بە پێچەوانەوە شێوازێکی مەزن بوون بئافرێنن. با تەواوی ئەوانەی کە کردوومانە بکرێت بە ناوی ئێوەوە. خۆم لە پێناوتاندا بەخت کرد. زیلان و بەرماڵ و هاوشێوەکانیان چەندە جوان ئەمە دێننە زمان "دەبێت لە گیان زیاتر چیمان هەبێت کە بەختی بکەین" بەڵام من داوای گیانم لەوان نەکردبوو. ئەوەی کە من دەمەوێت: دەتوانن بە هەموو هێزێکی تێگەیشتن و ئیرادیتانەوە من بۆ خۆتان بەرن؟ چونکە هیچ شێوازێکی تر بەرەو بە هێزبوونتان نابات. ئەمە هەم بەو شەهیدە دەڵێم کە بە ئاسانی مردووە و هەم بەوەشتان دەڵێم کە گەوهەریانە شەڕ دەکات.

منیش وەکو ئێوە بە تەنها بووم و هەر خۆم بووم، بەڵام وەك دەبینن لە پێناو ژیاندا لەناو شەڕێکی بێ پایاندام. ئێوەش بەم شێوەیە تێبگەن و لە پێناو هەموو ئەرك و شەڕێکدا بڕۆن بەرێوە. کەچی دەبینم دوور لەمە دەوەستێت و هەڵسوکەوتێك دەنوێنێت وەك بڵێی PKK بریتی نییە لەوەی کە ئێمە تیشکمان خستۆتە سەر، ٩٩،٩٪ بە جۆرێك کە من هەرگیز پەسەندی ناکەم چەك دەگرێتە دەست و پێیی وایە کە بانگەشەی شەڕ دەکات. زۆر سەرم لەمە سوڕ دەمێنێت. کەسانێك هەن کە لە پێناو ژیاندا سەریانهەڵبڕیوە، بەرامبەر بەمانەش کەسانێك هەن پۆزیسیۆنێك بەدەست ناخەن کە دەیانکات بە خاوەن هەڵوێستە لە ژیاندا و بچووکترین ڕێسای شەڕیان پەسەند نەکردووە، ئەمانە مردووم وەبیر دەهێننەوە. هەڵبەتە PKK بریتی نییە لەمەیان. ئەگەر وەك کەسانێك کە دەژیین و بانگەشەی ژیانیاتان هەیە، پابەندیەکتان بە یادی مەزلومەکان و شەهیدانی ئەم نەورۆزە گەورەیە و بەهاکانی ئەم مێژووەوە هەبێت ئەوا پێویستە بە ئەندازەی ئەوەی نەهێڵن بە ئاسانی بمرن، خۆتان بۆ ئەو شەڕەش تەرخان بکەن کە ژیانی پێ قازانج دەکرێت. هۆشیاریە بنەماییەکانتان وەرگرتووە و ئیدی بۆ پێکهێنان بیانگرنە دەست و ئەو چەکانەی دراوەتە دەستتان بەکاریان بهێنن.

تەواوی ئەمانە لەبەر ئەوە دەڵێم کە لەدایکبوونتان بە هاتنە دونیا نەزانن. بەو پێگەیاندن و گەورەکردنەشتان مەڵێن "پێگەیاندن" کە دوژمن بە پەروەردە و نیگارکێشی

خۆی کردوویەتی. تەنانەت بەم ڕەوشەی ئێستای ناو PKK شتان مەڵێن کە بووین بە PKK یی. لەم بارەیەوە بە هەڵەدا چوون.

بۆچی نایکەن؟ بۆچی هێندە دەست شڕن؟ بۆچی هەموو کارەکان بە نیوە و ناچڵی بەجێدەهێڵن، گووتەکان دەشێوێنن، هیچ بڕیارێك پێکناهێنن، خراپەکاری دەستنیشان ناکەن و هەست بە مەترسییان ناکەن و دەست لە قورقوراگەی هیچ خیانەتکارێك گیر ناکەن؟ بۆچی پابەندی جوانییەکان نابن؟ بۆچی دەبێت دزێوترین چارەنووس کە کۆتاییتان پێ دەهێنێت، شتێك بێت کە خۆشحاڵتان بکات؟ بۆچی بەرەو نشوستی دەڕۆن؟ بۆچی بێ ڕێکخستنی وەك شێوازێکی ژیان جێگیر دەکەن؟ خۆ یەکەمین مرۆڤ کە خۆی ڕێکخست لەم خاکانەدا دەرکەوتووە. بۆچی هەر یەکەتان لەوەکەی تر ڕادەکات؟ بۆچی کێشەی ڕێکخستنیتان هەیە؟

دووبارە من هەموو ئەمانەم چارەسەر کردووە. کەس ناتوانێت نکۆڵی لەمە بکات و بەرگری لە خۆی بکات. من بەهێزم.. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لەلایەن خیانەتکارانەوە یاری بە ئێوە دەکرێت و دوژمن لە ژێر ناوی "ئەمەیە ژیان" هەندێك شتتان پێشکەش دەکات و وەك لە برسا مردووی سەر شاخەکانتان دەبینێت، من هەر بەهێزم. لە یەك لایەنەوە ڕەخنەتان ناکەم؛ دەست خۆشیتان لێدەکەم کە بە خۆڕاگری ڕووبەڕووی برسێتی و تینوێتی، سەرما و گەرما دەبنەوە. ئەوەی ڕقم هەڵدەستێنێت ئەوەیە کە پاش ئەم هەموو زۆری و زەحمەتییە، بەگوێرەی ئەوانەی بۆ شۆربایەك بانگتان دەکەن و ئەو نامەردانەی ناو خۆمان کە لیستی ژیانێکی شەخسی دەخەنە بەردەمتان خۆتان گیرۆدە دەکەن و بەمەش بوێری دەدەنە دوژمن و ڕێگایەکی بۆ دەهێڵنەوە کە هیوای پێی بێت. بەداخەوە دەبینم کە ئەمەتان بۆ خۆتان کردووە بە فەلسەفەیەك. خواردن و خواردنەوە و ژنێتی و پیاوێتی هەرزانتان بۆ خۆتان کردووە بە فەلسەفەیەك. چەند سامناکە... وشەیەکی تر نابینمەوە کە پڕاو پڕ گوزارشتی لێبکات. ئەمە فەلسەفە و ژیانی PKK نییە.

ناڵێم فەلسەفەی گەلەکەمان بریتیە لە بوونی کەسایەتیەکی وەها قێزەون، بەڵکو بێ چارەییەکە و بە سەریدا سەپێنراوە. بەڵام PKK جێی بێ چارەیی نییە، بەڵکو جێی چارەسەرییە. لەناو PKK دا هەرگیز کێشەی ژیان و برسێتیمان نەبووە، چونکە هیچ کاتێك پارە و خواردنی لێنەبڕاوە. ژیانی کۆمەڵایەتیشی کەم و کورت نەبووە. هەموو شتێکمان وەك خوداوەندەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام ئێوەی کادران ئەمانە دەخەنە ژێر پێتان.

Scanned by CamScanner

PKK هەرگیز لە خولیا و عەشقی کەم نەبووە.

ئەم فەلسەفەیە بووە بە چەمکێك و ئەوەندەی نەماوە سەربکەوێت. ئەمەم بەدیکردووە. هەرگیز لێی خۆش نابم. بێگومان لە بەرامبەریدا بێ چارەش نابم و نیم. خاوەنی چارەسەریم و هەمیشە وەك ڕێزداریەك بۆژیان دژ بەخیانەتی ناوخۆ و دەرەوە وەك چەکێکم میلم هێنراوەتەوە.

ئێوە دەبوو خاوەنی شێوازی ژیان و شەڕێك بوونایە کە لە دڵەوە چەپڵەمان بۆ لێبدایە. ئەوە ماوەیەکە کار و خەباتی هەرێمەکان هەڵدەسەنگێنین و لە کۆبوونەوەیەکی گرنگداین. کاتێك کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەسەنگێنین ژان بە دڵمان دەگات. وەرن سەیریکەن لەو بێژانەی قسەیان پێدەکەن و لەو هەڵسوکەوتانەی کردوویانە. ورد بنەوە لە فەرماندارانمان و لەوەی کە جەنگاوەرانمان بوون بە زەمینەی چی و لە کچەکانمان بنوارن. بەرامبەر بەمانەش تەماشا ئەو کچانەمان کە پەیجووری ژیلانن چۆن خۆیان لە دەوری پێویستەکان پێچاوە ! ئەمانە بەس نییە بۆ ئەوەی ڕق و کین لە مرۆڤدا سەربکات؟ ئەمانەی دەیکەن خیانەت کردن نییە لە بەهاکان؟ چۆن ئەم هەڵوێستەیە بۆ خۆتان پەسەند دەکەن؟ چۆن بەرامبەر شەهیدان بەم شێوەیە سەرهەڵدەبڕن؟ هاوکات ئەوەی لە ژیاندایە و بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت ئەی بەرامبەر بەو چۆن سەرهەڵدەبڕن؟ ئیدی چی ماوە بۆئەوەی لەمانە تێبگەن؟ هیچ هەست و سۆزتان لەلا دروست نابێت؟ ئێوە کێن؟ مرۆڤ زۆر بە زەحمەت لێتان تێدەگات. ئەوە چ واتایەك دەگەیەنێت کە نەتوانن بچووکترین ڕێسای سەربازی پێکبهێنن؟ باشە ئیرادەی سەربازی لە کوێیە؟ بە نیازن بەم شێوەیە نوێنەرایەتی ئەو ئیرادە نەشکاو و نشوست نەخواردووە بکەن کە من لە پایتەختی دوژمنەوە تا ئێرە ئەوە ٢٥ ساڵە درێژەی پێدەدەم؟

ئایا شوورەیی نییە کە زەق زەق تەماشای ناو چاوم دەکەن و لە سایەی ئەم هەڵسەنگاندنانەماندا کە مەگەر هەر خۆمان بزانین لە کوێوە تا ئێرەمان هێناوە، لە خزمەت دوژمندا هەڵدەسوڕێن و دەبنە سیخوڕێکی بابەتیانە بۆی؟ بێگومان بە هیچ گووتەیەك ناتوانن ئەم کردەوانەتان ڕوون بکەنەوە. تەنها ئەوەیە کە لە بێ چارەییەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕاوەستەیەکی پڕ شوورەییە. پێم دەڵێن بەم قسانە ئەوانەی سەرکردایەتیتان بۆ دەکەن لێمان دەتەکنەوە، بابتەکنەوە. ئەگەر نیوەشیان لێمان بتەکێتەوە بە لامەوە گرنگ نییە، دەڵێم سەرکەوتنێکە بۆ من.

Scanned by CamScanner

دیسانەوە دەڵێم: بە ئەندازەی گلگامێش هەڤاڵێتیەکی نەمرتان لەگەڵدا دەکەم. بۆ خۆم نایخۆم، دەیدەم کە بخورێت. ناخۆمەوە، دەیدەم کە بخورێتەوە. ناژیم و دەژێنم. لەهەمان کاتدا زۆر شتیش هەن کەلێیان خۆش نابم. من نامەوێت دەسەڵاتداریی گەورەتان بەسەرەوە بکەم. خوازیاری شتێکی وەها نیم، بە لاشمەوە جوان نییە. پاشانیش دەسەڵاتداری چی بەسەر کەسانێکدا بسەپێنم کە توانای تێگەیشتنیان نییە لێی! مەزنترین دەسەڵاتداریی باڵایی سۆز و هزر و ئیرادەیە. دەسەڵاتی من لەمانەوە دێت. ئەی ئێوە؟ کەی دەبن بە خاوەنی دەسەڵاتداریتیەکی هێژا؟

ئەوەی لای من دەرفەتی ژیانی هەیە ڕاستەکان و جوانیەکان و لە شەڕدا سەرکەوتن و لە ژیاندا عەشقە.

گەورەترین فەرمایشت ئەو ڕێسایەیە کە لە تروسکایی ڕاستەقینەی هزری سۆزێکی گەورەوە هاتووە. کەسێك کە لە ئاست خێرایی ڕووناکیدا بێت، کەسێکە کە هەموو وزە و توانایەکی خۆی بۆ ئامانج تەرخان کردووە. ئەو کەسایەتیەی ئێمە دەمانەوێت بیخوڵقێنین ئەمەیە. من لەبەرئەوە ئەمانە دەڵێم کە هەندێکتان دەیەوێت لەسەر ڕێی ئێمە بەڕێوەبچێت. دەبینم کە خوازیاریەکی زۆری هەیە بۆئەوەی لەگەڵ ئێمەدا بگاتە بە پارتی بوون و بە سوپا بوون. منیش پێناسەی ئەمەتان بە ڕوون و ئاشکرایی بۆ دادەنێم. ئەمە تەنها ڕوونکردنەوەی پێداویستیەکانە لەلایەن منەوە و بژار بۆ خۆتان دەهێڵمەوە. بە پارتی بوون و بە سوپا بوون بە زۆر ناکرێت. بیرکردنەوە و پراکتیزەکردن لە سیاسەتی ئێمەدا لە ئاست خێرایی ڕووناکیدایە. کەواتە "بیرم لێ نەکردەوە، نەم توانی قسە بکەم و پێکم نەهێنا" بە پێچەوانەی پرەنسیپی کاری سەرۆکایەتییەوە جوڵانەوەیە. لای ئێمە کاری سیاسەت و سەربازی لە ئاست خێرایی ڕووناکیدا بەڕێوەدەچێت. دوا سنوور بۆ ئەنجامدانی کاری نوێ لای ئێمە ئەمەیە. تایبەتمەندییەکی تری ڕووناکی ئەوەیە کە سووتێنەر و ڕۆشنکەرەوەیە.

ڕەنگە بڵێن: "ئەمەیان چی بوو، تا ئێستا شێوازێکی بەم ڕەنگە بۆ کار دانەنراوە و پەیڕەو نەکراوە" بەڵام شێوازی کۆیلایەتیەکیش کە لە وڵاتی ئێمەدا پەیڕەوکراوە لە هیچ جێیەکی تر پەیڕەو نەکراوە. مەگەر ئەم شێوازە بتوانێت کار لە کۆیلایەتیەکی بەم ڕەنگە بکات. چارەیەکی تری نییە. لە هەموو پەرتووکەکانی مرۆڤایەتیدا لێکۆڵینەوەم کرد و گەیشتم بەو ئەنجامەی کە تەنها ئەمە دەرمانە. ئێوەش پێویستە بە چەمکەوە پێشوازی لێ بکەن. بەگوێرەی من خولیاداری ئەمە هەرگیز ئاستەنگ ناکرێت. ئەگەر نا کەسێك کە بلێسەی نەماوە و هێز و توانای ئازادی تێدا نییە ئازادیشی نابێت و نابێتە خاوەنی بژارێکیش. بێگومان پێویستە بە خێرایی ڕووناکی ڕابکەن و لە ژێر تینی سوتێنەرانەی ئەودا بژین. ئایا لەبەرئەوەی بژاری ئێمە ئەمەیە تاوانبارین؟ نەخێر بەڵکو کامەیان زۆد

پێویست بووە ئەوەمان کردووە و ئەوەتا دەشبێت. بە پێچەوانەوە نەژیان و نەشەڕ مەیسەر دەکرێت. دوژمن لە سەنگەری خۆیەوە وا تێگەیشتووە کە بەو تەکنیکە بەهێزەی لە دەستیدایە و بەو فەرمایشت و یاسایانەیەوە کە بێ پایان و بێ هاوشان و شکۆدار و نەبەزیو دەیان بینێت دەتوانێت لە هێرشەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

بە شێوەیەکی فەرمی و پراکتیکی ٢٥ ساڵ تێپەڕدەبێت. ناڵێم تا ئێستا جددیانە دوژمنم هەڵ نەسەنگاندووە، بەڵکو جددیانە هەڵم سەنگاندووە، بەلام لەسەر ئەو بنەمایە نا کە گوایە هێزێکی نەبەز بێت و کەس نەتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوە. بۆ ئەوەی دوژمن دەستگیرم نەکات هەمیشە لە ڕەوشی ڕاکردندام.

هیچ کاتێك دوژمن ناتوانێت بە من بگاتەوە یاخود بە شێوازە لێدانەکانی خۆی بم پێکێت. هەرگیز ئەو دەرفەتە نادەمە دەستی.

ئەو دوژمنەی کە هەر چیەك بێت ئێوە جددیانە نایبینن و هەڵیناسەنگێنن من جددیانە هەڵی دەسەنگێنم. وا هەست بە هەناسەکانی دەکەم کە هەمیشە لە پشت ملمەوە بێت و ڕاناوەستم. ئەی ئێوە؟ هێندەی نەماوە دوژمن بێتە ناو چاوتانەوە، کەچی نایبینن. من دوژمن لە هەر جێگایەك بێت بەدیدەکەم و هەر لە وێشدا ڕای دەوەستێنم. ئەمە پێویستیەکی شەڕکردنە. شتێکی دیکەیش دەکەم ئەویش خەباتێکە کە قازانج و دەسکەوتی هەیە. لەم واتایەدا ئێوە نە دوژمن دەبینن و نە بۆ کارێك کە قازانج و دەسکەوتێکی هەبێت بڕواتان بە خۆتانە.

لە کاتێکدا ئێوە لەسەر چیاکانی ئازادین و لەناو یەکینە هەرە باوەڕپێکراوەکانی فیدایان و چەکی باشیشتان لەبەر دەستدایە. کەواتە چی ماوەتەوە؟ ماوەتەوە کەسایەتیەك کە قازانج بەدەست دێنێت. بۆیە من بێ وێنە پابەندم بە فەلسەفەی: "براوە بە بۆ ژیان و بژی بۆ بردنەوە"

لە ڕێی بیرکردنەوەوە هەموو کارەکانی ژیان قازانج بکە. بەرامبەر بە دوژمن لە پلانی چالاکیدا قازانجی ڕێکخستن دەستەبەر بکە. پێداویستیەکان پێکبهێنە و پاشان بچۆرە نێو شەڕەوە. ئەو کاتە دەتوانیت بژیت. یەکانگیرکردنی ژیان و شەڕ لەگەڵ دەسکەوتندا تەنها ڕێگایە لەبەردەمماندا. دوژمن تەنها لە بەرەیەکەوە یا هەر لە سەنگەری بەرامبەرەوە نایەت. هەڵبەتە پێویستە بەم شێوەیەشیان ـ کە ئێوە هەر بەم ڕەنگەیان دوژمن دەبینن ـ جددیانە دوژمن هەڵسەنگێنن. دەکرێت تەگبیری بچووکترین شتیش بکەن و لە شاخەکاندا بچنە جێگایەکی وەها کە دوژمن نەتوانێت بە ئاسانی بێتە ئەوێ. چیاکان چاکترین سەنگەریان بۆ شەڕی بەرە تێدایە. هێندەی چۆلەکەیەك مێشك لە سەرتاندا هەبێت دەتوانن ئەمەیان بکەن. ئەوەی ئێوە نایکەن ئەوەیە کە لەوێ لە پێناو ئەنجام گیرکردنی کاردا ئەو کەسایەتیە ژێر بخەن کە بە دەستی دوژمن ڕووخێنراوە و ڕێسا و

ڕێکخستنێك ئامادە بکەن کە دوژمن ژێر دەخات. ئەمانەی ئێوە دەیکەن ناکرێت بە مافێکی ژیان و شێوازێکی تێکۆشەرانەی شەڕ دابنرێت.

لەگەڵ هەر نەورۆزێکدا بیرم کردۆتەوە و گووتومە ئەم گەنج و ملیتانانە دەچنە شاخ و پاشان دوژمن دەبڕیننەوە. دوای ئەوەی کە ئەمانە لە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا پەرینەوە ئەوبەری ئاوەکە ئیدی هەموو شتێکمان تەواو کردووە. هیچ کاتێك نەمویستووە تیۆری و پەیڕەوی ناوخۆ و دەستووری بەڕێوەبەرایەتی بۆ بنووسم، چونکە دەمگووت خۆی لە خۆیدا زمانی چیا هەموو کەسێك دەدوێنێ و ڕێی شەڕکردنی پێ پیشان دەدات.

لە یادمە لە نەورۆزی ١٩٨٥ دا هەڤاڵی خۆشەویست کە لە هەڤاڵیش زیاترە بۆم، ئەو کەسەی کە زۆر حەزم بە کەسایەتی ئەو دەکرد؛ هەڤاڵ عەگید[1] هەندێك شتی پێ گووتم. ئەو کاتە پێکەوە بووین و گفتوگۆمان لەسەر نەورۆز دەکرد. هەموو هەوڵێکمان خستبووە گەڕ کە نەورۆزی ساڵی ٨٥ بکەوێتە دەست خۆمان. لە قسەکانیدا باسی کەسانێکی دزی سەر شۆڕ، کەسانێکی گوندی تەڵەکەباز، کەسانێك کە دڵیان ڕەش بۆتەوە، دوژمنانی هەڤاڵێتی و کادرانێکی بۆ کردم کە خۆیان پەروەردە ناکەن. لە ڕاستیدا ئەوەی لە دوای هەڤاڵ عەگیدەوە تا ئێستا لە گۆڕەپانی وڵاتدا بەرۆکیان بەرنەداوین هەر ئەمانەن. وەك دەزانن هەڤاڵ عەگید لە شەوی ٢٨/٢٧ ی مانگی ئاداردا شەهید بوو. پێش ئەوەی شەهید ببێت ئەمانەی پێ گووتم: "یەکەم/ پێویستە پێش هەموو شتێك دەرفەت نەدەین کە لەناو پارتدا تەڵەکەبازی گوندێتی خۆی بژێنێت. دووەم/ پێویستە کادرانمان زۆر باش پەروەردە بکەین ئەگەر نا قەڵەمبازی ١٥ ی ئاب بەرەو نشوستی دەبەن"

وشە بە وشەی قسەکانی ڕاست دەرچوو. بۆیە ئەگەری هەیە دەستی خیانەت لە ناوبردبێت. ئەو کەسانەی لە دەوری بوون لێی تێنەگەیشتن و دواتر شەڕ تێکچوو. ئەوانەی دەیانتوانی هەموو شتێك بکەن ئاوەها لەدەستمان چوون. ئەوەی لە گۆڕێشدا ماوەتەوە دزێکن بۆ خۆیان. زۆربەتان لە کەسایەتی بە "ژان"یدا زۆرێك لەمانەی هەڵگرتووە. فەرماندارێکە و فەرمانداری و یەکینەی خۆی بەرەو سەرکەوتن نابات، بە پێچەوانەوە بەرەو مردنێکی خراپ بە ڕێی دەکات. لە جیاتی ئەوەی دەرفەتی ژیان بۆ هەڤاڵەکانی بخولقێنێت لەسەر خوێنی هەڤاڵەکەی خۆی دەژێنێت. پێتان وایە ئەوانەی کە بەم ڕەنگە تێگەیشتوون ژمارەیان کەمە؟ تەنانەت گفتوگۆکردن لەسەریان چەند ناخۆش و زەحمەتە بۆم!

چەند شایستە بە خۆتانی دەبینن لەسەر شێوازی شەڕی شاگردەکانی "زەکی فەرماندار" بژین کە گەریلا و سوپایان پێ وێرانکردووە! سەرباری ئەوەی لەگەڵ دەرفەتی

[1] مەبەست لە "مەعسوم کورکماز"ە کە ئەرکی گەورەی لە قەڵەمبازی ١٥ ی ئابی ١٩٨٥ ی سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی چەکداریدا گرتووەتە سەر شان و لە ساڵی ١٩٨٦دا شەهید دەبێت.

Scanned by CamScanner

گەورەی وەك چیادا یەکانگیر بوونەتەوە، ئەگەر نابن بە ئیرادەیەکی وەك "عەگید" یاخود ئیرادەی هەموو شەهیدان پێشێل دەکەن ناڵێم خیانەتکارن بەڵکو ڕاستیەکی بەهەژمەت و تاڵتانە. کەوایە وازبهێنن مەچن بۆ شەڕ...

عەگید و زیلان...

عەگید گەریلایەکی ڕاستەقینەیە و سۆز و گووتە قەشەنگەکانی فەرمایشتن بۆمان. زیلانیش بەهەمان شێوە. گووتە ئاڵتوونیەکانی فەرمایشتن بۆ ئێمە. هەردووکیان نموونەی کەسایەتیەکی ڕاستن. گرنگ ئەوە نییە کە زۆرینە لەگەڵیاندا سەرکەوتوو بووبێت، گرنگ ئەوەیە ئەگەر بە تەنهاش بووبن کەسایەتیەکی سەرکەوتوون. ئەرکی ئێمەش ئەوەیە کە ئەمە لە زۆرینەدا جێگیر بکەین. ئەرکی سەر شانی هەموو کچ و کوڕێکی گەنجی خوێن گەرمە و پێویستە بەجێی بگەیەنێت. بەدەر لەمە بە هیچ شێوەیەکی تر ناتوانن بێنە ناو ئەم سوپایەوە. ئەم دوو ناوە سوێندی ئەم سوپایەن. ئەگەر لە تواناتاندایە بۆ بەجێگەیاندنی پێداویستیەکان سوێند بخۆن و خوازیارن کاری سوپا بکەن ئیدی پێویستە لەمانە تێبگەن. لەم بارەیەوە باسم لە هەموو کارێکی پارت کردووە بۆتان.

مەزلۆم[1] واتا پارت. جگە لەمە ئەم پارتە خاوەنی "کەمال و خەیری[2] و حەقی[3] و بە هەزاران شەهیدی دیکە"یە. ئەوان ملیتانن و منیش وتەبێژیانم.

دیار نییە سبەینێ چ کەسێك دەبم، بەڵام هەتا ئێستا وتەبێژی ئەوان بووم. ئافرەتانی سوپامان زیلانن و پیاوانیشی عەگیدن. ئەوان یەکەمین هەنگاون، ئێمەش هەنگاوەکانی دوای ئەوانین یاخود پێکەوە هەنگاوەکانی دوای ئەوان دەنێین.

من لەو باوەڕەدام کە ئەمە هێندە پەروەردە و تیۆری ناوێت، بەڵکو هەنگاوی بە پێوانی لە دڵ و زهنێکی کراوەوە دەوێت. نموونەی زیلانتان لەبەردەمدایە. هەڤاڵێکی نوێ بوو کەچی چەند بێ کەموکورتی چالاکیەکەی خۆی ڕێکخست. عەگیدیش لە وشەکانیدا یەك هەڵە چییە نەیکرد. دەتوانین بڵێین کوشتیان. ڕەنگە لاوازی هەبووبێت، چونکە فەرماندارێکی گەریلا نابێت بە ئاسانی بمرێت. کەچی ئەمە بۆ عەگید ڕوویدا. ئەوانەی ماونەتەوە وەك سەرباز و وتەبێژ با کار بکەن. بۆ ڕۆژێکی وەها نەبن بۆچین؟ پێویستە ئەوەی ماوە تەواوی بکەن. هەڵبەتە ئەمە لە وەسێتێك زیاتر فەرمایشتێکە.

---

[1] "مەزلوم دۆغان" یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری PKK و لە کودەتای ١٩٨٢ دا لە تورکیا دەستگیردەکرێت و دواجار لە نەورۆزی ١٩٨٢ دا وەك بەرخۆدانیەك خۆی دەسوتێنێت.

[2] "محمد خەیری دورمش" و "کەمال پیر کە بەرەگەز تورك بووە"، ئەندامی دەستەی دامەزراندنی PKK بوون و لە کودەتای ١٩٨٢ دا لە تورکیا دەستگیر دەکرێن و لە زیندانی دیاربەکردا وەك بەرخۆدانیەك لە مانگرتنی هەتا مردندا شەهید دەبن.

[3] یەکێك بووە لە ئەندامانی گروپی سەرەتایی ئاپۆچیێتی کە بەرەگەز تورك بووەو پێش لە دامەزراندنی فەرمی PKK بە پیلانگێڕیەك لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە شەهید دەکرێت و لە تۆڵەی ئەودا PKK دادەمەزرێنرێت.

Scanned by CamScanner

پێویستە نەورۆزی ٢٥ هەمین ساڵمان بۆ PKK و سوپا بکەینە نەورۆزی بەڵێنێك. بە ڕەهاییەوە دەبێت ڕاست لەم بەڵێنە تێبگەن و ڕێگای بەڵێنشکێنی بە هیچ کەسێك نەدەن. بە ڕاستیش ئەرکێکی تر هەیە لە بە جددی گرتنەدەستی گەلەکەمان و پابەندبوون بەم شەهیدە مەزنانەوە گەورەتر بێت؟

ڕقی ئێمە بەرامبەر بە دوژمن، خیانەتکاران، بەکرێگیراوان و گێرەشێوێنەکانی ناو خۆمانە. هەر ئەمەشە کە وەڵامی پێویست بۆ پابەند بوون و بە پارتبوونێکی ڕاستەقینەو بە سوپابوونێکی کارا دەهێنێت. هەرگیز مەبەستم لە شێوازێکی ڕواڵەتیانە نییە و شتێکی وەها ناسەپێنم. پێویستە بوون بە سەرباز و کەسایەتیەکی سەر بە پارتی ئەم قارەمانانە بە کاری شەرەف بزانن بۆ خۆتان. لە دەرەوەی ئەمە هیچ شتێکی تر نییە بتانرژێنێت و ڕزگارتان بکات. ئەگەر بتانرژێنێت تەنها و تەنها وەك خیانەتکار و جەلاد و کرێگرتەیەك دەتانرژێنێت. دەچن ئەمەیان پەسەند دەکەن؟ پێویستە بڵێن هەرگیز. دوای ئەوەش ڕاستەکەیان دەمێنێتەوە. هەروەها وەك گوندییەك بەشی ڕۆژێك کارکردن و ژیانێکی ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە هێندەی ئەمە مەترسیدارە. کەسانی بەم ڕەنگە زۆرن لەناوماندا. وەك بڵێی کۆمیتەی ناوەندی پارت و فەرماندارانی ناوین بە ئەندامانیشەوە هەموویان لێ داگیرکردووین.

ئەم گوندییە کە پێی وایە "ڕۆژێکی خۆی ڕزگار کردووە" ڕسواترین گوندیی جیهانی ئەمڕۆیە. ڕەنجدەرێکی هەرە سك برسیە. ئەمە پێچەوانەی PKK و سوپای PKK یە. بە تەواوەتی بە پێچەوانەی منەوەیە. پەسەندی ناکەم، بە چەوتی دەزانم و مەترسیدارە. گوایە بە چەمکێکی گوندێتی نامووس و کەرامەتیان دەپارێزن، بەڵام کەسایەتی گوندی لە شۆڕشدا نوێنەری کۆمەڵگایەکە کە بە هەموو جۆرێك بێ نامووسی تەشەنەی تێدا کردووە. تاقیبکەنەوەو بە ڕوانگەیەکی ئازادەوە بە هەموو جیهاندا بگەڕێن دەبینن کە ئەم گوندیە داماوترین کەسی ئەم جیهانەیە. لەناو ئێمەشدا نوێنەرایەتی کردنی ئەمە بێ واتایە، چونکە خوڵقکارانە پابەندی هیچ کام لە ڕێساکان نابێت و هەر باسی لە "من منی" یە. لە ڕاستیدا بەمە تاك و تەنهایی خۆی دەکاتە جێی باس. گوایە تایبەتێتی و خوڵقکاری ئاوێتە بە ئازادی دەکات. هەرچی خوڵقکاری و داستانێك کە دەبێت بیاننووسین هەڵیدەگێڕێتەوە بۆ کۆمیدیایەك. پێویستە دەستبەرداری ئەم ئارەزوو و شێوازە بەناو شێوازی ژیانە ببن.

هێشتا هەندێك کە ٢٥ ساڵە لە ناوماندان دەڵێن کە قووڵنەبووینەتەوە. ئەی زیلان کە تەنها ساڵێك بوو هاتبووە ناومان چۆن قووڵبووەوە؟ عەگید لە شەڕدا ئەزموونێکی ٢٥ ساڵەی نەبوو. تەنها دوو ساڵ بوو دەستی پێکردبوو، بەڵام چۆن قووڵبوونەوەیەکی هەبوو! هەموو ئەوانەی نووسیویەتی تەواو یاداشتەکانی گەریلایەکە. لە زەحمەتترین شەڕدا هەرچیەکی کردووە پراکتیزەکردنی گەریلایە. کەواتە ئەمە زۆر پەیوەندی بە

Scanned by CamScanner

پەروەردە و قووڵبوونەوەوە نییە. پەیوەندی بە دروستی، بڕیاردان، بە دڵ و گیان و سۆزێکی بەرزەوە کارکردن و پابەندیەکی ئارەزوومەندانەوە هەیە. بەم پەروەردەو ئەزموونە بێت کە هەیە دەبوو هەزار قاتی زیلان و عەگید ڕۆڵتان بگێڕایە.

خۆی لە خۆیدا ئەوان بوونەتە بانگەوازێك بۆمان. پێویستە بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە بچن و بەم ڕەنگە لە پابەندی PKK بە شەهیدانیەوە تێبگەن. دوا هەناسەی هەموو ئەو جەنگاوەرانەی کە هەق نەبوو بەو ڕەنگە ماڵئاوایی بکەن و بە هۆی شێوازی فەماندارانیانەوە وەهایان بەسەر هات هەر یەکەیان فەرمایشتێکە. هەر کەسێك ئەمە بە مۆخیدا نەچێتە خوارێ نابێت بە فەرماندار.

ئێوە تەنها بۆ یەك شت بوون بە PKK یی ئەویش ئەوەیە کە لە پێشەوە پێناسەم کرد. لە پێناو بنەمای ئایدیۆلۆژی و ڕێبازی سیاسی و هەڤاڵێتی گیانی بە گیانیدا بە PKK یتان دەناسین و هەر لەم پێناوەشدا کراون بە نوێنەر و دەستەی کارگێڕی هەرێمەکانی PKK. ئەگەر نا لەبەرخاتری ئەوە نییە کە ڕەمەکە هەرزانەکانتان بژێنن. پەیمانێکی بەم جۆرەمان لەگەڵتاندا نەبەستووە. بۆچی دەبن بە درۆزنێك؟ کێ پێی گووتون کە دەکرێت لەناو PKK دا بەم جۆرە بژین؟ لە کوێتان هێناوە؟ ئاشکرا بوو کە دوژمن ژیانێکی وەهای دەوێت. کەواتە ئەمە بینینی ڕۆڵی دوژمنە لەناو پارتدا و هەرگیز PKK یی بوون نییە.

من کوشتنی ئاسان ناگرمەبەر. ڕەنگە کوشتنێکی ئاسان بۆ ساتێك سوکنایی بە مرۆڤ بدات. من لەگەڵ دوژمندا زۆرانبازیەکی بەم ڕەنگە هەڵنابژێرم. ستالین وەهای کرد و بە هەزارانی تری وەك ستالینیش دەرکەوتن بەڵام ئێستا کەس نازانێت کە گۆڕیشیان لە کوێیە. من نامەوێت وەك ئەو بکەم. ئەگەر لە پای ئەمە دوژمن بشمکوژێت واتایەکی خۆی هەیە، بەڵام لەلایەن منەوە پەیڕەوکردنی کوشتنێکی ئاسان لەسەر ئەوان زۆر واتادار نییە. ئەو کەسانەش ئاگادار دەکەمەوە کە دەیانەوێت بەو شێوەیە بکەن و هەروەهاش لە نێو پارتدا بمێننەوە.

زۆرم لەسەرتان نییە. ئەمانەی دەشێلێم بۆ ئەوەیە کە بتوانن ژیانێك بەو شتانەوە دەستەبەر بکەن کە خولقاندوومن. ئەگەر بپرسن ئەو خۆپەرستە کێیە کە لە جیهاندا هاوتایەکی تری نییە؟ ئەو کاتە بە خۆتان دەڵێن کە خۆمم. تەواوی ڕەنجەکانم پێشکەش بە ئێوە دەکەم و هەموویان بەهای ژیانین. لە بەرامبەر بەمەدا شێوازی ئێوە لە شێوازی لز و قەرەج دەچێت — بێگومان لەگەڵ ڕێزمدا بۆ شێوازی ڕەنجی قەرەجەکان — لە کاتێکدا ڕێگای ڕاستی ژیان هەیە سەرکێشی کردنتان بۆ ئەمانە بێ واتایە. دەتوانن لە ژیاندا بە هاوبەشی هەڤاڵێتی و ڕێساکانی ڕێکخستن گفتوگۆ لەسەر تاکتیك بکەن. ئەگەر پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاویش بکەنە جێی باس ئێمە لەم بارەیەشیانەوە عەشق

Scanned by CamScanner

دەخولقێنین. ئیدی لەمە گەورەتر دەبێت؟ هەرگیز بووە شێوازی دوژمن لەم بارەیەوە ببێتە شێوازی ژیانی ئێمە؟ ئەمە دەبێتە شتێکی پەسەند کراو؟!

شەڕی ئێمە بۆ عەشقێکی گەورەیە.

بۆچی دەبێت لەمە تێنەگەن؟ ئافرەت و پیاو هەردووکیان وەك ڕەگەز ڕووخاون. ئایا شتێکی زۆر مەترسیدار نییە کە هەردوو ڕەگەز بەگوێرەی ئەو شێوازە بدوێن کە لە ژیانی کۆندا بۆیان داناون و بە سەرتاندا سەپاندوویانە؟ هەر ئەوە نییە کە کۆمەڵگاکەمانی لە شەقڵی کۆمەڵگا دەرخستووە؟ هەر ئەوە نییە کە کردوونی بە بێ چارەترین کەسی ئەم جیهانە؟ بەڵێ وەهایە کەواتە شتێك کە دزێو بێت و هەرەسێك لە کەسایەتیتاندا دروست بکات و بەهێزتان نەکات لە خۆتان دووری بخەنەوە. ئێوە هێشتا باش یەکتر ناناسن، پابەند نین بە خاکی دایکەوە و خۆتان نەسەلماندووە. کەواتە چۆن باس لە پەیوەندی دەکەن؟ کێتان کێ لە کێ دەدزێت؟

باس لە کام عەشق و خۆشەویستی دەکەن؟

کەسێك کە پابەندی خاکی دایك نەبێت، هێشتا دوو زەبری لە دوژمن نەدابێت، ڕقی برامبەر بە دوژمنەکەی، خۆشەویستی خۆی بۆ هەڤاڵەکەی هەڵنەڕشتبێت و دیار نەبێت کە سبەینێ دەبێت بە چی، چۆن بە یەك گەیشتن و بە یەك شادبوون بەدەست دێنێت؟ یاخود کەسایەتیەکی وەها چۆن یەکێکی تر لە ئامێز بگرێت؟ چۆن دەبێتە خاوەنی خۆشەویستی و ڕەگەز و سێکس؟ ئیدی بەسە ئەم گەمەیەو لە کەسایەتیتاندا هەڵیوەشێننەوە.

جێگایەك کە مێرخاسی و عەگیدی هەبێت لەوێ پەیوەندی و خۆشەویستی و عەشق بەدیدێت. هەر جێگایەك ئەمانەی لێ نەبێت هەموو شتێکی ڕەهەندی ئافرەت و پیاو نەك هەر حەرامە بەڵکو سیخوڕی دەبێت. بۆیە لە بارەی هەڤاڵێتیەوە هەم لە ناوخۆی پارتدا و هەم بەتایبەت لەناو سوپادا هەستیار بن و تکایە لەوە تێبگەن کە گەورەترین شەڕ و ژیان لە شەڕکردن بۆ شێوازی ژیاندایە.

لە ئیسلامیەتیشدا گەورەترین شەڕ بەرامبەر بە نەفس کراوە. کێ گەورەترین شەڕی لەم بارەیەوە لەگەڵ خۆیدا کردبێت، دەتوانێت ببێت بە جەنگاوەرێکی گەورە و بە دوای خۆیدا ڕێگا بۆ لێشاوی ئازادی خۆش بکات. کەواتە ئەم شەڕە ناونیشانی مردنێکی هەرزان نییە، بەڵکو پردێکی تۆکمەی پەڕینەوەیە بۆ ژیانێکی ئازاد. ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو بن بە ژیانێکی ئازاد دەگەین. هەر لەم پێناوەشدا چیمان هەبوو بەختمان کرد. وەك بۆم باسکردن تەنها وشەکیش نەبوو کە نێوبەندیەکمان لەگەڵ ئەو ژیانەدا بۆ بکات. ئێمە خولقاندمان و پێشکەش بە ئێوەی دەکەین.

بە پارت بوون لە پێناو بە سوپابوونێکی مەزندایە.

Scanned by CamScanner

هەرچی بە سوپابوونیشە لە پێناو بردنەوەی گەورە و نەدۆڕاندایە. هەموو ئەمانە بۆ نوێنەرایەتی کردن و دووبارە کردنـەوەی ئـەو عەشقی ژیانەیە کە لە جەنگاوەرانی ئـەم خاکە لە یادکراوانەدا هەبووە. منیش نوێنەرێکی دڵ نزمی ئەمەم. خۆم هەڵناکێشم، بەڵام بۆ منیش بواری ژیانێکی دیکە هەیە. گرنگ ئەوەیە لە جوانەکەیان تێبگەم. ئەوەی تریان کە لە کۆمەڵگا کۆتایی پێهاتوو و وشك کراوەکەماندا بـە دەسـتی دوژمـن بونیـادنراوە مـن پێی ناڵێم پێوانەیە. چونکە ئەوەشی تێدا بەدیناکەم. بۆیە هەوڵ و کۆششەکانم لە پێنـاو ڕێساکانی ئازادیدا گرنگ و پێویستن. کۆمەڵگا هیچ شتێکی نـەبوو بمانـداتێ، دەبوو خـۆم شتێك بدەمە خۆم. هەروەك بە بەرچاویشەوەیە ئەوەشیانم بۆ خۆم نەکردووە هەرگیز تاك پەرستیەکی ترسناك لە خۆمدا شك نابەم.

هیچ کەسێك نەیتوانیوە کە ڕاستیەکی هێندە پارچە پارچـەو پەرتـەوازە بـەم ڕەنگـە یەکبخاتەوە. ئەو گەلەی کە هیچ شەقڵێکی گەلی پێوە نەما بوو بە شـەرمەوە نـاوی خـۆی دەهێنایـە زمـان، کاتێـك دەیهێنایـە زمـانیش خـراپتر دەبـووە جێـی شـەرم، ئـەمڕۆ گەیاندوومانە بە ئاستی سەربەرزی و شانازی. کردوومانە بە گەلێك کە شۆڕش بـەرپابکات و دەستە و گروپی ئەو کەسانەمان لێ دروست کرد کە بتوانن بڵێن ئێمە شۆڕشگێڕین.

ساڵانی تەمەنم ساڵانێکی سامناك و بێ ئامانە. بۆ خۆ هەڵکێشان ئەمـە نـاڵێم، بـەڵکو بۆئـەوەی بناسـرێت و لێـی تێبگـەن دەیڵێـیم. ئـەم سـاڵانە سـاڵانێکی تـەرخانکراوە بـۆ ئاواکردنی وڵاتی گەلێك و ئازادی مەزنی ئەو. مـن لـەم سـاڵانە هەڵدەهێنجم و دەیدەم بە ئێـوە و دەڵـێم: "ئێـوەش پێداویـستیەکانی گـەل بەجێبگەیـەنن" بانگـەوازێکی باشـە و پێویست ناکات پێی تەنگەزار ببن.

تاك و تەنها مامەوە و تەنهاییەکی بێ وێنەم چەشت، بـەڵام نەترسـام و گووتم ئەمە تەنهاییەکی پرشنگدار و بە شکۆیە. ئێستا باشتر لە تەنهایی ئەم وڵاتە ونبووە و ئەو گەلە تێدەگەم کە لە مێژە خۆیی لەبیرچۆتەوە. من لەگەڵ ئەمـەدا دروست بووم. ئیدی چەند جوانە کە هێندەی وڵات و گەلەکەم تەنها و بێ کەسم!

ئەگـەر ئـەم گەلـە هـەبوونێکی هـەبێت، ئـەوا مـن بـە ئـەوەوە و ئـەویش بـە مـن و دۆستەکانیەوە بە دەسـتی دەهێنێـت. ئەگـەر خۆمـان لـە تـەنهایی ڕزگار بکەین ئەوا بە دۆستی ساختە و هاوڕێبازەکانی ئەوانەوە نا، بەڵکو بە پێکەوەیی لەگەڵ مرۆڤایەتی و بە هەڤاڵێتیەکی یەکسان و ئازادی وەهاوە دەبێت، کە هاوبەشی هەموو هەست و سۆز، ئێش و ئازار، خۆشی و ناخۆشیەکانی تێدا بکرێت. بـە هـەمان شێوە دەکرێت لەسـەر هـەمان بنەما تەنهایی بیر و ئیرادەشمان تێپەڕێنین.

بۆچی پەیوەندییەکی پێڕپێڕی لەگەڵ کەسانی دیکە ببەستم؟ بۆچی کە دۆست نـەبن تا دواڕادە پابەندیان بم؟ بۆچی بە گریان و نوزەنوز پابەندیی خۆم بۆ گـەلێك پیشانبدەم

Scanned by CamScanner

کە ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات؟ لە جیاتی ئەوەی بەو ڕەنگە بێت بە تەنها دەژیم و بەردەوام هەرواشم کردووە. ئەمەش ڕاست و جوان بوو. بێ هیچ زیادەڕۆییەک دەڵێم ئەوەی پێویستی دەکرد کرا. مرۆڤایەتیش لە داهاتوودا بۆی دەردەکەوێت کە وەک پێویستی دەکرد کۆشش بۆ ژیان کراوە و هێنانە سەر ڕێگای ئەو ژیانە بەدیهێنراوە. لەم واتایەدا سەکەوتووین. ماوەتەوە هەر کەسێک خشتێک هەڵبگرێت و تا جێی بیناکەی بەرێت. بناغەی نەخشەکەمان داناوە، چینی دیوارەکانیشمان تا بنمیچ بەرزکردۆتەوە. ئەوەی ماوەتەوە ڕێکخستنی وردەکاریەکانی ماڵەکەیە. لەم واتایەدا بناغەی وڵاتمان داناوە، بیناکەشیمان بەرزکردۆتەوە و تەنانەت ساپیتەشمان تێکردووە.

ئیدی هاتووینەتە سەر ئەوەی وەک گەلێکی ئازاد لەم وڵاتەدا بژین. بە ڕەهاییەوە پێویستە ئەم ماڵە برازێنرێتەوە و خاوەنداری لە بەهاکانتان بکەن. ئێرەی جێی شەهیدە، ئەوێ جێی جوانییە و ژیانیش لێرە بەپێی ئەم ڕێسایە دەبێت. ئەگەر دزێک یان خیانەتکارێک هاتە ناوی بەم ڕەنگە بەرەنگاری دەبینەوە. واتا لە ڕۆحیەوە تا هزری، لە یاسایەوە تا سیاسەتی هەموو شتێکی دەستنیشان کراوە.

ئەمە بە بیرکردنەوەی بەردەوام و سەرئێشاندن بە ژیانەوە بەدی هاتووە. تەواوی مرۆڤایەتی هاوچەرخ بەم شێوەیە دەکات، چونکە خۆشترین خواردنیش بێت کە شەویلگەتی باش بۆ نەجوڵێنیت تام و چێژی لێ نابینیت و بە دڵتەوە نانووسێت. بە هەمان شێوە کە ژیانێکی ئازاد هێندە نزیک بێت، خوانی ئازادی دانرابێت و ئامادە بێت کە بخورێت، شوورەیی دەبێت کە هێشتا بڵێین نازانین بژین. هەموو شتێکی ئەم ماڵە؛ خوانەکەی و تەواوی جوانیەکانیشی جێبەجێکراوەو ئامادەیە. ئەوەی کە دەکەوێتە سەر شانی ئێوە ئەوەیە کە خاوەنداریی بکەن و ئەوەی ماوە تەواوی بکەن. ئەمە ئەرکێکە کە شوانێکی سەر ئەو شاخانەش دەتوانێت پێکی بهێنێت. ئێوەش ملیتانن، پێویستە پارت و سوپاو گەل حەقیان چەندە بێت بەریان بکەوێت، دوژمنیش حەقی خۆی بدرێتێ و ئێوەش چەندتان بەردەکەوێت ئەوە وەربگرن.

ئەمە سۆسیالیزمە و بە ئەندازەی ڕابردوو داهاتووی مرۆڤایەتییە.

١٩٩٨/٣/٢١

Scanned by CamScanner

## تیشکۆکانی هۆشیاری

"سەما یوجە"[١] ئەو ئافرەتە ملیتانە هێژایەی کە لە شەوی نەورۆزدا لە دژی ئەو کەسایەتیە نەفرەت لێکراوەی دەستی لەگەڵ دوژمن تێکەڵ کردووە و نۆکەرایەتی کردووە، خۆی دەسوتێنێت و دوای خۆڕاگری و تێکۆشانێکی دەمدرێژ لە ١٧ ی حوزەیراندا دوا هەناسەی پاکی دەسپێرێت. بۆیە ئەمە چالاکیەکی قارەمانانەیە. هەر بە دوای ئەودا هەڤاڵ "فیکری بایکەلدی"[٢] یش وەك پابەندیەك بە یادەوەری ئەم هەڤاڵەوە چالاکیەکی بە هەمان شێوەی کرد و خاوەنداری لە هەڤاڵ سەما کرد. بێگومان چالاکیەکن کە پێویستە وانەیان لێوەربگیرێت و قووڵبوونەوەیان لەسەر بکرێت. هەردوو هەڤاڵ بە ویست و ئیرادەی خۆیان خۆیان لەناو ئاگردا سووتاند. ئێمە ئەمە وەها لێك دەدەینەوە کە لە کەسایەتی خۆیاندا بە تینی ئاگر بەهێزی و بێ هێزی، پاکی و پیسیان لێك بژارکردووە و جیایان کردوونەتەوە. دەکرێت بەمە بڵێن خۆیان یەکلایی کردۆتەوە.

ئێمە لە نزیکەوە کەسایەتی "سەما" مان ناسی.

ئەوەبوو ماوەیەك بۆ پەروەردە هاتە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. بڕوا دەکەم ئەو کاتە نازناوی "سەرهەڵدان" ی هەبوو. هەمیشە ڕۆحێکی سەرهەڵدانی پێوە دیار بوو. کەسێك

---

١ خەڵکی سەرحەدی ناوچەی باکوری کوردستانە. ساڵی ١٩٩٠ بەشداری رەفەکانی گەریلا بووە. ١٩٩٢ دەچێتە ئەکادیمیای سوریا و هەر هەمان ساڵ دوای گەڕانەوەی بۆ کاروخەبات لەتورکیا دەستگیر دەکرێت و لە زیندانی چانکایا لە ساڵی ١٩٩٨ دا وەك چالاکیەك ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و شەهید دەبێت.

Scanned by CamScanner

بوو ملکەچی پەسەند نەدەکرد، سەری هەڵدەبڕی و دەیویست لەگەڵ تێپەڕ بوونی کاتدا ببێت بە کەسایەتیەکی واتادار. گەلێك نامەو لێکدانەوەی چڕوپڕیشی هەیە.

سەما بە شێوازی خۆی کەسایەتیەکی هاوشێوەی زیلانـە. لایـەنی بـەهێز و جوان لە چالاکیەکەیدا زۆرن. کاردانەوە و تووڕەییەکی زۆری بەرامبەر بە کەموکورتیەکانی ناوخۆی ڕێکخستن هەیـە. کاردانـەوەی بەرامبـەر بـە دوژمـن و خیانـەتکاران ناکۆتایـە. تەنانـەت کاردانەوەش تێپەڕدەکات و بـەردەوام شـەڕ دەکـات. ئـەم تێکۆشـانەی لـە مـاوەی ژیانی زیندانیدا گرنگیەکی زیاتر لە خۆوە دەگرێت. لەو بڕوایەدام بۆئـەوەی کە ژیانی ئەویٚ لە ژیانێکی هەڕەمەکی ڕزگار بکات زۆر هەمگیرانـە ژیـاوە. بۆیـە تـەنها ئـەوە بـەس نییە کە بلێین چەندە خۆڕاگر بووە، بـەڵکو لـەوە زیـاتر شـەڕی زۆری دژ بـەو شـێوازانە کردووە و گەیاندوویەتـە لوتکـە. لـەم واتایـەدا نموونەیـەکی بەهەنـد وەرگـیراوی بەرخۆدانـەکانی زیندانیانمانە و بیٚ هیچ دوودڵیەك وەڵامێکە بۆ پرسیاری "چۆن بژین؟"

داخوازیی: مەزن بیرکردنەوە، مەزن ژیان و ئەنجامدانی کاری مەزنی هەبووە. ناکرێت لەم بارەیەوە هیچ گومانێك لە خواستەکانی بکرێت. بە ئەندازەی ئـەوەی خولیـای مـەزنی بۆ ژیان هەیە، وەك پێویستییەکی قوربـانی دان شـەڕێکی گەورەشـی بۆ ئەمـە لەبەرچاو گرتووە و تا دواڕادە مێرخاسـی و جـوامێری خـۆی لـەم شـەڕەدا پیشان داوە. دەرفـەتی ژیانێکی هەرزان و نەخۆش و بیٚ ڕەنـج بـە خـۆی و بـە دەورووبـەری نـادات. هەمیشە لە بونیادی خۆیدا لەناو شەڕێکدایە.. لە ڕووی هۆشیاری و ڕۆشنگەریەوە لـە ئاستێکدا بووە کـە توانیویـەتی هـەموو ئـەو لاوازیانـە تێپـەڕ بکـات کـە لـە بونیـادی کۆمەڵایەتییـەوە سەرچـاوەیان گرتـووە. هـیچ گومـانی تێـدا نییـە ئەگـەر لـە دەرەوەی زینـدان بوایە ئەم شەڕەی خۆی دژوارتر، پڕ ڕەهەنـدتر، ڕێکخراوتـر و بـە شـێوازێکی گەریلایانـە دەگەیاندە ئـەنجام. نەلـە خـۆی و نەلـە چـالاکیەکەیدا هـیچ بێزاریـەك بـەدیناکرێت. بـە پێچەوانەوە تووڕەیی و کاردانەوەی بەرامبـەر بـە لێـك نەدانـەوە و بـاش بەکارنـەهێنانی دەرفەتـەکانی ئازادی هەیە. تەنانەت بەرامبەر بە خۆشی کە نەیتوانیوە تەواو ئـەم دەرفەتانە بە باشی بەکاربهێنێت هەمان کاردانەوەو تووڕەیی هەیە.

گـەورەترن تاسـە و ئـارەزووی ئـەوە بـووە کـە پـشت بـە دەسـکەوتەکانی ئـازادی دەسـکەوت بەدەسـت بهێنێـت و شـەڕ بکـات. هـەر وەك لـە ڕاسـتینەی زۆرێـك لـە شەهیدبوونەکانی تریشماندا بەدی دەکرێت، لە ڕاستینەی ئەم شەهیدبوونەشدا، بە هۆی ئەو ئێش و ئازارەی [illegible] "گـەورەیی داخـواز و بەرجەستەکردنی ئاستی ئەم

Scanned by CamScanner

گەورەییە لە ژیاندا" دروست دەبێت، ڕاستەیەکی تراژیدیی دەبێتە جێی باس. چارەسەر نەکردنی ئەم ناکۆکییە هۆکارێکی گرنگی ئەم جۆرە چالاکەییانەیە. گەورەترین ئەنجام کە ئەم چالاکییە بەدەستییبهێنن ئەوەیە کە نرخ و بەهای شەڕێک بزانن کە پشت بە دەرفەتەکانی ئازادی بەڕێوەی دەبەن و نەهێڵن بە شێوەیەکی تراژیدیان بگاتە ئەنجام. خۆی لە خۆیدا چالاکیەکەش فەرمانێکی وەهامان بە سەردا دەکات. بەهادارترین دەلاوازیش ئافراندنی زەمینێکە کە شەڕی ئازادی تێدا بکەن.

دوای ئەم چالاکیە ئەوانەی بە شێوەیەکی ڕاست لەگەڵ دەرفەتی ئازادیدا خۆیان یەکانگیر نەکردووە چیدی تێک شکاون. هەروەها سێ خاڵی گرنگ بڕیاری سزایان بە سەردا دراوە. یەکەمیان/ هەموو بڕیارێکی هەڵە، نزیکایەتی کەموکورت، نەگەیشتن بەهێزی شەڕکردن و بەکارنەهێنانی ئەو هێزەیە. دووەمیان/ سووک کردن و هەرزان کردنی شەڕ و بە جددی نەگرتنەدەستێتی. هەرچی سێهەمیشیانە/ بە نزیکایەتی سووک و نابەجێ گرتنەدەستی ژیان و وەک پێویست ڕەنج نەدانە بۆی. پارتمان و سوپا پابەندی ئەم حوکمە دەبن. پێویستە ئێوەش ئەمە لە کەسایەتی خۆتاندا وەک پرەنسیپێک بنەخشێنن. بە پێچەوانەوە هەرگیز بە پارتیزان و سەربازێکی سوپا ناژمێردێن.

سەما لە کاتێکدا ئاگرەکەی دەکوژێننەوە دەڵێت: "ئەم ئاگرە مەکوژێننەوە" فیداکاری و بوێری هەیە لەمە گەورەتر بێت؟! ئەو بە ڕووناکبیری و تیشکۆی هۆشیاریەکی هەرە بەهادارەوە ئەمە دەکات. بچووکترین بەرژەوەندی دەرهەق بە خۆی تێدا نییە. ئەگەر بێتو ئێوەش دەرفەتەکانی پارت بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەکاربهێنن ئەوا ئەم ئاگرە چۆن دوژمنی سووتاندووە ئێوەش دەسووتێنێت. هیچ کامێکتان لە دەست ئاگری ئەم ملیتانە ڕزگاری نابێت. ئاگرێکی هەروا ئاسایی نییە. ڕەنگە گەورەترین چەکتان پێداگری بوبێت لەسەر نەبوونی ئاگرێکی بەم ڕەنگە، بەڵام ئیدی ئەم ئاگرە هەیە وبە گوڕ و بڵێسەوە دەسووتێت.

ئێوە پێتان وایە ئەنجامدانی چالاکیەکی بەم شێوەیە لەلایەن ملیتانێکەوە چییە؟ پێتان وایە دەتوانن بێ شەرم لەسەر ئەم چالاکیانە خۆتان بژێنن، یان بە واتایەکی تر لەسەر یادەوەری پڕ شکۆیان دابنیشن و لە ژێر دەمامکی ئازادیدا دەروبەرتان بە درۆکانتان بخەڵەتێنن؟

هەموو ئەوانەی من دەیکەم لە پێناو ئەوەدایە کە هەندێک پاداشتی یادەوەری ئەوان بدەینەوە. هەرچیەکم کردووە وەک دیاریەک پێشکەش بە یادەوەری ئەوانی دەکەم. ئەی

Scanned by CamScanner

ئێوە چ دیاریەکتان پێیە؟ لە سووکی و بەگوێرەی داخوازەکانی دوژمن پووچەلکردنەوەی دەرفەتەکانی ئازادی زیاتر هیچی دیکەتان پێ نییە. پاداشت دانەوە بەم ڕەنگە دەبێت؟ پێویستە ڕێزی شەهیدان بزانن و بۆ ڕێزلێنانی گیانی پاکی ئەوان ڕاوەستەیەکی ڕاستمان هەبێت. لەبەرئەوەی بێ ئەم لاو ئەو لا پاداشتی شەهیدان بدەمەوە زۆر بە ئاگا و وریا دەبم. خۆم پابەندی ئەو مەرجانە دەکەم کە بۆ پەیوەستی بە یادەوەری پڕ شکۆی ملیتانیکەوە پێویستن.

لێرەدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە دووبارە هەڤاڵ "فیکری بایگەلدی" وەبیر بهێنمەوە. ئەم هەڤاڵەمان کتوپڕ پاداشتی یادەوەری هەڤاڵ "سەما یوجە"ی داوەتەوە. تەنانەت گووتوویەتی "هەڤاڵ سەما فەرماندارى منیشە" لەم خاڵەدا هەڤاڵ فیکری؛ یەکەم/ بە شێوەیەکی نموونەیی پیشاندانی پابەندی بە یادەوەری شەهیدانەوە هەڵبژاردووە و بێ دواکەوتن پاداشتی داونەتەوە. ئەمە فیداکاری و بوێریەکی زۆری پێویستە. ئێمەش بە ڕێزلێنانێکی گەورەوە یادیدەکەینەوە. دووەمیشیان/ ئەوە پیشان دەدات کە چۆن کەسایەتی پیاوێك دەتوانێت بە پابەند بوونی بە یادی ژنە ملیتانیکەوە ببێتە سەربازێکی باش. ئەو ئەنجامەی کە لەم چالاکیەشیان هەڵی بهێنجین ئەوەیە، ئەو ڕێزەی کە تا ئێستا زۆریەتان بەرامبەر بە ئافرەتێك نەیتوانیوە پیشانی بدات هەڤاڵ "فیکری بایگەلدی" بە شێوەیەکی مەزن و بێ قسوور پیشانی داوە.

بێگومان پێویستە هەموو پارتیزان و جەنگاوەرەکانمان ئەنجامێکی باش لەم دوو تایبەتمەندییەی هەڤاڵ فیکری بەدەست بخەن. یادەوەری هەڤاڵ "فیکری بایگەلدی" بۆ من زۆر گرنگە و هاوکات ئەرکێکیش دەخاتە سەر شانم. تا دوارادە خەبات دەکەم کە گووتەکانی ئەو لەناو پارت و سوپادا پێك بێت. دیارە یەکێك کە بە خۆی بڵێت؛ "سەرۆکم" نابێت لە بەرامبەر یەکێکدا کە بە فیداکاریەکی شکۆدارەوە پڕۆڵی خۆی سووتاندووە و بە بوێریەکی بەو ڕەنگەوە هەستاوە بە ئەنجامدانی چالاکیەکەی، بێ وەڵام بمێنێتەوە. پێویستە بزانێت ئەم بەها گەورەیە وەك نەریت و ڕێبازێك بە باشی لەناو سوپا و ژیاندا جێگیر بکات. ئێوەش گەر بتانەوێت شتێك لەمە تێبگەن ناچارن بزانن کە بەش بە حاڵی ئێوە چی بۆ بەجێهێشتوون. ئەگەر نا کەس پیاوێتیتان بە هیچ نازانێت و بە جددی دانانێت. ڕەنگە بڵێن: "ئەی چی لە ئارەزوو و پەیوەندییەکانمان بکەین" هەبوونی پەیوەندی وەك ئەمەیە و جەنگاوەری و فەرمانداریش هەروایە.

Scanned by CamScanner

ئەمانە هێندەی تیشکی خۆر سووتێنەرن. ئێوە ناتوانن بێ ئەوەی ئەمانە لەبەرچاو بگرن باس لە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نێوان ئافرەت و پیاو وە پەیوەندی نێوان فەرماندار و سەرباز بکەن و خۆتان بخەڵەتێنن. ئەگەر هەندێك ڕێزتان بۆ شەهیدان هەبێت ئەوا سەرلەنوێ خۆتان بەپێی ئەم بەها مەزنانە شێوەڕێژ دەکەنەوە و خۆتان دەکەن بە کەسایەتیەك کە ژیان و شەڕ و پەیوەندی لێ بوەشێتەوە. هەروەها گەر بتانەوێت ئەنجامێك لەم جۆرە شەهیدبوونە مێژوویی و هۆشیارو پڕ فەرمایشتانە وەربگرن، پێویستە بزانن کە شرۆڤەکردنی ئەم شەهیدبوونانە فەرمایشتێکە ئێوە دەگرێتەوە.

هێندەی بکەوێتە سەر شانی منیش بەپێی هێز و توانام سەرەتا لە خۆمدا وەك ملیتانێکی پارت و جەنگاوەرێکی سوپا و فەرماندارێکی ڕاست جێگیریان دەکەم و دواتریش پەرە بەجێبەجێکردنی پێداویستیەکانی دەدەم. ئەمەش نەك هەر بە گرنگی و بایەخ پێدانێکی ووردەوە، بەڵکو بە ئەزموونێکی ڕێکخستنی بەهێزەوە جێبەجێ دەکەم و هەمان شت لە هەموو کەسێکیش داوا دەکەم.

لەسەر ئەم بنەمایە پاداشتی یادی ئەم هەڤاڵانە دەدەمەوە. ئەوانەش کە پابەند دەبن بە یادەوەریانەوە بەهاداریان دەبینم و سڵاو و پێزانینی خۆمیان پێشکەش دەکەم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: پێموایە تۆ هەڤاڵی شەهید "سەما یوجەت" دەناسی؟

ئا: بەڵێ سەرۆکی من.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: چۆن دەتناسی؟

ئا: ساڵی ١٩٩٢ لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی پێکەوە بووین. هەر لێرەشەوە پێکەوە چووینە گۆڕەپانی پراکتیك. هەندێك تایبەتمەندی تایبەتی هەبوو.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لە هەمان عەشرەتن؟

ئا: لە دایکەوە پێم دەگاتەوە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: کەواتە لە دایکەوە پێت دەگاتەوە. گووتوبووی کە "یان لە لای باپیرمەوە یان لە لای گەریلا شەهیدەکانەوە بمنێژن" ئەو باپیرەی کێیە کە باسی دەکات؟

ئا: باپیرمە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: باپیری تۆشە؟

ئا: بەڵێ.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ناوی چی بوو؟

Scanned by CamScanner

ئا: خالیص ئۆزتورك

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: کەی کۆچی دوایی کرد؟

ئا: سەرۆکی من ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کرد.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: چ تایبەتمەندیەکی هەبوو؟

ئا: بەشداری لە سەرهەڵدانی ئاگریدا کردبوو، سەرۆکی من.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئەوەبوو کە من بینیبووم؟

ئا: نەخێر سەرۆکی من.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: نا.. نا ئەوە باوکی بوو.

ئا: مامی بوو.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەشداری لە سەرهەڵداندا کردبوو.. ئەی چۆن کۆچی دوایی کرد؟

ئا: سەرۆکی من بەشداری لە سەرهەڵدانەکەدا دەکات و دوایی ئەوەی کە سەرهەڵدانەکە نشوست دێنێت حەوت ساڵ لە دەرەوەی وڵات دەمێنێتەوە. پاشان بە هۆی ئەو لێبووردنەی کە دەوڵەتی تورکیا دەری کرد دەگەڕێتەوە بۆ وڵات. لەناو پارتی دیموکراتدا دووجار دەبێتە پەرلەمانتار و دواجار لە کودەتای ١٩٦٠ دا دەستگیر دەکرێت.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هیچ وەسێتێکی بۆ ئێوە بەجێهێشتبوو؟

ئا: لەسەر هۆشیاری کوردایەتی وەسێتی بۆ بەجێهێشتبووین.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: تۆ دەڵێیت بە هۆشیاری کوردایەتییەوە چووە ژێر خاك؟

ئا: بەڵێ سەرۆکی من.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: وەکوتر "سەما" چۆن دەناسیت باسی بکە.

ئا: سەرۆکی من کاتێك بەشداری پارتی کرد ماوەیەکی کورت لە گەریلادا مابووەوە. دواتر هاتە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. کۆمەڵێك تایبەتمەندی وەك بە جۆش بوون لە ژیاندا و لێکۆڵینەوە کردن و پابەندبوونی بە سەرۆکایەتییەوە هەبوو. ئاستی یەکخستنی گووتن و پراکتیکی تێدا بەدیدەکرا. دوای ئەوەی بۆ کار و خەباتی ناو گەل بە ڕێ کرا بە ماوەیەکی کورت دەستگیر کرا. نرخی کاتی زۆر باش دەزانی و کاتی خۆی زۆر بە پلان بەسەر دەبرد.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: چەند ساڵ بوو لە زینداندا بوو؟

ئا: شەش ساڵ لە مانگی ١٢ ی ساڵی ١٩٩٢ دا دەستگیر کرابوو.

Scanned by CamScanner

عەبدوڵلا ئوج ئالان: بە ڕاستی ئەو توانایەت هەیە کە بەڵێنی پابەندی بە یادەوەری ئەوەوە بدەیت؟

ئا: بەڵێ سەرۆکی من هەمە.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: چۆن بڕوا بکەین؟ چۆن تێبگەین؟

ئا: لە پراکتیکدا پیشان دەدرێت. تەنانەت هاوشانی ئەوە هێزی ئەوە لە خۆمدا دەبینم کە بەڵێنی پابەندی بە یادەوەری هەموو شەهیدانی تریشەوە بدەم.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: هەڵبەتە ناڵێین بە ڕاستی وەك کچێکی عەشرەتەکەی دەرچووە، هەڵبەتە ملیتانێك بوو بەڵام بەپێی ئەو بەسەرهاتەی باپیری کەباست کرد، باپیری بە هۆشیاریی کوردایەتییەوە سەری ناوەتەوە، ئەو ئەمەی لە کەسایەتی خۆیدا چارەسەرکردووە یاخود ئەمەی بە شێوەی بوونە ملیتانێکی PKK و پابەندی بە سەرۆکایەتییەوە پیشانداوە. کەواتە نموونەی ئەو کەسایەتیەیە کە لە بەرخۆدانی کلاسیکی عەشرەتەوە بەرەو ڕاستی سەرۆکایەتی خۆی پێش خستووە.

ئا: بەڵێ وەهایە سەرۆکی من.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: دیارە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پابەندی خۆی بۆ یادەوەری عەشرەتەکەتان پیشانداوە. ئایا لەم بارەیەشەوە توانای بەڵێن دانت دەبێت؟ واتا بەپێی یادەوەری شەهیدێك کار لە عەشرەتێك کردن.

ئا: حاڵی حازر عەشرەتەکەمان جێیەکی گرنگی هەیە و باشیشن سەرۆکی من.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: پێویست بکات سەبارەت بەوەی کە چۆن پێشوازی لەم شەهیدە بکەن پەیوەندی بە عەشرەتەوە بکە. هەرچەندە لە ژێر زوڵم و زۆری دوژمنیشدا بێت دیارە کە عەشرەتەکەتان هێشتا ڕق و کینی خۆیان پاراستووە. بڕوا دەکەم کە خاڵی بوو، دەبووە چی تۆ؟ دەیگووت کە خاڵی ئەوم؟

ئا: ماممە سەرۆکی من.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: دەیگووت کە خاوەنداریێتی لێ دەکەم. وا دیاربوو کە کەسایەتییەکی یاخی بووی کلاسیکە. هێشتا ئەو سۆزانەیی پاراستووە، بەڵام کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی دوژمنیشەوە جێی باسە. وەك گووتت: "خالیص ئۆزتورك" یشیان کردووە بە پەرلەمانتار و بۆ خۆیان بەکاریان هێناوە، بەڵام هێندەی من ناسیبێتم کەسێکە کە تایبەتەندی بەرخۆدانڤانانەشی هەیە. سەما هەر دەتگووت ئەمە. هەندێك شەهیدی دیکەیشیان هەیە. دیارە هی تۆش لەسەر هەمان بنەمایە، بەڵام ئەمەی تۆ تۆزێك بە پێچ و

Scanned by CamScanner

پەنایە. هەڵبەتە لە بارەی ملیتانی پارتەوە دەڵێم. هیوادارم کە تۆش هەرە کەم لەسەر بنەمای ئەم ڕاستیە و هاوشانی نەریتی یاخی بوون، دوای بینینی گەورەیی ملیتانی PKK بزانیت کە پاداشت بدەیتەوە.

ئا: هەرگیز بە شێوەیەکی تر ژیان کردن مەیسەر نابێت سەرۆکی من. ئەوەش باش دەزانم کە لە PKK و سەرۆکایەتیەکەیدا مرۆڤایەتیمان دۆزیوەتەوە. بەدەر لەمەش هەلومەرجێکی وەها نییە کە وەك مرۆڤ تێیدا بژین. ئەوە بوو لە ڕابردوودا سەباری دەرکەوتنی ئاستێکی سیاسی بە تێپەڕبوونی کات یەکگرتنەوە لەگەڵ دوژمندا ڕوویدا. تەنها ڕێگایەك کە بەرەو ڕزگاری مرۆڤایەتی بچێت PKK و سەرۆکایەتیەکەیەتی.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: ڕاستە وەهایە. خۆی لە خۆیدا هەڤاڵ "سەما" بە شێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش ئەمەی سەلماندووە. ئەگەر ئافرەتێك ئەمەی سەلماندووە ئەوا پێویستە کەسی وەك ئێوە بە زیادەوە بیسەلمێنێت. واتا پێویستە ڕێز پیشان بدەیت و وەك ئەوە بیت کە لە هەڵسەنگاندنەکاندا هێنامە زمان. ئیدی ڕەوش بە ڕاپۆرت و بەڵێن ڕوون ناکرێتەوە، مەگەر بە پراکتیکی ڕۆژانە خۆتان ڕوون بکەنەوە.

ئا: بەڵێ سەرۆکی من، ڕاستە.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: هەڵسوکەوتەکانی لەمەودوات پێویستە لەم چوارچێوەیەدا بێت و بەگوێرەی گەوهەری وتوێژەکانی ئەمرۆمان ئیدی بۆ کەسایەتیت بڕیارێك بدەیت.

ئا: ئەم چوارچێوەیە بە بنەما دەگرم.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: دەربارەی ملیتانی زۆر شتمان بۆ ئەم کچانە هێناوەتە زمان. ڕەوت و ڕێباز بە ملیتانی دراوە و پوختە و ناوەڕۆکەکەی دەست نیشان کراوە. تەنانەت تەنها لەم هەڵسەنگاندنەی ئێستادا دەتوانن وەڵامی هەموو پرسیارەکانتان لەم بارەیەوە بدۆزنەوە. ئەمەی ئێستا ئێوە لەناویدان شەڕێکەو هەموو کارێکی تر لە دەرەوەی ئەمە هێندەی مسقاڵێك نرخی نییە. چونکە کارەکە بە جۆرێکە لە کاتێکدا هەر خۆمان بە تەنها بووین، وای لێکردین بڕیار بدەین بە جۆشێکی گەورەوە بەردەوام بین. لای ئێوەش پاڵنەری سەرەکی هەڵە و کەموکورتیەکانتان بە بنەما نەگرتنی کاری شۆڕش و واتا گەورەکەیەتی، کە پێی دەگووترێت دۆز، یان تیۆر.. تیۆرێکی شۆڕشگێڕی، وە یان ڕێکخستنی شۆڕش و شێوازی چالاکی شۆڕش.

هەموو شەڕێك بەتایبەتیش شەڕێکی وەك ئەمەی ئێمە کە کۆتایی هێنانە بە کۆمەڵکوژییەکی سەخت، پێویستی بە ملیتان و کەسایەتی وەك "سەما" هەیە. ڕاستینەی

Scanned by CamScanner

"سەما" بریتییە لەوەی کە مرۆڤ لە پێناو عەشق و جوانیدا، ببێت بە خاوەنی ناسنامەیەکی پڕ بانگەشە. هەروەها بەو واتایە دێت کە جەنگاوەری مەزنی ئازادی ئافرەتێکە کە خۆی ڕادەستی پیاو و بێ عەشقی ئەو ناکات. تەنها لە ڕێی بەدەستخستنی کەسایەتیەکی بەم ڕەنگەوە دەکرێت لەناو ئەم شەڕەدا خۆتان لەسەر پێ ڕابگرن و بەرێوە برۆن. پووختەی شەڕ بۆخۆی داوای ئەمە دەکات. تەنانەت کاتێك خۆم دەهێنمە بەرامبەر "سەما" نزیکایەتییەکانم کەموکورت دەبینم. بۆچی؟ چونکە سەرباری ئەوەی کە کەسێکم ساڵانێکی درێژ توانیومە بە تەنها شەڕ بکەم، بەڵام لە چالاکیەکەی "سەما"دا یەکانگیرکردنەوەی ئامانج و ئامراز و یەکخستنی شەڕ و ژیان لە ئاستێکی وێنا نەکراودا دەبینم. زۆر بە کاریگەرەو ئەوپەڕی ڕوون و ئاشکرایە. تەنانەت هیچ پێویستی بە گفتوگۆی ڕوونکەرەوە نییە. تەنها هێندە هەیە کە قووڵ بوونەوەی لەسەر پێش بخرێت. بۆ ئەمەش بە هەموو جۆرێك دەرفەتمان بۆ ڕەخساندووە. دەتوانن گوێ بگرن، گفتوگۆ بکەن، بخوێننەوە و چەندەتان بویێت هێندە وەربگرن. لە ڕاستیدا ئەمەی دەیکەین تەنها شەڕێك نییە، بەڵکو قوتابخانەیەکە ژیان بەرهەم دێنێت.

ئێوەش کەسانێکی زۆر بەختەوەرن کە لەناو کارویاری بەرهەم هێنانێکی بەم ڕەنگەدا جێ دەگرن. تەواوی ئەم جیهانە بگەڕێن دەرفەت و کارێکی وەك ئەمە بەنرختان دەست ناکەوێت. تەواوی پەرتووکەکانی جیهان بگەڕێن کەسێکی تر نابینن وەك من بە وردی هەنگاوی نابێت. بۆچی؟ چونکە کاتێك ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەر کەسێك دەستی دابێتە ئەم دۆزانە سەرەنجام نشوستی هێناوە و کەوتووە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت گەیشتن بە ڕۆژی ئەمڕۆ لەوخاڵەوە کە دەستمان پێکرد ئەمڕۆ شتێکە ژێریی نایبڕێت، بۆیە خاوەنی شێوازێکین کە نشوستی ناهێنێت و نادۆڕێت. ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چ شتێك؟ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکەم: دەرکمان بە بەهای ئەم کارە کردووە. دووەم: زۆر بە وردی ئەم کارەمان جێبەجێکردووە. نهێنیکەی لەم دوو خاڵەدا کۆبۆتەوە.

مرۆڤایەتی لە وڵاتی ئێمەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی کراوەتەوە و هێشتا کۆمەڵکوژییەکی بێ شومار هەیە. تەنانەت کۆمەڵکوژییەکە کە کۆمەڵکوژیەکی لە وێنەی ئەم لە هیچ شوێنێکی جیهان تاقی نەکراوەتەوە. ئەگەر ئێوە لە شۆك بوون و تاسانی ئەم کۆمەڵکوژییانەوە بکەونە ڕێ، هەریەکەتان ملیتانێکی سەرسوڕهێنەری لێ دەردەچێت. من بە ناچاری دەزانم کە ئەمەتان بە بیر بهێنمەوە و ئێوەش بەو ڕەنگە خۆتان بنوێنن.

Scanned by CamScanner

بەدەر لەمە هیچ شتێکی تر لەم ڕەوشە ڕزگارمان ناکات. ڕەنگە زەحمەت بێت، بەڵام چارەیەکی دیکەمان نییە، چونکە لە ژێر باری تیژی چەقۆکەدان و هەنجن هەنجن دەکرێن.

من لە سەرەتاوە هەر بەم ڕەنگە دەستم بە خەباتی پارت کرد. هەتاوەکو ئێستا هەرچی هەڤاڵانی ملیتانم هەبووە بەم شێوەیە بوون و سەرکەوتووش بووە. هیچ کەسێکیش ناتوانێت ڕێگری لەم شێوازی سەرکەوتنە بکات. تەنانەت دوژمن سەرباری ئەو هەموو گێچەڵ و گەمانەی کە تاقیکردنەوە، ئایا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟ ئەمەو زۆر کەسی ئۆپۆرتۆنیست و ساختەکار چیان نەکرد؟ بەڵام ئایا هیچ کامیان سەرکەوتن؟ بێگومان من نامەوێت ئێوە و ئەوان بخەمە تایەکی تەرازووەکەوە. زۆربەتان کەسایەتی دروستن و دەتانەوێت پاداشتێك بدەنەوە، بەڵام کەموکوڕیتان هەیە. خۆتان دەخەڵەتێنن و ڕووکەشیانە نزیك دەبنەوە. داواتان لێ دەکەم لەم قۆناغە ناسکەدا کە زۆر لەسەرکەوتنەوە نزیکین، ئەو دەرفەتەی لە پێشتاندایە باش هەڵی بسەنگێنن. من پێتانەوە پەیوەندیدار دەبم و نرخ و پێزانینتان بۆ دادەنێم. هاوکات هەمان شت لە ئێوەش چاوەڕوان دەکەم.

١٩٩٨/٦/١٨

Scanned by CamScanner

## خەنجەر

"سەرەتا زەبر بە ئافرەت بگەیەنن و لاوازی بکەن و بیڕووخێنن، خۆشتان لەگەڵ ئەودا بڕووخێنن"

ئەمە ئەو چەکەیە کە داگیرکەر کۆمەڵگای پێ بەڕێوە دەبات. بەڵێ لەبەر ئەوەیە کە پێش هەموو شتێك پێویستی بە ڕزگاربوونی "ئافرەت، شۆڕشی ئافرەت، ڕێکخستنی ئافرەت و YAJK" دەبینین.

ئەوەی کە لە دواییدا بیری لێدەکرێتەوە من دەیهێنمە ڕیزی هەرە پێشەوە.

ئەوەم بە باشی دەستنیشان کردووە کە پەیوەندییەك ڕزگارکردنی تێدا نەبێت بێ سنوور دەروازە بۆ خراپی دەکاتەوە. هۆکاری سەرەکی پێش نەکەوتنی پێناسەی شۆڕشگێڕی بە هۆی نزیکایەتی: "سەرەتا ئافرەت بڕووخێنن، بیڕفێنن، بیفرۆشن، بەکاریبهێنن، بیکەن بە عەشق بۆ خۆیان و ببێت بە ژنیان" ەوەیە. کۆمەڵگا چینایەتی و پیاوسالار و نشوست خواردووەکان لە پێش هەموو شتێکەوە ئەمەیان بە بنەما گرتووەو چەکی ئەوانە.

تاڕادەیەك YAJK بریتییە لە زەبر وەشاندن لەو شوێنەدا کەزەبری لێ وەشێنراوە.

Scanned by CamScanner

لە پەیوەندییەکەوە کە زەبری لێدراوە بۆ پەیوەندییەك کە زەبر دەگەیەنێت... لە پەیوەندییەکی دەستخەڕۆوە بۆ پەیوەندییەکی بە دەسکەوت. ئەمەمان بە باشی دەستنیشان کرد و بوێرانە هەنگاوی خولقێنەر و تایبەتمان بۆ هاویشت. ڕەوش بەرەو باشی دەچێت. بەرامبەر بەو فەرمایشتەی CIA ی کە گووتوویەتی: "سەرەتا زەبر بە ئافرەت بگەیەنن" ئێمەش دەڵێین: "سەرەتا ئافرەت ڕزگار بکەن، ڕزگاری ئافرەت لە پێش ترە بۆمان" لە ڕاستیدا ئەو ئافرەتەی ڕزگاربوونی خۆی نەخوازێت و نەیەتە سەر ئەم ڕێگایە دەبێتە مەترسیدارترین و ڕووخێنەرترین ئامراز.

"سەرەتا زەبر بە ئافرەت بگەیەنن" بە واتای "بەکاربیهێنن و بیکەن بە سیخوڕ" دێت.

بەڵێ ئیمپریالیزم بەم ئافرەتەوە شەڕی چینایەتی بە لای بەرژەوەندی خۆیدا شکاندەوە، تەواوی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی بە خۆیەوە بەستەوە و تەنانەت ئیفلیجی کردن. لە ڕێگا ی ڕاگەیاندن و میدیاکانیشەوە ڕۆحیانی پاوانکرد و پەلی هاوێشت. ئێمەش لەناو لێگەڕینێکدا بووین کە چۆن ئەمە پێچەوانە بکەینەوە.

ئافرەتی ناو PKK ئەو ئافرەتەیە کە پێویستە لە پێش هەموو شتێکەوە خۆی ڕزگار بکات و بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵانەوە خۆی بونیاد بنێت وە پێویستە بۆ تەنها ساتێکیش ئەمە پشتگوێ نەخات. ئەگەر پشتگوێی بخات چی ڕوودەدات؟ بۆی بکرێت زەبری خراپ لە ئێمە دەوەشێنێت و مەترسیدار دەبێت. هاوکات پێویستە لە هیچ سوپایەکدا وەرنەگیرێت.

بۆچی لە هەندێك سوپادا ئافرەت وەرناگیرێت؟ چونکە ئافرەتێکی پاشکەوتووی کۆنەپارێز مەترسیدارە و توانای شەڕکردنی سوپا ئیفلیج دەکات. ڕاستینەی بابەتیانەی ئافرەت ڕێگا لە پێش ئەمە دەکاتەوە. لەبەرئەوەی کەسایەتی ئافرەت پاوانکراو و داگیرکراوە، تایبەتمەندییە ڕەگەزی و کۆیلایەتیەکانی لە میانەی هەر هەڵسوکەوتێکدا دسپلینی پیاو دەشێوێنێت. پیاویش لەبەرئەوەی تاڕادەیەك داگیرکارە دەڵێت: "با ئافرەت بۆ خۆم بەدەستبخەم" سەرەتا شەڕ لەسەر ئافرەت چڕ دەکاتەوەو ئافرەتیش لەوێدا وەك ئامرازێکی تۆڵە سەندنەوە دەیەوێت خۆی بفرۆشێت. دەڵێت: "باخۆم بەمەیان نا بەو بەڕێوەبەرەیان بفرۆشم باشترە" بەم جۆرەش ڕێگا لە پێش شەڕێکی ناوخۆیی دەکاتەوە. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگاکەماندا ئەمە بە ئاشکرا دەبینرێت.

Scanned by CamScanner

بناوانی گەلێك لە کێشەکانی خوێن لە کوردستاندا ئافرەتە. کۆمەڵگا پارچە پارچە دەکات و بە سەریدا تێپەڕ دەبێت. بە موڵك کردنی ئافرەت، لاقەکردنی و ڕەوشی سۆزانیانەی ئەو ڕێگا بۆ ئەمە خۆش دەکات. جێی سۆزانیەکان هیچ نەبێت دەرگاوانێکی هەیە و ئەوەی بچێت بە پارە دەچێتە ژووری و دێتە دەرێ، بەلام ئافرەتی ناو کۆمەڵگا کراوە بە ئامرازی قۆرغ کردن بە دەستی گشتەوە.

بەڵێ لەم خاڵەدایە کە ئافرەت ناچارە خۆی بۆ کەسایەتیەکی فریادڕەس وەریچەرخێنێت. یەکێتی ئازادیی ژنانی کوردستان YAJK تەگبیرێکی گشتییە. پێویستە ناوەرۆکەکەی پڕ بکرێتەوە. بێ دواخستن و تەنانەت پێش شەڕیش... بە پێچەوانەشەوە دەبێت ڕەت بکێرێتەوە. هەرچیەك دەبێت با ببێت، هەر دەبێت ئافرەت چارەی خۆی بدۆزێتەوە. خەنجەری خۆی لە زەمینەی سیخوڕیی بابەتیانە بدات. لە ڕاستیدا زیلان و سەماکان بەرامبەر بە ئافرەتێکی بەو ڕەنگە هەریەکەیان خەنجەرێکە. ئافرەت بەمەوە دەبێتە ئامرازێکی بێ وێنەی شەڕ و عەشق و ڕزگاری.

ڕەنگە زەحمەت بێت، بەلام بەشداربوونی ئافرەت لە سوپادا بە واتای هەنگاوی هەرە ڕادیکاڵی ئافرەتان دێت بەرەو یەکسانی و ئازادی. ئەگەر بەگوێرەی پێداویستیەکانی ئەمە بە شێوەیەکی مەزن نەیەنە مەیدانەوە ئەوا کۆتایی بە خۆتان دەهێنن، چونکە هیچ سوپایەك بەم ڕەنگەی نەکردووە. ئەگەر بیکەن ئەوا چارەسەری ڕادیکالانەی بەم ڕەنگەشی دەوێت. واتا تەنها وەك ئامرازی شەڕ و کەسایەتی فریادڕەس نا، بەڵکو پێویستە ئافرەت وەك کەسایەتیەکی ژیان هەبێت و جێ بگرێت.

ناوی ئافرەتە...

وەك کەسێك کە هێندە سەرقاڵی کاروبارەکانی شۆڕشم دەڵێم ژیان لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا زەحمەتە. کاتێك ئەمە دەڵێم تەنها مەبەستم لە خۆم نییە، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەوشێکی نەتەوەیی، سیاسی، ڕێکخستنی و شەڕ دەیلێم. هەمان شت پیاویش دەگرێتەوە. کاتێك ئازادی ئافرەت دەبێتە جێی باس، بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنێکی وەها دێتە کایەوە "لەگەڵ پیاوێکی بەم ڕەنگەدا ژیان ناچێتە سەر" ئەمەش تەنها بۆ دەمەتەقێ نالێین. ئافرەتی کۆیلە لەسەر بنەمای سیخوڕی نزیك دەبێتەوە و هەڵبەتە نزیکایەتیەکی وەها پێویستی بە پاکتاوکردن هەیە، کاتێکیش ئافرەتێکی ئازاد دەبێتە جێی باس پیاوی باو کۆتایی هێنان بە ئافرەتی ئازاد بە یەکەم کاری خۆی دەزانێت.

Scanned by CamScanner

ناکرێت بگووترێت: "لەگەڵ پیاودا بژیم، دەتوانم بژیم" کابرا هێشتا نە وڵات، نە ئازادی و نە شەڕی هەیە و ئەگەر هەیشیبێت سەرکەوتوو نییە. لە دڵ و جوانی و توانای خۆشەویستیش بێ بەرییە. کەواتە چی لەم پیاوە بکەین؟

هەڵبەتە لە ناو پارت و سوپایەکدا نزکایەتی: "وەك سیخوڕێك خۆم دەفرۆشم و ئەو دەکرم" گەورەترین تاوانە. ئایا من شێتم کە تائێستا و بەم تەمەنەمەوە هەوڵدەدەم شەڕێکی گەورە ئاوێتەی ژیانم بکەم؟ بۆچی؟ لە پێناو خوڵقاندنی پێوانەیەکی پەسەندکراوی پیاوێتی و ژنێتیدایە.

جیاوازیم لەوەدایە کە وەك ئێوە ئاستی خۆم نزم نەکردۆتەوە و نەپاڕاومەتەوە و نەم گوتووە: "بێ ژن یاخود بێ پیاو ناژیم" و ملم کەچ نەکردووە. بەرخۆدانیم کرد؛ بە ناوی نەتەوە و ئازادی و سوپاوە ئەمەم کرد. لە ئەنجامدا هەندێك پێشکەوتن هاتە کایەوە. قارەمانێتی، مەزن بوونی ئافرەت و ڕاستی ئافرەتێکی ئازاد لەدایك بوو.

لە شەڕدا سەرکەوتن بە واتای لە پەیوەندیدا عەشق دێت. ئەمە وەك ئەوە نییە کە ئێوە لێی تێگەیشتوون "چالاکیەك بکەین و بەمەش ئافرەتێك یان پیاوێك بۆخۆمان بخەڵەتێنین" سەرکەوتن جیاوازە. سەرکەوتن دەرکەوتنی کەسایەتیەکە کە هەموو لایەنە ستراتیژی و تاکتیکیەکانی دوژمن نوشت پێ دەهێنێت.

لە پێش عەشقەوە پێویستی بە سەرکەوتن هەیە.

کەسایەتی، بەڕێوەچوون و زەبر لێدانێکی سەرکەوتوو، لە هاوشانیندا عەشق بە دەستەوە دێت. عەشق هاوڕێی سەرکەوتنە. عەشق عاشقی سەرکەوتنە. بۆیە ئەوەی سەرکەوتنی نەبێت عەشق نابێت بە هاوڕێی.

سەرەتا عەشق.. کەسایەتی عاشق و سەرکەوتوو، دوای ئەمە ئافرەت و پیاو دێنە ناو بابەتەکەوە.

ئێوە کۆمەڵێك کەسایەتین کە هیچ بە لای ڕاستینەی سەرکەوتن و عەشقدا نەچوون. کوانێ ئافرەت و پیاوێك کە خاوەنی سەرکەوتن و عەشق بن؟

بەڵام پێویستەو تەنانەت دوا ئامانجیش لە شەڕدا سەرکەوتنە. تایبەتمەندیەك کە هەرە زێدە سەرکەوتن ئالودەیەتی عەشقە. بێگومان دەکرێت ئەمە لە ئافرەت یان پیاوێکیشدا بەرجەستە ببێت. واتا لێرەدا ڕەگەز زۆر گرنگ نییە. ئەگەر ئەو توانایەتان هەیە بۆ خۆتان بیسەلمێنن. بۆ ئەم مەبەستەیە کە کێشەی ئافرەت و دەسەڵات زۆر گرنگە. بۆئەوەی ئەمانە پێکبێن پێویستە کێشەی ئەم دووانەیە چارەسەر بکرێت.

Scanned by CamScanner

ئافرەت و سەرۆکایەتی و سیاسەت...

بۆ ئەوەی ئەنجامێك بەدەست بێت، پێویستە ئافرەت لەسەر ڕێبازی سەرۆکایەتی و سیاسەتی ئەو ببێتە ملیتانێك. بۆ هاتنەدی ئەمەش پێویستە ئافرەت و پیاو لەسەر بنەمایەکی ڕاست لێك دابېڕێن.

ئافرەت و سەربازی...

سەربازی، شەڕو سوپایە. پێویستە ئافرەتیش زۆر بە پرەنسیپ و پراکتیکەوە لە ناو شەڕ و سوپادا جێبگرێت.

یۆتۆپیای ئافرەت...

شتێکی زۆر ئاساییە پێویستە یۆتۆپیای هەبێت و تەنانەت یۆتۆپیایەکی سەرسوڕهێنەر و دەوڵەمەند ڕەنگاو ڕەنگ زۆر بەنرخە. من جیهانێکی ئازادیم هەیە کە دەمەوێت بیخولقێنم و بە شێوەیەکی گشتی و تایبەتی پێشیبخەم. هەم بۆ گەلێکە هەم بۆ خۆم و تەنانەت مرۆڤایەتیشە. خۆشم بە کەسایەتییەکی نموونەیی ئەمە دەزانم. کەسایەتیەکی ئازاد دەتوانێت لە خاڵی یەکتربڕینی عەشق و سەرکەوتندا بە هەموو شتێك بگات کە ئارەزووی دەکات. ئازادی گەیشتنە، بەڵام بەو مەرجەی لە ناو ڕاستینەی عەشق و سەرکەوتندا بسەلمێنرێت.

تاکرەوی کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم ئازادی و پێشکەوتنی ئازادیدا. ئێستا ئافرەت تاکرەویەکی هەیە کە تۆوی هەنجیرێکیش پڕ ناکات. بە بڕوای من ئافرەتێکی بەم ڕەنگە عەقڵیشی هەر لە دەوروبەری تۆوێکی هەنجیردایە. لەبەرئەوە پێویستە شەڕێکی بەهێز بۆ ڕزگاربوون بەڕێوەببات. بە لای منەوە زۆر گرنگ نییە ئەم ئافرەتە لە کام چین بێت. لە بابەتی پەیوەندی "ڕەگەز – چینایەتی" دا چەپێنراوی ڕەگەزی ئافرەت زیاتر گرنگ و دەستنیشانکارە. بێگومان کاریگەری چینایەتیشی بەسەرەوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە بنچینەدا وەك ڕەگەزێك تایبەتمەندیەکانی تێکشکێنراوە، ئەم تایبەتمەندیانەی بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار لەسەر شەڕ و ڕێکخستن ڕەنگدانەوەیان دەبێت. تەنانەت دەتوانین بڵێین بە وێنەی سیخوڕێکە، بەڵام ئافرەتی ملیتان و شەهیدیشمان هەیە. بەڵێ چوار ئافرەتی ملیتانی بەنرخمان لە مێرگەکانی "فەڕاشین"[١] دا

---

١ مەبەست لە مێرگە [illegible] ناوچەی هەکاری سەربەهەرێمی جیزرەی بۆتان.

بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی دوژمن نارنجۆکیان بە خۆیاندا تەقاندەوە. هەروەها شەهیدی وەك زیلان و سەما و فیکری بایگەلدیشمان هەیە.

ئەو ئافرەتە یان ئەو پیاوەی کە هێزی نەبێت، هیچ نەبێت با خۆی لە ڕەوشی سیخوڕی ڕزگار بکات. با بڵێت: "ڕاستە من ناتوانم بگەم بە کەسایەتی عەشق و سەرکەوتن، بەڵام ناشبم بە ئامێری کەسایەتیەکی وشك و نشوستخواردوو" واتا ئەگەر نەتوانێت بگات بە باشەکەیان با نەشبێتە زەمینە بۆ خراپەکەیان و خۆی بپارێزێت.

بۆچی کەسایەتی بە عەشق و خاوەن سەرکەوتن دەرناکەوێت؟ من لێکۆڵینەوە لەسەر ئەمەش دەکەم. ئێوەش گەر لە تواناتاندا بێت بیکەن، بەڵام بە مەرجێك بەو شێوەیە نەیکەن کە لە زۆربەی گۆڕەپانەکاندا وەك مشەخۆرێك دەیکەن. بە واتایەکی دیکە نەك بە فەرمایشتی: "زەبری پێبگەیەنن" ی CIA، بەڵکو بە فەرمایشتی: "ڕزگاری بکەن" ی ئێمە بیکەن.

پێویستە ئافرەت بزانێت کە تاجی عەشق و سەرکەوتن لەسەر بنێت.

پێویستە هەر لە جەستەیەوە تا شێوازی قسەکردنی، هەر لە نیگایەوە تا بەڕێوەچوونی شۆخ و شەنگی، هەر لە فەرمایشتەکانیەوە تا شەڕکردنی ئاقڵمەندانە و پڕ واتاو چالاکانەی لە پێناو ژیاندا خۆی بکاتە وەڵامێك. ئایا ئەمە مەیسەر دەبێت؟ بەڕای من دەبێت هەمیشە هەوڵی دڵخوازی و گەیشتن بەمە بدرێت.

پیاویش ئەگەر دەیەوێت چانسێکی بدرێتێ پێویستە تەقینەوەیەك ئەنجام بدات. ئەگەر بێت و بە پیاوێتی و زۆرداری و یاخود بە پشت بەستن بە دەرفەت و دەسەڵات و فەرمانداریێتی لە ناو پارتدا ئافرەتێکی بێ چارە بە لای خۆیدا رابکێشێت، ئەوا لە زمانی ئازادیەوە دادگایی دەکرێت. هەروەها پێی دەگووترێت: "ئەمە بە زمانێکی سەردەستانە بێ ناموسی دەکات و سەخیفە" هەر بۆیە خودی ئەم تاوانە بە تەنها بەسە بۆئەوەی کۆتایی بە کەسایەتی خۆی بهێنێت. چونکە تۆ هەم لە ڕووی مۆڕاڵەوە هەم لە ڕووی پرەنسیپ و جوانییەوە ئەو شتانە قۆرغ دەکەیت کە بەرەنجێکی بێ سنوور ئاواکراون. واتا چۆن کاتێك کچی ماڵێك بڕفێنیت و پێیان بڵێیت "کچەکەتانم برد لاقەم کرد و ڕامکرد" تاوانێکەو ئەگەر تەنها هێزی پاراستنی خودی خێزانەکە بۆخۆی مابێت ڕووبەڕووی مردنت دەکاتەوە، ئەوا لە ناو پارتیشدا ئەگەر پیاو پشت بەو دەستکەوت و دەسەڵاتەی پارت پێی داوە، دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو ئافرەتانەی هاتوونەتە ناومان و بیان ڕووخێنێت، یاخود بە پێچەوانەوە ئافرەت بە ژنێتی سووك و هەرزانی خۆیان وەها لە پیاوە

Scanned by CamScanner

داماوەکانمان بکەن، بە گەورەترین تاوانی دادەنێین. چونکە پرەنسیپە سەرەکی و جەنگاوەرییە بنچینەییەکان دەکوژێت. سیخوڕێکیش ناتوانێت هێندە بکات. نە پیاو دەتوانێت پشت بەهێزی پارتمان خۆی بەسەر ئافرەتدا بالاّ بکات، نە ئافرەتیش دەتوانێت بە شێوەیەك نزیك ببێتەوە کە بڵێت: "مادام ویستی بوون بەهێزی بالادەست لە پیاودا ڕاناوەستێنرێت، منیش بەگوێرەی ئەوە دەجولێمەوەو ئەوەی دەمەوێت بەدەستی دێنم" چونکە ئەمە سیخوڕیەکە و سەدان ساڵە چینە بالادەستەکان پەیڕەوی دەکەن. بۆیە شتێکە کە هەرگیز لێبووردنی نابێت.

هەر بۆیە دەڵێم کە پەیوەندی لە ناو ئێمەدا کارێکی زەحمەتە. بۆچی؟ لەبەر بەنی نێوان عەشق و سەرکەوتن زەحمەتە. بلێی بۆچی من ناچاربووم کە تا ئەم تەمەنە بێم و هەر بە هەمان شێوە بجولێمەوە؟ چونکە نامەوێت لە بەنی نێوان عەشق و سەرکەوتن دابڕێم. لە پای عەشق و سەرکەوتن ئەم هەمووەم کردووە. زیاتر پەیوەندییەکی سنووردارم لەگەڵ ئافرەتدا هەیە، خۆی لە خۆیدا خودی ئافرەت خۆیشی بە جۆرێك سنووردارە کە عەشق و سەرکەوتن زۆر بەرجەستە ناکرێت. واتا ئافرەت زۆرە، بەلام مەرج بۆئەوەی بتوانیت وەك دەتەوێت لەگەڵیاندا بژیت، هەلگەڕانەوەیە لە بەنی عەشق و سەرکەوتن. هەروەك زۆربەتان کردوویەتی و دەیکەن گەر دەتانەوێت خۆتان بخەڵەتێنن ئەوا بڕۆن بەو شێوەیە بژین، بەلام ئەوەش بزانن کە کۆتایی بە هەموو شتێك دێت. تەنانەت لە ناو ئێمەشدا هەر بەو ڕەنگەیە. ئەو ئافرەت و پیاوەی کۆتاییان پێ دێت ڕادەکەن.

بەڵێ ڕاستە کە زیلان و سەماش لە بەنی عەشقدا بە شتێکی بەرجەستە نەگەیشتن، بەلام لە بەرخۆدانی کردندا بوون بە سمبولێك. ئەمە زۆر زەحمەتە بەلام واقیعیش ڕێگا بە جۆرە مامەڵەیەکی تر نادات. لێرەدا با بپرسین سەرۆکایەتی چییە؟ هێزی بەرخۆدان و خۆڕاگریە. هەم هێزی شەڕکردنە لە بەرامبەر بە نێگەتیڤەکاندا، هەم هێزی پاڵنەری عەشق و سەرکەوتنە. ئەمەش بە واتای وەرچەرخانی ئافرەت دێت بۆ ژیان و ژیانێکی ئازاد. زۆرجار هەندێك کەس پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن و دەڵێن: "سەرۆکایەتی وەهاو وەها دەژی" نەخێر بەو جۆرە ناژیم، چونکە پێوانەکانی بەگوێرەی من نین.

ئەگەر هەر ئێستا لە تەواوی کوردستان و تەنانەت تەواوی جیهانیشەوە ئافرەت بێن و دەورم لێ بدەن کە بەگوێرەی پێوانەکانم نەبن لەگەڵ یەکێکیاندا شەوێك ڕۆژناکەمەوە. من پێوانەی خۆم هەیە و پابەندم بە پێوانەکانمەوە. ئەی ئێوە پێوانە و ئیستاتیکا و

Scanned by CamScanner

شەڕو سەرکەوتنی بەم جۆرەتان لە تواناداهەیە؟ ئەگەر ئەمەت نییە سەرکەوتنیشت نییە. کەواتە عەشق و ژنێتی یان پیاوێتیشت پێنج فلس ناکات.

ئافرەت و پیاوێك کە هەردووکیان بیانەوێت ببنە جەنگاوەرێکی لێهاتووی ژیان و ملیتانێك دەتوانن یەکتریشیان خۆش بوێت. تەنانەت پێویست ناکات کە پێیان بگووترێت ڕوخسەتی یەکتر خۆشویستنتان دراوەتێ. ئەو خۆی خۆشەویستی دەزانێت و بەنی نێوان عەشق و سەرکەوتنیشی دامەزراندووە. خاوەنی هەبوون و پرەنسیپە. زۆر هەڵەش ناکات، چونکە ئەو کاتە پرەنسیپ و فەلسەفەی هەیە و خودی خۆی خودای شەڕە.

عەشق وڵاتە...

عەشق واتا لە وڵاتدا ئازادی و لە ڕێکخستندا سەرکەوتنێکی مسۆگەر.

عەشق شەڕە. عەشق سەرکەوتنە لە شەڕدا. خۆشەویستی باو خیانەتکردنە لە عەشق. بۆیە بوون بە ئافرەت و پیاوێکی بەم شێوەیە بەنرخە.

هەردەچێت واتا زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات. زۆربەی زۆری نێگەتیڤەکانمان ڕووخاند. ئافرەتمان ڕاکێشایە ناو گۆڕەپانی ئازادی و پیاویش لە شێوەی پیاوی کلاسیك دەردەهێنین. زەمینەی شەڕ و عەشق و ئازادیش لەدایك دەبێت. خۆی لە خۆیدا تەواوی ئەم شەڕانە لە واتایەکدا لەم پێناوەدایە، بەڵام سەرکەوتن هێشتا زۆری ماوە و تەواو نەبووە. ئافرەت تازە بە تازە خۆی دەدۆزێتەوە. YAJK خۆدۆزینەوەی ئافرەتە. دەستیان لێ بەردەن با لە پارچە زەویەکی شاخەکاندا خودی خۆیان گفتوگۆ بکەن و بدوێن. ئیرادە و ڕوانگە و پێیەکانیان بەهێز بکەن. تەواوی ئەمانە بۆ عەشق پێویستن. ئەمانە زەمینەی ماددی عەشقن.

هەرگیز لەگەڵ ئافرەتێکی داماودا یەکناکەوم. پاکانەکاران یەکەم کار کە دەیکەن ئافرەتە داماوەکان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن و بەکاریان دەهێنن. ملیتانی ڕاستەقینە کەسێکە نەك هەر بۆ ئەمە سەرنەوی ناکات، بەڵکو لە بەرامبەریدا شەڕ دەکات و هەموو خولیایەکی بریتییە لە ئازادی. ئەگەر ئافرەت و پیاوێك پەیدابن کە بەم ڕەنگە بەڕێوەبچن دەتوانین بۆیان ببین بە پردێك و بە سەریدا بپەڕنەوە.

بڵێی ئافرەتێکی داماو و پیاوێکی داماو چ عەشقێکیان هەبێت؟

لەم بارەیەوەیە کە ڕەوشتان جێی شەرمە. ئەوەی داوای خۆشەویستی و پەیوەندی دەکات با سەرەتا ئەم شەرمە نەهێڵێت. پێویستە پێش هەموو شتێك وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە: "من کەسایەتی خۆشەویستیم یان نا؟ خۆشەویستی من بۆ کەسانی

Scanned by CamScanner

تر زیانی لێدەکەوێتەوە یان قازانج؟ یاخود ژنێتی من بەنرخە یان نا؟" بەڵێ ئەمەیە هۆشیاری و هۆشیاربوونیش بە واتای ئازادبوون دێت.

جوانترین ئەخلاق ئەوەیە کە بەم هۆشیاریەوە بڕیار بدەن.

ئەوەی خاوەنی هۆشیاریەکی گەوهەریی نەبێت ئەخلاقیشی نییە. خۆی دەکاتە ئامێری دەستی هەموو کەسێك. ئەمەش دەبێتە بێ ئەخلاقی. هەر لەبەرئەوەیە کە من هەموو کۆمەڵگا بە بێ ئەخلاق هەڵدەسەنگێنم. ئەوەی کە پێی دەڵێن ئەخلاق قووڵترین بێ ئەخلاقییە. چونکە لەسەر بنەمای کۆیلایەتی بونیادنراوە. هەر ئەخلاقێکیش لەسەر بنەمای کۆیلایەتی بونیادنرا نە وڵات، نە هێز، نە چالاکی و نە شەڕی هەیە. تەنها بەپێی یاسای کۆیلایەتی داماوێکی ژێردەستە کردووە. ئەمە گەورەترین سەخیفیە. لە ڕاستیدا ئەو نامووس و ئەخلاقەی کە پشت بە چەمکی زایەندێتی ئاواکراوە، گەورەترین بێ ئەخلاقی و بێ ناموسیە. کەواتە هیچ نەبێت پێویستە سەرەتا ڕەگەزەکان و زایەندێتیش لە بێ ئەخلاقی کۆیلایەتی ڕزگار بکرێن و بە ئاستی هۆشیاری مرۆڤێکی ئازاد بگەیەنرێن.

بێگومان ئەمە یەکەم هەنگاو دەبێت. گەلێك شتی تریش لەسەر ئەمە بونیاد دەنرێت.

پرەنسیپی جوانیش پێویستیەکی ترێتی. ئیستاتیکاش بە تەواوەتی بابەتی شۆڕشێکە. ئەوەی کە شۆڕشی چەواشە دزێوی کردووە، شۆڕش جوانی دەکات. بۆ یەکەمجارە ئیستاتیکاو هونەر بە هۆی شۆڕشەوە لامان لەدایك دەبن. شۆڕش خاوەنی ئیستاتیکای خۆیەتی و زۆر سەرسوڕهێنەریشە. خودی شۆڕش بۆ خۆی ئیستاتیکایە و ناچارە بەم ڕەنگە بێت.

شۆڕش چالاکی ئەو کەسەیە کە جوانی دەئافرێنێت.

ئەو پێناسەیەی کە بۆ شۆڕشگێڕ دەیکەم هاوکات پێناسەی جوانیشە. ئەگەر خۆتان بەگوێرەی ئەم پێناسەیە ڕێکخست، زۆر جوان دەبن. ئەوکاتە خۆشیان دەوێن و دەتوانن خۆشتان بوێن. یاسا وەها دەڵێت و شۆڕشیش هەمان شت دووپات دەکاتەوە.

من ئەمانە ناسەپێنم، بەڵکو ژیانی شۆڕشگێڕی و ئازادی داوای دەکەن. نەك من، خودای ئازادی وەهای دەوێت. بەڵێ سۆسیالیزم ئەمەی دەوێت و نیشتمانپەروەرییە داوای دەکات.

هەروەها ڕەنگە پارتی ژنانی شۆڕشگێڕ یان پارتی ژنانی شۆڕشگێڕی کوردستان ببێتە هەنگاوێکی جددی. چونکە ناکۆکیەکی گەورە مەگەر لە ڕێگای پارتێکی گەورەوە تێپەڕ بکرێت. هەروەها دەتوانێت هاوکاریەکی گەورەتان بکات تا ئەو ناکۆکییە گەورەیەی هەتانە بە هێزی پراکتیزەکردنێکی گەورە و کارکردن لەسەری تێپەڕێنن. کێشەکانتان قورسن. بۆیە

Scanned by CamScanner

ببن بە پارتێك. پێویستە خۆتان ڕێك بخەن. سەربارى ئەوەى كە خاوەنی ئەو هەموو بۆچوونە لایەنگرەم بۆ ئافرەتان دەڵێم ڕەنگە لایەنی پیاوێتی چەپێنراوم خۆی بسەپێنێت و خۆم بۆ کۆنترۆڵ نەکرێت و شەڕ دەربکەوێت و کێشە بێتە پێشێ. هەر بۆیە باشترە کە خۆتان ڕزگاری خۆتان بەرەو پێش ببەن.

چەند سەیرە ! وا نییە ؟ ئەم پارتە کاتێك ئاوابێت بڕیاری سەیر سەیر دەردەكات. هەڵبەتە سەیرە کە بە ناوی ڕێکخستنی ئافرەتانەوە وەلامی ورد و درشتی نزیکایەتیەکانی پیاوان لە بەرامبەر بە ئافرەتاندا بداتەوە. تەنانەت دەتوانن دەرهەق بە هەست و سۆزەکانیش بڕیار دەربکەن. ئەگەر شتێکی وەها پێش بکەوێت ڕەنگە پیاو بکەوێتە ڕەوشێکەوە کە بپاڕێتەوە. دەتوانن تەواوی پلانەکانتان جێبەجێبکەن.

بیری لێدەکەمەوە هەرچی کە ئافرەتان خەیاڵی دەکەن دەکرێت هەموویان بە ڕێکخستن بخرێتە ژیانەوە. وا نییە؟ بۆ نموونە ئەو پیاوانەی کە پێشتر بە دەسەڵات و هێزەوە دەنازین و دەهاتن داوای ژنیان دەکرد پێیان دەڵێن: "چییە داوای ژن دەکەن، بچن سەرەتا خۆتان بسەلمێنن" پێشتر خوازبێنی کچ لە خێزان دەکرا، ئەمجارە بابێن خوازبێنی لە پارتی ئافرەتان بکەن. ئەو کاتە دەتوانن پەنجا مەرج بخەنە پێشبەریان. لەوەو پێش خوازبێنی کچ لە ئاغاو موختار دەکرا. هەڵبەتە ئەوانە هەموویان سەخیفن. ئەگەر بێتوو خوازبێنی لە پارتی ژنانی ئازاد بکرێت، ئەو کاتە ئێوەش بێ مەرج نین و کۆمەڵێك مەرجی سەروو ئاساییتان هەیە بۆ پەسەند کردنی ئەمە. بە ڕاستیش دەرفەتێکی زۆر گرنگە بۆ ڕزگاربوونتان. هەتاوەکو ئەم پیاوە دەکەن بە پیاو لە سەپاندنی مەرجەکانی خۆتان پاشگەز مەبنەوە.

١٩٩٨/٩/٢١

**سوارییەکان**

شڤان پەرەوەر: هۆی چی بوو هەر لەگەڵ گەیشتنتان بۆ ڕۆما داوای ئەم گۆرانیەتان لێ کردم؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لەبەرئەوەی سەرەتای گۆرانیەکەتان بە باسی چیرۆکەکەی دەرویشی عەبدی دەستپێکردووە و لام جێی سوپاسە. کاتێک گەیشتمە ڕۆما ئەوانەی ڕووبەڕووی بوومەوە زۆر جیاواز بوو لەوانەی کە چاوەڕوانم دەکرد. پێم وابوو منیش وەک تەواوی کوردان مافێکی پەنابەری وەردەگرم، بەڵام دواتر تەماشام کرد پێشیان لێ گرتووین. لەم بەینەدا هەڤاڵان چەند کاسێتێکیان بۆ هێنام.

گوێم لە کاسێتەکان گرت... دووبارە گوێم لێ گرتەوە، ئینجا قەپاغی کاسێتەکەم خوێندەوە بینیم "دەرویشی عەبدی"[1] یە. ناخم گەرم بوو. دەرویشی عەبدی مێرخاسیەکی گەورەی هەیە، لە بەرامبەر عەرەب و عوسمانیەکاندا شەڕێکی گەورەی

[1] داستانی دەرویشی عەبدی و عەدوولێ [illegible] لەنیشتمانپەروەریە، کە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەدەشتی موسڵدا [illegible] زیدیە و خۆشەویستەکەی کە "عەدوولێ" موسوڵمانە.

Scanned by CamScanner

کردووە. لەم شەڕەدا زۆر ناحەقانە کوژراوە. لە ڕاستیدا ئەو سەردەمانە سەردەمی کورد بووە.

شڤان پەروەر: لە سەرووی شاری لالەشەوە لێی کۆدەبنەوەو بە خەنجەر دەیکوژن.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لێرەدا عەدوولێ بانگ هەڵدەدات. کاتێك گوێم لەو بانگ هەڵدانەی عەدوولێ گرت: یەکەم/ شەڕ لە پێناو ئازادی ئافرەتدا دەکەم، دووەم/ لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا شەڕدەکەین و سەرۆکایەتی ئەم شەڕە دەکەم. هەروەها لەم ڕۆژانەدا هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە لە مۆسکۆ هەڤاڵان تایلان و جیهان[1] بە دروشمی: "ژیان بێ سەرۆکایەتی نابێت" جەستەی خۆیان لە ئاگر پێچاوە و سەمای ئاگرینیان کردووە. دواتر هاتن و گووتیان کچێکی ١٣ ساڵان[2] لە ئێران خۆی سووتاندووە. ئیدی هەموو ڕۆژێك هەواڵی ئەوانەم پێ دەگات کە خۆیان دەسووتێنن. لەلایەکی ترەوە گەل هەموو بەرەو ڕۆما ڕێپێوان دەکات. کەس نە نان و نە ئاوی بۆ دەخورێت؛ هەموو ئەمانە هاتە پێش چاوم. لەلایەکەوە بڕوام بە حکومەتی ئیتالیا کرد و گووتم بڕوا ناکەم کۆمەڵێك گەمە ڕووبدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە فاشیستی تورك هەڵدەکوتێتە سەری.

بۆیە جارێکی تر مێژووی کورد بە شێوەیەکی تراژیدیانە دێتەوە سەر شانۆ. ئەوەم بە بیردا هات کە ئایا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ زۆر بیرم لە گووتەکانی عەدوولێ و نوشوشتی دەروێشی عەبدی کردەوە. گووتم پێویستە ئەم چارەنووسە بگۆڕین، چونکە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە جێی باسە. مرۆڤ بە دەوری مندا تاك تاك خۆیان دەسووتێنن. ١٥٠٠ سواری و گەریلاکانمان کە قارەمانانە شەڕ دەکەن... گووتم ئەی خودایە ئەمە هەمان شتە کە بەسەر منیش دێت. کاتێك ئایەتێکی قورئان دەخوێنرێتەوە چۆن گوێی بۆ ڕادێرن منیش ئاوەها گوێم بۆ دەنگی عەدوولێ ڕادێرا.

گووتم ئیمام ئەمەیە. دیاردەیەکی گەورەی هونەری و نیشتمان پەروەریەکی گەورەی تێدایە. ڕووداوەکان هێندە پێکەوە گرێدراون مەگەر ئەوان بتوانن لەمە تێبگەن. هەمان ئەو قارەمانێتییەی گەریلاکانمانە کە لە ئەمڕۆدا هەیە. هەروەها عەدوولێش...

ئەوەتا زۆر هەڤاڵی کچ خۆیان دەسووتێنن. لە ڕاستیدا ئەوەی عەدوولێ عەشقێکی گەورەیە. دەڵێت: "فلانە پاشا داوام دەکات، من هەر دەروێشم خۆشدەوێت و گەر ئەو

---

[1] دوو هەڤاڵی کورد بوون لە کاتی دەستبەسەرکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا لە ڕۆما ئەوان لە ڕوسیا خۆیان سووتاند و شەهیدبوون.

[2] کچێکی خەڵکی ماکۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەوکاتە بۆ ئەو مەبەستە خۆی سووتاند، پاشان تیمار کراو ئێستا لەژیاندایە.

Scanned by CamScanner

نەمێنێت منیش بۆ گلّم" ئەمانە پرەنسیپەکانی خۆشەویستی کوردن. مێرخاسییەکی گەورەیە. دەروێشی عەبدیش خۆی نادات بەدەست تورك و عەرەبەکانەوە. ئەمەش نیشتمانپەروەری و سەربەخۆبوونێکی گەورەیە. هەم عەشق و هەم دوژمنی خۆی دەناسێت.

لەسەر ئەمە بە هونەرمەند دیارم گووت: "ئەگەر ئێوە پشتگیری لەم شەڕە گەورەیە نەکەن ئەوا ئەوەی دەیکەن ساختەکارییەکی گەورەیە" عەشقی گەورەی دەروێشی عەبدیم بە نموونە بۆ هێنایەوە. هیچ کەسێك وەك عەدوولێ و دەروێشی عەبدی نابێتە خاوەنی خۆشەویستیەکی گەورە. بەڵێ داستانی کورد و عەشقی کوردە. بۆچی ئەمانە لەیادبکەین؟

شڤان پەروەر: لە سایەی دروستی دەروێشی عەبدیەوە موسڵمانەکان و ئێزیدیەکان یەکدەگرن.

عەبدوڵلا ئوج ئالان: ئەوەی نکوڵی لەمە بکات نە دەبێتە گۆرانیبێژ و نەدەبێتە هونەرمەند. دەیانەوێت کورد بێ عەشق و خۆشەویستی بهێڵنەوە. نەخێر نابێت کورد بێ عەشق و حۆشەویستی بن. هێشتا لێرە عەشق و مێرخاسی و گوشاری دوژمن بونیان هەیە یان نا؟ بەڵێ عەشق و مێرخاسی بوونیان هەیە.

عەشقی عەدوولێ عەشقێکی گەورەیە. هیچ هونەرمەندێك ناتوانێت وەك عەدوولێ وەسفی دەروێشی عەبدی بکات. ئەوانەی ئەم مێژووە بە ڕۆژی ئەمڕۆوە گرێنەدەن پێیان نالێم هونەرمەند. من نکوڵی لەوانە ناکەم کە هەن، بەڵام ناتوانم نکوڵی لە عەدوولێش بکەم. ئەگەر نکوڵی لە عەدوولێ بکرێت ئەوا گەورەیی و عەشق بەرجەستە نابن. ئەمانە نوێنەرایەتی بەڵێنی گەورە و ڕۆحی کوردان دەکەن. ئەگەر تۆ ئەمانەت لەبیربچێتەوە و بە خۆشت بڵێیت گۆرانی بێژ و هونەرمەندم، من شەرمت لێدەکەم و ناتوانم پەسەندت بکەم. گووتەو ئاواز و ڕووداوەکان هێندە لەناو یەکدان کە بڕوا ناکەم لەلای هیچ گەلێکی دیکە بەم ڕەنگە هەبێت.

مەحموود باکسی[١]: دەمەوێت پرسیارێکی فەلسەفیانەتان لێ بکەم. بە یەك شادنەبوونی "مەم و زین، خەج و سیامەند، شیرین و فەرهاد" جێی باسە، باشە مێژوو لە سەردەمی ئێوەشدا بە هەمان شێوە دەگاتە ئەنجام؟

---

[١] نووسەر و سیاسەتمەدار و نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو، دۆستێکی نزیکی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بوو و لە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە ئەورووپا کۆچی دوایی کرد.

Scanned by CamScanner

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بە ملیۆنان کەس بە هەناسەبڕکێوە بە شوێن وەڵامی ئەم پرسیارەوەن. منیش ئێستا هەناسەم لەبەربڕاوە. بەم پرسیارەوە زەحمەتی دەبینم.

مەحمود باکسی: بەڵام بێ ئومێد نیت؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: نامەوێت تەنانەت لە وشەیەکدا هەڵەم هەبێت، یاخود هەنگاوێکی هەڵە بنێم. عەشقی کورد تا خۆی نەسووتێنێت ناگاتە سەرکەوتن.

ئەوەبوو بەم دواییانە سێ کچمان نارنجۆکیان بە خۆیاندا تەقاندەوە. یەکێکیان بەرمال، یەکێکیشیان ڕۆژبین و ئەوەکەی تریشیان بنەفش بوو. ئەم کچانە ئافرەتی عەشقن. بە هەزاران لاوی کورد بەم ڕەنگە خۆیان سووتاند.

بۆچی بەم ڕەنگە دەبێت؟ یەکەم: عەشقی کورد لە ڕەگەوە سەرلەنوێ شین دەبێتەوە. دووەم: هەموو ئەمانە لەسەر ناوی من ڕوودەدەن.

ئێستا چی بکەم؟ پێویستە ڕێگری بکەم لە دووبارە خۆ سووتاندنی عەدوولێ و دەروێش، مەم و زینەکان. هەموو داستانەکانی کورد بە عەشق دەستپێدەکات. بە بەرخۆدانیەکی گەورە بەردەوام دەبێت و بە دوایشیدا بێ چارەییەکی گەورە... بەڵێ داستانەکان وەها لەدایك دەبن. لەم داستانانەدا یەکێتی نییە و شەڕی کوردان سەرکەوتوانە بەڕێوەنابرێت. خیانەت هەیە و گەورەترین نەگبەتیش بەهێزیی دوژمنە.

پێویستە کورد لەمانە تێبگات. شێواز و بەڕێوەچوونم شتی نوێ دەخوڵقێنێت. ئەو ڕەوشەی ئێستا لە گۆڕێدایە زۆر لە تراژیدیا کۆنەکان خراپترە. ٦٠ کەس خۆیان سووتاند ئەگەر نەمگووتبا ڕاوەستن هەموو کورد خۆی دەسووتاند. من ماومەتەوە و چواردەوریشم ئابلۆقە دراوە. بەڵێ من بەوەی ڕۆژانە هزر و شێوازی ژیانێکی نوێم ئافراند بەرامبەریان لە سەرپێ ماومەتەوە.

هەڤاڵ خەیری و کەمالیش بەو مانگرتنەی گرتیانە بەر شەهید بوون، بەڵام دیسان ئەم شەهیدبوونانە قورساییەکی زۆرم دەخەنە سەر. بە بیرمدا هات و گووتم ئایا منیش مردنێکی وەها بۆ خۆم ئامادەبکەم؟ دواجار گووتم تۆ مافی ئەمەت نییە، کاتی ئەوە نییە و پێویستە بزانیت چۆن خۆت لە ژیاندا بهێڵیتەوە. کێشەکە بە خودی منەوە وابەستە نییە. ئەگەر بە هەزاران لە دڵی تۆدابن دان بە خۆداگرتن زۆر زەحمەتە. تۆ ناتوانیت ژیانی بە ملیۆنان کەس لە جێگایەکی تەسکدا ببەستیتەوە ئەو شوێنە بۆ تۆش دەبێتە مەحشەر.

کێشە خۆم نیم، کێشە مێژوویەکە. کێشە ئەو تراژیدیایەیە کە دێتە کایەوە. مێژووی کورد دووبارە هەستاوەتە سەر پێ و دوژمنی کوردیش بە هەموو هێزیانەوە هێرشی

Scanned by CamScanner

دەکەنە سەر، بەڵام من ئاقڵمەندانە جوڵامەوە. تەگبیرم وەرگرتووە و مەترسییە پڕ مەرگەکانم هەر لە سەرەتاوە لە ناو بردووە. لەبەر ئەمەیە کە دەبێت عەشق بگاتە سەرکەوتن. من ئەمجارە مافی ژیانم وەرگرتووە. دەستی هاوکاری بۆ هەمووان درێژ دەکەم، بەڵام ئەوان ناتوانن بیکەن. تەنانەت گەلیش خۆی دەسووتێنێت. نا کەواتە من بە تەنهام.

کچانم بە عەشقێکی ڕاستەقینەوە بەستەوە، بۆ ئەمە شەڕم بەرپاکرد. ئەگەر بەرامبەر بە دوژمن سەرکەوتن بەدەست بهێنیت ئەو کاتە عەشق هی تۆیە. خزمەتی گەورە بە عەشق دەکەم. ئەگەر سەرکەوتوو بوون با عاشقیش ببن.

گووتم کە ئەمە پێویستییەکە. هەندێکیان ترسان و ئەمەیان لێ پرسیم: "ئاپۆ بۆچی هێندە ئافرەتان ئالوودەی خۆی دەکات" ڕاستە من ناچارم ئافرەت و کچی کورد ئالوودەی عەشق بکەم. بەڵێ دۆز و پرسی دەروێشی عەبدیش لەمە بەدەر شتێکی تر نییە.

گووتم پێویستە سەرکەوتنی عەشق بخوڵقێنم و دەشیخوڵقێنم. سەرکەوتنی عەشق سەرکەوتنی گەلە. تەواوی ئامانجەکانم لە پێناو هێنانەدی عەشقی کورددایە. من دژی هاوسەریی نیم، ئەگەر شتێکت بە عەشق و خۆشەویستییەوە پێدەکرێت بیکە. عەشق مافی ئێمەیە و سەرلەنوێ دەیخوڵقێنینەوە.

مەحمود باکسی: کاتێك لە داستانەکانی کورد ورد دەبینەوە ڕەها "بەکۆ"[1] یەکیش هەیە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: هەندێك کورد هەن لە ئێستاوە لەسەر حسابی مردنی من گەمەو پیلانگێڕی ڕێك دەخەن. ئەگەر بە هۆی بەکۆکانەوە نەبوایە لە زووەوە سەرکەوتنمان بەدەستهێنابوو. لە مردنی من بە پلەی یەکەم دوژمن و بە پلەی دووەمیش ئەم بەکۆیانە بەرپرسیارن. من لەسەر بنەمای خۆشەویستی مەم و زین سەرلەنوێ شین بوومەوە. من دەژیم و خاوەنی تۆڵەشم. هەموو کەسێك با حساب و کیتابی خۆی بە باشی بکات. دەستبەرداری مێرخاسی خۆم نابم و لێیان دەپرسمەوە. پێویستە کوردانیش لە هەندێك شت تێبگەن. بەکۆمان زۆرە. ئەگەر دەرفەتیان نەدەینێ ئەوا پشت بەم ڕەنج و شەهیدە

1 مەبەست "بەکر مەرگەوەڕ" ە کە لە داستانی "مەم و زین" دا شەڕ و فیتنەیی دەنێتەوە و ناهێڵێت مەم و زین بەیەك بگەن. لەناو کوردا [illegible] جار هەروەك لە داستانەکەدا هاتووە بە "دڕکی مەم و زین" [illegible] لێ دەکەین.

بیٚ ژمارانە دەتوانین ببین بە خاوەنی ژیانێکی مەزن. ئێستا سەرلەنوێ ئەمانەمان لیٚ هار دەکەنەوە و دەگووترێت ئەمانە کوردی سەر بە ئەنقەرەن.

مەحمود باکسی: باشە بەکۆکان بە ئێوە دەوێرن؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: هیچ دیار نییە.

مەحمود باکسی: تۆ مەم و گەلی کوردیش زین. ئێستا مێژوو بە ڕوونی لەبەرچاومانە.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: مەترسیەکی گەورە هەیە، با بە بچووکی نەبینین. خەباتی خۆتان درێژە پیٚ بدەن و بڕوا بە خۆتان و سەرکەوتنتان بکەن. هاوکات پێویستە گەمەکانی دوژمنیش بە بچووك نەبینین. داخوازیی هەیە پێویستە لەمە تێبگەین. لە پێناو ئامانجەکانمدا خۆم پتەو ڕادەگرم.

مەحمود باکسی: باشە چۆن لێکی جیادەکەنەوە کە کیٚ بەکۆیە و کیٚ بەکۆ نییە؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: لێرەدا دوو جۆرە کورد جێی باسە؛ یەکەمیان کوردێکە کە مێرخاسی خۆی لەدەست داوە، لەسەر ڕێبازی شەهیدان ناڕوات و دوورە لە عەشق و بەگوێرەی بای دوژمن شەن دەکات... ئەمانە ئەو کوردانەن کە دوژمن خەساندوونی و زۆریشن. خۆتان لەو کوردانە بە دوور بگرن کە خەسێنراوی دەستی دوژمنن. دووەمیشیان ئەوانەن کە بە خاك و مرۆڤ و وڵاتی خۆیەوە گرێدراوە.

مەحمود باکسی: ئەو کوردانە زۆرن کە لەلایەن دوژمنەوە خەسێنراون وانییە؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەڵیٚ هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دەستم لە پیاوێتی کێشایەوە. ئەگەر دەڵێیت بۆچی؟ چونکە ویستیان منیش لەم ڕێگا یەوە بخەسێنن. منیش گووتم من دەست لە کارکێشکانەوەم لە پیاوێتی ڕاگەیاندووە. ئەگەر نا منیش دەخەسێنرام و دەبووم بە کوردێکی گەمژە. "ئەمین چۆلاشان"[١] باش دەزانێت کوردە خەسێنراوەکان کێن بۆیە هەموو هاشاولێکی بۆ سەر منە و نازانم دەڵێت با ئاپۆ بێت بە لای فلانە کێشەیەوە. من کوردی خەسێنراو و بەکۆکانم لە خۆم دوورخستەوە.

گولستان پەروەر: وەك لە مێژووی کورددا بەدەردەکەوێت ئافرەتی کورد لە داستانەکاندا سەرکێشی دەکات. کەچی دواتر ئافرەتی کورد بیٚ ناسنامە دەکرێت و مێشك

---

[١] نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکە, ماوەیەك لە وەزارەتی ئابووری تورکیا کاری کردووە و لە ساڵی ١٩٧٧ دا لە ڕۆژنامەی "میللیەت" ی تورکی دەستی بە ڕۆژنامەنووسی کردووە و لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە لە ڕۆژنامەی "حوریەت"ی تورکیدا کار دەکات.

Scanned by CamScanner

و جەستەی کۆیلە دەکرێت. هاوشانی شەڕی بیست ساڵە ئافرەتێکی نوێ خولقێنرا. بە هەزاران کچە گەریلای شەهید هەن. باشە لێرە بە دواوە ئێمە چی بکەین؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئەوانەی گووتت بە ڕاستی ڕاستن. پیاوی کورد لە ژێر ناوی ناموسدا ناسنامەی ئافرەتی لە دەستی دەرهێناوە. من باش لەمە تێگەیشتم. ئەگەر کچ بوو بە ژن ئەوا ناسنامە و زمان و جوانی خۆی لەدەست دەدات. ئەوەی لە داستانی دەروێشی عەبدیدا دەبینرێت عەدوولێ خاوەنی ناسنامە و عەشق و هێزە. هەر لەسەر پەنجەکانیەوە تا تاڵە قژەکانی جوانی خۆی دەپارێزێت. بەڵێ ئەمەیە عەشق. هەر کە باس لەمانە بکرێت دەڵێن شوورەییە. نەخێر ئەمە کلتووری کوردی ناسنامەدارە و دەست لەمە ناکێشینەوە. ئەگەر دەست بکێشینەوە کچەکانمان لەدەست دەچن. لە کاتێکدا کچان خاوەنی ئەو مافانەن کە هەر کەس خاوەنێتی. لە پای ئەمە شەڕم گەورە کرد.

ئێستا ژمارەیەکی زۆر کچمان لایە. مقۆمقۆیەك هەیە دەڵێن "ئاپۆ ناشەرعی دەیکات" هیچ کاتێك بچووکترین هەڵسوکەوتێکی هەڵەم بەرامبەر بە کچان نەکردووە.

ئافرەت و ژیانێکی بێ ناسنامە نابێت، چونکە مێرخاسی نامێنێت. ئەمە فەلسەفەی ئەحمەدی خانی و دەروێشی عەبدییە. بەڵێ لە پێناو ئەمەدا هەزاران کچمان خۆیان سووتاند و گەیشتنە عەشق.

ئەگەر ئێستا من بڵێم خۆتان بسووتێنن، هەزاران کچ خۆیان دەسووتێنن. من بە مەقالانی کوڕیش دەڵێم باش لەم کچانە تێبگەن. ئەم کچانە لەسەر بنەمای مێرخاسیەکی گەورە خولقێنراون. ناتوانن پشت بە ژیانێکی ساختە لێیان نزیك ببنەوە.

هیچ شتێکم پێ نەپارێزرێت دەتوانم ئەم کچانە بپارێزم. تەنها کچێکیان دەتوانێت دەرگای جیهان واڵا بکات. بەڵام چۆن و لەگەڵ کێ؟

پیاوی کورد مردووە و بە دەست دوژمنەوە پارچە پارچە بووە. هەر لەبەرئەوە ئازادی ژن ئازادی کوردستانە و ئازادی کوردستانیش ئازادی پیاوی کوردە. من هەروا بە ئاسانی کچەکانم نادەم بە کەس. با پیاوی کورد ئەمە باش بزانێت.

مەحمود باکسی: داوای شیربایی دەکەی؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: نەخێر پارەی شیربابیم ناوێت. من مەرجم هەیە. ئەمە بە پارەی شیربایی و هێز ناکرێت. بەوەش نابێت کە بڵێن نازانم کوڕی فلانە بەگ و ئاغام. مەرجم ئەوەیە کە وەك دەروێشی عەبدی لە جیاتی کچان لە پێشەوە بدەن بەسەر دوژمندا. ئەگەر ئەم مەرجانەی پێکهێنا ئەوا هەقە کچی بدرێتێ.

Scanned by CamScanner

مەحمود باکسی: جاری یەکەمە لە وڵاتێکی ئەوروپادا پێ دەنێنە ساڵی نوێوە. لە دوێنێ شەوەوە من و شڤان پەرەوەر و حەیدەر ئشك لەلاتان بووین. تەواوی هونەرمەندان و نووسەرانی گەورە دەیانەوێت ببنە میوانتان. چۆن ئەمەتان وەها بە سەرکەوتوویی پێ کراوە؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: ئێمە بە گۆرانیەك دەستمان بەم کارە کرد. هەندێك هەن هێشتا کارەکانم ناناسن. ئەو هونەرمەندەی گۆرانیەکی باش بچڕێت بە لای منەوە لە سەد فەرماندار بەنرختره. من دەزانم کامەیان چاکترە. ئەمە هەروەك لە سەدا سەد پێکانی ئامانجە. کاتێك دەستم بەم خەباتە کرد لە پێش هەموو شتێکەوە گووتم ناشێت دەنگی کورد کپ ببێت. دووەمیان نابێت هەروا بە ئاسانی کچانمان لەدەست بچن. بەڵێ لەوە و دواتر بە تەڤگەری رزگاری نەتەوەیی کورد ئەمەم کرد. ئەگەر حەزدەکەن بابگەڕێینەوە سەر شەوی سەری ساڵ. من ١٨ ساڵە ئێوە دەناسم. بڕوا دەکەم ئەو کاتە لە دژی یەکتر بووین.

مەحمود باکسی: من لە دژی تۆ نەبووم.

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: بەکۆ کەوتبوونە بەینمانەوە. گووتیان نەخۆشە. منیش گووتم کەواتە هەر دەبێت من خۆم بگەیەنمە مەحمود. کاتێك چاوم بە تۆ کەوت وەك بڵێی چاوم بە ژەنەراڵێك کەوتبێت. ئەگەر مردیت ئەمەت لە بیر نەچێت. هەڵبەتە شڤان پەروەریش وەك تێکەڵیی گۆشت و خوێن تێکەڵی کار و خەباتمان بیوو. بەکۆکان شڤانیشیان دوورخستەوە. ئێمەش کەموکورتیمان هەبوو. حەیدەر ئشکیش نووسەرێکی خەڵکی دێرسیمە وەك گووتم ئەویش باشە.

ئێمە رۆحێکمان خوڵقاند. شەڕ بێ رۆح ناکرێت. بۆچی هەڤاڵانی فەرماندارمان فەرمانداریی خۆیان بەجێناهێنن؟ چونکە لە رۆحدا زەبریان خواردووە. ئەگەر ئێستا یەکێکیان بە وێنەی دەروێشی عەبدی بچێتە سەر چیا ئەوا سەرکەوتنی گەورە دێتە کایەوە.

مەحمود باکسی: ئێوە دەترسن لەوەی رەخنەتان بکەن؟ مرۆڤ دەتوانێت تا چەندە رەخنەتان بکات؟ رێگا پێدراوە کە دۆست و هەڤاڵانی نوێتان رەخنەتان لێ بگرن؟

عەبدوڵڵا ئوج ئالان: رەخنەکردنم گەورەترین هاوکاریە کە بم دەنێ. ئەگەر دەتانەوێت یارمەتیم بدەن رەخنەم بکەن.

Scanned by CamScanner

مەحمود باکسی: هەندێك دەڵێن ئێمە لە ترسان ناوێرین ڕەخنەی بکەین؟ ئەم ترسە بۆچی دروست بووە؟

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: باسی دوو کارەکتەری کوردم بۆ کردن. هەندێکیان بە ڕاستی لەناو خیانەتدان و دەستیان لە مێرخاسی بەرداوە. باشە تۆ ئەگەر ڕەخنە لەمانە نەگریت چی بکەیت؟ با بڕوای خۆیان بە دوژمنەوە نەبەستنەوە. من ڕێگا بە کوردی وەها نادەم. پێویستە بکەونە سەر ڕێگای ڕاست و ڕێبازی کوردایەتی. گەورەترین شەرم بەرامبەر بە کوردێکی وەهایە. ڕەخنە کردن شوورەیی نییە. ئەگەر مرۆڤێك ٩٩٪ باش بێت و تەنها ١٪ ی خراپ بێت دیسان مرۆڤ ڕەخنەی خۆی هەر بکات. پێویستە ئەم شێوازە لە تەواوی کورداندا پێشبکەوێت. ئەگەر وەها بکەین قازانج و سەرکەوتن لە دەست خۆماندا دەبێت.

"پێویستە لە خۆڵەمێشی ئاگرەوە بخولقێنرێنەوە.

پیشانی پیاوی دەدەم کە ئافرەت و پابەندبوونی ئافرەت بە خود و خاکیەوە و شەڕکردنی لەم پێناوەدا چییە. لەم خاکانەدا خودا و خوداوەندی مەزن ژیاون.

ناوی من ناوی باپیرمە. سوارچاکێکی زۆر وەستا بوو. وەك دەزانن سواری؛ گەریلان. باپیرم کەسێکی دانا بوو. باوکیشم خاوەن پرەنسیپ بوو. ڕۆژێك نەمبینی دەستبەرداری پرەنسیپێکی خۆی ببێت. تا دوایی پابەندی خودا و بەهەشت و دۆزەخم بوو. شێوازی شەڕکردنی دایکم و باوکم و هاوار و قیڕاندن بوو. باوکم کابرایەکی پاك بوو. لە دایکیشمدا بە هۆی ملکەچ نەکردنەوە تەواو سەر شێتیەك جێی باس بوو. پێویستە من باش بناسرێم. ناتوانن بەپێی پێوانەکانی کۆمەڵگا هەڵم بسەنگێنن"

Scanned by CamScanner

## سۆزەکانی میزۆپۆتامیا

ئافرەتی هەرە مەزن لەم خاکانەدا واتا لە میزۆپۆتامیادا دەرکەوتوون. ئێمەش بە شوێن ئەوانەوە پەیجوورین.

بزاڤی گەڕانەوەین بەرەو مێژوو و عەشق و پەیجووری نەمرین.

بەڵێ ئەوەی کە ئەورپییەکان هەرچی دەکەن لێی تێناگەن ئەوەیە کە: "ئەم کابرایە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە دەسپۆتیزمێکی هێندە زۆر هەیە ئەم ئازادیە گەورەیە چۆن ئاوا دەکات؟" بەگوێرەی ئەوان شوێنی کارکردنی بەم ڕەنگە پاریس، نیویۆرک و لەندەنە. لە ژێر ئەو ڕقەیاندا کە بەرامبەر بە من و PKK هەیانە ئەم ڕاستیە شاردراوەتەوە. واتا دەڵێین کە ئێوە ناوەندی شارستانیەت و هاوچەرخی و جوانیەکان نین هەموو ئەوانە تەنها لای ئێمە هەیە. تا ڕادەیەک ئەمەیان بیردەخەمەوە بۆیە ڕق دەگرن. من بەرامبەر بە ئەورووپا نشوستم نەخوارد و بێ دوودڵی کاریگەریم لە سەریان هەبووە.

خوداوەندی عەشق و نێوەندی مەدەنی بوون میزۆپۆتامیایە. هیچ کەسێك بە ئەندازەی کەسانی ئەم خاکانە ئازادانە بیری نەکردەوە و نەیخوڵقاند و خۆشەویستی نەکرد و جوانی نەئافراند.

ئەی میزۆپۆتامیا و دۆڵ و نیشێوەکانی زاگرۆس ئەو ناوچانە نین کە یەکەمین کشتوکاڵ، شارستانی، لانکە و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ و هاوڕێیەتی تێدا پێشکەوتووە؟ باشە بۆچی ئەم مێژووە نابینرێت؟

چالاکی ئێمە بریتییە لەمە. مێژوو بۆ ئێمە ئەمەیەو گەورەییش هەر بەم ڕەنگە بەدەست دەخەین. هێشتا بیرمە هەندێك کچ هەبوون سەرنجیان ڕادەکێشام. تەنها گوتەیەك چییە نەمگووت، چونکە لەو باوەڕەدا بووم کە ئەمە بە شەڕ بەدیدەهێنرێت. ئێستا ڕوو لە کوێ بکەم هێزی کاریگەر کردنم هەیە. دەدەم بەسەر کۆیلایەتیدا و پێپەستی دەکەم و ئازادی دەهێنمە کایەوە. ئەوەی کە پەیوەندیداربوونێکی بەرزی بەمەوە هەبێت لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە و ئەوانەشی کە نیانە دەڕۆن.

خاوەنداری لە میزۆپۆتامیا دەکەم. تەنانەت بە تەنها "کانی" کچە ئەڵمان بۆخۆی وەڵامێك نییە بۆ ئەمە؟ تا دوارادە بەرخۆدانڤانانە بە پابەندیەوە دروشمی گووتەوە. بەڵێ ئەمە سەرکەوتنی میزۆپۆتامیایە


Scanned by CamScanner

## فەرهەنگۆك

| وشە | واتاکەی |
|---|---|
| ئاژیتۆر | کەسێك کە بەئسلوبێکی حەماسی پرۆپاگەندە دەکات |
| ئەسترۆلۆژی | ئەستێرەناسی |
| ئەتنیك | نەتەوە |
| ئەڵتەرناتیف | بدیل |
| ئۆپۆرتۆنیست | هەلپەرست |
| ئیستاتیکا | فەلسەفەی هونەرو جوانکاری |
| ئینیستیتیوت | پەیمانگا |
| بەرخۆدان | بەرگری |
| بژۆنی | مَعنَوي |
| بیرۆکرات | کەسی ئیداریی |
| تەرەیی کردن | دورخستنەوەی شتێك یان کەسێك بە واتای ڕەتکردنەوە و بەسووك زانینی |
| تراژیدی | مەرگەسات |
| چەمك | مَفهوم |
| کۆمیدی | بەزمەسات |
| پارادیگما | جیهانبینی |
| پاکانەکار | دانپیانەر |
| پەرچانەوە | رفلێکس |
| پەیجوور | شوێن پێ کەوتن |
| پراکتیزەکردن | پێکهێنان |
| پرۆفێشناڵ | شارەزا و وەستا |
| پرێنس | کورە شازادە |
| پۆزسیۆن | دۆخ |
| پلاناتولۆژی | هێڵە نەبینراوەکان |
| پیسکۆپات | کەسانێك کە دەبنە مایەی تێکدانی دەروونی |
| جەربەزە | مُغامِر |

| | |
|---|---|
| جێنتڵمان | جوامێر, بەڕێز |
| خۆسەریی | عیناد |
| خۆش دواندەری | خطابَة |
| دەستکێشانەوە | إستِقالة |
| دەسپۆتیزم | ستەمکاریی |
| دیماگۆژی | قسەی بێکردار |
| ژیری | عَقل |
| ریال سۆسیالیزم | الإشتراکیة المشیدة, سۆسیالیزمی بونیادنراو |
| زایەندی | جنسی, سێکسی |
| سۆسیالیست | کەسێك کە بڕوای بە ڕێبازی سۆسیالیزم هەیە و کاری بۆ دەکات |
| ڤێجیتریان | ئەوانەی گۆشت ناخۆن |
| فیودالّی | دەرەبەگایەتی |
| فیزیۆلۆژی | جەستەیی |
| فینالّ | دوا قۆناغی سەرکەوتن |
| کوالیسیۆن | دروست کردنی کابینەی حکومەتە بە هاوبەشی لە نێوان دوو فراکسیۆنی جیاوازی پەرلەماندا یان بەرەیەکی هاوبەشی هەڵبژاردنییە لە نێوان دوو لایەنی جیاوازدا |
| مەترەپۆل | شارە گەورەکان |
| مارژینالّ کردن | سنووردارکردن و دوورخستنەوە لە ئامانج |
| مانیفێست | جاڕنامەی گشتی |
| ملیتان | شۆڕشگێڕی پرۆفیشنالّ |
| مایەپووچ | إفلاس |
| میستیکی | ڕۆحانی |
| هیومانیست | مرۆڤ پەروەر |
| وێژە | ئەدەب |
| وێژەوان | ئەدیب |
| یادگا | ذاکِرة |
| یۆتۆپیا | ئەو خەیاڵانەی لە ژیاندا دەکرێنە ئامانج |

Scanned by CamScanner



عەبدوڵڵا ئۆج ئالان:

- چۆن گوڵەبەرۆژە هەمیشە وەک عاشقێک رووی لە خۆرە، پێویستە ئافرەتیش ئاوەها بەردەوام رووی لە ئازادی بێت.

- هەروەک چۆن ژیانی شاخ یاسای خۆی هەیە، ئاوەهاش لە باخچەی گوڵدا ژیان کردنێکی راستەقینە لەگەڵ گوڵەکان یاسای خۆی هەیە. گوڵ لەو جێیە جوان دەگەشێنەوە کە سەختترین تێکۆشانی تێدایە. شوێنێک تێکۆشانی لێنەبێت وێرانەیە و گوڵ لە جێگای وێرانەدا ناگەشێتەوە. گوڵ تێکۆشانی دەوێت و تێکۆشانیش گوڵ. هەر شوێنێک جەنگاوەرێکی گەورەی لێ بێت گوڵ بە باخچە تێیدا دەگەشێنەوە.



Scanned by CamScanner